سەنار شێرۆکی

# کوردستان
# لە ململانێی دەرەکی و نێوخۆییدا
## (بەرگی یەکەم)

چاپی یەکەم   ٢٠١٩

ناوی کتێب : کوردستان لە ململانێی دەرەکی و نێوخۆییدا
نوسینی : سەنار شێرۆکی
تایپ: سەنار شێرۆکی
هەڵەگر: جبار عەلی
مۆنتاژ : سەنار شێرۆکی
بەرگ: بەرەکات قورتاس
چاپی یەکەم: ٢٠١٩ – هەولێر
شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (  )ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە

سەنار شێرۆکی

# کوردستان
# لە ململانێی دەرەکی و نێوخۆییدا
# (بەرگی یەکەم)

چاپی یەکەم - ٢٠١٩

# ناوەڕۆک

١ پێشەکی ١١
٢ پارێزگاری سلێمانی ستۆپ، ١٢
تاپۆ کردنی زەوی وزاری سلێمانی لە سە، ناوی عەرەب!! ١٣
٢١
٣ ئەمجارەش دز ،کادانی بەتاڵی کوتا وفەیسبووک حەیای بردن ١٤
بۆ دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان بەهرۆز گەلاڵیش هاتە سەر خەت ١٦
٤ سازش لە سەر مانەوەی پارێزگاری سلێمانی لە پۆستەکەی لە پای چی؟ ١٨
٥ گۆڕان،یەکێتی بەرەوە هەڵدێر دەبات ٢٠
٦ دەرهاویشتەکانی لیژنەی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی بۆ بەغدا ٢١
٧ کوردستانیان یەک بگرن،پیلانەکی گەورە بەڕێوەیە ٢٢
٨ لە سلێمانی لەباتی نوقل و شیرینی جەژنانە، تەقەیان لە بارەگاکانی کرد. ٢٤
٩ مێجەرسۆن :هەرکەسێک سلێمانی کۆنترۆڵ بکات کوردستان کۆنترۆڵ دەکات ٢٥
١٠ شرۆڤەکارە نیوداشەکان: پەندێک لە خەڵکی تورکیا وەر بگرن. ٢٧
١١ هیلالی شیعی و سیناریۆی یەکگرتنەوەی یەکێتی وگۆڕان ٢٩
١٢ ئایاسەردانی مالیکی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی هەولێرو بەغدایە؟ ٣١
١٣ پاکانە بۆ مالکی لە پای چی؟ ٣٤
١٤ ئەیا مالیکی فریادرەسی کوردە؟ ٣٤
١٥ گەلەکۆمەکێی (٢٢)ی تەمموز تا ئەمڕۆش بەردەوامە ٣٨
١٦ وولامێک بۆ نوسینەکەی سالارمەحمود:کوردستان سکۆتلەندا نییە ٣٩

١٧ بارزان محەمەدی کەرکوکی و شوانە قادری ٤٢
١٨ ریفراندۆم چی دەگۆرێت؟ ٤٣
١٩ ئایا ئێستا کاتییەتی؟ ٤٥
٢٠ بەربەستەکانی بەردەم دەوڵەتی کوردی ٤٧
٢١ شفرە گۆماناوییەکانی دژبەرانی سەر بەخۆیی چییە؟ ٤٩
٢٢ دەنگی راگەیاندنی نیلی و سەوز بۆ لە سێدارەدراوەکانی رۆژهەلات ٥١
٢٣ لە سەرەتاوە دیموکراسییەت لە زۆنی سەوز و نیلی بە زەلیلی لە دایکبوو ٥٢
٢٤ هەرەشەکانی رەزایی و سەلامی و چەند قسەیەک ٥٤
٢٥ وەفدەی دەستخۆشانە بۆ تاران ٥٥
٢٦ بەرجەستەترین هێما بۆ دەوڵەتی کوردی ٥٦
٢٧ ".بە دوو دەستی میرنشینی بابانیان تەسلیم بە عەجەم کرد" ٥٨
٢٨ سێمینەی شکستی سیاسی خۆی تۆمار کرد ٦٠
٢٩ با لە پێناو بەدیهاتنی خەونەکانمان، پشتیوانی سەرۆک بین ٦٢
٣٠ دیتنی سەحراروودی لە لایەن وەفدی بالای یەکێتی هێمای چییە؟ ٦٤
٣١ بۆچی سۆران عومەر نوقەی لە مەر کەیسەکانی سلێمانی لێوە نایەت؟ ٦٦
سازش لەسەر مانەوەی پارێزگاری سلێمانی لە پۆستەکەی لەپای چی؟ ٦٨
٣٢ ئایا پەژاک، شایە یان سەرباز؟ ٦٩
٣٣ مارتین لۆتەرکینگەکانی رۆژئاوا ٧١
٣٤ پەیەدە لە بەینی بەلێن و کردار ٧٣
٣٥ پەکەکە،پەیەدە،پەژاک سێ کوچکەی برمـۆدا؟ ٧٣
٣٦ "کێ دەلێت: "یەکێتی و گۆڕان دژی سەربەخۆیین ٧٥
٣٧ وولامێک بۆ نوسینەکەی:"بۆچی بارزانی ناچێتە تاران "؟ ٧٦
٣٨ پارێزگاری سلێمانی لە نێوان بەڵێنەکانی نیلی و سەوزدا ٧٨
٣٩ وڵامێک بۆ عەتا سەراوی: "دەوڵەتی کوردی هەر دروست دەبێت." ٧٩

٤٠ چارەنووسیان هەڵوەڕینە ٨١
٤١ کێ غـەدری لە هـەڤاڵـەکـەی گۆڕان کرد؟ ٨٢
٤٢ رێککەوتنە شکست خواردووەکان ٨٤
٤٣ میدیای سێبەر،هەردەم لە گومان و خەیاڵدا ٨٦
٤٤ هەوڵی ترسناکی هێرۆ ئیبراهیم ٨٧
٤٥ رۆڵی سەرۆک بارزانی لە گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆدا ٨٨
٤٦ شانۆگەرییەکی بێ سیناریۆ، لە پارێزگای سلێمانی ٨٩
٤٧ ئەمجارەیان یەکێتی ئۆفساید ٩٠
٤٨ سلێمانی لە نێوان باڵی دەست رۆیشتوو، دەست نەرۆیشتوودا ٩١
٤٩ گۆشتەکەی ناخۆم حەرامە،ئاوەکەی دەخۆم بەتامە ٩٣
٥٠ گەڵ بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات نەوەک حیزبەکان ٩٤
٥١ پەکەکە لە سەر بنچینەی سەربەخۆیی دامەزرا ، بەڵام ٩٦
٥٢ سەردانەکەی سەرۆک بارزانی لەو تەوقیتەدا ٩٧
٥٤ شکستی بەرەی ئێران خواز بۆ هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک، ٩٨
٥٥ ئەمجارەیان کیش مەلکی یەکێتی ١٠٠
٥٦ ٣١ی ئابی پارتی، دەرئەنجامی ٢٨ی تەموزی یەکێتی بوو ١٠١
٥٧ سەردانەکانی ئەوجارەی سەرۆک وئەرکی لایەنەکان ١٠٩
٥٨ چ عەجەبا! تاران و نوری مالیکی هاتنە سەر خەت ١١١
٦٠ شۆڕشی ئەیلول، شۆڕشی دایک بوو ١١٢
٦١ سیاسەتی نەوتی هەرێم، هەنگاونانە بەرەو سەربەخۆیی ١١٤
٦٢ نەوت، لە ئۆتۆنۆمی بۆ سەربەخۆیی ١١٦
٦٣ بارزانی هەنگاوی زیاتر بۆ سەر بەخۆیی دەنی ١١٨
٦٤ منیش هەر دەم ووت:دەوڵەتمەدار حاڵم بە حاڵت نەبی ١٢٠
٦٥ ئایا جارەکی تر ئێران دەبێتە فریادرەسی یەکێتینیشتمانیی؟ ١٢١
٦٦ گەر خەونمان سەربەخۆیی بوبێت ،ئێستا کاتییەتی ١٢٤
٦٧ سەردانەکانی ئەوجارەی سەرۆک ١٢٥
٦٨ وڵامێکی پوخت بۆ ئارێز عەبدوللا:دۆنی خۆتان لە ئێمە مەماڵن ١٢٧

| | | |
|---|---|---|
| ٦٩ | گەندەڵی یان تۆڵەی سیاسی | ١٢٨ |
| ٧٠ | هۆكاری قەیران لە كوردستان چییە؟ | ١٣٠ |
| ٧١ | كاروانی سەربەخۆیی ناوەستیت | ١٣٠ |
| ٧٢ | دەبا بەغدا پیرۆزی جاشەكان بێت | ١٣١ |
| ٧٣ | خۆپێشاندانەكانی سلێمانی  و چەند قسەیەك | ١٣٣ |
| ٧٤ | ئەگەر ئێستا كاتی سەر بەخۆیی نەبێت ،كاتی بن دەستیش نییە | ١٣٤ |
| ٧٥ | پیلانێكی گەورە لە ئارادایە | ١٣٦ |
| ٧٦ | خۆتان گەوجێنراون چیتر خەڵك مەگەوجێنن | ١٣٧ |
| ٧٧ | بێوەی ماو تێسێ دۆنگ | ١٣٨ |
| ٧٨ | عەتا سەراوی "تووشی مالیخولیا بووە" | ١٣٩ |
| ٧٩ | ئەگەر بەشداری مانگرتنی سبەی بكەم | ١٤١ |
| ٨٠ | دەكشێینەوە ناكشێینەوە | ١٤٢ |
| ٨١ | ئەوانەی كە نایانەوێت راستییەكان لە بارەی سەرۆك بسەلمێنن | ١٤٢ |
| ٨٢ | سوكایەتی سیستماتیك بە كورد لە پێناو چی؟ | ١٤٤ |
| ٨٣ | كاك سەعدی! خۆ ئەمڕۆ یەكی نیسان نەبوو | ١٤٥ |
| ٨٤ | حاجی ئەحمەدی! لە نیگەڕانییەكانت تێ دەگەین | ١٤٧ |
| ٨٥ | سەردانی شاندی ئەو جارەی هەرێم و لێكەوتەكانی | ١٤٨ |
| ٨٦ | ئایا بارزانی دەستبەرداری پرۆسەی سەربەخۆیی بووە؟ | ١٤٩ |
| ٨٧ | تانكەرەكانی مەرگ | ١٥١ |
| ٨٨ | هۆكاری نارەزایەتییەكان لە زۆنی سەوزی پێشوو چین و كێن؟ | ١٥٢ |
| ٨٩ | تێكوشینەكەی مولاعەلی باپیر | ١٥٤ |
| ٩٠ | پێشمەرگە ، سومبولی تێكشكاندنی گەورەترین دوژمنی بەشەرییەت | ١٥٥ |
| ٩١ | ئاڵۆزییەكانی زۆنی سەوز و نیلی و چەند راستییەك | ١٥٦ |
| ٩٢ | فیكـەی حــەرامزادە | ١٥٨ |
| ٩٣ | باجی هەوڵەكان بۆ سەربەخۆیی | ١٥٩ |
| ٩٤ | ئیتر پێویست بە تەحەدا ناكات ،چارەسەرمان گەرەكە | ١٦٠ |
| ٩٥ | دەرهاویشتەكانی خۆپێشاندانەكانی سلێمانی | ١٦٢ |
| ٩٦ | دەبا لە پێناو سەربەخۆیی یەك ئامانجمان هەبێت | ١٦٣ |

٩٧ ولاٚمێک بۆ تالاٚن کەرەکانی نەوتی کەرکوک ١٦٤
٩٨ دژبەرانی پرۆسەی سەربەخۆیی ١٦٥
٩٩ کلتوری تەپڵ وفیکه ودەبه ١٦٧
١٠٠ دوو بۆقەکەی گردەکه ،حەقی خۆیانه وا بیربکەنەوە ١٦٩
١٠١ دوپاتکردنەوەی پەیمان و گەڕانەوە بۆ عێراقی یەکگرتوو ١٧٠
١٠٢ رێبین هەردیش پۆستەکی بۆ شەهید نووسی ١٧١
١٠٣ "شرۆڤه بۆ هەواڵەکەی: "ملازم موحسین کوژرا ١٧٢
١٠٤ چارەسەری قەیران،یان دروستکردنی قەیران ١٧٤
١٠٥ دارکرمی له خۆ نەبێت،هەزار ساڵ تەمەنیەتی ١٧٥
١٠٦ خالی هاوبەش لەنەوشیروان ،هێرۆ ومالیکی و پەکەکه ١٧٦
١٠٧ خەنەکەتان رەنگی نییه ١٧٨
١٠٨ رۆوڵی شەهید چروکایه وتابووری پێنجەم له کوردستان ١٨٠
١٠٩ سلێمانی وغیرەت ، غیرەت وسلێمانی ١٨٢
١١٠ تۆ بڵێیی جێگرەوەی مام جەلاٚل قاسم سلێمانی نەبێت؟ ١٨٢
١١١ "قسەی دایکه شەهیدەک که ،گۆتی:" هێشتا ماوە کاوڵی بکەن ١٨٤
١١٢ پارێزگای بێ پارێزگار ١٨٥
١١٣ هەمدیسان گەڕانەوە بۆ تاران ١٨٦
١١٤ هەرەشەی کۆماری ئیسلامی له ناوەندی بڕیار ١٨٧
١١٥ چارەسەرە کاتییەکانی قاسم سلێمانی بۆ کێشەکانی نێو یەکێتی ١٨٧
١١٦ پێگەی کورد لەدوای شەڕی داعش ١٨٩
١١٧ سیاسەتی چەوتی قەندیل، وچارەنووسی هەدەپه ١٩١
١١٨ باکوری کوردستان ، هۆکار و چارەسەر ١٩٢
١١٩ شەری فیداکاری پێشمەرگه ١٩٥
١٢٠ قۆناخەکانی دوای داعش له عێراق ١٩٦
١٢١ شەری داعش لەکابینەکەی مالکی وعبادی ١٩٨
١٢٢ گۆڕان،تەنیا شکست و هەرەس هێنان ٢٠٠
١٢٣ دوبارەکردنەوەی پەیمان ٢٠١

١٢٤ دوایین پەڵەقاژەی گۆڕان و هاوپێچەکانیان ٢٠٣
١٢٥ ماموەستایانی سلێمانی چی بکەن ٢٠٤
١٢٦ گەڕانەوە بۆ چاخی شەستەکان ٢٠٥
١٢٧ ."بۆ عەتا سەراوی:"سلێمانی بارزانە،بارزانیش سلێمانی یە ٢٠٧
١٢٨ بیرۆکەی پارێزگاکان بە مردوویی لە دایکبووە ٢٠٩
١٢٩ چیتر لە ئێوە قەبووڵ ناکەین ٢١١
١٣٠ پرۆژەی پارێزگاکان یان درێژە پێدان بە پیلانەکان ٢١٣
١٣١ پەیامی سەرۆک بۆ لە باشیک ؟ ٢١٥
١٣٢ لە پەیامەکەی بارزانی تا تیرۆری دکتۆر هوشیار ئیسماعیل ٢١٧
١٣٣ سەرکەوتوویی پەیوەندەییە دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان ٢١٨
١٣٤ پەیامەگشتگیرەکەی سەرۆک بارزانی ٢٢٠
١٣٥ قیبلەی کوێلەکان ٢٢١
١٣٦ پەیامی ئاشتی لە نێوان دوو پەیامدا ٢٢٣
١٣٧ خاڵە هاوبەشەکانی پرۆژەی یەکێتی و گۆڕان ٢٢٤
١٣٨ پەسەندکردنی یاسای حەشدی شەعبی لە بەرانبەر یاسای بودجە ٢٢٥
١٣٩ حەشدی شەعبی و هاوکێشە سیاسییەکانی شیعە لە عێراق و جیهاندا ٢٢٧
١٤٠ پێویستە کوردانی ئێزدی، پشتگیری لە هەوڵەکانی بارزانی بکەن ٢٣٠
١٤١ میدیای گەوجێندراو و گەوجێنەر ٢٣١
١٤٢ ئەگەر دەنگت لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کورد پێدابێت ٢٣٢
١٤٣ تازەبەتازە ئالا فەتلاوی دەڵێت فیلیان لێ کردین ٢٣٤
١٤٤ نەوشیروان زادەکان ٢٣٥
١٤٥ داشۆراو لە ئەخلاق ٢٣٦
١٤٦ ئێستا کاتی راگەیاندنی دەوڵەتە ٢٣٨
١٤٧ بۆکاناڵە شۆڤێنییەکەی بێ لایەنی شیعەلایەن ٢٣٩
١٤٨ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی دوای ڕزگارکردنی مووسل ٢٤٠

| | | |
|---|---|---|
| ١٤٩ | دەوڵەتی ئیسلامی لە کوردستان،خەونەکی بەتاڵە | ٢٤١ |
| ١٥٠ | بەرەنگاری بیر و هزری داعشیانە | ٢٤٣ |
| ١٥٢ | سەبارەت بەو ڕاپرسییەی تەلەفزیۆنی ان ار تی | ٢٤٥ |
| ١٥٣ | وڵامەکی بەهێز بە ناو گۆڕانخواز و هەڵپەرەستی زۆنی سەوز و نیلی | ٢٤٦ |
| ١٥٤ | پە کە کە،هادەپەشی بەلاڕێدا برد(بەشی یەکەم) | ٢٤٧ |
| ١٥٥ | ئەگەر ئەو پەلاماردانانە را نەگرن،سەرچاوەکان ئاشکرا دەکەین | ٢٤٩ |
| ١٥٦ | شیکردنەوەیەکی یاسایی بۆ بوونی پەکەکە لە شنگاڵ | ٢٥٠ |
| ١٥٧ | خۆ بەرەکانی شەر لە شنگال نییە (ووڵامەک بۆ ئاریز عەبدوڵا) | ٢٥٢ |

## پێشەکی

بە درێژایی دیرۆک میللەتی کورد هەمیشە بە بارودۆخێکی دژوار ژیانێکی تژی لە نەهامەتی و سەختی و ژێردەستەیی و کولەمەرگی بەڕێکردووە، گیرۆدەی دەستی خۆپەرستان بووە. هەرکاتێک دوژمنان بۆیان لواوە، وەک مرۆڤێکی پلە دوو سەیری تاکی کوردیان کردووە، دوور لە هەموو مافێکی کۆمەلایەتی، مرۆیی، نێودەوڵەتی، خستۆتە ژێر رکێفی خۆیانەوە. هەمیشە داگیرکاری، کۆچ و مەرگ، سووتاندن و کوشت و بڕ، ئەنفال و جینۆساید، ..... بەش و پشکی کوردان بووە.

پتر لە سەدەیەکە، کورد بووەتە تاقیگەی تاقیکردنەوەکانی چەکی دوژمنان، چۆنیان بویت ئاوا سێرەی لێدەگرن و ناهێڵن بۆ ساتێکیش لە ژێر سێبەری خۆیدا بە ئارامی بحەسێتەوە. لەوەش ناخۆشتر هەمیشە بویەر و رووداوە خۆش و ناخۆشەکانیش بە ئارەزووی مەرامی داگیرکەران تۆمارکراون و تۆمارکردنییان لە بەرژەوەندی ئەوان دابووە. ئێمە لە تۆمارکردنی راستی رووداوەکانیش بێبەش کراوین. وەلێ هەنووکە دەرفەتی تۆمارکردنی رووداوەکان ئاسانترە و دەتوانین خۆمان ببینە نووسەری نووسینەوەی رووداوەکان. ئەم کتێبەی لەبەر دەستتانە تۆماری رۆژ بە رۆژی رووداوەکانە لە دوای ساڵی ٢٠١٦، هەندێکیان لە ماڵپەر، رۆژنامە گۆڤارەکان، بڵاو کراونەتەوە، تەنها مەبەستم لە بەچاپ گەیاندنی ئەوەیە لە دوارۆژدا ئەو رووداوانە وەک خۆیان بنووسرێنەوە و بزانرێت کێ؟ و لە کوێ؟ چی؟ کردووە . بابەتەکان دەربڕی رۆژگارێکن، هەریەکەیان تایبەتە بە رووداوێک لە رۆژێکی دیاریکراودا، لەنێوان ساڵانی (٢٠١٦_٢٠١٩) کاتێک هەرێمی کوردستان بە کۆمەڵێک رووداوی ناخۆشی نێوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی گوزەری کرد. ئەمەی بەردەستتان بەرگی یەکەمەو پشت بەخوا لە ئایندەشدا چەند بەرگێکی تری کتێبی (کوردستان لە ململانێی نێوخۆیی و دەرەکیدا) بە چاپ دەگەینم.

سەنار شێرۆکی

سۆران ٢٠١٩

١٢ حوزەیرانی ٢٠١٦

## پارێزگاری سلێمانی ستۆپ،

لە فەرمانێکی پارێزگای سلێمانیدا کە بەژمارە ٦٤٤٨ لە ٢٠١٦/٦/٦ دەرچووە و ئیمزای ئاسۆ فەرەیدون پارێزگاری سلێمانی لەسەرە هاتووە "لەپێناو گەشەپێدانی بواری گەشتیاری و ئابووری لە پارێزگای سلێمانی و کارئاسانی بۆ سەرجەم هاوڵاتیانی عێراق و بیانی و بڕیارمان دا بە تۆمارکردنی شوقە و خانوو بە ناوی هاوڵاتیانی عێراق و هاوڵاتیانی بیانی بە هاوشێوەی هاوڵاتیانی سلێمانی بە مەرجێک ڕەزامەندیی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی وەربگرێت."

بەپێی فەرمانەکەی پارێزگای سلێمانی "بەڕێوەبەرایەتیی تۆمارکردنی خانوبەرەی سلێمانی (١) و (٢) دەست دەکەن بە بە ئاسانکاری و جێبەجێکردنی بڕیارەکە بەبێ گەڕانەوە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی پارێزگار.لە فەرمانەکەدا جەخت لەوەش کراوەتەوە کە "پێویستە لایەنی ئاسایشی

سـلێمانی ڕەزامەنـدی بـدات بەپێـی ڕێنماییەکـانی تـایبەت بە خۆیـان و فەرمانەکەش لە ڕۆژی دەرچونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

لە کاتێـک پارێزگـاری سـلێمانی ئەو بڕیـارە دەردەکـات کە بیـری لەوە نەکردۆتەوە کە ئەو بابەتە بابەتێکی یاساییە لە لایەک، دروستە کە بە هۆی سیاسەتی پێشگرتن لە تەعریب هەندێک بەربەست بۆ ئەم جۆرە مامەلانە لە لایەن حکوومەتی هەرێمەوە لە رووی سیاسییەو دروست کراوە، ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە کاتێک کە تـاوەکو ئێسـتا نـاوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە هۆی سیاسـەتەچەوتەکانی رژێم بە فەرمـی بۆ باوەشـی کوردسـتان نەگەڕاونەتەوە لە لایەکی تـرەوە ئەوبابەتە لایەنێکی یاساییشـی هەیە کە بە پێـی مـادەی ١٥٤ ی یاسـای تۆمـارکردنی خـانوبەرەی عێراقـی ژمارە ٤٣ ی ساڵی ١٩٧١ هاتووە و دەبێت فەرمانگەکانی تۆماری خانوبەرە پابەندی بن، لەوانە مامەلەی هاوشێوە لەو وڵاتەی کە کەسی بیانی هەڵگری رەگەزنـامەکەیەتی و رەزامەنـدی وەزیـری نـاوخۆ و چەنـد مەرجێکـی دیکە.و پارێزگار دەبێت لە چوارچێوەی یاسایی خۆی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات و جێبەجێ کردنی وەهـا فەرمانێـک پێویسـتی بە داڕشـتنەوەی یاسـایەک و یـان پێداچوونەوە لە یاسای پێشووتر هەیە.

٢٥ حوزەیرانی ٢٠١٦

## تاپۆ کردنی زەوی وزاری سلێمانی لە سەر ناوی عەرەب!!

تـاپۆ کردنـی زەوی وزاری سـلێمانی لە سـەر نـاوی عەرەب و غەیـری عەرەب بـۆ بـووژانەوەی بـواری بازرگـانی و گەشـە کردنـی بـازاڕ لێکدانەوەیەکی زۆر هەلەی ئابووری بوو، تەنیا سیناریۆیەک بوو بۆ ئەوەی کە بیر و هزری عێراقچییەتی خۆیان زیاتر لە جاران بچەسپێنن و بە بەغدا و هاوبیرەکانی تریان بڵێن کە بیرۆکەی ئێمە جیایە لە بیرۆکەیەی کە پێشـتر لە گەڵ نیشـتمانیی عێراقـداهەبووە ئەوەی لە هەمـوو سەرسـوڕهێنەرتر بڕیـارەکەی تـری پارێزگـاری کەرکـوک بـووە، کە پێیشـتر ئەو بیـرۆکەیە بـۆ دروست کردنی هەرێمێکی سـەربەخۆ لە گەڵ ئەوان گەلالە کردووە، ئەوەش

ڕێگای بۆ ئەوان خۆشکردووە بۆ ئەوەی نیەت پاکی خۆیان بەرامبەر بە بەغدا نیشان بدەن و ئەوەی کە لە هەموو سەیرتر ئەوەیە کە شاندی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان بە یەکەوە لە گەڵ بەغدا بکەونە گفتوگۆ وەکوو ئەوە بێت کە گفتوگۆ کاری حیزب بێت و حکوومەت لەو نێوانەدا هیچ کارە بێت ئەوەتا لە خوارەوەش لە ڕاگەیەندراوێکدا، نووسینگەی ڕاگەیاندنی حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت:

ئیوارەی ڕۆژی شەممە ٢٥ـی حوزەیرانی ٢٠١٦، عەبادی لەگەڵ شاندێکی "ئیئتیلاف"ی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان کۆبووەتەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا، هەروەک نووسینگەی ڕاگەیاندنی عەبادی ئاماژەی پێکردووە، پەیوەندییە سیاسی، ئەمنی، ئابوورییەکانی حکوومەتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان تاوتوێ کراون.

حەیدەر عەبادی ڕایگەیاندووە، کە شاندەکە تێڕوانینێکی نوێیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان پێشکەش کردووە، بەشێوەیەک لەگەڵ یاسا و دەستووری عێراقی بگونجێت

رئیس مجلس الوزراو الدكتور حيدر العبادی يستقبل وفد من ائتلاف الاتحاد الوطنی الكردستانی وحركه التغيير.

وجرى خلال اللقاو بحپ الاوچاع السياسيه والامنيه والاقتصاديه والعلاقه بين الحكومه الاتحاديه واقليم كردستان وحل الاشكالات وفق القانون والدستور حيث قدم الوفد رؤيه جديده ومشروع للحوار لحل هذه الاشكالات.

٢٦ حوزەیرانی ٢٠١٦

## ئەمجارەش دز ،کادانی بەتاڵی کوتا وفەیسبووک حەیای بردن

لە پەراوێزی دانیشتنە کانی لێژنە هاوبەشەکەی گۆڕان و یەکێتی لە گەڵ ئوسامە نوجەیفی سەرۆکی کوتلەی موتەحیدوون کە لە ئێوارەی دوێنی ی ٢٩ی حوزەیران پێشوازی لێکردن لەسەرەتای کۆبوونەوەکە، ئاڵا تاڵەبانی،

سەرۆکی شاندەکە ئەوەی ڕاگەیاندووە، کە ڕێککەوتنەکەی نێوان گۆڕان و یەکێتی هیچ لایەنێک ناکاتە ئامانج و دەیانەوێت لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵدا پەیوەندییەکان باش بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەتایبەت کێشە ئابوورییەکان".بەڵام ئوسامە نوجەیفی لە مەرامە گلاوەکانیان تێدەگات کە بە نیازن لە گەڵ تاقمی سلێمانی جێبەجێ بکەن هەر بۆیەش داواش لە نوجەیفی کراوە، بەو پێیەی کەسێکی کاریگەرە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق، ڕاوێژ و هاوکارییان بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

لای خۆیەوە، ئوسامە نوجەیفی، سەرۆکی هاوپەیمانێتی "موتەحیدوون" هیوای خواستووە کە فراکسیۆنە کوردستانییەکان دووبەرەکییان تێ نەکەوێت و بە پێویستیشی زانیوە لەگەڵ براکانیان لە پارتی بەیەکەوە بن، هەروەک بە پێویستیشی زانیوە لە دیاریکردنی پەیوەندییەکانیان لە گەڵ بەغدا، یەکهەڵوێست بن.

جەختیشیکردووەتەوە، پشتگیری داخوازییە ڕەواکان دەکات کە سازاون لەگەڵ دەستوور و یاسادا، لەگەڵ هیچ ڕێکارێکیشدا نییە کە زیان بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بگەیەنێت بەتایبەت بڕینی مووچە و مافەکانی دیکە.

دەقی دیدارەکە لە پەیجی ئوسامە نوجەیفی، سەرۆکی هاوپەیمانێتی "موتەحیدوون "

السيد النجيفي يستقبل وفدا من الاتحاد الوطني الكوردستاني وحركة التغيير

استقبل السيد أسامة عبد العزيز النجيفي رئيس ائتلاف متحدون للاصلاح مساو يوم السبت ٢٥ حزيران ٢٠١٦ وفدا من الاتحاد الوطني الكوردستاني وحركة التغيير برئاسة السيدة ألاء طالباني وحضورعددمن السيدات والسادة أعضاومجلس النواب.

في بداية الاجتماع أكدت السيدة طالباني أن الاتفاق بين الاتحاد الوطني الكوردستاني وحركة التغيير لا يستهدف أية جهة ، وأشارت إلي أنهم يعملون من أجل لم الشمل وحل المشاكل ، ومحاولة مد جسور مع الحكومة الاتحادية

لحل المشاكل وبخاصة الاقتصادية منها ، فما زال العاملون في الاقليم لا يتقاضون رواتبهم ما أثر كثيرا علي الوضع العام في الاقليم.
وطلبت السيدة طالباني من السيد النجيفي المشورة والمساعدة لما يحظي به من احترام وتقدير لدوره المشهود.
من جانبه رحب السيد النجيفي بالوفد الزائر وأكد علي مجموعة ثوابت في موقفه منها دع ئايار للانفتاح علي جميع الاطراف، وحل المشاكل العالقة بالحوار البناو ، ولابد من ازالة التوتر ، والتمسك بالتواصل بين جميع الاطراف.
وأشار أنه لا يتمني أن يجد الكتل الكوردستانية منقسمة، وينبغي أن يكونوا معا مع اخوانهم في الحزب الديمقراطي الكوردستاني ، كما ينبغي أن يكون لهم موقف موحد في رسم العلاقة مع الحكومة المركزية.
وشدد السيد النجيفي علي أنه يدعم المطالب العادلة المتفقة مع الدستور والقوانين ، ولا يوافق علي أي اجراو من شأنه أن يضر بالمواطن في اقليم كوردستان سواو فيما يخص الرواتب أو الحقوق الاخري.
وتم في الاجتماع تبادل وجهات النظر من قبل الحاضرين ، فضلا عن تطورات الوضع السياسي والحرب ضد الإرهاب.
وفي ختام الاجتماع كرر الوفد الشكر والتقدير للسيد النجيفي علي مواقفه الوطنية ودور الفاعل في العملية السياسية.

٢٧ حوزەیرانی ٢٠١٦

**بۆ دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان بەهرۆز گەلاڵیش هاتە سەر خەت**

ئەمڕۆ پرۆژەیەک رادەگەیەنرێت بۆ مەبەستی بە هەرێم کردنی ئەو پارێزگایەی کوردستان کە شۆڕشێک لە سەر دانراوە و دەریایەک خوێنی بۆ رژاوە. کەرکوک ئەو شارەی کە زیاتر لە سەدەیەکە قوربانی چەوسانەوەی دەستی تەعریب و تەبعیسە.

له بڕیارێکی تری چاوەڕوان نەکراودا بڕیاری بە تەملیک کردنی موڵکی سلێمانی دەدرێت ئەویش بە ناوی ئەوەی گوایە بۆ مەبەستی بوژاندنەوەی بازار و داکشانی هەڵاوسان و فلان کەس و فیسار کەس لە حیزبە کەی ئەولا بۆ مەبەستی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بە گژ حکوومەتەوەدا ببەن داوا لە مالیکی دەکرێت کە مووچەی فەرمانبەران و بودجەی کوردستان ببڕن، یان دژایەتی دروستکردن ئەو خەندەقەیان دەکرد کە بۆمەبەستی پاراستنی سنوورەکانی کوردستان لێدەدرا وەک ئەوەی کە پێشبینی مەترسییەکی گەورە دەکرا، ئەویش رویدا هەر بۆ مەبەستی سیاسیش لە میدیاکانەوە ئەو پرسەیان ورژاند و بینیشمان چۆن خەڵکی رۆژئاوایی کوردستانیان فریوودا.

ئێستاش کە پرسی سەربەخۆیی و ریفراندۆم لە ئارادایە و گەلی کورد روبارێک خوێنی لە زیاتر لە ماوەی سەدەیەک ریشتووە و لە سەر دەستی رژێمە یەک لە دوایەکێکاندا ١٨٢٠٠٠ کەس ئەنفال و ٥٠٠٠٠ کەس کیمیا باران وهەزاران شەهید و بێسەرو شوێنکراو ئەندام پەرلەمانەکان کەوتونەتە خۆیان و دژایەتی ئەو پرۆسەیە دەکەن، ئەوە بوو کە چەند رۆژ لەمەوبەر شیرینرەزا ئەندام پەرلەمان لە لیستی بزوتنەوەی گۆڕان لە گەڵ میدیاکانی عەرەبی یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕانی، بە مەبەستی لادانی سەرۆک بارزانی لە قۆناخی یەکەم و لە بار بردنی پرسی سەربەخۆیی و راگرتنی یەکپارچەی عێراق لە قەڵەمداوە هەر چەندە کە ئەوەش راستی بابەتەکەیە، بەڵام تاوەکوو ئێستا هیچ کام لەم دوو لایەنانە بەو شێوەیە بە ئاشکرایی باسیان نەکردووە.

ئەمجارەش گروپی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان بە سەرپەرشتی ئاڵاتالەبانی لە یەکێتینیشتمانیی کوردستان سەردانی حیزبەکان و کوتلەکانی عێراقی یان لە بەغدا کردووە، هەر چەندە کە زۆربەی هەرە زۆری کۆبونەوەکانیان نهێنی بوونە، بەڵام لە سەردانەکەیان بۆ لای ئوسامە نوجەیفی زۆر لە نهێنیەکانیان ئاشکرا بوون.

ئەمجارەش نهێنیەکی تری و ترسناکتر لە هەمووان نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئانکارا،سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتە وەسف دەکات.

بەهرۆز گەلاڵی، نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەنقەرە، هەندێک زانیاری بە ناوەندە سیاسی و دیپلۆماتییەکانی تورکیاداوە، سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان. گوتیشی: "بەهرۆز گەلاڵی بەو ناوەندانەی گوتووە کە بارزانی خەریکی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە". ئەوەشی ئاشکرا کرد: "تەنانەت لە چەند شوێنێکیش گوتوویەتی، بارزانی مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا."

٢٩ حوزەیرانی ٢٠١٦

**سازش لە سەر مانەوەی پارێزگاری سلێمانی لە پۆستەکەی لە پای چی؟**

دوابەدوای پلانەکانی سیناریۆی خۆسوتاندنی هاوڵاتییەکی لە بەردەرکی سەرا بۆ مەبەستی لاسایی کردنەوەی دەوڵەتی تونس و گۆڕینی ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بۆبەردەم لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان و تەواوی ئەو ئاڵۆزییانەی کە بەدوای خۆیدا هێنا توانی کە بزوتنەوەی گۆڕان سواری شەپۆلی نارازییان بێت و بەو شێوەیەش توانی کێرفی دەنگەکانی لە سەر حسابی دەنگەکانی یەکێتی بەرز بکاتەوە هەر لە زووەوە بڕیاری گۆڕین و بڕوخێ حکوومەتیان لە بەردەرکی سەرادا، بەڵام لە مەودایەکی کورتدا هەموو ئەمانە کۆتاییان پێ هات، ئەم جارەیان لە پیلانێکی تر بۆ درێژە پێدان لە پیلانەکانی تر بڕیاری گۆڕینی سیستەمی بەڕێوەبردنین دابەداخەوە هەندێکلە حیزبەکان بە یەکێتیشەوە و باڵێکی یەکگرتوو فریودران لە گەڵیان هاودەنگ بوون و پیلانەکەی ٢٣ی حوزەیران و ١٩ی ئاب بە دوای خۆیدا هێنا ئەویش بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە سیستەمی بەڕێوەبردن، بەڵام ئەمجارەش وەکوو هەموو پیلانەکانی تر شکستی هێنا

دواتـریش لە هەوڵێکـی هاوپەیمـانێتی لە پێکهێنـانی کـابینەی نـوێ بڕیـاری دورخستنەوەی وەزیرەکان و سەرۆکی پەرلەمانی بەدوای خۆیدا هێنا.

نەوشیروان و باڵی شیعی و عێراقخواز لە ژێر گوشاری وڵاتانی ئیقلیمی بۆ مەبەسـتی نەپچرانـی هیلالـی شـیعی لە بەرنائایـارەکی پوخـت و دارێچـراودا بڕیاری یەکخستنەوەی ریزەکانی گۆڕان و یەکێتییان دا ئەگەر چی ئەوەی لە رواڵەتـــی ئەو پـــڕۆژەیە بڕوانێـــت پرۆژەیەکـــی گـــرنگە هەر نەبێـــت شاررۆشنبیریسلێمانی لە ئەو هەمـوو بـایکۆت و خۆپێشـاندان و مـانگرتن لە لای ئەملایە کە گۆڕانبێت و ئەملایەی تر کە یەکێتیبێت دەحەسیتەوە و ئەگەر بیرێکـــی نیشـــتمانییبێت باشتریشـــە بەڵام تەجـــروبەی مێـــژووی کـــورد و دوژمنانی کورد ئەوەیان سەڵماندووە کە هەموو پرۆژەیەک پیلانێکی شاراوە و لە پشت پەردەی هەیە.

وردەوردە پلانەکـــان ئاشـــکرا دەبـــن، چـــونکە پێشـــتر سیاســـەتی خـــۆ بەڕێـــوەبردنی پارێزگـــای ســـلێمانی و نەگەڕانـــدنەوەی هەمـــوو داهـــاتی گومرگەکـان ئەو سـنوورە و هەروەهـا سـەردانی کردنـی ئاسـۆ فرەیـدوون بۆبەغـدا و هەروەهـــا ســـەردانی کردنـــی ئەو لیـــژنە هاوبەشـــە یەکێـــک و باسـکردنی دابینکردنـی بـودجەی پارێزگـای سـلێمانی لە لایەن دەوڵەتـی مەرکەزی یەکێکـی تـر بـوو لەو پیلانـانەی کە لە پشـت یەکگـرتنەوەکە بـووە ئەوەشـیەکێک لەو مەرجـانەی نەوشـیروان مسـتەفا بـوو کە کاتێـک کە ئاسـۆ فرەیدوون لە بەریتانیـا سـەردانی کـردووە لە گەڵیکراوە بێگومـان دوژمنـانی کوردیش هەر ئەوەیـان مەبەسـتە ئەو ئەو مەرجە سـەرەکییە بـوو کە گۆڕان پارێزگـــای ســـلێمانی و ٢٥ پۆســـتی ســـەرەکی لە هەلەبـــجەو گەرمیـــان و سـلێمانی کـردە قوربـانی ئەو رێککەوتـنە ئەویـش تەنیـا لە پێنـاو لادانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان بـوو، وەکـوو ئەوەی کە خۆیـان بە زمـانی خۆیان دانیان پێ ناوە.

٣٠ تەموزی ٢٠١٦

## گۆڕان،یەکێتی بەرەوە هەڵدێر دەبات

دوای شکستە سیاسییەکە گۆڕان و ئاشکرا بوونی ئەو گرتە دەنگییەی کە لە لایەن کەنالی ئاسمانی زاگرۆس بڵاو کرایەوە چیتر نەوشیروان مستەفا نەیتوانی ئەو شکستە قبوول بکات هەر بۆیەش بەپەلە ڕێگای هەندەرانی گرتە بەر بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت ئەو فەوزایەی کە خولقاندی بە شێوەیەک لە شێوەکان دەنگۆیەکەی دابمرکێنێتەوە، بەڵام ئەمجارەش بەوە نەوەستایەوە و بە تەنسیق لە گەل حاجی ئاغاکانی تاران و هاوڕێ دێرینەکانیان، پیلانێکی نوێ لە بەرگی ڕێککەوتنی سیاسی یەکێتی و گۆڕاندارِشت، ئەوەی کەمێک ئەلف و بێی سیاسەت شارەزابێت، دەزانێت ئەو ڕێککەوتنە چۆن بوو و لە کوێ هات و بەرەو کوێ دەڕوات؟ لە بەر ئەوەی حکوومەتی هەرێم گرێبەستێکی٥٠ ساڵەی نەوت و بەرهەمەکانی، لە گەڵ تورکیاوە گرێدراوە و هەر ئەوەش هۆکاری دروست بوونی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان بووە و بە پێداگری کردن لە سەر ئەو بابەتە شەرێکی ڕاگەیاندنیان دەست پێکرد ئەویش بۆ ئەوەی کە گوایە داهاتی هەرێم زیاتر لە بژاردەیەک بێت هەر بۆیەش هەوڵی جدی خۆیاندا بۆ ئەوەی کە زیاتر لە بەغدا نزیک ببنەوە و ئەو نزیکبوونەش لە ڕێگای چەندین سیناریۆوە بووە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو سیناریۆیانە زیاتر ئاشکرا دەبن لەلایەک پشتگیری نەکردنی پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی و دروستکردنی بەر بەست، لامەرکەزییەتی پارێزگاکان و تاپۆ کردنی زەوی وزاری سلێمانی  بە سەر هاولاتیانی عەرەبی دەرەوەی هەرێم.

لە لایەکی ترەوە کوردستانیان زیاتر بەرەو پەرتەوازەییبرد و ناکۆکی نێوان پێکهاتەکان زیاتر قوڵبوەوە، هەرچەندە ڕێککەوتنی هیچ کەس و لایەنێک نابێت بە نەرێنی باسی لێوە بکات، ئەگەر هاتوو لە بەرژەوەندی گەلەکەی دابێت، بەڵام هەر زوو دەنگی ناڕازی بوونی بەشێکی کادیرانی پێشکەوتووی یەکێتینیشتمانیی سەبارەت بەو پرۆژەیە بەرزبووە هەر زوو

باسیان لەوە کرد کە گۆڕان بەو ڕێککەوتنە یەکێتی بەرەوە هەڵدێر دەبات و لەوشکستە سیاسییەی کە تێیکەوتووە خۆی رزگار دەکات.

٣٠ تەموزی ٢٠١٦

## دەرهاویشتـەکانی لێژنەی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی بۆ بەغدا

هەر چەندە کە زوو بە زوو ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بـۆ شـاردنەوەی ئەو فەزیـحەیەی کە لە ئاکـامی سـەردانی کردنـی وەفـدی هاوبەشـی گـۆڕان و یەکێتـی هـاتەدی هەر زوو بە زوو لە بـارەی پرسـی ریفراندۆم دەدوێن، گوایە ئەوان بە ریفراندۆم رازین، بەڵام لە کاتی ئێستادا ئەو زەمینەیە فەراهەم نییە ولە لایەکی تریشـەوە قەڵەمفرۆشـەکانی میدیای سێبەر کە خۆیـان لە لڤین و میدیا سنوور و.....دەبینەوە هەر زوو بە زوو ئەو فەزیـــحەیە پیـــنەو پەڕۆ دەکەن ئەوەش دەرنجـــامی ئەو شکســـتە گەوەرەیەیە کە تێیکەوتوون وئەوەش لە لایەن خودینەوشیروان مستەفایە بە هۆی ئەو کوتلەکاری و باڵ بالێنەی کە یەکێتیپێیناسراوە و دوایی نەخۆش کەوتنی مام جەلال ئەو نەخۆشییە دوو ئەوندە زەقتر بووە.

ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین هەر دوێنـی بوو کە دەیـان وەفد بۆ مەبەستی بەدی هاتنی داخوازییەکانی کورد سەردانی بەغدا یان کرد، بەڵام بە هـۆی سیاسـەتی شـۆڤێنی عەرەبەکـانەوە لە سـەد سـاڵی رابـردوو و تەنـانەت لە شۆڕشـە یەک لە دوای یەکەکـانی بارزانیشـەوە رۆژێـک لە رۆژان نیـازی چارەسەر کردنیان نەبووە، تەنانەت گفتوگۆیان لە گەل کورد تەنیا لە کاتی لاوازبوونیـان بە کـار هێنـاوە، کـاتی رۆیشـتنی ئەو وەفـدەش لە کاتێکـدا کە پرســـێکی وەهـــا گەورەو نیشـــتمانیی لە ئـــارادایە هەلەیەکـــی زۆر گەورەبوو،سـەرەڕای ئەوەی کە ئەو وەفـدە لە کـاتی سـەردانییان چەنـدین پـرۆژە مەترسـیداریان ورژانـدووە و باسـیان لەوە کـردووە کە ئەوەی ئێمە داوای دەکەین جیابونەوە و سەربەخۆیی نیە، بەڵکو رێکخستنی یەکپارچەیی خـاکی عێـراقە.ئەوەش هەلەیەکـی زۆر گەورە بـوو و ئەو لێـژنەیە لە بـری سـەردانی کردنیـان دەبوایە کۆدەنگیـان لە هەولێر دروست بکردایە، ئەوەش

لاوازییەکی زۆری سیاسی بەدوای خۆیدا دەهێنێت لە لایەکی تریشەوە بە بەیان کردنی جیاوازی ئەو لیژنەیە بۆ بەغدا وەک دەبینین لە ئەکاونتە فەرمییەکانی کوتلەی شیعەکانەوە بەدیار دەکەوێت بە چ شێوەیەک پێشوازی لەوەفدە دەکەن غافل لەوەی کە ئامانجی سەرەکی شیعەکان لەباربردنی ئەوپرسە نیشتمانیی و نەتەوەییەبووە.

کورد بە درێژایی مێژوو بۆ سەربەخۆیی کاری کردووە و ئێستاش کە هەلێکی زێرین رەخساوە، کاتی گفتوگۆ لە گەڵ بەغدا نییە، چونکە بەغدا ئەو هێزەی نییە، کە یەکپارچەیی خاکی خۆی بپارێزێت. کات کاتی ریفراندۆمێکی سەرتاسەرییە بۆ ئەوەی کە پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتی بە هێز بێت بۆ سەر بەخۆیی کوردستان نەوەک کاتی گفتوگۆ لە گەڵ نەیاران بە سەربەخۆیی کوردستان.

دەبینین کە هەموو لایەنەکان جیا لە گۆڕان و بەشێک لە ئەندام و کادیرانی یەکێتی دژی ئەم سەردانەوەستانەوە چونکەبووە هۆکاری لاوازی سیاسی و دورکەوتنەوەی زیاتری لایەنەکان لە یەکتر.لە کۆتاییدادەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە خەڵکی کوردستان و بە فیڕۆچوونی ئەو هەموو خوێنەی کە لەو رێگایەدا رژاوە.

٢ تەموزی ٢٠١٦

## کوردستانیان یەک بگرن،پیلانەکی گەورە بەرێوەیە

مێژووی پلان و پیلان دانانی وڵاتان دژ بە گەلی کورد شتێکی تازە و نوێ نییە،ئەگەر عەرەب و تورک و فارس لە هەموو شتێک جیاواز و ناکۆک بن، یەک شت کۆیان دەکاتەوە ئەویش دژایەتی کورد و سەرکوتکردنی کردنیەتی، کەم نین ئەو پەیمان و پرۆتۆکۆلانەی کە دژ بە نەتەوەی کورد لێرە و لەوی لە ژوورە تاریکەکاندا واژوو کراون لە گەورەترین پیلان کە سایکس بیکۆ بێت تاوەکو سەعد ئاباد و سیڤەر وپەیمانی بەغدا ....هەر یەک لەمانە بە جۆرێک لە جۆرەکان شکستیان بە بزووتنەوەی کوردو ئەو

ئاواتانەی کە هەیان بووە هێناویانە هەر کەسێک لە ئێمە، ئەگە ر تەمەنێکی زۆریشی نەبێت دانیشتنەکانی تاران و بەغدا و دیمەشق و ئانکارای لە بیر ناچێت یانیش پلاندانان دژ بە سەر کردەکان کە گوایە، ئەگەر سەر کردەکانیان لەنێوببەن رەوتی گەیشتن بە ئامانجەکان بنبڕ دەبێت و کۆتایی بەکورد دێت ئەوەتا شەهید کردنی شێخ عبدالسلام بارزانی،شێخ سەعید پیران، و لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محمەد، تیرۆری مەلا مستەفای بارزان، هەوڵی تیرۆری مەسعود بارزانی لە لایەن حیزبی بەعس لەئەوروپا و بەم سالانەی دوایەش تیرۆری دکتۆر عەبدالرحمان قاسملو و شەرەف کەندی و هەروەها دەسگیر کردنی ئۆجەلان ولەم دوایەش تیرۆری مەشعەل تەموو.

هەموو ئەمانە نمونەی هەموو ئەو تاوانە گەورانەن کە دەر حەق بەگەلی کورد ئەنجامدراون،نەک هەر ئەمانە، بەڵکو بە هەزاران کەس لە زیندانەکاندا لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان بەخت کردووە و شەهید بوونە بگرە بەوەش نەوەستاون و کۆمەڵکوژییەکانی قۆناخەکانی یەک لە دوای یەکی بارزان و بادینان و گەرمیان و کیمیا بارانی هەلەبجە و بادینان و شێخ وەسانان و سەردەشت ...هتد.

ئەمانە هەموو ئەو تاوانانە نین کە دژ بە گەلی کورد ئەنجام دراون، بەڵکوو دڵۆپێکن لە دەریای نەهامەتییەکانی گەلی کورد هەر بۆیەش وەکوو ئەرکێکی نیشتمانیی و نەتەوەیی کاتی ئەوە هاتووە بڵێین کە واز لە دەسکەوتەکانی تەسکی حیزبایەتی بهێنن و حیزبەکانی رۆژهەلات بە تایبەتی باڵەکانی دیموکرات و کۆمەلەو حیزبە کوردستانییەکانی رۆژ هەلات و باشوور واز لەو هەموو پیلانەی کە بە هاوکاری ئەم ئەو دایدەرێژن بهێنن. شیعە ئەوە نییە کە باسی لێوە دەکات، ئەگەر نا لە لایەن ئەوانەوە کەمترین ماف بۆ کوردەکانی رۆژهەلات دابین دەکرا تەنانەت ناتوانن باسی ئەوە بکەن کەمافێکیان لە چوار چێوەی کۆماری ئیسلامیدا هەیە نمونەش لەو کات و ساتەدا وتەی ئەم شەوەی نوری مالیکی سەرۆکی حیزب دەعوەی عێراقی کە سەرەڕای ئەوەی کە دژایەتی خۆی بۆ راپرسی دەربڕی تەنانەت باسی

لەوەی کـرد کە رەوتێـک لە هەرێمـی کوردسـتاندا هەیە کە دژی راپرسـییە بێگومـان ئەوە ئامـاژەیەکی زۆر بچـووکە بە سـەردانی وەفـدی هاوبەشـی گۆڕان و یەکێتیو ئاماژە بە هەموو ئەوانەی کە لە سـەرەوە باسـی لێوە کرا هـیچ کـات شـیعە ئەو داخوازییانەتـان بـۆ نـاهێنێتەدی ئەگەر بـۆ سـەرو مـڵ شکاندنی یەکتر نەبێت.

٥ تەموزی ٢٠١٦

## لە سلێمانی لەباتی نوقل و شیرینی جەژنانە، تەقەیان لە بارەگاکانی کرد.

ئەمـرۆهەواڵێکم بیسـتبە داخەوەبـۆ شـاری "هەڵـمەت و قوربان،شـاری رۆشنبیری، زۆر سەرسامی کردم ئەوەی کە لە کلتوری کوردەواری خۆمان بـاوە لە رۆژانـی جەژن بە تـایبەتی جەژنـی رەمەزان هەمـوو تـاکێکی کـورد گەردەن ئـازایی لە یەکتـر دەکـات و بە جەژنـت پیـرۆزەیەک هەمـوو ئەو هەڵانەی کە بە ئەنقەسـت بێـت یـان نە ،داوای لێبـوردن لە لایەنەکەی تردەکات،بە لام بە داخەوەم بۆشاری رۆشنبیری نەک بۆ ئەو کەسانەی کە تووشـی ئەو هەلەیە بوون، بەڵکو بۆ چینە رۆشـنبیرەکانیان،چونکە چیت لە بیابان گەرەکە، کەهیچی لێ شـین نابێت،بەڵام بۆچی شـارەکەی سلێمانی بە بە دەسـت تـاقمێکی گێرەشـێوێنەوە وێلـن، بە لام وا پێدەچێت ئەوەش جەژنە پیرۆزانە بێت کە لە ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی کراوە، بەڵام ئەمجارەیان بۆ ئەم مەبەستە نییە پێدەچێت تاقمەکەی ئەو بەری ئاو بە نیـاز بـن بە بیـانوویەکی تـر فتـنەیە هەڵگیرسـێننەوە بەجۆرێـک لەجۆرەکـان وەکـوو هەمـوو جارێـک پـارتی پەڵکێشـی ئەو فیتـنەیە بـکەن،بەڵام ئەگەر مەبەست ئەوهەڵبژاردەیەش نەبێت ،پۆلیسـی سلێمانی و دەسـەلاتەکەی ئەو بەری ئاو،کەسێکی سەرخۆش دەستگیر بکەن و بڵێن داوای لێبوردن دەکەین ئەو کە سە بۆهۆی سەرخۆش بونییەوە کۆنترۆلی بە دەستەخۆیەوە نەبووە بەڵام وەکـوو هەمـوو جارێـک کە ئەو رووداوەناخۆشـان روودەدات ئەرێ

خێرە هەرچی سەرخۆش و مەستی شارەکەی هەڵمەت و قوربانییە بە دەوروبەری بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا وێڵن وەیان ئەو روناکاییەی کە خەیام لە چوارینەکان و مەولەوی لە عەشقەکەی عیرفانیدا هەیەتی ئاوا سەرخۆشی کردوون کە بەدوای خۆشەویستی و عیرفاندا بە دەوری بارەگاکان پارتیدا دەگەرێن، بەڵام نا ئەوانە هیچ نین،

چەندساڵێکە هەوڵی دوور خستنەوەیپەیڕەوانی رێباز بارزانی لەو دەڤەرە بدرێت هەروەهاهەوڵی کپ کردنی ئەو دەنگە بدرێت کە هەڵقولاوی رێبازە پیرۆزەکەی بارزان و تەریقەتە پیرۆزەکەی شێخ ئەحمەدی بارزانە وئێستاش کە کەسێک هاتووە لەو سنوورە،بە هانای هەژاران و زوڵم لێکراوەکان هاتووە، کە هەر چی نەبێت خەڵکە زوڵم لێکراوەکەی پارتی کە لەو سنوورەدا وەکوو فەلەستینیەکانی بەردەست جولەکەبوون.

٦ تەموزی ٢٠١٦

## مێجەرسۆن:"هەرکەسێک سلێمانی کۆنترۆڵ بکات کوردستان کۆنترۆڵ دەکات"

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە یەکێتینیشتمانیی کوردستان کە فەرمانڕەوای سلێمانییە بیر لە ئەو هەموو کوشتار و کردەوە نامۆیانەی کە روو دەدەن بە پەلە بێتە سەرهێڵ،سەرەڕای ئەوەی کە پارتی لەو سنوورە مافی خۆیەتی داوای ئەو مافەی بکات کە رۆژانە لە لایەن هەندێک لە مافیایی گێرە شێوێن شاری رۆشنبیریان کردووە بە دەستەمۆی خۆیان و هەر رۆژە و بە جۆرێک لە جۆرەکان شتێک نامۆ روودەدات با لەو دەستەواژانە خۆمان بە دوور بگرین گوایە کە شاری سلێمانی شارێکی دەنگە رەنگاو رەنگەکان و دەنگی ئازادی تێدایە، بەڵام کاتی ئەوەیە کە یەکێتی بە بیروبۆچونێکی قوڵتر لە هەموو ئەو کردەوانە بکۆڵێتەوە ئەوانە نەک لە بەر ئەوە دەڵێم کە ٣٠ سی جار تەقە لە بارەگای پارتی کراوە لەبەر ئەوە ناڵێم کە زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە پێشمەرگە رۆژهەڵاتییەکانی ئاوارەی باشوور لە سنووری سلێمانی تیرۆر کران، یان تەسلیم بە حاج ئاغا کان کران،لە بەر ئەوە ناڵێم کە کردەوەکەی

١٧ی شوبات و دواتر روویاندا، لە بەر ئەوە نالێم کە بنکەو بارەگاکانی پارتی بە فیتی بێگانە سوتێنران، لە بەر ئەوە نالێم کە گەندەلێکی سەرەکی دۆسییەکی سلێمانی ئیفراز کراو ئەوانی تریش سزا دران،لە بەر ئەوەی نا، کاوە گەرمیانی تیرۆر کرا،لەبەرئەوەش نا، حوسینییەکی شیعە لە لایەن ئێرانەوە لە سلێمانی دامەزرا و لە بەر ئەوەش نا، لەبەر رووداوەکەی ١٣ی حوزەیرانی سلێمانی و ١٦ شەهیدەکەی هەڵەبجەش نا و لە بەر:

حاجی ساڵح : لێپسراوی پارتی . لە بەکرەجۆ لە سیدارە درا.
شەفیق ئاغا : نوێنەری بارزانی نەمر لە سلێمانی لەسەر شەقامتیرۆر کرا.
سدیقە فەنی : ئەندامی لیژنەی پارتی لە سلێمانی لەسەر شەقامتیرۆر کرا..
نوری حەمە علی : لێپسراوی بەتالیۆن پارتی لەسەر شەقامتیرۆر کرا..
ئامر هێزی رزگاری کاک عە بدولی سوران و سدیق ئە فەندی بون بوو.
مامۆستا غەفور باراوی
-شەهید جە زای عە لی کاتب،
شە هید شەریفی خاڵە و ساڵحی خاڵە شە هید ساڵح ساڵە
ملازم تایەر : پارتی لەسەر شەقامتیرۆر کرا.
حسین فارس : کاژیک لەسەر شەقامتیرۆر کرا.
قالەی حەمە چاوەش : پارتی لەسەر شەقامتیرۆر کرا.
بێستون : پاسۆک لەسەر شەقامتیرۆر کرا.
فارس : پاسۆک بەدیلی لە سێدارە درا.
عبدالله سور : حسک بەدیلی لە سێدارە درا.
مام ئاراس : حسک بەدیلی لە سێدارە درا.
عەلی حەسۆ میرخان و هاورێکانی: پارتی بەدیلی لە سێدارە درا.
علی عبە گۆڕێ : بازرگانێکی ناوداری سلێمانی لەسەر شەقام تیرۆر کرا.
محمد رحیم خاڵە حاجی حسک لەسەر شەقام تیرۆرکرا.
فرهاد فرج : دوای ڕاپەڕین لە کەشێکی تەماویدا تیرۆر کرا.
محمد حەلاق و هاوڕێکانی.

عقید نجم الدینە سوورلە سروشتێکی تەماویدا تیرۆر کرا.

وە لـە بـەرئەوەش نـا تەنیـا لە بەر ئەوەی کە نەبێتە دەسـتەمۆی وڵاتێکـی بێگـانە و نیشـتمانیی جـوان و رەنگیـنەکەت دوبـارە نەکەوێـتەوە دەسـتی بێگانەیەک کە ڕێککەوتنێکی تری وە تاران و بەغدا هاوشێوەی سایکس و بیکۆی بە سەردا نێت.

١٦ تەموزی ٢٠١٦

## شرۆڤەکارە نیوداشەکان: پەندێک لە خەڵکی تورکیا وەر بگرن.

مووشەکەکان ئۆفیسی سەرۆکوەزیرانیشیان وێران کرد.

"کۆشکی سەرۆک کۆماری بۆردومان دەکرێت "

"سوپا بەشێکی زۆری لە ناو شار بڵاوە پێکردووە"

ئەوە ئەو مانشـێتانە بـوون کە لە هەمـوو کەنالەکـانی نـاوەوە و دەرەوە دەبینران ،کودەتا چییەکان کە بەشی زۆری سوپایان پێکدەهێنا بە نیازبوون بە شێوەیەکی ناشەرعی دیموکراسییەت پەک بخەن ئەوە لە لایەک لە لایەکی تــرەوە تەواوی وڵاتانیــدونیا بــۆ پشــتگیری لە شـــەرعییەت بەیاننـــامەی جۆراوجۆریـان دەرکـردو پشـتگیرییان لە دەوڵەتـی شـەرعی تورکیـا کـرد و خەڵکی تورکییاش بە حەماسەکی زۆرەوە بۆ سەر شەقامەکان رژان و لەژێر دەبابەو بەرانبەر دەبابەکان وەستان و لە ئەو حکوومەتەی بە بیرو باوەڕەو لە گەڵــی دابــوون شکســتیان بە کودەتــا ســـەربازییەکە کە لە دەرەوەی سنورەکان پلانی بۆ دارێژرابوو هێنا.

لە هەمـان کاتـدا هاودەنـگ لە گەڵ رای گشـتی، خەڵکی ئـامەد پشـتیوانی لە ئەردۆغـان راگەیانـد و دەمیرتـاش گـوتی: "دژی کودەتـاکەین و ئەمـڕۆش بەشـداری کۆبـوونەوەی پەرلەمـانی تورکیـا دەکەیـن بـۆ سـەرکۆنەکردنی وکودەتاکەی تورکیا کارێکی وەحشیانە بوو."

عوســـمان بایـــدەمیر، پەرلەمانتـــاری پـــارتی دیمـــوکراتی گەلان (هەدەپە) رایگەیانـد: بەهەمـوو شـێوەیەک کودەتــا رەتــدەکەنەوە.لەلایەکی دیــکەوە

سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا رایگەیاند، پێویستە لە ئێستادا هەموو لایەک لە یەکریز رابوەستن و بەرگری لە دیموکراتییەت بکەن."

بەڵام ئەوەی ئەوەی کە زۆر گرنگە بە پێچەوانەی حیزبە ناوخۆییەکانی کوردی لە باکوور، شرۆڤەکارە نیوداشەکانی خۆمان لە ئەوبەری ئاو، کە ئەوانیشئەزکوومنیان لە پیلان و کودەتادا هەیە (هەروەک لە ١٩ و٢٣ ئاب وحوزەیران بە دەست دەرەکی بەنیاز بوون پیلانی دەرەرکی بە سەر خەڵکی کوردستاندا فەرز بکەن) هەر زوو کەوتنە خۆ و بەراوەردی دۆخی سیاسی کوردستانیان لە دەزگاکانی راگەیاندن و تۆرە کۆمەلایەتییەکاندا کرد و هەموو ئەوانە بە چەپلە رێزانەوە پێشوازییان لە کودەتا  کە دەکرد، بەڵام ئەوەی کە زۆر جێگەی پێکەنینە ئێستا سەردانی ئەکاونتەکانیان بکەیت هەموو ئەوپۆستانەیان سڕیوەتەوە یان شاردویانەتەوە وپاش شکستی کودەتا کە شەرمیان لەو پۆستانەیە کە لە ئەکاونتەکانیان بڵاویان کردبووە فارس گۆتەنی "کاسە داغتر از اش"بوون.

لە کۆتاییدادەبێت داوادەکەم کە قەڵەم فرۆشەکانی کوردستان و جێبەجێکارانی پلانی دەرەکی لە بری ئەوەی هەموو کات و سات دەرفەت بقۆزنەوە بۆ ئەوەی کەبە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری نەرێنی لە سەر گەڵ و نیشتمانەکەیان بکەن و نیشتمانە کەیان بە شێوەیەکی ناشرین نیشان بدەن دەرسەک لە خەڵکی تورکیا وەر بگرن.

ئەگێڕنەوە فەرماندەی سوپایەک ویستی وڵاتێک داگیربکات،کاتێک نزیک بوونەوە بچنە ناو وڵاتەکە، لەناو کێڵگەیەکدا پیرەپیاوێکیان بینی لەگەڵ کۆڕێکی گەنجدا خەریکی کارکردن بوو.

فەرماندەی سوپاکە لە پیرە پیاوەکەی پرسی:

باسی وڵاتەکەتمان بۆبکە ، ژمارەی سەربازی سوپاکەتان چەندە ؟ لە چ قۆڵێکەوە ئەتوانین بچینە ناوەوە؟

پیرەپیاوەکەش وتی:هەمووشتێکتان پێ ئەڵێم...بەڵام بە مەرجێک،ئەو کوڕە گەنجەی لەگەڵمدایە بیکوژن!!

بۆئەوەی نەبێتە شاهیدێک بەسەرمەوە ، کاتێک من نهێنیەکەتان بۆ باس ئەکەم.
وتیان:تۆ ڕاست ئەکەی،یەکێکیان شمشێریکی لەملی گەنجەکەداو ملی پەڕاند،پیرەکەش تەماشای خوێنی گەنجەکەی دەکرد،چۆن ئەڕژایە سەر زەوییەکە.
پیرەپیاوەکە وتی:ئەزانن ئەوە کێ بوو ئێوە کوشتتان؟
وتیان:تۆ پێمان بڵێ، ئێمە نایناسین.
پیرەپیاوەکە: ئەوە کوڕی منە...ترسام بەبەرچاویەوە بمکوژن و هەموو زانیارییەکانی لێ وەرگرن.
بەباشم زانی کوڕەکەم بکەمە قوربانی،نەک یارمەتیتان بدەم لەداگیرکردنی وڵاتەم.
فەرماندەی سوپاکە وازی لەپیرەکە هێناو پیرەکەش تەرمی کوڕەکەی لەئامێزگرت.
دواتر گەڕانەوەو ڕووداوەکەیان بۆ پاشا باس کرد.
پاشا وتی: سوپاکە پاشەکشە پێ بکەن،باوکێک ئامادەبێ کوڕەکەی بکاتە قوربانی بۆئەوەی ئێمە وڵاتەکەی داگیر نەکەین،تیایدا سەرناکەوین.
"هەمیشە وڵاتان لەناوخۆدا شکست دێنن،
دار کرمی لەخۆی نەبێ،هەزار ساڵ ئەژی..

١٨ تەموزی ٢٠١٦

## هیلالی شیعی و سیناریۆی یەکگرتنەوەی یەکێتی وگۆڕان

دوابە دوای ئەوەی کە سەرۆک بارزانی بۆ یەکەم جار لە تەلەفزیۆنی هەواڵنێری بی بی سی ئاماژەی بە ڕووداوەکانی ئەم دوایەی جیهان بە گشتی و ڕۆژهەلاتی ناوەراست بە تایبەتی کرد گوتی کە :" لە داهاتویەکی نزیکدا دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دروست دەبێت و لە گەڵ عێراق سیستەمی کۆنفدراڵی بەڕێوە دەبەن". پێشتریش سەرۆک بارزانی باسی لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی کرد

بوو ئەو پرۆژەی بارزانی کە خەونی دێرینەی هەر تاکێکی کوردە، بەرەی شیعە بە تایبەتی ئێرانی زۆر تورە کرد ئەوەش وایکرد کە رۆژ لە دوای رۆژ بە دوای پیلانی جۆراوجۆر بن و بە بەردەوام کوردستانیان توشی کێشە کرووە لەوانەش دەتوانین دانانی گەمارۆ بە هەموو شێوەکانییەوە بە تایبەتی برینی بودجەو موچەی خەڵک گرنگترین ئەو تاکتیکە بوو کە بەرەی شیعی ئێرانی لە رێگای سەرۆکی حیزب دعوەی عێراق پەیڕەوی کرد بۆ ئەوە هەری لە رێگای فشار خستنە سەر فەرمانبەران ،دژایەتی بۆ دروستکردنی رۆۆیای دەوڵەتی کوردی دروست بکات. هەرچەندە تا ئەندازەیەک لە هەندێک لە ناوچەکانی کوردستان بە تایبەتی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە ئەو سیناریۆیە بە هاوکاری باڵە گرێرداوەکانی ئێران جێبەجێ کرا بەڵام لە بەر ئەوەی کە ئەو نارەزایەتیانە ئەجندای دەرەکی یان لە پشت بوو بە هۆی و تێگەیشتنی رای گشتی و بە پێچەوانە بونەوەی مەبەستەکانی ئەو نارەزایەتیانە، زۆر درێژی نەخایەند.

دواتر بە نانەوەی دوبەرەکی لە نێوان بە شێک لە پێشمەرگە کانی کوردستان بە پشتگیری لایەنەکی سەرەکی کوردستان و چەکدار کردنیان بە بیانووی ئەوەی کە بۆ مەبەستی ئازادی شنگاڵ دروستکراون و لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە پشتگیری مادی و سەربازی کران ئەو لە ماتێکدایە کە بە هەموو شێوەیەک دژایەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان کردووە و لە سەرەتای دانانی یاسای عێراقی کە تیدا هێزی پێشمەرگەبەشێک لەو هێزەی عیراق دەبێت و دەبێت لە هەموو تایبەتمەندی و مستەحەقاتی هێزی عەسکەری عێراقی سودمەند بێت بە هەموو شیوەیەک ئینکاری کوردیان کرد تەنانەت پێشمەرگەیان بە میلیشیا ناو دەبرد بەڵام ئەوەی کە هۆکار بوو ئەو هێزە دروست بکرێت ئەو پیلانانە بووکە بەدوایدا دەگەڕان،ئەوەش تا ئەندازەیەک توانی پرۆسەی ئازاد کردن شنگاڵ بەدوا بخات .کێشەکان بەوە نەوەستانەوە و بە بێی ئەوەی هۆکارێکی تایبەتی هەبێت نارەزایەتییەکانی سەر موچە کە لە دەرەوەی سنوورەکان و بە دەستی خۆی رێنمونی

دەکران بەرەوە بنکەو بارەگاکانی پارتی هێرشیان هێنا ئەوەش بۆ چەند مەبەستێک بو سەرەرای ئەوەی کە خەڵکی کوردستان لە مەبەستە سەرەکییەکە دوور بخەنەوە لە هەمان کاتدا کێشەو ئاریشەکان بخەنە ئەو حیزبەی کە لەو سنورە دا باڵادەست نییە لە هەمان کاتدا ناشرین کردن پارتی بێگومان ئەو ئامانجەشیان وەکوو هەموو ئەوانەی تر نەهاتە دی.

دوا بە دوای ئەوەی کە بە هۆی دەست درێژی بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی پارتی ،بزوتنەوەی گۆڕان لە حکوومەت دوور خرایەوە لەو کات و ساتەدا نەوشیروان توشی شکستێکی سیاسی و دەولی زۆر گەورە هات ئەوەش بو بە هۆکار بۆ ئەوەی کە وڵات جێ بهێلیت و بەرەو هەندەران بروات و لە بێدەنگییەکی تەوا لەو شەش مانگەدا لە گەڵ دەوڵەتە ئیقلیمیەکانی جیران خەریکی ئەو پلانە بوون کە لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا لە رێگای دروستکردنی بەرەیەکی هاو بەش کە گوایە بە ناوی رێکخستنەوەی نێو ماڵی کوردە ویستیان پارتی مەجبور بکەن کە ملکەچی ئەو پرۆژەیەی ئەوان بێت ئەوەش وە کو هەموو سیناریۆکان روون و ئاشکرایە کە لە ژێرکاریگەری هیلالی شیعی جێبەجێ کرا وەکو ئەوەی بینیمان لە سەردانەکەیان بۆ یەغ بە عەمەلی باسیان لەوە کرد کە ئەوان لە گەڵ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی نین و یەکپارچەی عێراق دەپارێزن.

١٨ تەموزی ٢٠١٦

## ئایاسەردانی مالیکی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی هەولێرو بەغدایە؟

دوابەدوای ئەوەی کە بە پیلان و پلانی راستەوخۆی بەرەی شیعەی یەکێتی و باڵە دەست رۆیشتووەکەی و بزوتنەوەی گۆڕان و پاڵپشتی راستەوخۆی ئێران و هەندێک لە کوتلە کانی شیعە لە بەغدا زیاتر لە هەموو کاتێک ناکۆکی لە نێوان کردەکانەوە دروست بوو چوون ئەگە ر بە دیدو بۆ چوونی هەندێک لایەن ناکۆکییەکان زیاتر قوڵ بونەوە و نەبوونە ئەو چارەسەرییەی کە بەشێک لە لایەنە سەرەکییەکانی ئەو هاوپەیمانییەتییە

باسیان لێوە دەکرد هەر بۆیەش ئەگەر تاوەکوو ئێستا لایەنە ناو خۆیەکانی کوردستان سەرەڕای هەندێک پاوانخوازی کێشەکان لە ناو خۆی کوردستان و هەندێک جاریش لە بەغداسیاسەتی یەک ووتاری بەغدا بەردەوام بوو ولە بەر ئەوەی کە کوتلەی فراکسیۆنەکوردییەکان تا ئەندازەیەک لە بەغدا سەنگو قورسایی خۆی هەبوو و ئەو قورساییەش دەیتوانی کاریگەری لە سەر بڕیار و دەسکەوتە نەتەوەییەکان کورد هەبێت و بتوانیت خۆی بسلمینیت ئەوەش بێگومان بەدڵی هیچکام لە نەیارانی کورد بە شیعەو سوننەشەوە نابێت.بەڵام لە کاتی ئێستادا کە ئەو رێککەوتنە هاتە ئارایەوە زیاتر هێزە کوردییەکان لە یەک دوور کەوتنەوە و ئەوەش ئامانج و ئامانجی لاینی دژبەری کوردییە.

ئەوە لە لایەک لە لایەکی تریشەوە ئەوەی کە لە کاتی ئێستادا زۆر گرنگە پەیامەکەی بارزانی بوو بۆ ئەوەی کە ئەو بەستەڵەکە سیاسییەی کە هاتۆتەکایەوە بشکێنیت و لە رێگەی نوسینگەی سەرۆکایەتی هەرێم و بە ناوبژیوانی هەندێک لایەن و گۆڕینەوەی هەندێک پەیامی سیاسی بە دڵی ئەو بەرەری دەسەڵاتدارانی شیعە لە بەغدا نییە هەربۆیەش بە سەردانی کردنی پارێزگای سلێمانی یە چەندین بۆچوون هەڵدەگریت کە ناکرێت ئاوا بە ئاسانی لێی تێ بپەڕین.

ئەگەر مەبەست لە سەردانەکە تەنیا بۆ مەبەستی سەردانی کردنی جەنابی فەخامەتە ، ئەگەر لە رووی کۆمەڵایەتییەوە سەیری واجییەکەی بکەین نەک کارێکی خەراب نییە بەڵکو لەئەو پەری ئەخڵاقدایە بەڵام ئەگەر لە رووی سیاسییەکەیەوە بروانیینە ئەم سەردانە ، دەستوەردانی راستەوخۆیە لە کارو باری هەرێمی کوردستان مالیکی قووت و موچەی هەرێمی کوردستانی بریوە و ئەو هەموو نارەزایەتییەی کە بۆ نەهاتنی موچە لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە کرا پێویست بوو کە هەر ئەوانەی کە مانگرتن و خۆپێشاندانیان دەکرد هەر ئەوان هاتبانە سەر شەقام و دژی هاتنی نوری مالیکی بۆ سلێمانی دژیان بوەستنەوە و پرۆتستۆی هەموو ئەو هەڵوێستە

نەرێنیانەی بەغدا و مالیکی  بکەن کە لە سەردەمی مالکیدا دەستی پێکرد و تاوەکوو ئێستاش لە لایەن عەبادییەوە پەیڕەو دەکرێت لە بیرمان نەچیت کە هەر لە سەرەتای دەستپێکی کابینەی عەبادی کە پەرلەمانتاران و حیزبە کوردییەکان لە گردەکە خەریکی کۆبونەوە بوون بۆ ئەوەی بە بەرنامەو پلانێکی نوێ بەشداری لە کابینەی عەبادی بکەن بەڵام بینیمان کە ئەوان بە بێی ئەوەی کورد لە بەرچاو بگرن دەست یان بە کۆبونەوە کرد و کورد بە ناچاری بەشداری کرد.

بەڵام ئەوەی کە جێگای سەر سورمانە هەڵوێستەکانی هەردوو حیزبی رێککەوتنەکەن کە پێیان وایە لە بەر ئەوەی کە مالکی هەژمونێکی لە بەڕێوەبردنی عێرق هەیە دەتوانیت کاریگەر بێتسەرەڕای ئەوەی کە هەموو ئەو کردەوە ناپاکانەی کە لە سەردەمی ناوبراوەوە دەرحەق بەگەڵی کوردستان نادیدە دەگیرێت و جێگای پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر ئەو ئەوندە تامەزرۆی چارەسەر کردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدایە کاتیک کە لە دەستەلات دابوودەیتوانی کێشەکان چارەسەر بکات نەوەک بە کۆت و بەند دانان و ناردنی بودجەو موچەو مستەحەقاتی پێشمەرگە مەرجدار بکات تەنانەت رۆژ لە دوای رۆژ کێشەکان زیاتر بکات. یان ئەگەر مالکی ئەو توانایەی هەیە ئاخۆ دەوری حیدەر عەبادی لەو پرۆسەیە چییە؟یان ئەگەر سەردانی پارێزگای سلێمانی  دەکات ئاخۆ دەوری حکوومەتی هەرێم و هەولێرچییە؟ئەگەر سلێمانی  مەرجەعی قەرار لە کوردستان بێت دەوری هەولێر چییە؟ئەگەر حیزب دەوری حکوومەت لە پەیوەندییەکان و چارەسەر کردنی کێشەکان ببینیت ئاخۆ دەوری وەفدەکانی دانوساندنی هەرێم و بەغدا چی دەبێت؟ئەوە هەموو ئەو پرسیارانەن کە ئەجیندای سەردانەی کەی مالیکی مان بۆ روون دەکاتەوە.

٢٠ تەموزی ٢٠١٦

## پاكانه بۆ مالكی له پای چی؟

له پرۆگرامێكی تایبەتی به رووداو كه ئارێز عەبدوولا میوانی پرۆگرامەكه بوو وولامی زۆرێک له پرسیارەكان زۆر به سەرپێی دەدایەوه و خۆی له زۆرێك له پرسیارەكانی لادەدا هەر چەنده كه بابەتەكه پەیوەندی به هاتنی نوری مالیكی بۆ سلێمانی بوو و ئەو كۆبونەوەیەی كه له گەڵ مەكتەبی سیاسی یەكێتی ئەنجامدرا بەڵام ئەوەی كه له هەموو كەس و راگەیاندنەكان شاردرایەوه ناوەرۆكی ئەو كۆبونەوەیه بوو ناوبراو به هیچ شێوەیەک باسی ناوەرۆكی بابەتەكەی نەكرد هەروەک مەهدی مەوعوود بێت و عەصای سیحراوی موسای پێغەمبەری پێ بێت و بۆ مەبەستی گەیاندنی كورد به كەناری ئارامی كەشتییەكەی نوح بۆ كوردستان هات بێت ،كەوته بەرگری كردن له نوری مالكی و كوتله كەی نەوەک لەبیریان چوبێتەوه كه هەر دوێنی بوو به بەیانێک له له رێكەوتی ( ٢٠١٤/٦/٣٠ ) له ژێر ناو نیشانی:" لێدوانێک لەمەكتەبی سیاسی یەكێتیەوه لەبارەی چارەنوسی ماددەی ١٤٠" كەوتنه نارەزایی دەر برین دژ به سیاسەتەكەی نوری مالیكی و بەو شێوەیه به یانەكه دەستی پێكرد:

ماددەی (١٤٠) زیاتر له (٩) ساڵ بەسەر وادەی جێبەجێكردنیدا تێپەڕیوە، بەڕێز دەوڵەتمەداری عیراقیش، لەخولی دووەمی سەرۆک وەزیریدا، پەیمانیدا لەماوەی ساڵێكدا، بڕگەكانی ماددەكه جێبەجێ بكات، بەداخەوە، ئەم پەیمانەش نەبرایەسەر"

چ عەجەبا كاتێک كه سەرۆكی وەزیران بوو و دوو خوولی تەواو كرد هەر وەک له بەیانەكەتان دا هاتووه و بەڵێنەكانی نەبردەسەر بەڵام ئێستا ئەوكاره بكات ئایا كارەكتەرەكان هەمان كارەكتەرەكانی ٩ ساڵ پێشی حیزبی دەعوه و دەوڵەتی یاسا نین كه ئێستا هەموو جومگەكانی دەسەلاتی عێراقیان داگیر كردووه و به تەواوی كوردیان له تەواوی دەستەلاته كانی دابریوه و له بەشێكی تری بیاننامەكەتان هاتووه.

"مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانییی کوردستان جەخت دەکاتەوە کە:
یەکەم: بەڕاشکاوی ئەمساڵ، پێش ڕووداوەکانی ئێستاش وتومانە، ئەوپەڕەکەی هەتا بەهاری ساڵی ئاییندە، کورد پشووی هەیە، ئەگەر مادەی (١٤٠) بەتەواوی جێبەجێ نەکرا، بەبڕیاری سەرکردایەتی کوردایەتی، کێشەکە یەکلایی دەکەینەوە."

لەو بەیانییەیە ڕێک دوو ساڵ تێپەر دەکات پرسیار ئەوەیە بۆچی تاوەکوو ئێستا ئەو هەڵوێستەتان نەگەیاندۆتە جێ؟چ گۆڕانکارییەک رویداوە کە لە هەموو ئەمانە پاشگەز بوونەوە و ڕێک دژی هەموو ئەو ووتانەتان وەستاون ئێستا کە وەکوو بەرگریکارێکی سەرەکی ئەو کوتلەیە وەستاون دەتوانن لە بارەی هۆکارەکەی بۆ خەڵکی کوردستا روونی بکەنەوە کە چی بووە؟بێگومان کە ناتوانن بڵێ ئێمە هاوپەیمانەتیمان لە گەڵ ئەو کەسە پێک هێناوە کە پێش هاتنی داعش بە سوپای دیجلەی بەرەنگاری کوردستان بویەوە ناتوانن بە خەڵک بڵێن کە ئێمە لە گەڵ ئەو کەسە هاوپەیمانەتیمان گرێداوە کە قووت و موچەی خەڵکی بریوە.

٢٢ تەموزی ٢٠١٦

## ئەیا مالیکی فریادرەسی کوردە؟

بەردەوامی کیشەکان لە گەڵ هەرێمی کوردستان لە بری چارەسەر کردیان ئەو نەخشە رێگایە بوو کە رۆژ بە رۆژ پەرەیان پێدرا پەیوەندییەکان لە سەردەمی مالیکیدا بە بن بەست گەیشتن بە شێوەیەک کە ئابلوقەی ئابووری لە سەر حکوومەتی هەرێم دانرا و ١٧% بودجەی خەڵکی کوردستان بە یەکجاری بردرا و موچەی هێزەکانی پێشمەرگەش نەدرا و رێژەی پێشمەرگە لە سوپادا رۆژ بە رۆژکەمی کرد و رێگری لە جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ کرا وبە یەک جارەکی دەستەلاتی کورد لە بەغدا کەم کرایەوە و کورد رۆلێکی کاریگەری لە بەغدا نەما و ئەوەی کە ئێستا ماوە رۆڵکی رووکەشە و کورد رۆلێکی بنچینەیی و ئەساسی کە کاریگەری لە سەر نەخشەی سیاسی بەغدا هەبێت نییە.ئەوەش بوو هۆکارێک بۆ ئەوەی کە

حکـوومەتی بەغـداش لە کـابینەی حەیـدەر عەبـادی کە هەر لەحیـزبەکە و فراکسـیۆنەکەی ئەوە، ئەو پرۆگرامە درێـژە پێ بدات بە هەمـوو شـێوەیەک دژی کــورد و مــووچە و قــووتی خەڵــک و هەمــوو شایســتەداراییەکانی کوردستان بوەستیتەوە و هەمان نەخشە رێگا پەیڕەو بکات.

ئەوەی کە زۆر سەیرەئەوەیە کە ئێعتلافی یەکێتی و گۆڕان هەر زۆر زوو لە بیریان چویەوە کە حکوومەتی بەغدا لە دەستپێکی راگەیاندنی کابینەکەی حەیدەر عەبـادی تەنـانەت چەنـد خـولە کێکیش لە سـەر کـورد نەوەسـتا و کـابینەکەی خـۆی راگەیانـد و ئەو سیاسـەتەی کە ئەو کـات دەسـتی پێکـرا تاوەکوو ئەو ساتەش بەردەوامە و هیچ گۆڕانکارییەک لەو بارەیەو نەهـاتوتە ئــاراوە و بەشــێکی هەرەو زۆری خەڵکــی کوردســتانیش جیــا بە لە بەر چاوگرتنی ئەجیندای نەوشیروانیسم ،لە سـەر ئەو بیرو بـاوەڕەن کە دەبێت بـۆ بەغـدا مەرجـی تـایبەت لەو بـارەیەوە دابنـرایە ئـاوا بە سـادەیی نەچـنە بەرەریەک کە هەر خۆی لە سـەردەمی حوکمرانیـدا خـوڵقێنەری ئەو کێشـانە بووە کە ئێستا لە گەڵ بەغدا بەردەوامە.وپێ نەدانی موچەو قووتی خەڵکی کوردسـتان لە لایەن حکـوومەتی بەغـدا وشایسـتە داراییەکـان و مـوچەی پێشـمەرگە ،خەڵکـی کوردسـتانی نـیگەڕان کـردووە (وەکـو ئامـاژەیەک بە نارەزایەتییەکـــان و مانگرتنەکـــان و بـــایکۆت کردنـــی فەرمانگەکـــان و قوتابخانەکـان لەو سـنوورە). لە کاتێکدا کە نـاوبراو دێـتە سلێمانی  بە بیێ ئەوەی کە ئەو شـتانەی لە گەڵ بـاس بکرێـت بە پێـی بەشـێک لە قسـەکانی ئارێز عەبدوللا ئەوان نەیان ویستووە کە برینەکانی میوانەکەیـان بکوڵێننەوە لە بەر ئەوەی کە نـــاوبراو لە لای ئەوان میـــوان بـــووە و ئەوان نەیـــان هەویستووە کە لە گەڵ ئەو میوانە خۆشەویستەیان لێکۆلینەوە بکەن گوایە کە بۆ ئەوە نەهاتووە کە ئەوان لێکۆلینەوەی لە گەڵدا بکەن. لە کاتێکدا ئەگەر لە رووی سیستماتیکەوە بـروانینە ئەو بـابەتە نـاوبراو هـیچ پەیوەنـدییەکی بە دۆسـییەکانی ئەمنـی و ئـابوری یەوە نیـیە چـۆن دەکرێـت پرسـی چارەسـەر کردنی کێشەکان لە گەڵ مالیکی  بکرێت لە کاتێکدا کە ئەرکێکی کارای نییە

تەنــانەت لە ســـەردەمی خۆشـــیدا گرێیەکـــی لە کێشـــەکان لە گەل بەغـــدا نەکردۆتەوە خۆی هۆکاری دروستبوونی تەواوی ئەو کێشانە بووە تەنانەت بەجێ هێشـتنی کەرسـتەی سـەربازی ولۆجیسـتی وتەقەمەنـی سـێ فـرقەی موسـڵ بە سـوپای دیجلەشـەوە کە تـایبەت بـۆ کـۆنترۆڵکردنەوەی نـاوچە داگیرکراوەکانی دەرەوەی هەرێم.

ئەوەی کە زۆر گرنگە بۆچی کورد دەبێت بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێسانە پەنـا بـۆ مـالیکی ببـات؟بۆچی دەبێتمـالیکی ببێتـبە فریـاد رەسـی میللەتـی کـورد؟بەلأم بە پێـی بۆچـوونی سـایت و ئاژانســەکانی هەواڵـی دەرەوە و ناوەوەی تەنانەت ئێرانیشەوە ، مالیکی بە بیانووی لە یەک نزیک بونەوەی هەردوو لایەنی گۆڕان و یەکێتی ویستی زیاتر لە هەموو جارێک کێشـەکانی نێوان حیزبە کوردییەکان قوڵتر بکات و درز و کەلێن لە نـاو مـاڵی کوردی گەورەتر بکات بە تایبەتی کە لە سـەردانە هاوبەشـەکەیان بۆ بەغدا هەموو ئەوشتانە و ئەوانەی کە ئاشکرا نیین لە گەڵیان باسکراوە بە تایبەتی رۆیـایی یەکپارچەیی و مانەوە لە گەڵ حکوومەتی عێراقی و بە دوور لە ریفراندۆم و سـەر بەخـۆیی هەمـوو ئەو بابەتـانە بـوون کە ئەوان پـێش وازییـان لێکـرد. ئەگەر بەراستی مالیکی نیازی چارەسەر کردنی کێشە کانی هەبواییە دەبێت هەموو حیزبەکان بە یەکەوە پێشوازییان لێ کردبا،نەوەک نـاوبراو سـەردانی دولایەنی سەرەکی لە سلێمانی بکات و سـەردانی هەولێـر نەکـات کە یەکێک لە گەورەتـرین هێـزی سیاسـی کوردسـتانە سـەرەڕای ئەوەی کە ئەوەش لە کارو سیستەمی دیپلۆماسی بەدور بووو، لە کۆتاییدا ئەو پرسیارە دێتە پێش ئایـــا بەو فراکســـیۆنەی کە لە رووی ژمـــارەوە کەمتـــر لە نیـــوەی فراکسـیۆنەکوردیەکانە و لە دوای پەیمـانە سیاسـییەکە یەکێتـی و گـۆڕان هاتۆتە ئاراوە ،مافە کانی کورد دەستەبەر دەکرێن و یـان لەوەی کە ناویـان ناوە هبوا،بێ هیواترمان دەکەن.

٢٣ تەموزی ٢٠١٦

# گەلەکۆمەکێی (٢٢)ی تەمموز تا ئەمڕۆش بەردەوامە

لە رۆژێێکی وەکوو ئەمڕۆ لە ٢٢ی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٨ دا تەعریب دوا بەدوای کەوتنی رژێمی بەعس ویستی گەلەکۆئایارەک لە کورد و کوردستان بکات ئەوکات زۆرینەیەکی پیلانگێر لە دژی بژاردەی دیموکراسی دۆخێکی زۆر دژواریان بۆ کوردستان خولقاند.لەو رۆژەدا پیلانیان دژی کەرکوک و کوردستاندا دارشت.بەڵام ئەوەی کە ئەوکات لە ئێستادا جیادەکاتەوە بە رەیەکی یەکگرتووی کورد بوو کە لە پەرلەمانی عیراق دژ بە ئەم بڕیارە وەستانەوە،بەڵام چی رویداوە ئەوکات گەلەکۆمەکە تەنیا لە لایەن عەرەبەوە بوو بەڵام ئێستا ئەو گەلەکۆمەکییە لە لایەن عەرەبەوە بەڵام ئەو جارەیان بە پڵانی کوردەوە جێبەجێ دەکرێت.ئەو کات عەرەب ویستی لە رێگەی پەرلمانەوە ئەو بکات بەڵام ئێستا بە بێی ئەوەی عەرب بخوازیت کورد داوادەکات خۆی خۆی تەعریب بکات.

بەڵام ئەوەی کە شەرمە ودامان ناگریت ئەو پەرچەکردارەی شۆڕشگێرانی کورد بوو کە ئەو بڕیارەیان پێ قەبوڵ نەکرا و بە هەموو شێوەیەک دژی وەستانەوە، ئەوکات لە ٢٢ی تەموزدا بە ناوی دیموکراسی لە پەرلەمانی عێراقدا ویستیان لە پێش چاوی تەواوی میدیا کانی دونیا تەعریب دەست پی بکەنەوە بەڵام ئەو جارەیان تەعریبی شۆفەل و بلدۆزەر و گرتن و برین نەبوو ئەو جارەیان تەعریبی سپی لە پەرلەمانی عێراق بوو ،ویستیان لە ریچگەی دیموکراسییەوە ئەوە بکەن و لە رێگەی دیموکراسیەوە دادپەروەری لە سێدارە بدەن، بەڵام هەر لە رێگەی دیموکراسیشەوە دەکرێت دژ بە ئەو پیلانە بوەستینەوە ئا لەو کاتە بوو کە هەزار هاوڵاتی کەرکوک لەدژی بڕیارێکی شۆڤێنیەکانی ناو پەرلەمانی عیراق لەبەرامبەر بەزۆر سەپاندنی ماددەی ٢٣ لەیاسای هەڵبژاردن خۆپیشاندانیان کردو داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو ماددەیەیان کردو خۆپیشاندانەکەی کەرکوک

روبەڕووی پەلاماری خۆکوژی کرایەوەو ٢٤ رۆڵەی کەرکوک شەهید بوون و دەیانی تریشیان لێ بریندار بوو.
ئێستا لە بەر ئەو شۆڕشانە نەبێت کە قوربانی کەرکوک کراون،ئەگەر لە بەر خاتری هەموو ئەوانەی کە لە سەر کوردبونیان لەو شارە لە زیندانەکانی تاکە کەسی گیان یان بەخت کرد نەبێت با لە بەر ئەو ٢٤ شۆڕشگێڕەی کورد بێت کە لە ٢٨ی تەموزی ٢٠٠٨ دا، کەرکوک بۆ باوەشی عەرەب مەگەڕێننەوەئەمە چیرۆکەکەی ٢٢ی تەمموزە، ئەوە چیرۆکەکەی ئەو کات بوو بە تایتلی "لێرە نارۆین" ئەوە ئەو هوتافانەبوون کە لە ٢٨ی تەمموز دەدران. گوتمان لێرە نارۆین کەرکوک هەولێر سلێمانی یە خانەقین جەلەولا تاکو دهۆک و زاخۆ کوردستانە و بە خوێن سنوورە کان دادەرێژین ئەمڕۆش ئەو سنوورانە بە خوێنی گەشی ١٤٠٠ رۆلەی قارەمانی ئەو خاکەو ٧٠٠٠ بریندار داڕشت چۆن دەبێت ئاوا بە ئاسانی رادەستیان بکرێتەوە .
تێبینی: –لەڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆو لەساڵی ٢٠٠٨دا، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگی لەسەر پرۆژەیاسایەک دا، کە پێچەوانەی مادەی ١٤٠ی دەستوری عێراق بوو، چونکە بەگوێرەی بەندی ٢٤ی یاساکە شاری کەرکوک وەکو بەشێک لەخاکی ژێر دەسەلاتی حکوومەتی بەغدا لەقەڵەمدرا، ئەوەش نیگەرانیی پەرلەمانتارە کوردەکانی لێکەوتەوەو هۆڵی پەرلەمانیان بەجێهشێت، بەلام پرۆژەکە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبووی بەدەستهێنا، ئەوەش بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشە لەنێوان هەولێرو بەغدادا.

٢٣ تەموزی ٢٠١٦

## وولامێک بۆ نوسینەکەی سالارمەحمود:کوردستان سکۆتلەندا نییە.

سەیرو سەمەرەی کورد لە چی دایە،ئەوەتا تاوەکوو دوێنی سەری قسەو بنی قسەیان مافی چارەی خۆنوسین بوو شیعارە زەق و بریقەدارەکانی حیزب یان عەرشی ئاسمانی گرتووە،تەواوی پێرەوو پرۆگرامەکانی حیزبی یان ئەوەل و ئاخیری ئەوەیە بەلام لە کاتی ئێستادا هەموو کەوتونەتە خۆیان

بۆ ئەوەیکە ئەو پرۆسەیە لە پێش چاوی خەڵکی کوردستان بێ بایەخ بکەن.سالار مەحمود ئەندام پەرلەمان لە سەر لیست یەکێتی بابەتێکی لە سەر ناو نیشانی "ئەم ولاتی راپرسی ناکات" نوسیوە.ناوبراو بە شێوەیەکی زۆرزیرەکانە هەستاوە بە بەراوەردکردنی هەردوو هەرێمی سکۆتلەندا و کوردستان بەڵام نەیتوانیوە ئەوە بسلمینیت کە سکاتلەندا کوردستان نییە و کوردستانیش سکاتلەندا نییە.

یەکەم:سکاتلەندا پاش شۆڕشەکانی یەعقوبییەکان لە ساڵەکانی ١٦٩٠ و ١٧١٥ و١٧٤٥ تاوەکو ئێستا بە سەرهات و یان باشتربڵێین کە کارەساتێکی ئەوها مێژوییان بە سەر نەهاتووە کە بنیاتی ئەو ولاتە بڕوخێنیت و زیاتر لە سێ سەدەیە ئەو و لاتە لە ئارامیدا دەژیت.

بەڵام ئەگەر تەنیا کوردستان لە یەک سەدەی رابردوو لە بەر چاو بگرین تاوەکو ئێستا رۆژ لە دوای رۆژ کوشتن و برین و لە بار بردنی شۆڕشە یەک لە دوای یەکێکانی کوردستانی بە دوا وە بووە و تاوەکو ئێستاش بێت کوردستان و کوردستانیان ئارامش یان بەخۆیانەوە نەبینیوە .

دووەم:هەرێمی سکۆتلەندا لە یەکێتی ئەوروپا،و نەتەوەیەکگرتووەکان سەنگ و قورسایی تایبەتی خۆی هەیە و حسابی تایبەتی بۆ دەکرێت و لە هەمان کات داسیستەمی یاسایی و پەروەردەی خۆی جیا لە بەریتانیا هەیە.

بەڵام کوردستان تاوەکوو ئێستا تەنها بە هۆی بەرژەوەندییەکانی ئەم دوایەی دژی تیرۆر پشتیوانی نێودەوڵەتی وەرگرتووە ئەگەر وەکوو خاڵ دەستپێکیش یەک سەدە لەمەوبەر لە بەر چاو بگرین تەنانەت ولاتە زلهێزەکان هاوکار بوونە بۆ ئەوەی کە گەلی کورد سەرکوت بکرێت و تەنانەت ئەو مافەی پێ نەدرێت لە هیچ شوێنێکی نێودەوڵەتی پێگەی خۆی هەبێت.

سێیەم:ئەگەر لە سکۆتلەندا لەم ماوە کورتەدا سکوتلەند دوو راپرسی کرد، یەکەمیان لە ٢٠١٤ بۆ جیابوونەوە لەبەریتانیا بەرێژەی ٥٥%ی دەنگدەران لەگەڵی نەبوون جیاببنەوەو، مانەوەیان هەڵبژارد. لە راپرسی ٢٣ی

حوزەریرانی ٢٠١٦ شـدا بە ریـژەی ٦٢%ی هەرێـمەکە دەنگیـدا بەمـانەوەی بەریتانیـــا لەیەکێتـــی ئەوروپـــا، بەڵام ئاکـــامەکە بەویســـتی زۆریـــنەی ســـکوتلەندیەکان دەرنەچـــوو .ئەوە پرۆســـەی ناکـــام و ســـەر نەکەوتـــوو سکۆتلەندا بووە کە ئە هەڵبژاردەیان هەبووە

بەڵام خەڵکـــــی کوردســـــــتان لە هەڵبژاردنەکـــــانی ٢٠٠٠٣ کە لە تەک هەڵبژاردنەکـان بـۆ پارڵمـانی عێـراق هەر چەنـدە کە بە شـێوەیەکی نـافەرمی بەڕێـوە چـوو ٩٩% دەنگیـان بـۆ ســـەربەخۆیی کوردســـتان دا واتە ئەو داخوازییەی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی هەیە.

سێیەم:لە بەشێک لە بابەتەکی دا نوسیویەتی:"لە ئاستی ناوخۆیی سکوتلەند باسی پرۆژەیەکی یاسایی دەکرێت بۆ چۆنێتی راپرسییکردن لەسـەر بڕیـاری مـانەوە لەگەڵ یەکێتـی ئەورپـاو سـەربەخۆیی و جیـابوونەوە لەبەریتانیـای یەکگرتوو، بەڵام راپرسیی لەناو خەڵک نا، ئەو پێنج ملیۆن هاوڵاتیەیان چیتر ماندوو ناکەن، بەڵکو هەوڵ دەدەن دەنگی زۆرینەی پەرلەمانی کۆبکرێتەوەو لەڕێگەی نوێنەرانی خەڵکەوە بڕیاری سەربەخۆیی بدەن.

بەڵـم ئەو جیـاوازییەی کە لە نـاو پەرلەمـانی ئەوروپـا بەو حەزارەتەی کە هەیە زۆر جیاواز ترە لە کوردستان پەرلەمانی بەریتانیا دەستەمۆی وڵاتـانی ئیقلیمـی نییە،پەرلەمـانی بەریتانیـا بـۆ مەبەسـتی مـڵ شـکاندنی یەکتـر حەول نـادەن پەرلمـانی بەریتانیـا پەڵکێشـی بێگـانە بـۆ نـاو وڵات نـاکەن ،پەرلمـانی بەریتانیا لە پێناو کورسی و چەند دەسکەوتێکی کەمدا بەرژەوەندی گشـتی قوربانی بەرژەوەندی حیزبەکان ناکەن،.

خۆشـــییەکەی لەوەدایە کە نوســـەر دەڵێـت:" لەم سـۆنگەیەوە مەبەســـتمە بێمەوە سەر هەرێمی کوردستان، لە ئاستی عیراقدا ئومێدێک بۆ پێکەوە ژیان و پێکەوە مانەوە بەدی ناکرێت، تابێت ئاڵۆزییەکـان و درزی نێوان هەرێم و حکوومەتی ئیتحادی زۆرتر دەبن" ئەگەر دان بەو راستییە دەنێن بۆچی و بە چ مەبەستێک بەرەو بەغدا رۆیشتن؟

لە کۆتاییدا ئەو هەرێمە زۆر جیاوازترە و لە راپرسی ماندوو نابێت چوون چارەنوسی گەلەکەی پەیوەستە بە ئەو راپرسییەوە لە کۆتاییدا :" ئەو هەرێمە راپرسی دەکات

٢٤ تەموزی ٢٠١٦

## بارزان محەمەدی کەرکوکی و شوانە قادری

دو رۆلەی شەهیدی دەستی تیرۆر ،هەردوو رۆلە شەهیدی دەستی پیسی وچڵکنی فکری شۆڤێنین،شوانەو بارزان هەردووکیان لە سەر بیرو باوەیان بە نیشتمان و بە وڵات و بە پیرۆزییەکان، شەهید کران

ئەگەر دوێنی شوانە بە دەستی پیس و چەپەلی دوژمنانی کورد لەزیندانە تاریکەکان دا لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی پاکی بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپارد،ئەگەرچی ئەو تاوانە ئەوندە وەحشیانە بوو کە کەس قەبوڵی ئەوەی نەدەکرد، بەڵام دەکرێت بڵێن شوانە بە دەستی رەشی دوژمنی کورد شەهید کرا ،دەکرێت بڵێن و هیچی باشتر لە دوژمن چاوەروان ناکرێت ،ئەگەر چی تاوانەکە تەواوی کوردستان بە تایبەتی رۆژهەڵاتی هەژاند و تەواوی خەڵکی رۆژ هەڵات دژ بە ئەو ناعەدالەتی ونادادپەروەرییە رژانە سەر شەقام و دژی ئەم جینایەتە وەستانەوە بەڵی رێک لە ١٤ی تەموزی ساڵی ٢٠٠٥ بوو ئیستا کە یانزدە ساڵ بە سەر ئەو جینایەتە تێپەر دەکات جارێکی تر هاوشێوەی ئەو جینایەتە یان باشتر بڵێین وەحشییانەتر لەو جینایەتە رویدا ئەمرۆ گەنجێکی خوێن گەرم و بە بیرو باوە بە توندترین و قێزەون ترین و قەبیح ترین شێوە شەهید کرا چۆن دەبێت کەسانێک بن لە خوێنی تۆ بن بەڵام بەوشێوەیە بتوانن برای خۆیان بکوژن، ئەگەر دوێنی لە ژێر ئاڵای دەوڵەتێکی داگیرکەر شوانە شەهید کرا قێزەوەنترین یان ئەوەیە کە، بارزان لە ژێر دەستەلات و حکوومەتی کوردی شەهید کرا کە بێگومان زۆر خەرابترە لە شەهید کردن شوانە لەو شارەی کە پاش ئازاد بوونی لە دەستی رژێمی بەعس ئێستا باس لە یەکسانی نەتوەکان دەکرێت چۆن

دەبێت کەسانێک هەبن کە بەو شێوەیە ببنە قاتڵی فیکری ئینسانەکان .ئەوانەی کە دەستیان بردۆتە جەستەی بارزان دەرکیان بەوە کردووە کە ئەوە رۆلەیەکی پەروەردەی ریبازە پیرۆزەکەی بارزانە هەر لە بەر ئەو بیرو باوەڕو خۆشەویستییەش ناوی بارزان بووە هەر لە بەر ئەوەش بوو کە جەستەی خۆی بە بارزانەوە نەخشاندووە هەر لە بەر ئەو بیرو باوەڕەش بوو کە روحی تێکەڵ بە بارزان و بارزانییەکان کرا.

سەری رێز و نەوازشبۆ شەهید بارزان محەمەد و شوانە قادری و تەواوی شەهیدانی رێگای ئازادیخوازی کورد دادەنوینین

٢٥ تەموزی ٢٠١٦

## ریفراندۆم چی دەگۆرێت؟

ریفراندۆم واتە ئەو چەمکەی دەسەلات دەبەخشێت بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی مەدەنیانە بتوانین بە شداری لە دەنگدانێکی دیموکراسییانە بکەین ئەوەش ئەو بەڵگە بە هێزە دەبێت کە دەتوانرێت بە شێوەیەکی جیاواز لە بڕیارە نێو دەولە تییەکان سوودی لێ وەر بگیرێت ئەوەشیکرنەوەیەکی سادەی چەمکی ریفراندۆم بوو.

ئەگەر چی لە زۆر لەولاتان ئەو پرۆسەیە جێبەجی کراوە و لە زۆرێک لە حالەتەکان دا وەکوو سەرکەوتنی بە دەست هێناوە لە هەمان کاتدا لە هەندێک شوێنیش وەکوو پێویست وولامی نەبووە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر کاریگەری لایەنە ئەرێنی و نەرێنی ئەو داخوازییەی ئەو ولاتانە.

ئەوەی کە روون و ئاشکرایە مێژووی ولاتان چەندین دەورەی مێژوویی بریوە و چەند قۆناخێکی تێپەر کردووە و ئەوەش ئەو چەرخەیەیە کە هەموو دانیشتووانی ئەو گەردوونە پێیدا تێپەر دەکەن بەلام شێوازی تێپەر کردنی هەندێکیان لە گەڵ ئەوانەی تر جیاوازی هەبووە لە هەندێک حالەت ئەو پرۆسەیە لە ژێر کاریگەری و بەرژەوەندییەکانی تردا هەبووە و بە هۆی ئەو کێشمەکێشەی کە ولاتان لە گەڵ یەکتر هەیان بووە ئەو مافە لە هەندێکیان زەوت کراوە ،بێگومان کوردستانیش لە ئەو هاوکێشەیە بەدەر

نەبووە ئەگەر لە ژیانی سیاسی کورد و دانیشتوانی پارچەکانی کوردستان بروانین دەبینین کە تا چەند مافەکانیان زەووت کراوە و لە ئاسایی ترین مافەکانیان بێیەش کراون و نەتەنیا بوار بە جێبەجی کردنی چالاکییەکانیان نەدراوە تەنانەت لە بری ئەوانیش بڕیار دراوە هەر بۆیەش ئەرکێکی سیاسی نەتەوەیی و ئەخلاقی هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگایەیە کە ڕۆڵی سەرەکی لەو بوارەدا ببین و ئامانج لە ریفراندۆم و جێبەجێکردنی لە ناو خەڵکدا بەرجەستە بکات.

ریفراندۆم ئەو دە ستەلاتە بە هێزەیە کە لە رووی نێو دەوڵەتییەوە سەرەڕای متمانە جۆرێک لە هێزی یاسایی و سیاسیش بە کوردستان دەبەخشێت و ئەو مافەی پێ دەدرێت کە وەکوو گەلێکی ماف خوراو لە رێکخراو و کۆنوانسیۆنە نێو دەوڵەتییەکان وەکو کاراکتەرێکی سەرەکی دەر بکەویت هەر چەندە کە ئەو ڕۆڵە بە سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆک بارزانی بەرجەستە بووە بەڵام بوونی پشتیوانی خەڵک وەکوو سەنتەری بڕیاردان ئەو ئەرکە بە هێزتر دەکات.

لە رووی یاساییەوە

بەگوێرەی بڕگەکانی (یەکەم و دووەم وسێیەم و چوارەم)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان عێراق ، دەسەڵاتی سەرپەرشتی و رێکخستن و دەرکردنی رێنمایی تایبەت بە یاساکانی هەڵبژاردنی پێدراوە کە واتە ئەو بڕیارە لە لایەن پارڵمانەوە دراوە وە پێویست بەوە ناکات چیتر لێک هەڵکێش و تێکهەڵکێشی بۆ بکرێت.و لە کاتی ئێستا دا ریفراندۆم کاتی دەسەلاتی ئێستایە و ئەو خێرە نییەک کە لایەنێک بە لایەنێکی تری بکات هەر بۆیەش باس کردن لە "زەمینە خۆش کردن بۆ ریفراندۆم" تەنیا ووشەیەکە کەبەنیشتە خۆشەکەی سەر زاری هەندێک لەیەنە کە بە نیازی لە بار بردنی ئەو پرۆسە دیموکراسییە دەکەن بۆ ئەوە کوردستان خاوەن قەرار و بڕیاری خۆی نەبێت.

و به ئەنجامدانی ریفراندۆم گەورەترین گۆڕانکاری لە مێژووی سیاسی کورد روو دەدات هەر بۆیەش دەبێت بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لە بانگەوازەکە سەرۆک بکەین چوون ئەو پرسە پرسێکی تایبەت بە حیزبێک و لایەنێک نییە و ئەگەر لایەنێک لەو بارەیە وە کەمتەر خەم بێت مێژوو رەحمی پێ ناکات.

٢٥ تەموزی ٢٠١٦

## ئایا ئێستا کاتییەتی؟

سەرکردەیەکی بالآی پارتی کۆمارییەکان جان بۆلتن گوتیشی "پێموایە ئێستا کاتی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانە، چونکە حکوومەتی عێراق شکستهێناوە و کوردیش دەتوانێت خۆکی حوکمی خۆی بکات، کەسیش نایەوێت بە زۆر لەگەڵ عێراق بیهێڵێتەوە."

ئیسماعیل بێگومانچی، نووسەر و کۆمەڵناسی تورکیا لە لێدوانێکی تایبەتدا رایگەیاند "کوردەکان لە سالآنی شەستەکاندا سەربەخۆییان رانەگەیاند، چونکە گوتیان کاتیی نییە، ئەگەر ئەمڕۆش سەربەخۆیی رانەگەیێنن، رووبەڕوی هەمان ئەنجام دەبنەوە".

رۆژنائایار ئەمیریکن :کاتی سەربەخۆیی کوردستانە

ئەوانەی کە لە سەرەوە باسیان لێوە کراوە هەموو یان دید و بۆچوونی دەرەوەو ناوەوەی کوردستان و جیهانە رۆژ نییە کە گوفتارەک لەو بوارە دان نەبیسن هەر بۆیەش بە تێروانینێکی کراوەتر ئەو بابەتە دەخەینە روو کە ئایا کاتییەتی؟

لە کاتی ئێستا دا کە ئایندەی عێراق بە رەو چارەنوسێکی ناد یاردەروات و سورییا نا سەقامگیرییەکی تەواوی پێوە دیارەو و ئەگەر هەنگاوە هەڵە کانی ئەو دواییەی پەکەک نەبووایە بوارێکی زۆر باش رەخسابوو بۆ ئەوەی کە تورکیاش لە چوارچێوە حکوومەتی تورکیا و لە ئەنجامی ئەو پرۆسە چاکسازییانەی کە هەیبوو هەندێک لە داواکارییەکانی خەڵکی تورکیای پێ چارە سەر بکات هەموو ئەوانە بیرۆکەی سەربەخۆیی لە لای گەلی کوردی

بەهێزتر کردووە.ئەگەر لە چارەنووسی ئێستای عێراق بنورین دەبینین کە ئێران لە گەڵ عێراقدا بەرەو چارەنوسێکی نادیار هەنگاو دەنێت هەر بۆیەش بە دروست بوونی دەوڵەتی سەر بەخۆی کوردی گەورەترین پاڵپشتی لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە دایک دەبێت هەر چەندە کە راگە یاندنی دەوڵەتی کوردی نابێتە پاڵپشتی دەستەلاتدارانی ئەم وڵاتە بەڵکو دەبێتە هۆی نزیک بونەوەی گەلانی ئەم دوو وڵاتە کە ئەوەش هۆکارێکی بە هێزی پشتگیری لە گەلی کورد دەبێت بە تایبەتی کە ئێستا کورد لە بەرەی گەورەترین هێزی شەرە لە دژی تیرۆر.

بە تایبەتی کە لە کاتی ئێستا دا سوریا لە شەر دایە بە هەموو شێوەیەک ئێران پشتگیری دەکات و دەست بەرداری ئەو هاوریێ کۆنەی خۆی نییە هەموو ئەوانە هۆکاربوون کە ببینین چ پرۆتۆکۆلێکی بە نرخی سیاسی نیزامی لە گەڵ هەرێمی کوردستان واژۆ بکرێت بێگومان زۆرێک لەوڵاتان خوازیاری ئەوە بوون کە رێککەوتنێکی لەو جۆرەیان لە گەڵ وڵاتێکی زلهێزی دونیا وەکوو ئەمریکا هەبێت بە تایبەتی کە لە بواری هێز لە جیهاندا ە ئابی ای نییە و هاوپیمانییەتی گەورەترین هێزی دونیا ئەویش کە ناتۆیە.

مانەوە لە ناو سنوورەکانی عێراقیش ئەوندە پیرۆز نییە هەر وەک کەسانێک بانگە شەی بۆ دەکەن هەر چەندە کە زۆر لایەنیش بە پاساوی دژایەتی وڵاتانی دەوروبەر بە تایبەتی ئێران کە کاتی ئەوە نەهاتووە هەر وەک دەبینین لە سەد ساڵی رابردوو دەرفەتێکیزێرینی وەکوو ئێستا نەهاتوتە ئاراوە و پێدەچێت ئەگەر ئەو هەلە نەقوزینەوە تاوەکوو سەد ساڵی تریش ئەو دەرفەتەمان بۆ نەهێتە پێش تاوەکو ئێستا شتێک بە ناوی عێراق یان سورییەی یەکگرتوو نەماوە و لانیی کەم لەو دوو بەشەی کوردستان نەماوە بۆیە ئەوانەی کە بە دوای ژێردەست کردنەوەی عێراق دا دەگەرێنئەگەر لەو کۆت و بەندەش رزگاریمان بێت بە دوای ئەوەدا دەگەرێن کە کەی جارێکی تر کوێخایەکی تربۆخۆیان بدۆزنەوە لێرە دایە کە مێژوورەحمیان پێ ناکات.

ئەوەی کە زۆر گرنگە باسی لێوە بکەین مەرج نییە کە ریفراندۆم بکەین و هەموو خەڵکی کوردستان لە زاخۆ تاوەکوو خانقین بە کەرکوکیشەوە بە شداری لە ئەو راپرسییە دەکەین چوون سەرەڕای ئەوەی کە ئەرکێکی نیشتمانیی و نەتەوەییە ئەرکێکی ئەخلاقیشە.

هەروەک چۆن بینیمان پاش ئەوەی کە سەرۆک بارزانی لە ئوروپا و ئەمریکا گەرایەوە تەواوی لایەنەکانی بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی ژوورێک دروست بکرێت بۆ ئەوەی ئەو پرسەی تێدا ت ئابی وێ بکرێت و لایەنەکان پرۆژەکانی خۆیان لەم بارەیەوە پێشکەش بکەن کە چی هەندێک لایەن بە پشتگیری دەرەکی بۆ پەک خستنیئەوپیلانە کەوتنە دژایەتی کردن بارزانی و هەروەک بینیمان ویستیان بەلاری دا بردنی پەرلەمان بە ئەقەلیەتێکی کەم و بە ئامادە بوونی ئاغاکان ئەو پرسە بخەنە مەترسییەوە.

٤ ئابی ٢٠١٦

## بەربەستەکانی بەردەم دەوڵەتی کوردی

دوابەدوای ئەوەی کە کورد توانی لە ساڵی ١٩٩١ راپەرینەکی جەماوەری سازبکات و حکوومەتێکی بچووکی لامەرکەزی پێک بهینیت بە هەموو شێوەیەک دژایەتی کرا تا وای لێهات تورک و فارس و عەرەب تەنیا لە پێناو بەرژەوەندییەکانیان و دژایەتی دەولە تی کوردی کۆبونەوەکانی یەکلە دوای یەکی تاران دمشق ئانکارا یان رێک دەخست و لەو کاتە دا لە سەر پیستی کوردزیاتر لە هەموو کات لە گەڵیەک کۆک بوون و ئەوەش وای کرد پاش دروست بوونی کێشەیەکی یەک جار زۆری ناوخۆیی لە لایەن ئەو وڵاتانە بە تایبەتی شەری ناو خۆیی و برسی کردنی خەڵکی کوردستان ،بەرنائایار داگیر کردنی کوێت و دواتر ئازادکردنی کوردستانی لە دوای ٢٠٠٣ بەدوای خۆیدا هێنا لەو سەردەمە تاوەکوو ئێستا زۆر شت گۆراوەو کورد زۆر قۆناخی ئەرێنی بریوە و توانیویەتی دەسکەوتی زۆر باش بە دەست بهینیت لەو کاتە دا توانی مافی کورد لە یاسای عێراقی فیدراڵ جێگیر بکات و بە شێوەیەکی فەرمی دان بە کورد دا بنرێت بەڵام دوا بەدوای ئەوەی کە

حکوومەتی عێراقی رێزی لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان نەگرت و مادەی ١٤٠ پێشەل کردوو مووچە و بودجەی خەڵکی کوردستانی بری کورد بیری لەوە کردەوە کە دەبێت رێ چارە یەک بۆ خۆی بدۆزیتەوە کە چیتر کۆیلەی دەستی داگیر کەران نەبێت هەر بۆیەش سەرۆک بارزانی بیرۆکەی ریفراندۆم و سەر بەخۆیی لە سێ ساڵ لەمەو بەر ئاشکرا کردهەر بۆیەش داوای لە گشت لایەنەکان کرد بۆ ئەوەی کە ژورێکی عەمەلیات دابنرێت و هەموو حیزبەکان بەرنائیار خۆیان لە ماوەی یەک هەفتەدا پێشکەش بکەن بەڵام بە هۆی چەندین هۆکار ئامادە نەبوون کە ئەم ئەرکە گرنگ و نیشتمانییە لە ئەستۆ بگرن و چەندین هۆکاری سەرەکی هەن کە رێگر بوونە بۆ ئەوەی کە پرۆژەی سەرۆک بارزانی سەر نەگریت:هۆکاری ناو خۆیی و هۆکاری دەرەکی

پێش ئەوەی کە بپرژێم سەر هۆکارەناوخۆییە کان پێویستە کە باسلە هۆکارە دەرەکییەکان بکەین.

هەموو ئەم دوو هۆکارانەش بە مەبەست و بە ئەنقەست کێشە بۆ بەردەم حکوومەت و بەرجەستە کردنی کێشە ناو خۆیەکان بووە بۆ ئەوەی کە لەو پرسە نیشتمانییە دورتر و دورتر بکەوینەوە و بیر لە ئەرگۆمنێکی لەم جۆرە نەکەینەوە یەکەم ئاستەنگ و سەرەکی ترین ئاستەنگ کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە کاتی ئێستا دا کەدەولە تێک بە ناوی عێراق و سوریا ووجودی فیزیکی نییە توانیویەتی بە شێوەیەکی بەرچاو سێبەری خۆی بە سەر تەواوی جومگەکانی ئەو دوو دەوڵەتە دا پانتر و پانتر بکات و لە کاتێک کە سەرۆکی هەرێم خەریکی ئامادەسازی بۆ ئەم پرۆژەیە بوو شەری داعش دەستی پێکرد و کوردزیاتر لە هەر کاتێک سەر قاڵی بەرەنگار بونەوەی داعش بوو و لە لایەکی ترەوە لە رۆژ هەڵاتی ناوین ئێران خەریکی بە ناو پەرەپێدانی شۆڕشی ئیسلامی لە تەواوی وڵاتانی ئیسلامییە و خۆی خەریکی سەرکوتکردنی هاوڵاتیانی خۆیەتی و چەندین جاریش خەریکی ئاڵۆزکردنی ناو خۆی کوردستان بووە و بە شێوەیەکی باشیش لەو پیلانەیدا

سەرکەوتوو بووە وەکوو ئەوەی کە پێشوو هەبووە و ئێستاش درێژەی هەیە.

دووەم:هۆکاری دووەم بۆ ئەوی کە پرسی ریفراندۆم و سەر بەخۆیی سەر نەگریت کوردەکان خۆیانن لە بەر ئەوەی بە بیی ئەوەی پەندەک لە رابردووەر بگرن دوبارە کەوتنە ناو هاوکێشە سیاسی و ئاڵۆزەکانی ئێران بە شێوەیەک تێیدا گرفتار هاتوون کە نەتەنیا ناتوانرێت بە رەو دەوڵەت بوون هەنگاو بنێین بەڵکوو وا پێدەچێتبە پشتگیری کۆماری ئیسلامی بۆدرێژەدان بە پرۆسەی دەوڵەتی سەر بەخۆیی بەرەو دوو لەت بوون برۆین دروستە کە بۆ بە دەوڵەت بوون ئیرادەو یەکریزی نێو ماڵی کورد پێویستە هەر بۆیەش ئەگەر ئەو دوو فاکتەرە سەرەکییە جێبەجی بکریت چیتر ئیران ناتوانیت ئەو یەک ریزییەی گەلی کورد تێک بدات و لە کۆتا پەیامدا بۆ هەموو ئەوانەی کە بیانووی جیا جیا دەهێنن کە لە کاتی ئیستادا کاتی نییە ئەو پرسیارە دیتە پیش کە چۆنە کە داعش دەتوانیت لە ماوەیەکلی زۆرکەم ناوژەیەکی زۆر پان و بەرین داگیر بکات و هەموو سنوورەکان بەخۆی دابنیت بەلام کورد بە هەموو ئەو هێزە عەسکەرییە یەکگرتووەی کە هەیەتی ناتوانیت ئو سنورانەی کە بە خوێنی شەهیدان دەست نیشان کراون بپارێزرێت

٤ ئابی ٢٠١٦

## شفرە گۆماناوییەکانی دژبەرانی سەر بەخۆیی چییە؟

باس و خواستی بوون یان نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆیی ئەو بابەتانەن کە زۆرێک لە میدیای کوردی دەرەوە وناوەوەی بە خۆی سەر قاڵ کردووە هەر یەکەو بە دیدیگاو رۆیای خۆیەوە لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی حیزبەکەیەوە دەروانیتە ئەو موهیمەوە بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگە هۆکاری دژایەتی چییە؟ئایا هەموو ئەوهۆکارانەی کە باسی لێوەدەکەن ئەرێنین یان زادەی هەندێک لە دید و بۆچوونی دروستکراوی ئەقلیەتی داخراون.

یەکێکدەوڵەت داری بە وە دەبەستیتەوە کە دروست کردنی دەوڵەت خۆی ئامانج نییە بەڵکو دەوڵەت میکانیزمێکە بۆمەبەستی بە دەست هاتنی کۆمەڵێک ئامانج و بەهای تر بۆ ئەم مەبەستەش هەندێکی تر دروست کردنی دەوله ت و دەوڵەت سازی لە گەڵ دیدووبۆچوونی فەلسەفی سەرەڕای سیاسی بوونی لێک دەدەنەوە و لەلایەکی ترەوە بەدەوڵەت کردن و دەوڵەت سازی کە زادەی دیسکۆرسی حیزبی بێت رەتدەکەنەوە چوون پێیان وایە ئالیەت و میکانیزمی چەندە توانادار بێت ناتوانیت ئەو ئایار امە جێبەجێ بکات.

یەکێکدەوڵەت لە روانگەی چینایەتی سەیر دەکات و بە تێروانینی لێنینیسم بە ئیلهام وەرگرتن لە مارکسیسم دەوڵەت بە میکانیزمی دەستی کەمینەی چەوسینەر دەزانێت و ئەویش بۆ هێشتنەوەی چەوساوەکان و پێیان وایە کە ئەبێتدەوڵەت نەمینیت و کاتێک کە گەیشتن بە کۆمۆنیزم ئەرکی دەوڵەت کۆتایی دێت.و لە روانگەی ئەو چینەدا ،لە باشترین حالەتی سۆسیالیزم دا دەوڵەت شێوەیەکی کاتی بەخۆیەوە دەگریت نەوەک هەمیشەیی.

بەڵام ئەوانەی کە بیرۆکەی ئانارشیستییان هەیە،هیچ زەرورەتێک بە دروست بوونی دەوڵەت نابینن تەنانەت لەرووی تیئۆریشەوی بە شێوەیەکی سەرسەختانە دژایەتی دەکەن هەر یەک لە بیرۆکەکان ئاگۆمنتی جیاوازبەخۆیانەوە هەیە بۆ ئەوی کە مشتومری لە سەر بکەن بەڵام ئەوەی کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هەیە جیاوازە لە هەموو ئەوانەی کە لە سەرەوە باسی لێوە کراوە بەڵکوو ئەو بیرۆکەیە زیاتر پەیوەندی بە مەکتەبی شیعەگەرایی و ئیرانینیزمەوە هەیە کە بە هەموو شێوەیەک دژایەتی ئەو بیرۆکەیە دەکەن و زۆرجارئەوە دەخەنە روو کە دەوڵەت نەیتوانیوە لە چەن ساڵی رابردوو ئەوو زەمینەیە برەخسێنێت بەڵام ئەو پرسیارە هەموو جار دێتە ئاراوە کە کێ بوو لە دوو دەیەی رابردوو بە بەردەوامی دەوڵەتی سەر قالی کێشە ناو خۆییەکانی ناو خۆی کردووە و هەموو جار لە ئاوی لیل ماسی گرتووەئەوەش راستییەکان زیاتر دەردەخات و بیرۆکەی ئەوەی کە شفرەی دژە سەربەخۆیی کێیە و چییە مان زیاتر بۆ دەر دەخات.

(رووداو پێشکەوتنەکانی مێژوویی لە پێش دەرکەوتنی چەمکی ریفراندۆم و مافی چارەنووس ئەوە دەڵێن کە: هیچ گەلێک بە رەزامەندی داگیرکەر یان ستەمکار ئازادی بە دەست نەهێناوە، ئەم مافە لە رێگەی گەل خۆیەوە، بەدی دێت ).

هەر بۆیەشـدەبینین هەنـدێک لەوڵاتـانی ئیسـکاندیناوی وچکوسـلۆڤاکیا و سکۆتلەندا و ئەیالەتی کبکبە ئارەزومەندانە مافی خۆیان دیاری دەکەن بەڵام لە گەڵ هەموو ئەوانەش دەکرێت رێک بکەوین لە گەڵ هەموو ئەوانەی کە دژایەتی ئەو رێککەوتنە نیشتمانییە دەکەن و هەروەکوو سەرۆک بارزانی ووتی دەکرێت ئەگەر نەمانتوانی وەکوو دوو هاوبەش کار بکەین دەتوانین وەکـوو دوو جیـران کـار بکەیـن بەڵام ئایـا تـابووری پێـنجەم هەوڵـی هەڵوەشاندنەوە یان دروست کردنی بەر بەست ناکات ؟

٥ ئابی ٢٠١٦

## دەنگی راگەیاندنی نیلی و سەوز بۆ لە سێدارەدراوەکانی رۆژهەڵات

دوا بەدوای ئەوەی کە کوردانی رۆژ هەڵات لە چەند مانگی رابردوو بۆ مەبەسـتی رێکخسـتنەوەی رێکخسـتنەکانیان لە رۆژ هەڵات روو بەرووی چەندین پێکدادان بوونەوە و بەو هۆیەشەوە کۆماری ئیسلامی ئێران کەوتە بەر تۆپ باران کردنی هەرەمەکی ناوچە سنوورییەکان و بەو هۆیەشەوە زەرەرو زیـانێکی زۆر بەر ژیـنگەو مەر و مـالات و کشـتوکالی هاوڵاتیـان باشوور کەوت و لە هەمانکاتدا رەزایی و سولیمانی کەوتنە بەر هەرەشەو گورەشە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان

لەپاش ڕووداوە تیرۆریسـتییەکانی ١١ی سـیپتامبەری ٢٠٠١ەوە کۆمـاری ئیسـلامیی ئێران پیلانی داڕشت بۆ ئەوەی لە کۆمەڵێک مزگەوتی ناوچە سوننییەکانی ئێراندا بوار بە چەند مەلایەک بدات، بانگەشە بۆ توندئاژۆیی ئایینزایی سوننی بکەن و چەندین مزگەوتیشی کرد بە بنکەی کۆبوونەوەی ئەو تاقمە توندئاژۆیە و لەو پیلانەش و لەو زەمانەشدا هەر مەبەستی بوو،

بەتــایبەت لە ڕۆژهەڵاتــی کوردســـتان ســـەرنجی خەڵــک بە لای کێشـــە ئایینزاییەکاندا ڕابکێشێت و بە خەیاڵی خۆی لە خەباتی نەتەوایەتی دووریان بخاتەوە.

ئێستاش بە لەسێدارەدانی ئەو چەند کەسە سوننی مەزەبە، کە کوردن، دەیهەوێت بوار بۆ سەرکوتکردنی هەرچەشنە جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا خۆش بکات و خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد تێکەڵ بەو ئاژاوە ئایینزاییانە بکات، کە هیچ پێشینەیەکیان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا نییە.

ئەو بەکــۆمەڵ لە ســێدارە دانــی کە ٤٨ کەس بــوون لەوانەش ٤٥ کەس خەڵکی رۆژ هەڵات و ٣ کەسیش لەوانە خەڵکی باشوور بوون ئەوەی کە جێگـــای ســـەر ســـورمانە لە بـــارەی ئەو لە ســـێدارەدانەی کوردەکـــان راگەیاندنەکانی زوونی سەوز بە تەواوەتی سامت بوون و بێدەنگییان نواند لە کاتێکدا بە بەردەوامی لە راگەیاندنەکانیان هەستی نیشتمان پەروەری و کورد بون بنیشتە خۆشەکەی سەر زمانیانە لە هەمان کات دا لە مەر شەهید بوونی چەند پێشمەرگەیەکی دیموکراتیش بێدەنگ بوون لە هەمان کات دا لە دوای ڕوداوی لەدار دانی شێخ نەمر لە لایەن سعوودیەوە لە ڕۆژی شەممە ١٢ی بەفرانباری٢٠١٥،تەنانەت رۆژنائایار فەرمی یەکێتینیشتمانیی بابەتێکی بە فەرمــی لە رۆژنامەیکوردســتانی نــوێ بــڵاو کــردەوە و لە ســێدارەدانی شێخی شیعەی بە رەگەز عەرەبستانیان پرۆتستۆ کرد لە کاتێکدا کە لە مەر لە سێدارەدانی کوردانی رۆژ هەڵات بێدانگن ئەری بەراست دەبێت هۆکار چی بێت؟

٦ ئابی ٢٠١٦

## لە سەرەتاوە دیموکراسییەت لە زۆنی سەوز و نیلی بە زەلیلی لە دایکبوو

دەمێکە بە ناوی دیموکراتیەت و سیستەمی دیموکراسی و بە دامەزراوە کردنی دام و دەزگاکان و مۆسسەسات هەموو کون و قوژبنەکانی میدیای

بینرا و بیستراو ونوسراو و هەموو تۆری ئینتەرنێت یان داگیر کردووە و دیموکراسیەت و دیموکراتی بوون بە خەڵک دەفرۆشن و قسەی سەر زار و بن زاریان دیموکراسییەتە ئەوە راستە کە هەڵبژاردن یەکێک لە کۆڵەکە هەرە ئەساسییەکانی هەردامەزراوەیەکی دیموکراتییە و ئەو سیستمەش لە هەموو شوێنێکی دونیاپەیڕەو کراوە بە تایبەتی بۆ ئەو وڵاتانەی کە کە بە شێوە دامەزراوەی بەڕێوە دەچن ئالۆ گۆر کردنی دەستەلات لە رێگای هەڵبژاردنەوە دەبێت بە شێوەیەک کە ئەگەر ئەو کۆلەکە ئەساسییەی دیموکراتیەت لە بەر چاو نەگیرێت و بایەخ بە شەفافییەت و لە هەمان کاتدا دەرنجامی هەڵبژاردنە کە نەدرێت نەتەنیا کۆمەڵگا بەرەو دیموکراسییەت ناروات بەڵکو توشی کێشە و قەیران دەبێت

هەر بۆیەش هەر جۆر ناروونییەک لەم بارەیەوە لە گەڵ کۆلەکەکانی تری دیموکراسییەت توشی کێشە دەبێت و نەتەنیا کار یگەری ئەرێنی لە سەر ئالۆ گۆری دەسەلات نابێت بەڵکو کێشەکان قوڵتر دەبنەوە

بەوو وتارە نامەوێت کە پرۆسەکە بخەمە ژێر پرسیارەوە چوون لە سەرتاوە چ گۆڕان کە سواری شەپۆلی نارەزایەتییەکانی خەڵک بوو و بڕیاریدا کە مەدینەی فازیلە(شاری خەیاڵی) بۆ خەڵکی کوردستان دروست بکات و چ لە پرۆسەی هەڵبژاردن بە تایبەتی کاتێک کە نەوشیروان مستەفا لە کاتی لێکەوتەکەی ئەلبیسەکە داوای لە سەرۆکی حکوومەت کرد بۆ ئەوەی کە راستەوخۆ بێتە سەر خەت ئا هەموو ئەوانە بۆمان دەر دەخەن کە دیمو کراییەت و هەڵبژاردنی دیموکراتی هەر وجودی نەبووە لە لایەکی ترەوە لەوڵاتە پێشکەوتووە کان دەستاو دەست کردنی دەستەلات بە یاسا رێکخراوە بەڵام بە داخەوە بە رێوەچوونی هەڵبژاردن لەوڵاتانی جیهانی سێیەم کە بێگومان کوردستانیش لەم بابەتەوە بەدەر نییە بەوجۆرە نابینرێت.

هەر چەندە کە سەرەبابەتی ووتارە کەمان باس لە دیموکراسییەت لە سلێمانی دەکەین ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەو شێوەیە بوو لە کە لە کۆی ٢١٢٩٨٢٤ کەسکەمافی دەنگدانی هەبوو ٨٨٦٨٤٠ کەس دەنگی داوە و گۆڕان

بە٣٥٩٦٠٠ دەنگ و بە ڕێژەی ٤٠,٥٥% دەنگەکان، یێکەم و یەکێتی ٣١٨٧٢٣ ڕێژەی ٣٥,٩٤ % دەنگەکان دووەم دەنگی هێنابوو هەبۆیەش شایستەی هەڵبژاردن بە پێی سندۆقەکان دەبێت بزوتنەوەی گۆڕان بۆ هەر چوار ساڵ پارێزگاری سلێمانی بوایە بەڵم بە پێی ئەو ڕێککەوتنە ناشەرعییەی کە هەردوو لا ئەنجامیان دا و لە سەر ئەوە رێککەوتن کە دووساڵ بە دوو ساڵ پارێزگاری سلێمانی بەڕێوەببەن و دەوری یێەکەمیش لە لایەن یەکەتییەوە بەڕێوە بچیت.

پۆستی پارێزگاری سلێمانی تاوەکوو ئێستا بە بێی ئەوەی کە دەنگەکانی خەڵک لە بەر چاو بگیرێن و شەرعییەتی هەڵبژاردن و کۆلەکە بنەرەتییەکەی دیموکراسیەت پێرەو بکرێت بەڕێوە چووە واپێدەچێت کە دوو ساڵی دواتریش بە هەمان شێوەی دوو ساڵی یێەکەم بەڕێوە بچیت کەواتە باس لە کامشەرعییەت و کام دیموکراسییەت دەکرێت؟

٧ ئابی ٢٠١٦

## هەرەشەکانی رەزایی و سەلامی و چەند قسەیەک

هەر کات هەرێمی کوردستان پرۆژەیەکی نیشتمانیی هەبێت بۆ ئەوەی کە لە بن دەستی و ئەوەی کە ساڵ ها ساڵە کە تەقەلای بۆ دەکات دەبێت دوژمنانی کورد لەپێشەوەی هەمووشیان ئەوڵاتانەی کە کوردستان یان بە سەرد دا بەش بووە هەوڵی سرکردنیان داوە لەو بگەرێن کەلە رابردوو دەیانو سەدان پیلانیان هەبووە هەر بۆیەش نەتوانراوە بە ئەرێنی لەو بارەیەوە هەنگاوێک بهاوێژرێت دوا بەدوای ئەوەی کە سەرۆک بارزانی لە گشت کۆر و کۆبونەوەکان و ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لە گەڵ میدیاکانی دەرەوە و ناوەوە باس لە ریفراندۆم کرد بۆ ئەوەی کە گەڵ بڕیاری چارە نووس سازی خۆی بدات ئەو دوژمنایەتییە زیاتر لە هەموو جارێک پەرەی سەند هەر بۆیەش پرۆژەی بە رووکەش سازان و لە یەک نزیک بوونەوە و بە ناوەرۆک دوژمنایەتی سەر بەخۆیی وریفراندۆمیان هێنایە کایەوە،ئەوەش

ئەو هەرەشەکانی سەلامی و رەزایی مان زیاتربۆ بەرجەستە دەکات ئەگەر هەرەشە کانی ئەوان بە ناو پێکانی فیزیکی بێت بەڵام پێدەچێت کە ئەو هەرەشانە زۆرتر لە هەر جارێک جیدییە و ناکرێت ئەو هەرەشانە لە بەر چاو نەگرین چوون پێدەچێت کە ئەو هەرەشانە لەرێگای پرۆژەی جیا کردنەوەی سلێمانی و کەرکووک وەکوو ئەوەی کە کادیرانی یەکێتی و گۆڕان کاری بۆ دەکەن بکەویتە کاری پراکتیکەوە و ئەوەی کە داخە هەموو جارێک کەسانێک بوونە کە هەوڵی لەبار بردنی خەونەکانی کوردییان داوە، پێدەچێت کە بە هاوکاری ئێران ومالیکی و فەتلاوییەکان هەموو ئامادەکارییەکانی بۆ کرا بێت و تەنیا راگەیاندنی مابێت وئەوەش دەرنجامی هەرەشەی سەلامی و رەزایی و فەتلاوییەکان بێت،

٧ ئابی ٢٠١٦

## وەفدەی دەستخۆشانە بۆ تاران

لە کاتێکدا وەفدی یەکێتینیشتمانیی کوردستان سەردانی تاران دەکات کە،

٤٨کەس لە کوردەکانی رۆژ هەڵات لە رەجای شاری ئێران لە سێدارەدران.

تەقە و دەسرێژی کردن بۆ سەر کاسبکارانی سەر سنور و کوشتن و بریندار کردنیان بەردەوامە،

شەش زیندانیی کورد لەورمێ ئێعدام کران

هاوڵاتییەکی خەڵکی شاری مەهاباد بە ناوی "سیامەک دێبوکری" تەمەن ٢٦ ساڵە و کوڕی تەها، لە لایەن مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە دەستبەسەر کرا

تەقە کردن لە کۆڵبەران شەش کەس بوون بە قوربان

بێ ڕێزیی سیستماتیک بە کوردانی لەک، ناڕەزایەتیی بەربڵاوی خەڵکی لێ کەوتەوە

لە سەلاسی باوەجانی ٩ هاوڵاتیی کورد دەستبەسەر کران.

فیزیکناسێکی کورد لە ئێران ئێعدام کرا

چا لاکێکی کوردی یارسان ناچار بە هەڵاتن لە ئێران کرا
کچە خوێندکاریکی کورد سزای ٢ ساڵ زیندانی بەسەر سەپێندرا
ئەوە ئەو مانشێتانەن کە سەردێری هەموو رووپەڵی ئەو مانگەی میدیا ئەلکترۆنییەکانی رۆژهەڵاتی پر کردووە لە کاتێک دا کە حیزبێکی کوردی لەپێناو پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان سەردانی تاران دەکات، ئەوەش وای کردووە کە دووبەرەکی لە ناو حیزبەکان رۆژبە رۆژ زیاتر بکات، لە لایەکی ترەوە حیزبەکانی رۆژهەڵات بە ئومێدەکی یەکجار زۆر دەروانن حیزبە کانی باشوور بەڵکوو پاش گەیشتنی حکوومەتی هەرێم بە سەر بەخۆیی ببێتە دەریچەیەک بۆ رزگاربوونی ئەوان بۆ ئەوەی لەو هەموو مەهنەتی وتەپەسەرییەی کە تێیدا دەژین رزگار ببن، ئەوە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە ،رۆیشتنی ئەو وەفدە بۆ تاران پیلانێکی نوێی کۆماری ئیسلامی ئێرانمان بۆدەر دەخات ئەوەش ئەو پرسیارەی کە بۆچی لەو کات وساتەدا بانگهێشتی تاران کراون ، و تەنیا مەبەستیش ئەویە کە هانی یەکێتینیشتمانیی کوردستان بدرێت بۆ ئەوەی کە لە پەرلەمانی عێراق بە شێوەیەکی خێراتر بۆ زیاتر تێکشکاندنی سوننەکانی عێراق تێ بکۆشن، بە تایبەتی کە لە ئێستا سوننەکان داوای هەرێمێکی سەر بەخۆی سوننە دەکەن
هەروەها لە ناو کوردستانیشەوە زیاتر هانی خەڵکی کوردستان بدەن بۆ ئەوەی پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی لە پێش چاوی خەڵکی کوردستان کاڵتر بکەن وا نیشانی خەڵک بدرێت کە پرسی ریفراندۆم و سەر بەخۆیی تەنیا پەیوەست بە لایەنێک یان حیزبێکی دیاریکراووە بێت.

٧ ئابی ٢٠١٦

## بەرجەستەترین هێما بۆ دەوڵەتی کوردی

لە سەد ساڵی رابردوو بزاڤی رزگاریخوازی کورد قوربانی زۆری لە پێناو یەکخستنەوەی سنوورە دەستکردەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا داوە، خوێنی زۆری رێشتووە بە تایبەتی لەو هەلومەرجەی ئێستا ئەو

قوربانیـدانه بە خـوێنی سـەدان شـەهید و ئـاوارە بـوونی هەزاران کەس و مـاڵوێرانی و جینۆسـایدی گەلی کورد درێژەی هەیە، بەڵام هیچکات وەکوو ئێسـتا کـورد لەمەر گیـان بـازی و قوربانیـدانی بـۆ گەیشـتن بە ئامـانجەکەی کۆک نەبووە هیچکات وکوو ئێستا هەلی بۆ نەرەخساوە وئەوەی کە بتوانیت سـوودی لـێ وەر بگریـت، لەخۆبـوردەیی و سازشـی لایەنەکـان دەبێـت و دەکرێـت لە مەر شـەری داسـەپێندراوی تیـرۆردا، پێویسـتی بە سیاسـەتێکی حەکیمـانە و لە هەمـان کاتـدا پشـتگیرییەکی هەمەگیـر هەیە ، بە تـایبەتی کە لەپێنـاو هەنـدێک بە رژەوەندی تەسـک و تایبەتدا ،ئەو خەونە هەمیشـەییە لە گـۆر نەنرێـت چـونکە ئەو دەکەوتە ئـاوا بە ئاسـان بەدی نەهـاتووە و لە خـۆ بوردەیی و بوێری و قوربانیدانی پێشـمەرگە وایکردووە کە ئەو سنوورانەی کە سـەردەمایەک هەر لەدەسـت چـوو بـوون جـارێکیتر بە خـوێنی گەشـی پێشـمەرگە دەستنیشـان بکـرێنەوە بە تـایبەتی کە ئەو بـوێری و مەردایەتـی خوێنی پێشمەرگە لە تەواوی جیهاندا رەنگی داوەتەوە ئەوەش وایکردووە کە پێشمەرگە ببێت بە ئوستورەیەکی مۆدێرن کە تەواوی جیهـان شـانازی پێوە بکـات و ئەوە ئەو ووشـەیەیە کە دۆسـت ودوژمـن بـاس وخواسـتی زۆری لەسـەر کـردووە بە تـایبەتی کە دوژمنـی بە چۆکـدا هێنـاوە ئـا ئەو ووشـە پیرۆزەیە کە سنورە دەستکردەکانی سرییەوە و بە خـوێنی خـۆی نەخشـەی نویێ بۆ هەنگاوی یەکەم بۆ گەیشتن بە سـەربەخۆیی دیـار کـردووە ئەویـش بەرجەستە کردنی سنوری وڵاتەکەمانە.

جوامێری و هیممەت و سەخاوەت
مێرێتی و غیرەت و جەلادەت
ئەو خەتمە ژ بۆ قەبیلی ئەکراد
وان داتە ب شیر و هیممەتێ داد
ئەڤ غیرەت و ئەڤ علووێ هیممەت
بو مانعێ حەملی بارێ مننەت
لەو پیکڤە هەمیشە بێ تفاقن
دایم ب تەمەررودو شیقاق

٧ ئابی ٢٠١٦

## بە دوو دەستی میرنشینی بابانیان تەسلیم بە عەجەم کرد

ئەوەی کە سەیرو سەمەرەیەک زیاتر نییە، پەنا بردنە لەو هێز بۆ ئەو هێز لەو دەستەلات بۆ ئەم دەستەلات بێی ئەوەی کە بیر لە دەر هاویشتە نەرینییەکانی بکرێت ئەوەی کە ئێمە لە بیرمان نەچووە دەست تێوەردانی عەرەب و عەجەم و تورک و فارس لە ململانییە ناوخۆییە کانی کورد بووە و هەمیشەش کورد وەکوو ئەبزارێک بەکارهاتووە بۆئەوەی کە بتوانن بە ئامانجە پیس وگڵاوەکانیان بگەن و کورد لە ئەو ئامانجە سەرەکییەی کە هەیەتی بەدوور بخەن و ئەوەش لە رێگای دروستکردنی تەفرەقە و دوبەرەکی لەناو کورد بووە،ئەو کە جێگای تێبینی و هەڵوێستە لەسەر کردنە ئەوەیە کەکورد هیچ کات نەیویستووە دەرس لەرابردووی خۆی وەربگریت و هەموو جارێک قوربانی سیناریۆیەک بووە.

لە چەندمانگی رابردوو بە بەرنائایارەکی لە پێش دارێژرادا هەوڵی لە یەک نزیکبوونەوەی لایەنی یەکێتی و گۆڕان درا هەرچەندە کە ئەم لەیەک نزیک بوونەوەیە بە رووکەش شتێکی باش و ئەخلاقییە بەلام لە ناوەرۆک دا، دەیان نەخشەو پلانی شاراوەی بە پێی بارووددۆخی ئێستای کوردستان هەیە سەرەڕای ئەوەش دەکرا بە بێی پشت بەست بە لایەنی دەرەکی رێککەوتن بکرێت و بەم شێوەیش رێگە لە دەست تێوەردان بگیرێت هەلەی هەرە گەورەتر لەو قۆناخە بە تەنیا هەڵوێست وەرگرتن و پەنابردن بۆ حکوومەتی مەرکەزیی بوو و ئاشکراکردنی ئەو راستییەیە کە بە حکوومەتی بەغدابڵێین کە لایەنە کوردییەکان ،زیاتر لە هەمووجارێک لە گەڵ یەکتر ناکۆکین و هاتنی مالکیکش بۆ پارێزگای سلێمانی ، ئەو سێبەرە رەشەی ناکۆکی لە نێو لایەنەکانی دوو ئەوندە کرد، ئەگەر تاوەکوو ئێرەش بیانەوێت خۆیان لە هەموو ئەو نەخشەو پیلانانە تەبرییە بکەن لێرە دا نیشانەی پرسیار زۆر بەرجەستەتر دەکرێت چوون جیاکردنەوەی کوردەکان لە یەکتر

نەوەک ئەوانە بەهێزتر ناکات بەڵکو لاوازتریان دەکات و لەو هیوایەی کە دروست بووە بێ هیواترمان دەکات و لە کاتی ئێستادا کە وەفدێک لە لایەن یەکێتینیشتمانیی کوردستان سەردانی کۆماری ئیسلامی دەکات گومانی تێدا نامینیت و دەبێت بەیەقین.ئەوەی کە مێژوو نوسیویەتی و لە ئەدەبدا بەجەستە بووە، هەستی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری پایتەختی رۆشنبیریدەبێت جیاواز تر لە هەموو شوێنەکان بڕیاری بدابایە لە بەر ئەوەی کە زمانی کوردی نوسراو ئەدەبی کوردی لە سەردەمی میرنشینەکانی بابان لەویوە گەشەی کرد و هەست و هوشیاری نەتەویی یان بەهێز کرد و کوردیان لە دەستی عەرەب وعەجەم پاراست بەڵام لە کاتی ئێستادا ،"بە دوو دەستی میرنشینی بابانیان تەسلیم بە عەجەم کرد."

جوانترین شایەتی ئەمە ئەم دوو هۆنراوە بەرزەی شێخ رەزای تالەبانی:

لە بیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو
نە مەحکومی عەجەم ، نە سوغرەکیشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپی سەراسەفیان دەبەست شێخ و مەلاو زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو
لەبەر تابووری عەسکەر رێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقەوو نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بوو
درێغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو رۆژە
کە ئایاردانی جریدبازی لە دەوری کانی ئاسکان بوو
بە زەڕبی حەملەیە بەغدای تەسخیر کردو تێیهەڵدا
سولەیمانی زەمان راستت دەوێ باوکی سولەیمان بوو
عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم، ئەفزەڵن ئەمما
سەلاحەددین کە دنیای گرت، لە زومرەی کوردی بابان بوو
عومومی شەهرباران و سەلاتینی فەرەنگستان
لە رەعبی سەتوەتی ئەو شێرەدا گشتی هەراسان بوو
قوبوری پڕ لە نووری ئالی بابان پڕ لە رەحمەت بێ
کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەک هەوری نیسان بوو

کە عەبدوڵلا پاشا لەشکری والی سنەی شر کرد

٩ ئابی ٢٠١٦

## سێمینەی شکستی سیاسی خۆی تۆمار کرد

یەکێتی وەکوو هەر حیزبێکی تر توشی هەوراز و نشێوی زۆر هات،بەڵام هەندێک لە حیزبەکات توانیان بە سوود وەر گرتن لە هەڵەکانی رابردوو و تێروانینێکی گونج ئابی ر بە بارودۆخەکان ،چارەسەری گونجاو بۆکێشەکان بدۆزنەوە، بەتایبەتی کە ئێستا هەموو جیهان بە گۆشە نیگایەکی تایبەت دەروانیتە قارەمانەتی و لێبوردەیی کوردستان. و کوردستان خەریکە پاش زیاتر لە سەدەیەک چەوسانەوە بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات یەکێتی بە پەتی بزوتنەوەی گۆڕان خۆی بخاتە چارەنوسێکی نادیارو هەلەلەی سیاسی زۆر گەورە کە بە مێژوو لە سەریان تۆمار دەکرێت. دەست پێکی ئەو هەڵانە ئەوکاتە دەستی پێکرد کە بزوتنەوەی گۆڕان نەیتوانی ئەو بەڵێنەی کە بە دەنگدەرانی دابوو جێبەجێی بکات، هەر بۆیەش لە رێگای جولاندنی سۆزی هەندێک گەنج و چەواشەکردنیان لە سنووری پارێزگای سلێمانی، هەوڵی تێکدانی ئارامی کوردستان لەرێگای سوتاندنی بنکەو بارەگاکانی پارتییاندا بەو شێوەیەش کۆتایی بە ژیانی سیاسی ئەو بزوتنەوەیە هات.

کاتێک کە گەرایەوە بە هەمان سیاسەت و نەفەسی شکست خواردووی پارڵمانی کوردستان هاتنە ئایاردانەوە و ئەوجارەشیان یەکێتی لە گەڵ خۆیدا پەڵکێشی ئەو گێژاوە سیاسییە کرد.هەرچەندە کە لە رووی ئەخلاقییەوە یەک گرتنەوەی هەر حیزب ولایەنەک بۆ بەرژەوەندی گشتی رێگەپێدراو ئەرێنییە بەڵام لە پێناو ئەو یەکگرتنەوە هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی هەرچەشنە کودەتا یەک لە چەشنی ١٩ ئاب و ٢٣ی حوزەیران بە هەموو شێوەیەک رەتکراوە بەڵام ئەوەی کە جێگەی هەڵوێستە لە سەر کردنە لایەنی دووەم بووە کە لەم ووتارە کورتەدا شیاوی باسکردن نییە.

یەکەم: بە تیشک خستنە سەر هەموو ئەو بابەتەو تێبینیانەی کە لە سەرەوە باسی لێوە کرا لە هەموویان سرنج راکێشتر ئەو هەڵانە بوو کە یەکێتی لە ڕێگەی ئەو هاوپەیمانەتییە کە توشی بوو ولە هەمان کاتدا لایەنی تر توانی خۆی لەو گێژاوە سیاسییەی کە تێی کەوتوو خۆی دەرباز بکات. ئا لەو قۆناخەدا بوو کە هەوڵی دامەزراندنی فراکسیۆنێکی هاوبەشی "نیلی و سەوز"ییان بە ناوی "هیوا" دا.

ئەگەر نەچینە ناو مەبەستە سیاسی و پاشخانەی کە ئەو هاوپیمانەتییە هەیانە، بە ئاشکرا هەوڵی جیا کردنەوەی فراکسیۆنی کوردی وبچووککردنەوەیەتی ئەویش بێگوماندەبێتە هۆکاری و لاواز کردنی فراکسیۆن لە بڕیاردان لە پارلمانی عێراق بە تایبەتی لە سەر بڕیارە چارەنوسازەکانی تایبەت بە گەلی کوردستان.لە لایەکی ترەوە چوونی شاندی هاوبەشی نیلی وسەوز بۆ بەغدا ،دەرخستنی ئەو راستیە بۆ دەستەلاتدارانی بەغدایە،کە ئێمە وەکوو کورد زیاتر لە هەمووجارێک ناکۆکین ئەوەش بێگومان لە لایەن فراکسیۆنە دچبەرەکانی کورد پێشوازیی دەکرێت.

دووەم:پێشوازی کردنی هەموو بەرپرسانی پلە بالای میری و حیزبی لە سنووری پارێزگای سلێمانی، لە نوری مالیکی وەکوو کەسێک کە لە سەردەمی دەستەڵاتداریەتی خۆی زیاترین کێشەی بۆ هەرێمی کوردستان بە گشتی و فەرمانبەرانی هەرێم بە تایبەتی دروست کرد، ئەویش لە ڕێگای برینی قوتی خەڵک و شایستە داراییەکانی هەرێم ونەناردنی چەک وتەقەمەنی پێشمەرگە وەکوو هێزی بەرگری عێراقی فیدراڵ هەر وەکوو لە دەستووردا هاتوو،پێشەڵکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوورعێراقی، سەبارەت بە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان (هەروەک ئەندامێک لە لێژنەی مادەی ١٤٠ کە ئەندامی حیزبەکی مالیکی بو ،دانی بەوەناوە کە پێشەلی کارەکانی ئەولێژنەییەی کردوو و لە قۆناخی راپرسی کارەکانی ئەولێژنەیەی راگرتووە).ئەوەش دووەم گەورە هەڵەی سیاسی بوو کە یەکێتی تێی کەوت.

سـێیەم: لە کاتێکـدا کە ڕۆژانە نـاوچە سـنوورییەکانی هەرێـم لە لایەن تۆپخانەکـانی ئێـرانەوە بۆردوومـان دەکـرێن ،لە کاتێـک کە ٤٨ کـوردی ڕۆژ هەڵات بە ناو ئیرهابەوە لە سێدارە دەرێن،لە کاتێک کە فیزیکناسـی ئەتۆمی کــوردی ڕۆژ هەڵات بە ســێدارەدانی کۆتــایی بە ژیــانی دهێنــرێ،ڕۆژانە کاسبکاران و کۆڵبەران لە سـەر سنوورەکان دەدرێنە بەر دەست درێژی گوللەو دەیـان وچاڵاکوانی کۆمەڵگـای مەدنـی و ڕۆشـنبیرانی ڕۆژ هەڵات بە بیــانووی جیــاواز لە زینــدانە تاریکەکــان بەدەیــان ســاڵە لە زینــدان دان......وهتد،چوونی شاندێکی باڵای یەکێتی بۆ تاران ئەویش بە بانگهێشت کردنی فەرمی لە لایەن حکوومەتی ئێران سەرەڕای ئەوەی کە نییەتی ئیران لەو کردەوەیە ئاشکرایە لە هەمان کاتیش دا سێیەم گەورە شکستی سیاسی یەکێتـی لەو کـاتە چـارەنوس سـازەدایە، کـورد خەریکـی بڕیـاردان لە سـەر چارەنووسە کەی خۆیەتی.

ئەەی کە بـۆ ڕای گشـت و خەڵکـی کوردسـتان نەبـۆتە پرسـیار ئەوەیە کە بۆچی کاتێک کە کورد بڕیار لە سەر چارەنوسی خۆی دەدات لە نـاو خـۆی هەرێم کێشە دروست دەبێت؟ وولامەکەش بۆ ئێوەی خوێنەری بەرێز جێ دەهێڵم.

٩ ئابی ٢٠١٦

## با لە پێناو بەدیهاتنی خەونەکانمان، پشتیوانی سەرۆک بین

سـەد سـاڵ لە سـەر ڕێککەوتنناێاپـارەی سـایکس- بیکـۆ دا تێپەردەکـات و گەلانی ناوچەکە بە تایبەتی گەلی کوردی، بەرەو نەهـامەتی و قوربانیـدانێکی زۆر برد و ئێستاش ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە ناسەقامگیریییەکی سیاسی و ئابوریـدا و تەنگەژەیەکـی ئـاڵۆزدا تێپەردەکـات و هەمـوو وڵاتە زلهێزەکـان بەتــایبەت بەشــداربووانی هەردوو شــەری جیهــانی یەکەم و دووەم لەو هاکێشە ئاڵۆزەدا، هەر یەکەو بە شێوەیەک بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیان

جەولان دەکەن بـۆ ئەوەی کە هەر نەبێـت لەخەرمـانی ئەو گۆڕانکارییـانەدا پشکی شێریان بەر بکەویت.

بەڵام ئەوەی کە ئێستا گەلی کورد لە رابـردوو جیاواز دەکاتەوە، بـوونی سەرکردەیەکی بە توانایە کە دەتوانیت لەو گێژاوە سیاسییەو ئەو هاوکێشـە ئاڵۆزانەی کە لە رۆژ هەڵاتی ناوەراست هاتۆتە ئاراوە بەرەو کەناری ئارامی مان ببات. لە لایەکی تریش کورد لێرەدا وەکوو کارەکتەری سـەرەکی ئەو ئارگۆمێنتە سەیردەکرێت هەر چەندە کە هەموو جارێک کـورد لە پیلانەکانی رابردوودا، وەکوو چارەسەری کێشەی وڵاتان بە کار هـاتووە بەڵام لە کـاتی ئێستادا، بوونی کوورد لەو ناوچانەی کە زۆرترین کێشە و ئـاڵۆزی تێدایە و توانیـویەتی بە ئـازایەتی و سیاسـەتی ئەرێنـی ،خـۆی بسـەپێنیت لە لایەکـی ترەوە ئومێد بە بوونی عێراقێکی یەکگرتوو و سوریایەکی سـەقامگیر نەمـاوە هەرچەنـدە لە رووی دیمـۆگرافیش دابەش بـووە و لە رووی دینـی و تـایفە گەریشەوە ،شتێکی بەو روالەتە نیشان نادات.

بۆیەش دەبێت کورد لە بـارودۆخێکی ئەوهـادا بە شـێوەیەک مـامەلە لە گەڵ پێشهاتەکان بکات کە:

یەکەم: بە کەمترین زیان لەو بارودۆخەدا دەر بچیت

دووەم :بتوانیت زیاترین سوود ببات

ئەوەش پێویسـتی بەچییە؟دەبێـت هەمـوو ململانێـیە نـاوخۆیی و کێشـەی تـایبەتی حیزبەکـان،کە خۆیـان تێدا قەتیز کردووە وەلا بنێن. یـان هەرنەبێت کێشەکان بۆ قۆناخێکی تر دوا بخەن.ئەوەی ئێستا دەبێت باسـی لێوە بکرێت ئەوەیە کە، لەو قۆناخەو قۆناخەکانی دواییدا چیمـان بەر دەکەوێت وکێشـەی حیزبەسیاسـییەکان ئەوە نەبێت کە ئەودیموکراسـییەی کە لە کـاتی ئێسـتادا پێـــرەو دەکرێـــت دەبێـــت عەیـــاری چەنـــدە؟بەڵکو هەمـــوو لایەنەکـــان بە بەرپرسیارەتی مێژوویی و نەتەوایەتی شرۆڤە بۆ ئەم بابەتە بکەن و خۆیـان لە هەمـوو جـۆرە بیـرو بوچـونێکی تەسـک کە ببێـتە هـۆی لە بـار چـوونی ،بەدوور بگرن.

و لە کاتی ئێستاشدا رۆڵی سەرۆکی هەرێم کە وەکوو سومبولێکی نێو نەتەوەیی کورد لە هەموو کاتێک زیاتر بەرجەستە دەکرێت و پێشوازی سەرۆک بارزانی لە لایەن سەرۆکەکانی ئامریکاو یەکێتی ئەوروپا، هەروەها پێگەی دیپلۆماسی و سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆک لە هاوکێشە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست وایکردووە کە کوردستان ببێتە ترافیکی هاتووچۆی بەرپرسە باڵاکانی وڵاتانی جیهان هەروەها پێشوازی لە ئاوارەکانی کوردستان و عێراق و هەروەها کەمە نەتەوایەتییەکان سەرەرای کێشەی ئابوری هەرێمی کوردستان و ناوچەکە ئەو رۆڵی سەرۆک بارزانی بەرجەستە تر کردووە.

ئەگەر کە هەندێک هێزی ناوخۆیی و لۆکاڵی بە هۆی ئەو قینەی کە لەدڵیاندایە بۆ مەبەستی راکێشانی هەست و سۆزی خەڵک لە میدیا شەپرزەو نەخۆشەکانی خۆیان بە چەواشەکردنی خەڵک تۆمەت دەبەخشن و تەگەرە دەخەنە بەر ئەو پرۆسەیە سەرکەوتووەی کە ئێستا هەیە و بیرۆکەی سەربەخۆیی و دەوڵەت بوون کە بەرپرسیارەتییەکی مێژووی دەخاتە ئەستۆی هەموو لایەنە دژی ئەم پرۆسەیە.

١١ ئابی ٢٠١٦

## دیتنی سەحرارودی لە لایەن وەفدی باڵای یەکێتی هێمای چییە؟

محەمەد جەعفەری ، بە ناوی محمد جەعفەری سەحرارودی دەناسرێت ناوبراو بەوە تۆمەتبارە کە رێبەرانی کوردی رۆژهەلات لە ساڵی ١٩٨٩ ز. لە ڤیەنا تیرۆرکردووە.دکتۆر عەبدوالرحمن قاسملۆ رێبەری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان یەکێک لە ئەو کەسایەتییانە بوو کە بۆ مەبەستی بەدی هاتنی مافەکانی کورد لە رێگەی ئاشتی و گفتوگۆ لە گەڵ چەند ئەندامێکی تری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر مێزی دانوساندنەکان لە ٢٢ی دەسامبری ١٩٨٩ کە بە ناوبژیوانی جەلال تاڵەبانی بە نهێنی لە برلین تیرۆر کران، لەو کردەوە تیرۆریستییەدا، سەحرارودی

بریندار دەبێت و لە لایەن پۆلیسی نەمساوە بە هۆکارێکی نەزانراو ئازاد دەکرێت و لە ماوەیەکی کورت رەوانەی ئێران دەکرێتەوە.

لە مانگی تشرینی دووەمیی ١٩٨٩ دووبارە لەلایەن دادگای گشتی نەمساوە داوا دەکرێتەوە. نۆساڵ لەمەو بەر سەحراروودی لە نوێنەرایەتی ئێران لە هەولێر لە لایەن تیمێکی کۆماندۆزی ئەمریکی لە گەڵ شەش کەسی تر دەسگیر دەکرێن (ئەو کاتیش محەمەد جەعفەری سەحراروودی یەکێک لە گەورە بەرپرسانی سوپای پاسداران لە سوپای قودس بووە کە تایبەتەبە چالاکییەکانی دەرەوەی ئێران) بەڵام ئەو جارەش بە ناوبژیوانی جەلال تالەبانی ئازاد کران.

ئەوکات کۆمەلێک چالاکوانی مەدەنی کە لە دەرەوەی وڵات بوون بە نائایارەک بۆ ئالفرێدگۆزن و بوئێرو سەرۆک وەزیرانی ئەوکات وماریا برگز وەزیری دادی ئەوکات، داوای گەڕاندنەوەی سەحراروودی بۆ بەردەم دادگا بە تۆمەتی دارشتنی پلانی تیرۆر کردنی دکتۆرعەبدالرحمان قاسملۆ و هاوڕیانی کرد.لە کاتی ئێستادا +سەحراروودی راوێژکاری لاریجانی سەرۆکی پارلمانی ئێرانە.

ئەوەی کە باسی لێوەکرا کورتەیەک رابردووی سەحراروودی لە بەرامبەر چارەنووسی رێبەرانی کوردی رۆژ هەڵاتە ، بەڵام دیتنی ئەمجارەی وەفدی باڵای یەکێتینیشتمانیی لە لایەن سەحراروودی ئاماژەیەکی روونە بۆ ئۆپۆزۆسیۆنی کوردانی رۆژ هەڵات وحیزبەکوردییەکان کە هەرکات و ساتێک مەبەستمان بێت دەتوانین بە چاوساغی هاوپەیمانانمان لە کوردستانی باشوور بکرێنە ئامانجی هێرشەکانیان ، هەروەک چۆن لە ١٦ئاب تاکوو کۆتایی ٣١ ئاب هێرشێکی سەرتاسەری لە سنوورەکانی سلێمانی بۆ سەر کوردانی رۆژهەلات کرا و بنکەو بارەگاکانی ئەوحیزبانە کەوتنە بەر بۆردومانی تۆپبارانی سوپای پاسداران بە تایبەتی شاخەی سوپای قودسی و قەرارگای رەمەزان.هەر وەک هەندێک لە سەرچاوەکان باسی لێوە دەکەن دوای داخستنی بارەگاکانی ئۆپۆزۆسیۆنی ئێرانی (موجاهدینی خەلق لە بەغدا) کار بۆ داخستنی هەموو بنکەو بارەگاکانی

شۆڕشگێرانی رۆژ هەڵات لە باشوور بکرێت ئەویش لە رێگای تۆپ باران کردنی ناوچە سنووریەکان بۆ مەبەستی فشار خستنە سەر هەرێمی کوردستان و هاوکاری هاوپیمانانیان دەبێت.

١٢ ئابی ٢٠١٦

**بۆچی سۆران عومەر نوقەی لە مەر کەیسەکانی سلێمانی لێوە نایەت؟**

ساڵێک لەمەو بەر گەنجێک کە فەرمانبەری یەکێک لە بنکەکانی ئاگرکوژێنەوە لە هەولێر دەبێت بەهۆی چەند گرتەیەکی ویدیۆییەوە کە بەخۆی بڵاوی دەکردەوە و تێیدا ناشرینترین ووشەی بەکا دەهێنا لە لایەن ئەوبنکەیەی کەکاری لێوە دەکرد سزای کارگێری دەدرێت ئەو فەرمانبەرە وا پێدەچوو کەتوشی مالیخولیایی بوبێت و بۆخۆ دەرخستن ئەو کارە بکات یان سیناریۆیەک بوو کە دارێژرابوو، ئەوکات سۆران عومەر بۆ بەرگریکردن لە مافی ئەوگەنجە هاتە سەرخەت و پاش ئازادبونیشی وێنەیەکی سیلفی بۆ ئەکاونتەکەی فەیسبووکی خۆی لەگەڵ گرت بۆ ئەوەی نیشان بدات بەرگری لە مافی ئەوگەنجە کردووە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو گەنج بەهۆی ئەوگرتانەوە شیرازەی کۆمەڵگای تێک دابووە دەبوا لە لایەن داواکاری گشتی سکالای لە سەر ئەو گەنجە تۆمار بکردبایە.

بە هۆی کردەوە تیرۆریستییەکەی بەردەم رووداو کە بریندار بوونی چەند کارمەندێکی رووداو و زیانێکی مادی زۆر بە تۆری میدیای رووداو کەوت و بەو هۆیەشەوە چەند کادیرێکی کۆمەڵەی ئیسلامی کە دەستیان هەبوو و بە بەڵگەلەسەریانساغبویەوەلەلایەن دەزگای ئەمنی پارێزگای هەولێردەستگیرکران بەڵام لەوکەیسەش وەکووکەیسەکانی تری ئەوسنوورەسەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤ ببوبەپالەوانی فەیسبووکولەپشت لاپتۆپەکەی خۆی کۆنفرانسی دەدا سەرەڕای تۆمەت بەخشیین بە دەستەلاتی ئەمنی لەو سنوورە هەوڵی ئەوەی دەدا کە رای گشتی چەواشە بکات و وا وێنابکات ئەو کادیرانەی کۆمەڵ رفێندراون و....هتد.

بەڵام بە کەمتــر لە دە رۆژی رابــردوو دوو کــادیری پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان بە شــێوە نایاســایی دەســتگیرکراون هەروەهــا لە ســنووری پارێزگای سلێمانی لە ناوچەی قەرەداغ، هێزەکانی دژەتیرۆری سلێمانی، سێ ئەندامی کۆمەڵی ئیسلامییان لە نزیک گوندی زرگوێزی سەر بە شارۆچکەی قەرەداغ دەستگیر کردووە. یەکێکیان ناوی (س)ە و خاوەنی سوپەرمارکێتە لە کانی شاسوار..

پێشــووتریش کــادیرێکی کــۆمەڵی ئیســلامیی کوردســتان لەلایەن دەزگــا ئەمنییەکــانی ســلێمانییەوە دەســتگیر کــراوە، بەبــێ ئەوەی لەلایەن کــۆمەڵی ئیســلامیی کوردســتان و ســەرۆکی لێــژنەی مــافی مــرۆڤ لە پەرلەمــانی کە هاوکات کادیری ئەو حزبەیە باسیان بکات لە هەمان کاتدا لە بارەی ئەو دەستگیر کراوانە سۆران عومەر دەڵێت: " ئاگادار نیم" و نووقەی لێوە نایەت، خێرە لە هەرچی لە سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆک هەرچی روودەدات تەنــانەت لە گونــدێکی دوردەســتیش بێــت بەڵام ئاگــاداری بــارودۆخی نــاو حیزبەکەت نیت؟

لە کاتێکدا کە دەیان کێسی لەو جۆرە لە سنووری سلێمانی و هەلەبجەو گەرمیان هەن بەڵام خۆی لی بێدەنگ کردووە تەنانەت لە کاتی هاتنی مالیکی لە بەر ئەوەی کە چەند گەنجێکی شاری هەلەبجە دژی سەدانەکەی مالکی بۆ هەلەبجە وەستا بوون لە لایەن هێزەکانی دژە تیرۆرەوە دەستگیر کران ئەو کــاتیش هەر بێــدەنگ بــوو ئەوەش ئەوە مــان بــۆ دەســەلمێنیت کە ســۆران عەمەر کە سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستانە تەنیا بۆ ناو زراندن و ناشرینکردنی حوکمرانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک بە گشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتییە ئەوەش ئاماژەیەکی زۆر روون و ئاشکرایە جێبەجی کەری پیلانێکە کە بۆی دارێژراوە.

١٣ ئابی ٢٠١٦

## سازش لەسەر مانەوەی پارێزگاری سلێمانی لە پۆستەکەی لەپای چی؟

دوابەدوای پلانەکانی سیناریۆی خۆسوتاندنی هاولاتییەکی لە بەردەرکی سەرا بۆ مەبەستی لاسایی کردنەوەی دەولەتی تونس و گۆڕینی ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بۆبەردەم لقی ٤ ی پارتی دیموکراتی کوردستان و تەواوی ئەو ئالۆزییانەی کە بەدوای خۆیدا هێنا، بزوتنەوەی گۆڕان سواری شەپۆلی ناڕازییان بوو، بەو شێوەیە توانی ژمارەی دەنگەکانی لەسەر حسابی دەنگەکانی یەکێتی بەرز بکاتەوە هەر لە زووەوە بڕیاری گۆڕین و بڕوخێ حکوومەتیان لەبەردەرکی سەرادا. بەلام لە ماوەیەکی کورتدا هەموو ئەمانە کۆتاییان پێهات ئەم جارەیان لە پیلانێکی تر بۆ درێژە پێدان لە پیلانەکانی تر بڕیاری گۆڕینی سیستەمی بەڕێوەبردنیان دا بەداخەوە هەندێک لە حیزبەکان بە یەکێتیشەوە و باڵێکی یەکگرتوو فریوی شیعارەکانیان خواردوو لە گەڵیان هاودەنگ بوون و پیلانەکەی ٢٣ی حوزەیران و١٩ی ئاب بەدوای خۆید اهێنا ئەویش بۆمەبەستی کۆتاییهێنان بەسیستەمی بەڕێوەبردن بەلام ئەمجارەش وەکووهەمووپیلانەکانی ترشکستیهێنا ،دواتریش لەهەولێکی هاوپەیمانێتی لەپێکهێنانی کابینەی نوێبڕیاری دورخستنەوەی وەزیرەکان و سەرۆکی پەرلەمانی بەدوای خۆیدا هێنا.

نەوشیروان و باڵی عێراقخواز لە ژێر گوشاری ولاتانی ئیقلیمی بۆ مەبەستی نەپچرانی هیلالی شیعی لە بەرنائایارەکی پوخت و دارێژراودا بڕیاری یەکخستنەوەی ریزەکانی گۆڕان و یەکێتییان دا ئەگەر چی ئەوەی لە روالەتی ئەو پرۆژەیە بڕوانێت پرۆژەیەکی گرنگە هەر نەبێت شارە رۆشنبیریەکی سلێمانی  لە ئەو هەموو بایکۆت و خۆپیشاندان و مانگرتن لە لای ئەملایە کە گۆڕانبێت و ئەملایەی تر کە یەکێتیبێت دەحەسیتەوە و ئەگەرلە چاویلکەی نیشتمانیی و نەتەوەیشەوە بێت زۆر گرنگ و ئەرێنییە،بەلام تەجروبەی مێژووی کورد و دوژمنانی کورد ئەوەیان

سـەڵماندووە کە هەمـوو پـرۆژەیەک پیلانێکـی شـاراوە و لە پشـت پەردەی هەیە.

وردە وردە پلانەکـان ئاشـکرا دەبـن چـونکە پێشـتر سیاسـەتی خـۆ بەڕێـوەبردنی پارێزگـای سـلێمانی و نەگەڕانـدنەوەی هەمـوو داهـاتی گومرگەکـان ئەو سـنوورە و هەروەهـا سـەردانی کردنـی ئاسـۆ فرەیـدوون بۆبەغداو سەردانی کردنی ئەو لێژنە هاوبەشە یەکێتیگۆڕان و باسکردنی لە دابینکردنی بودجەی پارێزگای سلێمانی لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزی یەکێکی تـر بـوو لەو پیلانـانەی کە لە پشـت یەکگرتنەوەکە بـووە ئەوەش یەکێک لەو مەرجـانەی نەوشـیروان مسـتەفا بـوو کە کاتێـک کە ئاسـۆ فرەیـدوون لە بەریتانیـا سـەردانی کـردووە لە گەڵیـان ت ئـابی وی کـراوە بێگومـان دوژمنانی کوردیش هەر ئەوەیان مەبەستە ئەوە ئەو مەرجە سەرەکییە بوو کە گۆڕان پارێزگای سلێمانی و ٢٥ پۆستی سەرەکی لە هەلەبجەو گەرمیان و سـلێمانی کـردە قوربـانی ئەو رێککەوتـنە ئەویـش تەنیـا لە پێنـاو لادانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان وەکـوو ئەوەی کە خۆیـان بە زمـانی خۆیـان دانیان پێ ناوە.

١٨ ئابی ٢٠١٦

## ئایا پەژاک، شایە یان سەرباز؟

ماوەیەکە کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە بەرنامە و بێ بەرنـامە، دەسـتی بە تۆپ بـارانی ناوچەسنوورییەکانی هەرێمـی کوردسـتان کـردووە و تەنیـا ئەو ناوچـانەی کە دەکەونە سـنووری کـۆنترۆلی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتاندا بۆردومان دەکرێن وئەوەش پەیامێکی ئاشکراو و ئەو گڵۆپە سـۆرەی ئێرانە کە لە بەرانبەر هەڵوێستی سەرۆک بارزانی بۆ سەربەخۆیی هەڵیکردووە.

کۆمـاری ئیسـلامی بە شـێوەیەکی یەک جـار زۆر چەکـی قەدەغەکـراوی فسـفۆری بە کـار هێنـاوە کە زۆربەی هەرە زۆری ژیـنگەی کوردسـتانی تێکداوە و زەرەر و زیـانێکی زۆری بە کشـتوکاڵ و مەروومـالاتی هاولاتیـانی کوردسـتان لە ئەو ناوچـانە گەیانـدووە ئەوە لە کاتێکـدا بـوو کە وەفـدێکی

یەکێتی بە سەر پەرەستی بەرهەم صالح لە گەڵ گەورە بەر پرسانی ئێرانی لە تاران بوون ، ئەوەی کە لە روی ئەخلاقیشەوە دەبێت بگوترێت ئەوەیە ،کە ئەو وەفدە هێشتا هەر لە تاران بوو کە کۆماری ئیسلامی دەستی بە بۆردوومانی ئەو ناوچانە کرد بوو و تەنانەت رێزیان لەو وەفدە نیشتمان پەروەرە نەگرتوە و ئەوانیش بۆ ئەوەی کە لێیان زیور نەبن لە بەرانبەر ئەو بۆردوومانە بێدەنگیان نواند،ئەگەر نا دەبێت لە بەرانبەر دەستدرێژی کردن بۆ سەر خاکەکەیان بە نیشانەی نارازی بوون تارانیان جێ هێشتبایە.

ئەوەش وای کرد کە بۆ پاراستنی کەرامەتی کوردستان و بەرژەوندی هاوڵاتیانی ئەو سنوورە شاندێکی کوردستان ،سەردانی ئێران بکات و ت ئابی ویی راگرتنی باری ئاسایشی سنوورەکان بکەن بە پێی ئەو رێککەوتنە هەموو جموو جۆلێکی سەربازی لە هەردوولایەوە دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت بەڵام ئەوەی کە شایانی باسە ئەوەیە ،کە ئایا پارتی ژیانەوەی کوردستان(پژاک) جێگای لەو هاوکێشەیە دا چییە؟ لە بەر ئەوەی کە بە درێژایی سنورەکانی کوردستان وئێراندا ، تەنیا ئەو گروپە لە سنووری دەسەلاتداریەتی پارتی دەبینرێن و لەو شوێنانە ئەرکی پاراستنی سنورەکانی ئێرانیان لە ئەستۆیە.

هەروەک چۆن لە ٢٠١٥/٣/٢٤ لە روبەروبونەوەیەک لە گەڵ حیزبی دیموکراتدا، پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکرات بە ناوی قادر کەریمی شەهید کرد و چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار بوون. لە بەر ئەوەی کە پەژاک و شاخەی سەرەکی پە کە کە لە رۆژ هەڵاتی کوردستانە و لە کاتێکدا دروست بووە کە بەشداری لاوان لە حیزبەکانی رۆژهەڵات بە تایبەتی خەباتی چەکداری ئەوان کاڵتر بکرێت هەر بۆیەش پێویستە پژاک ئامانج لەدامەزراندن و راگەیاندنی خۆی وەک باڵێکی پەکەکە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کۆمەڵانی خەڵک رون بکاتەوە ، لەکاتێکدا ئەندام و کادرانی پەکەکە بەبێ هیچ ڕوسوماتێکی یاسایی لەشارو شارۆچکەکانی وڵاتی ئێراندا دەسورێنەوەو بارەگاکانی خۆشیان بەبێ هیچ مەترسییێک لەناوچە

شاخاویەکاندا بەدی ئەکرێن، خۆ ئەگەر وەڵام لەپێناو ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی کورددا بێ لەو بەشەی کوردستان ئەی چۆن و بەچ نرخێک حکوومەتی تاران ئەو هەموو هاوکاریە پێشکەش بەپەکەکە ئەکات؟؟ بەڵام ئەم ئاماژەیە بۆ حیزبی دیموکرات بە درێژایی مێژوی بەتایبەتی لەماوەی ٢٠ساڵی ڕابردوودا نەک هەردەیان کادر و پێشمەرگەیان لەناو هەرێم- شاری سلێمانیدا تیرۆر کراون، بگرە لە ١٩٩٦/٦/٢٦دا سوپای پاسداران بەڕێمونی هێزەکانی یەکێتی هاتەناو قوڵایی خاکی هەرێمەوە بۆ بوردومان کردنی بنکەو بارەگاکانی حدکا لە شارۆچکەی کۆیەو بگرە هەر لەوساڵەدا مەفرەزەیەکی دیکەی حدکا لەکاتی گەڕانەوەیان بۆناو خاکی هەرێم لەسنوری قەزای هەڵەبجەی ئەوکات لەلایەن لایەنێکی ئیسلامیەوە ڕادەستی کۆماری ئیسلامی ئێران کرانەوە!؟

١٦ ئابی ٢٠١٦

## مارتین لۆتەرکینگەکانی رۆژئاوا

مارتین لۆتەرکینگ شۆڕشی یەکسانی کاتێک دەست پێکرد کە ووتی:" من خەیالێکم هەیە، رۆژێک دێت کە ئەو گەلە هەڵ دەستێتە سەرخۆ بۆ ئەوەی بژیت، ووتی ئێمە ئەو راستییانە ئاشکرا دەکەین لەبەر ئەوەی کە هەموو وەکوو یەک دروست کراوین،رۆژێک دێت کە هەر چوار کورەکانم لەسەر جیاوازی لە رەنگی پێستەکەیان، بڕیار لەسەر چارەنوسیان نادرێت، باوەڕ بوون بەوەی کە دەتوانین لە گردێکی پڕ لە نائومێدی و شکست ،بەری ئومێد بەرهەم بهێنین، لەگەڵ یەک نزا بکەین، لەگەڵ یەک بۆ ئازادی ئینسانەکان تێ بکۆشین، پێکەوە بۆ بەرسێدارە برۆین و بەیەکەوەش بەرەو زیندان برۆین ،دڵنیام کە هەر سەر دەکەوین."

سالانێکە کە کوردەکان بەگشتی لە ژێر زەبرو زەنگی حکوومەتە یەک لەدوای یەکێکانی داگیر کەردان و کوردانی رۆژ ئاواش لەو هاوکێشەیە بێبەش نەبوون، زولم و زۆرداری حیزبی بەعس بە سەر هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ئەو پارچەیەی کوردستان باڵی دا کێشابوو ،بەڵام ئەمجارەیان

دەرفەتێک هاتە ئاراوە بۆئەوەی کە لە ئەو ستەمە و نایەکسانییە رزگار بن ، بەڵام هەوری رەشی خۆسەپاندن باڵی بەسەر رۆژ ئاوادا کێشاوە،

مارتین لوتەرەکان ئەمجارەیان کەس یان قەبوڵ نییە.هیچ ئیرادەیەک لە دەرەوەی خۆیان پەسەند ناکەن، مارتین لوتەرەکانی رۆژ ئاوا ئەو جارەیان مارتین لوتەر نین بەڵکوو ئەوانەن کە لە بەرانبەر مارتین لوتەر وەستا بوون، ئەو کات جیاوازی لە بەینی دوو چین بوو بەڵام ئەو جارەیان جیاوازی لە چینەکاندا نییە،ئەوکات شۆڕش بۆ ئازاد کردنی ئینسانەکان بوو بەڵام ئەو جارەیان بۆ کۆت و بەند کردنیانە.ئەری بەراست مارتین لوتەرەکان ئەگەر بۆ ئازادی رۆژئاوا دەجەنگن، جیاوازییان لە گەڵ ئەوانەی کە لە گەڵیان دەجەنگن چییە؟

١٨ ئابی ٢٠١٦

## پەیەدە لە بەینی بەلێن و کردار

دوا بەدوای ئەوەی کە شۆڕشلەوڵاتانی عەرەبی هەڵگیرسا و بە هۆی سیاسەتی دیکتاتۆرییانەی سەر کردەکان عەرەب لە کۆتاییدا ئەوەی لێکەوتەوە کە بەشێک لەوڵاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست و ئەفریقیای گرتەوە و لە هەموو ئەمانەش بەشێک لەو شەرەش کەوتە نێوماڵی کورد و مەبەست لێرە کوردستانی رۆژئاەایە کە بەشێکە لە کوردستانی گەورە دوا بەدوای سەر هەڵدانی شۆڕشی سوریا رۆژئاواش گۆڕانکاری بە خۆیەوە بینی و خەڵکی کوردستانی رۆژ ئاواش دژی ئەو زوڵم و زۆر داریەیە هەستانە سەر خۆ و ئەو چرایە نائومێدییەی کە گوژابوییەو جارێکی تر ئومێدی بۆ خەڵکی کوردستان گەڕاندەوە بە شێوەیەک کە کۆدەنگییەکی باش لە ناو کوردانی رۆژئاوا هەبوو ئەوەش وای کردبوو کە لە هەموو کۆبونەوەکانی دەرەوە بە چاوێکی تایبەت سەیری دۆزی کورد بکرێت لە لایەکی ترەوە سەرۆک بارزانیش بە پشت بەستن بەو یەکریزییەی کە هەبوو زیاتر لە هەموو جارێک دڵخۆش بوو لە بەر ئەوەی کە کوردانی رۆژئاواش

دەنگی خۆیان دەبێت و دەتوانن قسەی کۆتایی لە سەر دۆزی ڕەوای کورد لەو بەشەدا بکەن و بە کۆبونەوە لە گەڵ هەموو حیزبە کوردییەکان ئەوەی پێ ڕاگەیاندن کە من بە پێشڤەچوونی پرسی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان خۆشحال دەبم بە مەرجێک یەکگر و یەک دەنگ بن.

ئەو دانیشتنانەی سەرۆک بارزانی یاداشتی لەیەک تێگەیشتنی هەوڵێری لێکەوتەوە بەڵام هێشتا مەرکەبی سەر کاغەزی یاداشتەکە ووشک نەببو کە پە یە دە سیاسەتی تاکرەوی خۆی بە سەر هەموو ئەوانەی تر سەپاند و ڕێگری لە حیزبەکانی تر کرد.هەموو ئەو هیوا و متمانەی کە لە دڵی جەماوەری کوردستان دروست ببو لە بەین برد هەروەکوو چۆن بینیمان کە هاوبەشی لە گەڵ حکوومەتی بەشار ئەسەد و هەندێک لە گرووپە توندرەوەکان کرد و ئەوەی کە جێگەی داخە متمانەی پەیەدە بە حکوومەتی بە شار ئەسەد پاش زیاتر لە نیو سەدە چەوساندنەوە و کوشتن و دان پێدانەنان بە کورد بوونی کوردەکان بووە.

هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی پەیەدە بۆ ئەوە بووە کە بە دوور لە هەموو عورفێکی ئەخلاقی بە تاک لایەنانە ئەو بەشەی کوردستان بە ڕێوە ببات و ئەوندەی کە کار بۆ بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی کردووە ئەوندە کار بۆ هزری نیشتمانیی و نەتەوەیی کورد نەکردووە بێگومان ئەوەش کاریگەری نەرێنی لە سەر دۆزی ڕەوای کورد هەبووە و هەرکاتێکیش لە رووی سەربازییەوە دۆخەکە لە بەرژەوەندی نەبووە پەنای دووبارەی بۆ گفتوگۆ هێناوە بەڵام هەموو کاتێک لە بەڵێنەکانی پەشیمان بوتەوە.

١٨ ئابی ٢٠١٦

## پەکەکە،پەیەدە،پەژاک سێ کوچکەی برمۆدا؟

لە ماوەی یەک هەفتەی ڕابردوو پەیەدە لە ڕۆژ ئاوای کوردستان دەستی بە دەستگیر کردنی هاوڵاتیان و ڕەشبگیری بە شێوەیەکی بەرچاو کردووە و بە بێی لێکۆلینەوە و بوونی هیچ جۆرە تاوانێک و بە فەرمانی تەنیا ئاسایشی سەرکردە و هێز و لایەنە سیاسییەکان دەستگیر دەکات و بە شێوەیەکی

دوور لە یاساو هەموو جۆرە پرەنسیبێکی ئەخلاقی و کۆمەلایەتی هەڵسوکەوت لە گەڵ هەموو ئەو لایەنانە دەکات کە بیرو بۆچونێکی جیاوازییان لە گەڵ ئەو تاقمە دا هەیە ئەوەش بۆ مەبەستی فشار خستنە سەری کوردانی رۆژئاوایە بۆ ئەوەی کە واز لە هەموو چالاکییە سیاسییەکانی خۆیان بهێنن و ئیرادەی خەڵکی رۆژ هەلات تێک بشکێنن لە لایەکی ترەوە پەیەدە بە هەماهەنگی لە گەڵ حکوومەتی بەشار ئەسەد هەوڵی پێش گرتنی بە پێشمەرگەکانی رۆژئاوا گرتووە لە بەر ئەوەی پێشمەرگەکانی رۆژئاوا هیچ کات نابن بە بەشێک لە هاوپیمانییەتی پەیەدە و حکوومەتی بەشار ئەسەد.

لە هەمان کاتیش بالێکی تری ئەندیشەی ستالینیستی کە تایبەتە بە رۆژ هەلات و بە پژاک ناوزەد دەکرێت هەولی رێگری لە کوردانی رۆژ هەلات دەکات و بە پێی دووایین سەرچاوە لە رۆژ هەلات بە پۆشینی جل و بەرگی پێشمەرگە و بۆ رەش کردنی شۆڕشی رۆژهەلات لە چاوی خەڵکی ئەو سنوورە هەولی وەرگرتنی باجێکی زۆر بە ناوی دیموکراتیان داوە سەرەڕای ئەوە تەهدیدی خەڵک دەکرێت و بە ترساندن و تۆقاندنیان راستەوخۆ بەرنائایار حکوومەتی ئیسلامی لە رۆژهەلات جێبەجێ دەکەن لە هەمان کاتدا هیچ جۆرە چالاکییەک لە رۆژ هەلات ئەنجام نادەن و راستەوخۆ بونەتە پاسەوانانی سنووری کۆماری ئیسلامی ئەویش تەنیا لە ئەو سنوورانەی کە دەسەلاتی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەسەرەوەیە و ئەوەی کە لە سالی رابردووش بینیمان بۆ رێگری کردن لە هێزەکانی دیموکرات ئەندامێکی ئەو حیزبەیان شەهید کرد.

لە لایەکی ترەوە لە قەندیل پەکەکە سەرپەرەستی تەواوی ئەو پێکهاتانەی خۆی دەکات لە دوایین لێدوانەکانی "موراد قەرە ئیلان" داوا لە حیزبەکانی رۆژ هەلات دەکات بە هیچ شێوەیەک خەباتی چەکداری دژی ئیران نەکەن لە بەر ئەوەی کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی تورکیاو عەرەبستان دەکات سەرەڕای ئەوەی کە خۆی راستەوخۆ پشتگیری لە سیاسەتی ئێران دەکات

و ئەوەی کە ئەڵف و بێی سیاسەتیش شارەزا نەبێت بە دروستی دەرک بە ئەو راستییە دەکات ئەوش زیاتر گومان دروست دەکات لە ئەو خەبات و شۆڕشەی کە هەیانە لە لایەکی ترەوە لە کاتێک کە پرۆسەی ئاشتی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە بەرێدەچو وو کە بە سیناریۆیەکی لە پێش داڕێژراو هەوڵی لە بار بردنیان دا ،ئەوەش نیشاندەری ئەو راستییەیە کە ئەو تاقمە تەنیا لە پێناو بەرژەوەندی داگیرکەرانی کورد هەنگاو دەنێن وبەس.

١٨ ئابی ٢٠١٨

## کێ دەڵێت: "یەکێتی و گۆڕان دژی سەربەخۆیین"

ئەوە ئەو رستە ناخۆش و ژەهراوییە بوو کە لە زاری یەکێک لە دوژمنە هەرە سەرسەختەکانی کوردستان هاتە دەرەوە ئەوەش جاری یەکەم نییە و کۆتا جاریش نابێت کە فەتلاوییەکان و قانعی فەردەکان بەو جۆرە دەکەونە گیانی کوردستان و هەر یەکەو یەشێوەیەک لە شێوەکان هەوڵی دژایەتی کوردستان دەدەن ئەگەر سیاسەتە نەتەوەیی و نیشتمانی ییەکانی ئەو حیزبانەی کوردستان کە لە بۆنە و مناسبەتەکان دەکەونە سەودای موزایدەی سیاسی و هەڵخەڵەتاندن و خۆڵ لە چاوی خەڵک کردن، گوێچکەی هەموو هاونیشتمانیییەکی پێ کەڕ دەکەن و بە بەردەوام لافی مافی چارەی خۆنوسین دەدەن، بەڵام ئەمجارەیان ئەو ووشەیە لە زاری دوژمنی ئەوان و بە ناوی ئەوانەوە دەچووە و ئەوەش راستی ئەو پەندەی ئێرانییەکان مان بۆ دەردەخات کە دەڵێن:"تا نباشد چیزەکی مردم نگویند چیزها"ئەویش بە و مانایەدێت ئەگەر ئەو وەفدە هاوبەشەی کە بە ناوی روونکردنەوەی سیاسەتە نوێیەکانی یەکێتی و گۆڕان بەرەوە بەغدا بەڕێککەوتن و دوور لە هەموو عورفێکی سیاسی و نیشتمان پەیمان یان بەست کە ووتاری ئەو جارەوە و رووۆیای ئەو جارەیان جیاوازتر لە پێشوو دەبی و لە هەندێک و لە هەموو گۆڤار و ماڵپەر و سایتەکانی عێراقیش، چاو پێکەوتنی ئەندام پارڵمانێکی گۆڕانیان لەو بارەیەو بڵاو کردەوە سەرەڕای ئەوەی کە ئەوە

گەورەتـرین شکسـتی سیاسـی ئەو دوولایەنەبـووە ، لە ئایەنـدەبەکی زۆر نزیکیش چاوەروانی دەرهاویشتە نەرێنییەکانی بەرانبەر بە کورد دەبین.
لەدوایـن لێـدوانی دابـۆ ئاژانسـی ئێرنـای فارسـی نـوری مـالیکی سـەرۆکوەزیرانی پێشـوی عێـراق ئەوەی راگەیانـد کەئەودەئایـار سـەردانی سـلێمانی کـردوە لەگەڵ سـەرکردایەتی یەکێتـی وگـۆڕان کۆبوەتەوەوپێیـان راگەیاندووە کەدژی سەربەخۆیی کوردستانن ولەگەڵ یەکارچەیی عێراقدان و ئەوەی لە هەمـوو شـەرمەزارت ،ئەوە بـوو کە بە هـیچ شـێوەیەک بەر پەرچـی ئەو وتەیەی نـوری مـالیکی نەدرایەوە ئەوش ئەو پەنـدەی ئێرانییەکانمـان بـۆ مسـۆگەر دەکـات ئەویـش ئەو راسـتییەیە کە: "یەکێتـی و گۆڕان دژی سەربەخۆیین."

١٨ ئابی ٢٠١٨

## وولامێک بۆ نوسینەکەی:"بۆچی بارزانی ناچێتە تاران "؟

نوسەرەکەی یەکێتینیشتمانیی کوردستان سلێمان عەبدوڵا یونس بـابەتێکی لە ئەکاونتەکەی خۆی بڵاو کردۆتەوە کەبۆچی بارزانی ناچێتە تاران؟
لە سـەرەتا بەرێزیـان باسـی ئەوە دەکـات:" کە ئەگەر بـارزانی زانیـویەتی ئێرانییەکـان دژی ڕیفرانـدەم و دەوڵەتـی کـوردین و لەبەرئەوە ناچێـت بـۆ تـاران، کـارێکی بـاش ناکـات. چـونکە لەلایەکەوە باشـترە، بـارزانی بچێـت و بزانێت، ئەوان بۆچی دژن؟"
بـارزانی ئەوە تـازە نیـیە کە دەزانێـت بـۆچی ئێرانییەکـان دژی دەوڵەتـی کوردین و دژی ریفراندۆم و سەر بەخۆیین مەگەر خۆمان لە گێلی بدەین و نەزانـین کە ئاراسـتەی سیاسـەتەکانی ئێـران بە چ رێرەوێـک دا دەروات خـۆ ئەو قسـەی ئەمرۆی ئێران نییە کە دروسـت بـوونی کوردسـتانی سـەربەخۆ وەکـو ئیسـرائیلی دووەم لە قەڵەم دەدات. لە کاتێکـدا نوسـەر ئەو پرسـیارە دەکـات کە هەر دوێنـی بوو کە ٤٨ هـاولاتی کورد لە گرتووخـانەی رەجـایی شـاری کەرەج لە سـێدارە دران و لە رۆژانـی تـریش ٧ کەسـی تـر لە

گرتووخانەی دەریای ورمێ لە سێدارەدران سەرەڕای هەموو ئەو زوڵم و زۆرداریيەی کە لە ٤٠ ساڵی رابردوو لە سەردەکی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەبووە ، ئەوەی کە ئەلف و بێی سەرەتایی سیاسەت بزانیت هیچ کات ئەو پرسیارە ناکات . لە بەشێکی تری نوسینەکەی دا هاتووە:" گرنگە بچێت و لەتارانەوە بڵێت :ـ میللەتەکەم، خاوەنی مافی چارەنوسی خۆیەتی."

پەندێکی فارسی هەیە کە دەڵێت :"تۆ کە لالایی بلدی چرا خودت خوابت نمی برە."

دەتوانم بپرسم بۆچی وەفدی باڵای یەکێتی لە کاتی سەردانی کردنیان لە چەند رۆژی رابردوو بە ئێرانییەکانیان نەووتووە کە خاوەنی مافی چارەی خۆ نوسە ؟خۆ ئەوەشیعاری سەرەکی یەکێتینیشتمانییە. ئەگەر ئەوان هاونیشتمانیی ئەو ولاتەن دەبوایە ئەوان ئەو پرسەیان لە گەڵئەوان باس دەکرد خۆ پرسی ریفراندۆم تاییەت بە سەرۆک بارزانی و پارتی نییە بەڵکوو تاک تاکی ئەو نیشتمان لەو پرسە چارەنوس سازەدا هاوبەشن؟

ئەوەی کە باسی تورکەکان دەکرێت راستە سەردەمایەک تورکەکانیش دژی هەموو شتێک لە ئاڵای کوردستان بگرە تەنانەت ووشەی کوردیش بوون بەڵام ئەوەی کە شایەنی باس کردنە ئەوەیە کە سەرۆک بارزانی لە لای خۆیەوە هیچ ئاوانسێکی بە تورکەکان بە پێچەوانەی ئەوەی کە یەکێتی بە ئێرانی داوە ، نەی داوە هەر بۆیەش ئەوە ئەو جیاوازییە یە کە لە بەینی ئێران و یەکێتی و پارتی و تورکەکاندا هەیە.

وئەوە کە باس لە:" ستراتیژیەکەشی ( یەکێتی ) باشترین جۆری پەیوەندی هەمەچەشنی لەگەڵ ئێرانەکاندا بەئەرێنی ئەزموون کردووە"راستە ئەگەر سەرۆک بارزانیش لە ئێراندا دان بەوە بنێت کە لە گەڵ ریفراندۆم و سەربەخۆیی نین وکوردستانمان لە پێناو عێراقێکی یەکگرتوو دەوێت و رێگا بە کوردانی رۆژ هەڵاتیش نادەین چالاکی بنوینن و حوسێنییەیەکیش لە هەولێر دادەنین ،بێگومان هاوپەیمانیەتی پارتی لە گەڵ ئێران زۆر ستراتیژی تر دەبێت.

٢٠ ئابی ٢٠١٦

## پۆستی پارێزگاری سلێمانی لە نێوان بەڵێنەکانی نیلی و سەوزدا

بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کە لەنێوان یەکێتی و گۆڕان لەسەر چۆنییەتی بەڕێوەبردنی حکوومەتی خۆجێی سلێمانی،باس لەوە دەکات کە حکوومەتی بنکە فراوان لەگشت لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنی ٢٠١٤/٤/٣٠ پێکدەهێنرێت ، کەهەموو لایەنەکان بەپێی بەرکەوتی هەڵبژاردن بەشدار و هاوبەشن لەبەریوەبردنی پارێزگای سلێمانی،ئەوە یەکەم برگە بوو کە هەردوو هێزی یەکێتی و گۆڕان لە سەری ڕێککەوتبوون بەڵام ئەگەر سەرنجێک بە ژمارەکان بدەین باشتر راستییەکانمان بۆروون دەبێتەوە کە تاچەند دیموکراسییانەیە .

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەو شێوەیە بوو لە کە لە کۆی ٢١٢٩٨٢٤ کەس کەمافی دەنگدانی هەبوو ٨٨٦٨٤٠ کەس دەنگی داوە و گۆڕان بە٣٥٩٦٠٠ دەنگ و بە ڕێژەی ٤٠,٥٥% دەنگەکان، یێکەم و یەکێتی ٣١٨٧٢٣ ڕێژەی ٣٥,٩٤ % دەنگەکان دووەم دەنگی هێنابوو هەبۆیەش شایستەی هەڵبژاردن بە پێی سندۆقەکان دەبێت بزوتنەوەی گۆڕان بۆ هەر چوار ساڵ پارێزگاری سلێمانی بوایە ، بەڵام بە پێی ئەو ڕێککەوتنە ناشەرعییەی کە هەردوو لایەن ئەنجامیاندا کاندیدی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بۆ دوو ساڵ یەکەمی پۆستی پارێزگای سلێمانی بریتیە لە (د.ئاسۆ فەرەیدون علی ئەمین) کەلە بەرواری(٢٠١٤/١٢/١١) دەست بەکار دەبێت تا بەرواری(٢٠١٦/٨/٩)، و کاندیدی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ دوو ساڵی دووەم پۆستی پارێزگای سلێمانی بریتیە لە(د.هەڤاڵ ئەبوبەکر) کەلە بەرواری (٢٠١٦/٨/١٠) دەست بەکار دەبێت تا بەرواری (٢٠١٨/٤/٣٠ ).

بە لە بەر چاو گرتنی تەواوی ئەوانەی کە لە سەرەوە باسی لێوەکرا ،پرۆسەی دیموکراسی کە لە سندۆقەکانی دەنگدان بەڕێوەچوو هەر بە مردوویی لە دایکبوو، ئەوەی کە جێگای سرنجە بزوتنەوەی گۆڕان نەیتوانی ئەو شایستەیەی کە بە هۆی دەنگدەرانی بەدەست بهێنیت ،ڕۆڵی خۆی

بگێریت و باس لە پارێزگای سلێمانی بکات سەرەڕای ئەوە، نەوەک دوو ساڵ بەڵکوو دەبێت ٤ ساڵ پارێزگاری سلێمانی لە سەر بزوتنەوەی گۆڕان بوایە.

بەڵام ئەوەی کە زۆر ئەو دوو حیزبە مەبەستیانە، رای کردنی دەنگدەرانیانە نەوەک یاسایی بوون یان نایاسایی بوونی بابەتەکە، سەرەڕای ئەوەی کە یەکێتی نەیتوانی بەدەنگ رێژەی پێویست بە دەست بهێنیت بەڵام توانی ئەو وەعدە بە دەنگدەرانی بدات کە پۆستی پارێزگای سلێمانی بۆ یەکێتینیشتمانیی، بریتی دەبێت لە (د.ئاسۆ فەرەیدون علی ئەمین) و ئەوەی مسۆگەر کرد و دوو ساڵ بوو بە پارێزگاری سلێمانی، بەڵام ئەوەی تریان کە بەعسی بوونی هەڤاڵ ئەبوبەکرە کە ئەگەر بڕوای بە شیعارە بریقەدارەکانی بێت و چەواشەکردن و خۆڵ لە چاوی خەڵک کردن نەبێت، دەبێت رێگا بەوە نەدرێت کە هەڤال ئەبوبەکرببێت بە پارێزگار، چوون ئەو شیعارانەی هەموو کۆڵان و شەقامەکانی سلێمانی تەنیبوو:"سلێمانی زۆر لەوە گەورەترە کە هەڵوەریویێکی بەعسی پارێزگاری بێت".ئەنفاڵ و کیمیا بارانت لە بیر نەچیت نەوەک دەنگ بە کۆنەبەعسی بدەیت.

٢١ ئابی ٢٠١٦

## وڵامێک بۆ عەتا سەراوی: "دەوڵەتی کوردی هەر دروست دەبێت."

لە کاتێکدا کە ناوچەکە بەرەو گۆڕانکاری ریشەیی و گەورەدا تێپەر دەبێت و نەخشەی وڵاتانی دەوروبەر لە هەلومەرجی دژوار، بەرەوگۆڕانکاری و گۆڕینی دیمۆگرافیای گشتییەوە دەچیت و هەوڵی زۆر بۆ پەڵکێشانی مەزهەبی هەیە و دونیا بەتایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە دابەشبوون دایە ،ئیرادەی وڵاتان و دەسەلاتەکانیان وەکوو خۆی نەماوە ،چەندین گروپ و چەکداری مەزهەبی،هەرەشە لەسەر نەتەوەو نیشتمانیی کورد دەکەن، هەروەک بە درێژایی مێژوودا هەبووە .

لەبارەی دەوڵەتی کوردی کە پێچەوانەی دید و بۆچوونی ئێوە کە سەرچاوەیان هەمان ئەو هەرەشانەن کە زائیدەی فکری کۆنەپەرەستانە و

شۆفینێنی داگیرکەرانەیە کە زیاتر لە سەدەیەکە، سێبەری رەشی خۆی بە سەر نەتەوەی کورددا داکێشاوە، هەرچەندە کە بە پێچەوانەی جەنابتان رەسمی ئەدەب بەکار دەهێنم و لەو بارودۆخەدا خۆم لە سەر باسکردنی زۆرشتی مێژوویی دەپارێزم و تەنیا بەوە قەناعەت دەکەم کە بڵێم:

لە ئێستادا کە هەلێکی مێژوویی لە ئارادایە بۆ ئەوەی کە خەونەکان بێنەدی و ئەوزوڵم و زۆرداریـیەی کە کورد تێی کەوتووە قورتار بێت،دەبێت پشتگیری بکەین و لە بری تۆمەت بەخشین بە یەکتر کە بێگومان بە کردار ، ئەجندای دەرەرکی جێبەجێ دەکەین ، دەبێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی هەماهەنگ بین لەبەر ئەوەی کە ئێئیار کورد لە چوار پارچەی کوردستان بە گشتی و لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، سەرەڕای پێکەوە ژیانی ئایینی و نەتەوەیی، لە قۆناخی یەکەم کوردین و پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی خۆمان دەکەین و گومانی تێدا نییە کە ئێمە دەوڵەتی کوردیمان لە دڵی خۆماندا دروست کردووە ، و پێش ئەوەی کە لە سەر ئەرزی واقع بینای بکەین پشتگیری کردنی واجبێکی ئەخلاقی و نەتەوەییە و بۆ ئەو موهیمە کەس موزایدە بەسەر کەسەوە ناکات ئەوەش تایبەت بە کەسێک، یان لایەنێکی دیاریکراوە نییە و گرنگ نییە کە کێ دەیکات تەنانەت ئەگەر ئێوە جێبەجێکەری بن. هەروەک چۆن هەر گیان لەبەرێک بۆ زیندوو مانەوەی پێویستی بە ئاو هەیە،ئێئیار کوردیش زیاتر لە سەدەیەکە کە تێنووی دەوڵەتی کوردین هەر بۆیەش هەوڵدا و پشتگیری کردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، ئەرکێکی نیشتیمانی و واجبێکی شەرعییە. ئەو دەوڵەتە هەر دروست دەبێت و ئێوەش لەو دەوڵەتەدا وەکوو هەر کوردێک جێگاتان دەبێتەوە و شوناسی راستەقینەی خۆتان وەردەگرنەوە.کاتی ئەوە هاتووە کە لەبری ئەوەی لەمپەر لە سەر ئیرادەی خەڵکی کوردستان دروست بکەن و لە بری عەرەب و فارس شەڕی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی بکەن بۆ ئەو دروشمانەی کە هەڵتان گرتووە تێ بکۆشن ، چوون مێژوو رەش و سپی وەکو یەک تۆماردەکات.

٢١ ئابی ٢٠١٦

# چارەنووسیان هەڵوەڕینە

لە سەرەتاکانی دەستپێکی دامەزرانی بزوتنەوەی گۆڕان بە شێوەیەکی نهێنی دەستیان بە رێکخستنەکانیان کرد و لە رێگای دەزگا پرۆپاگەندەکانیان هەوڵی چەواشەکردن و گەوجاندنی خەڵکیاندا و خەڵکیش کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لەوەی کە لە سنووری پارێزگای سلێمانی هەبووە، ناڕازی بوون بە بێی ئەوەی بیر لە خەباتی رابردووی حیزبەکانی تر بکەنەوە پەنایان بۆ ئەو دروشمە بریقەدارانەوە برد ئەوەش بووە هۆی زیاتر بوونی رێژەی دەنگەکانیان بەڵام پێدەچێت کە ئەو رەوتە زۆر نەخایەنێت چوون ئەوەی کە ئەوان بناغەی ژیانی چەوتی سیاسی خۆیان لە سەر وێنا کرد بوو شاری خەیاڵی بوو کە بۆ هەموو کەسێک وەکوو سەرابێک دەهاتە پێش چاو بەڵام هەر لە پێناو ئەوەش لە ١٧ی شوبات لە بەر دەرکی سەرا کەسانی تر هەر بە فیتی ئەو تاقمە هەڵەکانیان دووبارە کردەوە کە ئەو کارەساتانەی رۆژە کانی تری بەدوای خۆی داهێنا. بەداخەوە کە شەهید بوونی نزیکەی ٨ کەس و بریندار بوونی سەدان هاوڵاتی و هێزی مەدەنی لێکەوتەوە لە لایەکی ترەوە دوبارە هەنێک مێر منداڵ و گەنجی سلێمانیان تاودا ، دیسان ئەوان بوونە بە سەری رمەکە لە تێکدان و وێران کردن و سرینەوەی لایەنی بەرانبەر ، پیلان لە دوای پیلان درێژەی کێشا تاوەکوو ١٩ ئاب و ٢٣ی حوزەیرانی لێکەوتەوە هۆکاری هەموو ئەمانە ئەو ئەساسە خەرابە بوو کە حیزبەکەیان لە سەر وێنا کرابوو هەر وەک لە پەندی شێعرێکیفارسی لە شێوەیپەند دا هاتووە :

چوون خشت اول بنهاد معمار کج
تا ثریا میرود دیوار کج

ئەوەش بە مانای ئەوە دێت کاتێک وەستای دیوار خشتی یەکەم لە سەر ئەساسی خانوەکە بە خواری دا بنێت ئەگەر ئەو دیوارە تاوەکوو ئاسمانیش بڕوات هەر بە خواری دەڕوات لە کۆتاییدا هەر دەروخێت هەر بۆیەش ئەمڕۆ دەرئەنجامی سیاسەتە چەوتەکانی خۆیانە کە چارەنوسیان هەڵوەرینە

ئەوەش دەقـی ئەو بـابەتەیە کە لە رۆژنامەیهاوکـاری لە سـەردەمی حیزبـی بەعس لە لایەن دکتۆر هەڤاڵ ئەبوبەکر نوسرابوو.

٢٢ ئابی ٢٠١٦

## کێ غـەدری لە هـەڤاڵەکەی گۆڕان کرد؟

ئەوە چەنـد یاسـایی یـان چەنـد سیاسـییە کە هەڤـاڵ ئەبـووبەکر ببێـتە پارێزگاری سلێمانی ؟رێگرییەکان چین؟چی وادەکات کە ئەو گومانـانە لە بە پارێزگار بوونی دروست ببن ؟ ئەو هەموو هاش و هوشە چییە؟

دەبێـــت یـــان نابێـــت؟ ئەوە ئەو پرســـیارانەن کە زۆربەی هەرە زۆری هاوڵاتیانی لە میدیاکانی بینراو،بیستراو، و هەمـوو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بە خـۆیەوە سـەرقاڵ کـردووە. ئەگەر لە رووی یاسـاییەوە لەو بـابەتە بـروانین ئەوەی کە پێـی دەوترێـت دیموکراسـی ولە دەرئەنجـامی دەنگـدان دێـتە بەو شێوە خوارەوە هاتووەیە:

ئەنجـامی هەڵبژاردنەکـان بەو شـێوەیە بـوو لە کە لە کـۆی ٢١٢٩٨٢٤ کەس کەمـافی دەنگـدانی هەبـوو ٨٨٦٨٤٠ کەس دەنگـی داوە و گـۆڕان بە٣٥٩٦٠٠ دەنـگ و بە رێـژەی ٤٠,٥٥% دەنگەکـان، یـێکەم و یەکێتـی ٣١٨٧٢٣ رێـژەی ٣٥,٩٤ % دەنگەکان دووەم دەنگی هێنابوو هەبۆیەش شایسـتەی هەڵبـژاردن بە پێی سندۆقەکان دەبێت بزوتنەوەی گۆڕان بۆ هەر چوار سـاڵ پارێزگـاری سلێمانی بوایە ، بەڵام بە پێی ئەو رێککەوتنە ناشـەرعییەی کە هەردوو لایەن ئەنجامیانـدا کاندیـدی یەکێتـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـۆ دوو سـاڵ یەکەمـی پۆسـتی پارێزگـای سـلێمانی بـریتیە لە (د.ئاسـۆ فەرەیـدون علـی ئەمـین) کەلە بەرواری(٢٠١٤/١٢/١١) دەسـت بەکـار دەبێـت تـا بەرواری(٢٠١٦/٨/٩)، و کاندیدی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ دوو ساڵی دووەم پۆستی پارێزگای سلێمانی بـریتیە لە(د.هەڤـاڵ ئەبـوبەکر) کەلە بەرواری (٢٠١٦/٨/١٠) دەسـت بەکـار دەبێت تا بەرواری (٢٠١٨/٤/٣٠ ).

بەڵام ئەوەی کە ڕێگری لە بەر پارێزگار بوونی بە شێوەیەکی سروشتی کردووە ،ئامێری هێز و نەبوونی باڵانس چ لە ڕووی دیموکراتی و چ لە روی هێزەوە لەپارێزگای سلێمانی بووە. بێدەنگی لایەنەکانی تریش ئەگەرێکی تر بووە ئەوەش گومانی بۆ ئەو پرۆسە دیموکراسییە دروست کردووە،لە بەر ئەوەی کە مەبەستی سەرەکی لە دەنگدان هەڵبژاردن و دەست نیشانکردنی ڕێژەی دەنگەکان بوو کاتێک کە ڕێژەکە دیاری کرا بەڵام دەنگدانەکە دەرهاویشتەی نەبوو ، لێرەدا گومانەکان لە پرۆسەی دیموکراسییەت دروست دەبێت لە لایەکی ترەوە بە یەک گەیشتن لە سەر چوار چیوەیەکی دیاریکراو و پشت گویٚ خستنی ٢٤٣ هەزار دەنگ بی کیفایەتی ئەو لایەن دەسەلمینیت کە نەیتوانی بە پشت بەستن بە ڕێژەی دەنگدەرانی خۆی، بوونی خۆی بچەسپینیت..

هەر وەک لە ڕێککەوتنائایار یەکێتی و بزوتنەوەی گۆڕان دا هاتووە: "حکوومەتی خۆجێی سلێمانی، حکوومەتێکی بنکە فراوانە لەگشت لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنی ٢٠١٤/٤/٣٠ پێکدەهێنرێت، کەهەموو لایەنەکان بەپێی بەرکەوتی هەڵبژاردن بەشدار و هاوبەشن لەبەریوەبردنی پارێزگای سلێمانی."

هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە پێشەڵکاری کراوە، ئەوەی کە لەبرگەی یەکەمی ڕێککەوتنامەکەدا هاتووە ئەگەر بەپێی شایستە بوون بێت، بزوتنەوەی گۆڕان شەیستەی پارێزگاری سلێمانی بۆ چوار ساڵە نەوەک دوو ساڵ ئەوەی کە جێگەی سەر سورمانە ئەو برگەیە (کەهەموو لایەنەکان بەپێی بەرکەوتی هەڵبژاردن بەشدار و هاوبەشن لەبەریوەبردنی پارێزگای سلێمانی )لە هەموو ئەو ژوورە یاسایی و دیپلۆماسییەی کە گۆڕان هەیەتی بە هەموو ئەندامەکانی چڤاتی نیشتمانیی و بە هەموو راوێژکارەکانیانەوە بە سەرۆکی بزوتنەوەشەوە، نەیان توانی شیکردنەوەیەکی تەندروست لەو برگەیەدا بکەن ، هەربۆیەش هەر لێرەوە گۆلی یەکەم لە بزوتنەوی گۆڕان کرا..

دووەم: هۆکاری سەرەکی خودی بزوتنەوەی گۆڕانە کە بە هەڵگرتنی دروشمی بریقەدار کە تەنیا بۆ گەوجاندنی دەنگدەرانی بۆ ئەوە کە لە دەستی

نەچیت هەروەها بۆ ئەوەی کە پێخۆرەک بۆ دەزگاکانی سێیبەر و بە ناو سەربەخۆی خۆی دروست بکات و بەو شێوەیە سواری شەپۆلی نارەزایەتییەکان ببێت.

ئەگەر بزوتنەوەی گۆڕان ،خۆی کێشەی یاسایی بۆ خۆی دروستدەکات، کاتێک کە بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆکی هەرێم بە تەواوی دەستەڵاتەکەی خۆی لەپۆستی خۆی دەمینیتەوەو تەواویی وڵاتان و نێردراوەکان، تەنانەت سەفیر و کۆنسولگەرییەکان وەکوو سەرۆکی هەرێم مامەڵە لە گەڵ ئەو دۆسییە دەکەن ئەوەش جێگەی هیچ مشتوومریک بۆ کەس ناهێلیتەوە.

و ئەوەش خۆی لە دوو بابەتی سیاسی و یاسایی دەبینیتەوە کە یە کەمیان دەر هاویشتەی ئەو پەیمانە سست و بێ بناغەیە بوو کە لە بەینی هەردوو لایەن گرێ درا و ئەوەی دووەمیشیان یاسایە ،ناکرێت ئەنجومەنی پارێزگا دەست نیشان بکرێت بە بێی ئەوەی کە مەرسومی هەرێمی بۆ دەربچیت کاتێک کە مەرسووم دەر نەچیت کەواتە نەبووە بە پارێزگار و ئەگەر نەش بێت بە پارێزگار کە واتە ناتوانیت دەستەلاتەکانی خۆی بۆ خوارەوە شۆر بکاتەوە.

٢٢ ئابی ٢٠١٦

## ڕێککەوتنە شکست خواردووەکان

ئەوەی کە بینیمان دو نمایشی گەورە لە چارەسەری و یەکگرتنەوەی هێزی دووەم و سێیەم بوو

یە کەمیان ، ڕێکەوتنی ٩ی دیسەمبەری ٢٠١٤ پاش ئاشکرا بوونی دەرنجامی هەڵبژاردن، یەکێتینیشتمانیی ئامادە نەبوو دان بە دەرنجامی هەڵبژاردنی ٢٠١٤/٤/٣٠ پارێزگاکان دا بنێت و پاش ٧ مانگ مشتومر و کۆبونەوە، ریککەوتنائیار دابەشکردنی پۆستەکانی پارێزگای سلێمانی و جێگرەکانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وارژوو کرا ، بەم

شێوەیەش کاندیدی یەکێتی بۆ دوو ساڵ یەکەمی پۆستی پارێزگای سلێمانی بریتیی بوو لە (د.ئاسۆ فەرەیدون علی ئەمین) کەلە بەرواری(٢٠١٤/١٢/١١) دەست بەکار بوو تا بەرواری(٢٠١٦/٨/٩)، کاندیدی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ دوو ساڵی دووەم پۆستی پارێزگای سلێمانی بریتی بوو لە(د.هەڤاڵ ئەبوبەکر) کەلە بەرواری (٢٠١٦/٨/١٠) دەست بەکار دەبێت تا بەرواری ( ٢٠١٨/٤/٣٠ )

ئەوەی دووەمیان ئەو رێککەوتنە بوو کە دوای شکستی سیاسی بزوتنەوە گۆڕان و دورکەوتنەوە لە گۆرەپانی سیاسی کە لە دوای کۆمەلێک گرفتی لە هێرش کردنە سەر بارەگاکانی پارتی بوو و پارتیش بڕیاری دا ئەو گرێبەستەی کە بۆ مەبەستی پێک هێنانی کابینەی نوێ و بەشداری بزوتنەوە گۆڕان لە بەینی هەردوو لایەن واژوو کرابوو کۆتایی پێ بهێنرێت ئەوە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە هەموو ئەو ناکۆکیانەی کە لە ناو باڵەکانی یەکێتی دروست ببوون بە هاوکاری لایەنەکی دەرەکی و بۆ یەرەنگار بوونەوەی پارتی بە ناوی یەکخستنەوەی ناو ماڵی کورد بە پشتگیری دەرەکی و پلانی هاوبەشی، ڕێکەوتی ١٧ ی مایسی لە ٢٠١٦ڕێککەوتنائایار یەکێتی و گۆڕان واژوو کرا،

هەر چەندە کە هەردوو پەیماننامەکە بۆ دەرباز بوون لەو کێشانە بوون کە هەردوو حیزب تێی کەوتبوون بەڵام ئەوەی کە لەچەند رۆژی رابردوو بینیمان، بە ئاشکرا بەشێک لە ئاماژەکانی لاوازی ڕێکەوتنی سیاسی نێوان یەکێتی و گۆڕان بەدی کرا. لاوازییەک دوای دوو ڕێکەوتنی سیاسی گەورە. ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ جیاوازی دیدگا لەمەڕ ئەو مەسەلانەی کە بە هەمووحیسابێک پێشتر یەکلا کراونەتەوە.

چوون بناغەی هەر دوو هاوپیمانەتییەکە لە سەر غەڵەت بینا کراوە هەر بۆیەش، رێککەوتنەکان داهاویشتەیان چی بێت،دەرهاویشتەشیان هەمان دەبێت.

٢٣ ئابی ٢٠١٦

## میدیای سێبەر،هەردەم لە گومان و خەیاڵدا

سەفەرە هەستیارە کەی بارزانی زۆری هەڵدەگرێت و لە توانای ئەو بابەتە کورتە توانای باس کردن لە بایەخەکەی نییە، تەنیا دەتوانم بڵێم بە هۆی تێکچوونی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و هەموو ئەو زەرەر و زیانانەی کە بە هۆی سیاسەتی چەوتی پە کە کە بەر خەڵکی سڤیل کەوت هەروەهاکودەتا سەر نەکەوتووەکەی گولەنەکان، کە کودەتا یەکی سەر بازی دژی شەرعییەت و هەموو پرەنسیبەکانی دیموکراسی بوو هەروەها لە یەک نزیک بوونەوەی تورکیا لە بەرەی روسیا و ئێران هەموو ئەو بابەتە هەستیارانەن کە خۆی لە خۆیدا گرنگییەکی یەکجار زۆر بە ئەو سەفەرەی سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیا دەدەن

هەموو ئەوانەی سەرەوە وای کردووە کە میدیاکانی جیهانی بە بایەخەوە باس لەو سەردانە بکەن و رۆڵی سەرۆک بارزانی لە هاوکێشە سیاسییەکانی رۆژ هەڵاتی ناوەراست بە گرنگییەوە باس بکەن

بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەش ،بە لە بەر چاو نەگرتنی بەرژەوەندییەباڵاکانی گەڵی کورد و تەنیا بە تێروانینێکی تەسک ئەویش لە چاویلکەی شک و گومان وەکوو هەموو جارێک هەوڵی بێ بایەخ نیشاندانی بابەتەکە دەکەن هەر چەندە کە ئەوانە تۆزقالێک لە گرنگی بابەتەکە کەم ناکاتەوە لە بەر ئەوەی ئەو دەمامکەی کە سالآنێک گرییان داوە لە چاویان کەوتووە و فارس گۆتەنی:" ئیتر خەنەکەیان رەنگی نییە " هەموو ئەوانەش دەرهاویشتەی ئەو کورت بینییەی تاقمەکەی بە ناو گۆڕانخوازەکانە کە ناتوانن ئەو هەموو سەر کەوتنانەی گەڵی کورد کە لە سەر دەستی بەرێز سەرۆک بارزانی دێتە کایەوە ببینن و هەموو شتەکان لەو دیدگایە دەبینن و بەس.

٢٣ ئابی ٢٠١٦

## هەوڵی ترسناکی هێرۆ ئیبراهیم

دوا بەدوای ئەوەی کە عادل موراد لە ڕێگای حکوومەتی عێراقەوە بۆ گوشار خستنە سەر پارتی بە موچەی فەرمانبەرانی قووتی خەڵکیان بری و ویستیان بەو شێوەیە وێنا بکەن کە حکوومەتی هەرێم بە تایبەتیش پارتی موچەی فەرمانبەران دابین ناکات بەو شێوەیەش لە سنووری نیلی وسەوز بە شێوەیەکی بەبڵاو خۆپیشاندان و مانگرتن لە دەوامی فەرمی کرا ئەوەش بۆ مەبەست فشار خستنە سەر حکوومەت بوو بە تایبەتی کە لەکاتی ئێستادا بەهۆی شایستەی هەڵبژاردنەکان حکوومەت لە لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەری دەچیت.

سەرەڕای کەمبونەوەی نرخی نەوت بۆ نیو ئەوندەی دوساڵ لەمەوبەر و شەری تیرۆریستانی داعش و هاتنی بە لێشاوی ئاوارەکان بۆ ناوهەرێم، کێشەکان رۆژ لە دوای رۆژ زیادی کرد و حکوومەتی هەرێم توشی قەیرانی دارایی هات سەرەڕای ئەوەی کە قەیرانی دارایی، تەنیا تایبەت بە حکوومەت هەرێم نەبوو بەڵکوو زۆرێک لەوڵاتانی ناوچەکەش بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان هەمان چارەنوسیان هەبوو.

لە دوای ئەو سیاسەتە چەوتەی مالیکی بە دوای ئەویشدا حکوومەتی حیدەر عەبادی هەمان سیاسەتە چەوتەکانی رابردووی خۆی پەیڕەو کرد و حکوومەتی هەرێمیش لە دوایین گرێبەستەکانی حکوومەتی هەرێمی پابەند بە ناردنی ٥٥٠ هەزار بەرمیل نەوت کرد ئەویش لە پێناو ناردنی بودجە و موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، کە ٢٥٠ هەزاربەرمیل لە حکوومەتی هەرێم و ٣٠٠ هەزار بەرمیلیش لەلە کێڵگەکانی بای حەسەن وهافانا لەرێگای بەندەری جەیحان هەنارده بکرێت، کە زیاتر لە نیوەی ئەو نەوتەی کە لە کەرکوک و کێڵگە نەوتییەکانی بای حەسەن و هاوانا هەناردەدەکران، بە هۆی هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر پێشمەرگەو کەرکووک وەستاوە.

ئەوەی کە ئامانجی ئەو بابەتەیە،ئەو زانیاریە مەترسیدارەیە کە یەکێتی بە دیاریکراویش هێرۆ ئیبراهیم داوای لە حەیدەر عەبادی کردووە بۆ ئەوەی کە هەناردە کردنی نەوتی کەرکوک رابگیرێت ئەویش بۆ مەبەستی گوشار خستن بۆ سەر پارتی دیموکراتی کوردستانە بۆ ئەوەی کە حکوومەت توانای پێدانی موچەی فەرمانبەرانی نەبێت ئەویش هەر وەکوو ئەوەی کە پێشتر لە لایەن بەرپرسێکی تری یەکێتی (عادڵ موراد) هەوڵی راگرتنی موچەی فەرمانبەران کرا.

سەرەڕای ئەوەی کە بە هەموو شێوەیەک حکوومەت داوای کردووە کە حیزبەکان بە هیچ شێوەیەک لە ئەو کارو بارانەی کە پەیوەندی بە هەناردە کردنی نەوت هەیە دەست تێوەردان نەکەن ئەویش دوای ئەوەی هات کە لە لایەن دەزگاکانی ئاسایش رێگری لە بە قاچاغ ناردنی نەوتی کەرکوک بە شێوەی تانکەری نەوت کرا.

٢٥ ئابی ٢٠١٦

## رۆڵی سەرۆک بارزانی لە گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆدا

ئەوەی کە لە دیدی هیچ کەسێک شاراوە نییە پێگەی سەرۆک بارزانی چ لە رووی کەسایەتییەوە و چ لە رووی دیپلۆماسییەوە شایەنی هەڵوێستە لە سەر کردنە لە کاتێکدا کە گەورەترین هێزی چەکداری بە درندە ترین شێوتزی تیرۆر و ترساندن رووی لە تەواوی وڵاتان جیهان تەنانەت رۆژئاواش کردووە سەر کردەیەک لە بەرەکانی شەر هەر لە ساترەکانی یەکەم لە شەری ئەو هێزەیە کە تەواوی دونیا لێی تۆقاون ئەوەی کە بویتە بایەخی تەواوی میدیا کانی جیهان ئامادەبوونی ئەو کەسایەتییە یە کە توانییویەتی بە پشت بە ستن بە هێزی پۆلایینی پێشمەرگە تیرۆر بوەستینێت لە لایەکی ترەوە وەکوو پێگەی دیپلۆماسی سەرۆک توانییویەتی زۆربەی هەرە زۆری کێشەکان لە عێراق و ناوچەکە یەک لا بکاتەوە تەنانەت هیچ کات نەبوتە بەرەیەک بۆ ئەوەی هاوکێشەیەک بگۆردرێت لە هەموو ئەوانە

جیاوازتر بە شێوەیەکی بەرچاو توانراوە ئەو ئاوارانەی کە کە لە هەموو لایکروویان لە کردستان کردووە بەشێوەیکی گونجاو سەرەڕای قەیرانی دارایی باوەشیان بۆ بکاتەوە بە تایبەتی کە پشتگیری کردنی گشت ئەدیان و مەزهەبەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئازاد مو ئادارەی دینی خۆیان بکەن بە بێی ئەوەی کێشەیان بۆ دروست بکەن هەموو ئەوانەو زۆ بابەتی تر توانراوە کە سەرۆک لە ئاستی نێودەوڵەتی وەکوو سەرۆکی وڵات هەڵسوکەوتی لە گەڵ بکرێت هەروەکوو لە رابردووش بینیمان کە لە ژێر ئەو سیاسەتە گونجاوە بووە کە کوردستان بۆیتە شوێنێکی گونجاو بۆ زۆربەی وڵاتان بۆ ئەوەی کە نوێنەرایەتی خۆیان لە کوردستان بکەنەوە لە هەموو ئەوانەش ئەگەر بترا زێین ئیستا هەڵگری دروشمی ئەو خەونەیە کە زیاتر لە ١٨٢٠٠٠ کەس لە پێناوی ئەنفال،و٨٠٠٠٠ بارزانی بیدیفاع،و ٥٠٠٠کەس لە هەلەبجە شەهید و ٤٥٠٠ گوند خاپوور کران و دانیشتوانیشیان لە ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان بە زۆر جێنشین کران، سەرۆک بارزانیئێستا مەلەفێکی بە هێزی پێیە بۆ ئەوە بتوانیت چارەنووسی ئەو گەلەی دەست نیشان بکات.

٢٥ ئابی ٢٠١٦

## شانۆگەرییەکی بێ سیناریۆ، لە پارێزگای سلێمانی

زۆر جاران کە باس لە سلێمانی دەکرێت،یەک سەر ،ووشەی شاعیر و ناودارانی پێشووی کوردمان دێتە بیر ئەو شارەی کە دەیان شاعیری گەورەی ئەو وڵاتەی لە هەمبێز گرتبوو سەرەڕای ئەوەش لە رووی خەباتی چەکداریشەوە لە شۆڕشە یەک لە دوای یەکێکان کوردی دا رۆڵ یان هەبووە بە لام ئەوەی کە جێگەی داخی ئێئایارە ئەو ململانییە حیزییەی ئێستا ژیانی لە دانیشتوانی ئەم دەڤەرە تاڵ کردووە،رۆژێک دهۆڵی یەک گرتنەوەی فلان حیزب وفیسار حیزب دەبیستریت،رۆژێک لە پێناو دەستکەوتێکی تەسکی مادی سیناریۆیەک بەرهەم دەهێنرێت کە نمونەکەی لە هالیودیش نەبینرابێت،ئەوەی لە ٢٤ کاتژمێری رابردوو لە بەردەم تەواوی

شاشـەکانی تەلەفزیـۆن بینـرا ئەبروچـوونێکی بە تەواو مانـا بـۆ کـورد لە قۆنـاخی یەکەم و لە قۆنـاخی دووەم بـۆ پەککەوتنـی ئەو وشـەیەیەی کە ساڵانێک هەندێک لە حیزبەکان نان وئاەی پێ دەخۆن ئەویش دیموکراسییە .

لەکاتێکدا کە هەردوو حیزبەکەی شانۆگەرییەکەیان بەڕێوە دەبرد لە بارەی ١٩ ئاب و ٢٣ی حوزەیران قسەی بن زارو سەر زارییان ئەوە بوو کە نابێت هەیمەنەی حیوب بە سەر کارەکانی حکوومەت دا زاڵ بێت ئەوەی کە لە ١٨ ئاب بە هۆی نایاسایی بوونی دەستاو دەست کردنی پرۆسەنایاساییەکەی دەکرا و هۆکارە یاساییەکان ڕێگر بوون بۆ ئەوەی کە پرۆسـەکە سـەر بگریـت کە چـی لە کۆبـونەوەیەکی بـاڵی دەسـت ڕۆیشـتووی یەکێتـی و نەوشیروان لە گەڵ هەردوو فراکسیۆنەکە ئەوەش چارەسەر کرا و لە بری باس لە برگە بە برگەکانی یاسایی بکرێت پرۆسـەی دیموکراسـی قوربانی ڕێککەوتنە سیاسـییەکەی گـۆڕان و یەکێتـی کـرا،لە لەیەکـی تـرەوە سـەیرو سـەمەرەی ئە وشـانۆگەرییەدابەش کردنـی دەسـتەلاتەکان لە بەینـی باڵەکانـدایە،هەموو ئەوانەش سـەڵمێنەری ئەو ڕاسـتییەن کە دابەش کردنـی پۆست و پلەو پایە ئەوەی کە زیاتر لە دووساڵە هەر دوو حیزبی گۆڕان و یەکێتی خەڵکیان پێوە سەر قاڵ کردووە جیا لەوەی کە بۆ بەدەست هاتنی دەستەڵاتی تەسکی حیزبییە ، هیچی ترنییە.

٢٥ ئابی ٢٠١٦

## ئەمجارەیان یەکێتی ئۆفساید

ئەوەی کە لە گەرمی هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە گۆڕان و یەکێتی بینیمان جیا لەوەی کە خۆڵ لە چاو کردنی خەڵکێکی ڕەش و ڕووت و تەزحییە دراو بوو هیچی تر نەبوو ئەو دەنگدەرانەی کە بە هیواو ئاواتەوە متمانەیان بە کەسانێک کرد کە ئەمڕۆ بە بینینی دەرنجامی دەنگەکانیان لێی پەشیمانن،ئەو زورناژەنانەی سەر شاشەکان کە گۆیی هەموو کەسێک یانکەر کردبوو،کە گـوایە لەمەودوا نەک مـوچە بـۆ کابـانی مـاڵ دەبـرنەوە بەڵکـو شـارێکی

خەیالیمان بۆ بەرهەم دە هێنن کە لە شەعرەکانی مەولانا مەولەویش ئەو شارە خەیالییە وێنا نەکرابێت،ئەوەی تریان لاف و گەزافی ئەوەی لێدەدا کە دەنگ بە هەڵەوەرێکی بەعس مەدەن،ئەوو هوتافانە هەموو کوچەو شەقامەکانی تەنیبوو ئەگەر لە سەر بەعسی بوون بوەستینەوە،وەکوو ئەوەی کە کاندیدی یەکێتی باسی دەکرد تەنانەت مەلا بەختیاریش لە یەکێک لە کۆرەکانیش کە ویدیۆ کەەی هەیە لە بارەی بەعسی بوونی هێرشی توندی دەکاتە سەر هەڤاڵ ئەبوبەکر،ئەگەر وەکوو ئەوەی کە یەکێتی باسی لێوەدەکات کە هەڤاڵ ئەبوبەکر بەعسی بێت و کەسیش نییە ئەو گرتە ویدیۆیانەی نەبینی بێت کە باس لە بەعسی بوونی ناوبراو نەکات بۆچی لە کۆبونەوەیەکی نەوشیروان مستەفا وهێرۆخان و هەردوو فراکسیۆنی یەکێتی وگۆڕان ،یەکسەر متمانەی پێبەخشرا؟ئەگەر بەعسی بوو بۆ شاری سلێمانیتان ئەوندە بچووک کرد کە بەعسییەک پارێزگاری بێت؟ئایا چیتان بۆ دایکی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی

کوردستان هەیە ؟چیتان بۆ نوگرەسەلمان و گەرمیان هەیە؟چیتان بۆ گیراوەکانی ئەمنە سورەکە هەیە؟

٢٦ ئابی ٢٠١٦

## سلێمانی لە نێوان باڵی دەست ڕۆیشتوو، دەست نەڕۆیشتوودا

بە جیابونەوەی گۆڕان لەیەکێتی، یەکێتی تووشی لێک ترازان و سەر لێشێواوی تەواو کرد تەنانەت ئەوانەی کە لەناو یەکێتیش مابونەوە بەجۆرێک لە جۆرەکان بێ متمانەیی لەخەبات لەناو ئەو حیزبەدا باڵی بەسەر دا کێشابوو بە تایبەتی کەدوای نەخۆش کەوتنی مام جەلال، دوبەرەکی و باڵ بالێنە زیاتر پەرەی سەند بە جۆرێک کە کاریگەری لە تەواوی جومگەکانی ئەو حیزبە کرد،لایەنێک دەستی بە سەر هەرچی داراییەکێتی داگرتووە کە بە باڵی دەست ڕۆیشتوو ناوزەد دەکرێت، و باڵەکەی تریشیان کە زۆربەی هەرە زۆری بەرپرسە سەربازییەکانی لە خۆی گرتووە. ئەو باڵ

باڵێنەش زیاتر لەهەموو جارێک لەسەر دانانی جێگرەوەیەک بۆ مام جەلال بەرجەستەبوو.

دوبەرەکی و باڵ باڵێن وای لە یەکێتی کردبوو سەرەڕای ئەندام بوونی جێگری سەرۆکی حکوومەت لە لیژنەی باڵای نەوت وگاز ،بۆ گوشار خستنە سەر لایەنی بەرانبەر، باس لە شەفاف نەبوونی داهاتی نەوت و گاز بکرێت، تەنانەت ئەو دوبەرەکییە وای کردبوو کە توانای گۆڕینی بەڕێوەبەرێکی ناحییە یان ئاسایش زۆر ئەستەم بوو،ئەوە نمونەیەک لە هەموو ئەو ململانێ یانە بوو کە رۆژانە بەدی دەکرا ئەو ململانییەش وای کرد گۆڕان سوودی لێ ببینیت و لەو پارێزگایە زۆرتریندەنگ بهینیت،

بزوتنەوەی گۆڕان کە لە ژیانی سیاسی لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان ێ ئابی کرابوو، بەسوود وەرگرتن لە لایەنی ئەقلیمی هەوڵی رێکخستنەوەی بە ناو نێو ماڵی کوردیاندا سەرەڕای ئەوەی کە پلانێکی تۆکئایار سرینەوەی لایەنێکی تر لەپشت ئەو یەکگرتنەوەبوو.

بەڵام ئەو پلانە نەیتوانی ئامانجەکەی بپێکیت لە بەر ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە رووی دیپلۆماسی و هێز لە بەر چاو نەگرتبوو هەر بۆیەش وای کرد کە ئەو هاوپەیمانەتییە لەو سنوورە زیاتر تێپەر نەکات.یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو هاوپیمانەتییە مەترسی لە تەسلیمکردنی پۆستی پارێزگاری سلێمانی و پۆستەکانی تر بوو هەر وەکوو چۆن بیری لێدەکرا، هەر واشی لێهات بەڵام ئەوەی کە مەبەستی ئەو بابەتەمان بوو رێککەوتن لە سەر پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاری سلێمانی بوو ،کە پرۆسەی دەستاودەست کردنی بە ناوئاشتیانەی توشی شلەژان کرد و بە کردار ئەو پرۆسەیەی سەرەڕای دیموکراسی نەبوونی، دوو ئەوندە نایاسایی کرد، لە لایەکی ترەوە بەرژەوندی گشتی بە قوربانی بەرژەوەندی باڵی دەست رۆیشتووی یەکێتی کرا و بەو شێوەیەش لە بری دەست نیشانکردنی ئەکرەم شەریف کە لە رووی دەنگ و شایستەتر بوو، کەسێکی تر لە باڵی دەست رۆیشتووی یەکێتی دەستنیشانکرا،

٢٧ ئابی ٢٠١٦

## گۆشتەکەی ناخۆم حەرامە،ئاوەکەی دەخۆم بەتامە

ئەوەی لەچەند رۆژی رابردوو لە پارێزگای سلێمانی بینرا ،شانۆگەرییەکی فــول کۆمیێــدی بــوو کە بە ســیناریۆیەکی حیزبــی لە دەرەوەی هەمــوو پرەنسیبێکی ئەخلاقی و یاساییبەڕێوە چوون بەڵام کاتێک کە باسی یاسا و پرەنسیبەکانی دەکرێت ئەوەی بن زمان وسەر زمانیانە یاسایە، کەچی بە رۆژی رووناک و لە بەرچاوی تەواوی میدیاکان بە ئاشکرایی یاسا پێشەڵ کرا ، پارێزگاری بێ تەوقیعی سلێمانی  چەندین جار ووتی:" هەڤالان بە هیچ شێوەیەک ئەمرۆ بۆچوونی ئەندامانی فراکسیۆنی یەکێتی و گۆڕان قبوڵ نەکات چونکە دوێنێ سەرکردایەتی نەوشێروان و هێرۆخان بڕیاریان لە سەر دراوە. "

ئەوەی کە بینرا خۆی حاکم و خۆی خەسمی دانیشتنەکە بوو و هەر خۆشی دەستی لەکار کێشایەوە وخۆشی بڕیاری لە بەخشینی خۆی خستە دەنگدانەوە،بێی ئەوەی کە دەرگای خۆپال ئابی  ن هەبێت و هیچ مەرجەعێکی چاودێری هەبێت، ئەوەی کە لە هەموو سەیرو سەمرەتر ئەوە بوو کە ئەکرەم شەریف جێگری پێشووی سەرۆکی ئەنجومەن دەستی لەکار نەکێشابویەوە و بەخشینی پێش کەش نەکردبوو کەچی جەنابی پارێزگاری نوێ ،کە دانیشتنە نایاساییەکەی بەڕێوە دەبرد بە ئەکرەم شەریفی ووت حیزب دەستی تۆی لە کار کێشاوەتەوە و ئەوەبووئێستا بە بێ‌دەست لەکار کێشانەوە دوو جێگری ئەنجومەنی پارێزگار هەیە،ئەوەش لە پێش چاوان دور نەبوو کە سەردار قادر وەکوو جێگری پارێزگار کارەکان بەڕێوە دەبات لەکاتێکدا کە ناوبراو بە دامەزراندن دانراوە نەوەک بە هەڵبژاردن و جێگر نابێت لە دەرەوەی براوەکانی ئەنجومەنی پارێزگا بێت .

بەڵام لە هەموو ئەوانەی سەرەوە پێکەنیناوی تر ئەوەیە پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ(٢٨/٨/٢٠١٦ ) جڤاتی نیشتیمانی بزوتنەوەی گۆڕان لە گردی زەرگەتە لە شاری سلێمانی کۆبونەوەی ئاسای خۆیان ئەنجامدا و هەر یەکە لە

"هەڤـاڵ ئەبـوبەکر" و "ئەنـوەر تـاهیر حمـدئەمین" بە بیـانووی ئەوەی کە هەردووکیـان پۆسـتی حکومیـان وەرگرتـووە، هەڤـاڵ ئەبـوبەکر وەکـو پارێزگاری سلێمانی و ئەنوەر تاهیریش وەک جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەست لە کار دەکێشنەوە. و دەڵێن: "نامانەوێت لە یەک کاتدا پۆستی حزبی و حکومیمان هەبێت."

ئەوەی کە جـێگەی پرسـیارە ئەوەیە خـۆ پێشـتریش هەردوکتـان پۆسـتی حکومیتان هەبووە ئەرێ خێرە تازە دست لەپۆستەحکومییەکانتان بەردەدەن خۆ شـانۆگەرییەکەی پارێزگـای سـلێمانی فـول حیزبی بـوو چـی لەوەزعەکە دەگۆریت کە دەست لەکار بەر بدەیت یان بەرنەدەیت ئەگەر حیزب بڕیاردەر نەبـوایە چـۆن بـوو لە کـون فیکـونەک هەمـوو پۆسـتەکان ئـاڵوگۆر کـران وتیبینیش لە مافی رەخنەو تەنانەت تێبینیشی نەبوو.ئەوەش ئاماژە بە ئەوە پەندەی پێشینیانە :" گۆشتەکەی ناخۆم حەرامە،ئاوەکەی دەخۆم بەتامە."

ئەو سـەیر و سـەمەرەی ئەو دیموکراسـییە بـوو کە لە شـانۆگەرییەکەی پارێزگـای سـلێمانی نمـایش کـرا بەڵام پرسـیارەک لە دوای ئەو شـانۆگەرییە دێتە پێش ئـاخۆ ئەو جارە لە روویـان دێت باسـی یاسـا و سـەروەر بوونی بکەن؟

٢٧ ئابی ٢٠١٦

## گەل بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات نەوەک حیزبەکان

هەر وەک سەرۆک بارزانی لە کۆنگرەی رۆژنامەوانی لە تورکیا باسی لێوە کرد گۆڕانکاری زۆر گەورە لە ئارادایە وئەوەی کە سەرۆک بارزانی جەختی لێوە کردووە و تاوەکو ئێستاش نۆزقالێک لە سیاسەتەکانی سەرۆک بارزانی بـۆ ریفرانـدۆم و سـەربەخۆیی گۆڕانکـاری بەسـەردا نەهـاتووە داخـوازی جەماوەری کوردستان بۆ گەیشتن بە سەر بەخۆییە ئەویش بە ئەنجامدانی ربفراندۆم و گەیشتن بە چارەسەرییەکی ئاشتیانە لە رێگای ووتوێژ لە گەڵ حکوومەتی بەغدا چارەسەر دەبێت

بەڵام پێدەچێت وەکوو هەموو جارێک تابوری پێنجەم دەوری نەرێنی خۆی ببینیت،تا پێدەچێت دەرهاویشتەنەرینییەکانی هەرسێ سەردانەکەی یەکێتی بۆ بەغدا و هاتنی مالیکی بۆ سلێمانی و رۆیشتنی وەفدەکەی یەکێتی بۆتاران ، زیاتر لە هەموو کاتێک ئاشکرا دەبن. ئەوە جاری یەکەم نییە کە لە زاری بەرپرسانی بەغدا باس لە هاورا نەبوونی هەندێک لە حیزبەکانی کوردی لە گەڵ ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکرێت، هەروەکوئەندامێکی دەوڵەتی یاسا باس لە هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ڕیفراندۆم دەکات و ڕای دەگەیەنێت: "حزبە کوردییەکان لەگەڵ ئەو هەنگاوەدا نین".پێشتریش."

شیرن رەزا ، پەرلەمانتاری بزوتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق بە پێگەی کەربەلا نیوزی راگەیاندبوو"بنەمای ڕێککەوتنی ئێمە و یەکێتی لەسەر لابردنی بارزانیە لە پۆستەکەی و راگرتنی دابەش کردنی عێراق و رێگریە لە دروست بوونی دەوڵەتی کوردستان لە هەرێمی کوردستانە."

ئاماژەی بۆئەوەشکردوە"ڕێککەوتنەکە لە ٢٥ مادە پێکهاتووە، بەڵام بنەمای ئەساسی ڕێککەوتنەکە رێگریە لە دروست بوونی دەوڵەتی کوردی و پارچەکردنی عێراقە کە بەلابردنی بارزانی لە پۆستەکەی دێتە دی.

پێشتر نووری مالیکی، سەرۆکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، لە میانی لێدوانێکیدا بۆ میدیاکانی ئێران و لە پاش سەردانەکەی بۆ سلێمانی، ڕای گەیاندبوو: "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان بە ئاراستەی سەربەخۆیی کوردستان نارۆن"

.بەڵام ئەوەی کە شاراوە نییە ،هەموو کەسێک خاوەنی ئیرادەی خۆیەتی کە بڕیار لە سەر چارە نووسی خۆی بدات نە حیزبە شکست خواردووەکانی کوردی نە تابووری پێنجەم ونە دەوڵەتی یاساناتوانیت بڕیار لە سەر چارەنوسی گەڵ بدات ، بەڵکو تاکە کەسێک کە ،چارەنووسی خۆی دیار بکات گەلی کوردستانە.

٢٨ ئابی ٢٠١٦

## پەکەکە لە سەر بنچینەی سەربەخۆیی دامەزرا ، بەڵام

پەکەکە هەڵگری دروشمی ئازادکردنی گەورەترین پارچەی کوردستان بە ئاواتی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەو کاتە دروست بوو کە خەڵکانێک لە پێناو بەدی هێنانی ئاواتەکانیان ئومێدیان لە سەر بناغەی ئەو حیزبەوە هەڵچنی بوو بەڵام هەر زوو کەوتە داوی سیاسەتی وڵاتانی ئەقلیمی و بە کن فەیەکونەک هەموو دروشمە لە بار برد، لەبەر ئەوە نەیتوانی و یان نەیویست بە شێوەیەکی سەردەمیانە و روحێکی شۆڕشگێرانە لە گەڵ ئەوکاتە بارگاوییانەدا خۆی بگونجێنیت ئەوەش سەڵمینەری ئەو راستییەیە کە ئومێد و ئارزووی ئەو بەشەی کوردستانی بە سیاسەتە چەوتەکانی خۆی لە بار برد. ئەوەی کە زۆر گرنگە هەر کات کوردستان پرۆژەیەکی نیشتمانیی هەبێت ، دژی دەوەستیتەوە ئەوش بێگومان سەرچاوەی بیری وشک وتۆتالیتاریسمی کۆماری ئیسلامییە.

هەر چەندە کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو توانرا بە سیاسەتی ئاشتی خوازانەی سەرۆک بارزانی بە شێوەیەک لە شێوەکان جۆرێک لە ئاشتی و سەقامگیری بۆ کوردستان بەدی بهێنرێت و بە پشتگیری سەرۆک بارزانی ئۆجەلان داخلی پرۆسەیەک کرا کە ئەگەر سیاسەتە هەڵەکانی قەندیل نەبوایە ئاراستەیەکی باشی وەر گرتبوو بەڵام پەکەکە بە رێنوینی هاوبەشەکەی خۆی سەقامگیری باکوری لە بەرژەوەندی خۆی نەزانی هەر بۆیەش کەوتە دژایەتی کردنی ئەو پرۆسەیە. بەڵام ئەوەی کە لە مێژوودا سەڵمێندراوە هەر کات کە دەوڵەتێکی ئیقلیمی دەستی لە پشت هەر بزوتنەوەیەک دا بێت بۆ لە بار بردنی هاوسەنگی و تێکدانی ئاسایش ە پێکەوە ژیانی بزوتنەوە ئازادیخوازەکان بووە و نموونەی ئاشکرای ئەو بابەتەش نەوشیروان مستەفایە کە سەرەڕای هەندێک لە ئەو گرژییانەی کە لە سنووری سلێمانی لە لایەن دۆست ولایەنگران و ئەندامانی گۆڕان، دروست کران بوون بە هۆکاری سرینەوەی خۆی لە پرۆسەی سیاسی کوردستان هەربۆیەش تا

زوویە دەبێت پەکەکەو پێکهاتەکانی بە سیاسەتە چەوتە کانی خۆیان دا بچنەوە و تەنیا هەڵگری دروشمێکی نەتەوەیی بن بە بێی ئەوەی کە ئەجندای دەرەکییان لە پشت بێت.وهەوڵی سرینەوەی هیچ کەسێک و لایەنێک نەدەن چوون لە کۆتاییدا هەر ئەو هێزانەن کە بە دادی یەکتر دەگەن نەوەک وڵاتە ئەقلیمییەکان.

٣٠ ئابی ٢٠١٦

## سەردانەکەی سەرۆک بارزانی لەو تەوقیتەدا

بارزانی لە کۆنگرە رۆژنامەنوسییەکەیدا لە پەرلەمانی تورکیا بە شێوەیەکی روون پەیامێکی راگەیاند، گۆڕانکاری زۆر گەورە بەڕێوەن،ئەوە لە کاتەک دایە کە سەد ساڵ بە سەر رێککەوتننامە سایکس و بیکۆ تێپەر دەکات، ئەو رێککەوتنە سەرەڕای ئەوەی کە هیچ دەرهاویشتەیەکی ئەرێنی بۆ وڵاتە دابەشکراوەکان نەبوو بە پێچەوانەی ئەوەش بووە هۆی دروستبوونی ناکۆکی زیاتر لە رۆژ هەلاتی ناوەراست لەوانەش هەر چوار پارچەی کوردستان بە تایبەتی کە لە رووی کارەساتی مرۆڤی و کوردستان و کوردەکان پشکی شێریان بەر کەوت بۆ نمونە کۆمەڵ کوژییەکانی باشووری کوردستان .ئەوە وەکوو ژێر خان و بناغەی تەواوی ئەو گۆڕانکاریانە ، لە لایەکی ترەوە سەر نەکەوتنی کودەتا ی عەسکەری بە سەر حکوومەتی شەرعی تورکیا و دروستکردنی هاوپیمانیەتی ئەو وڵاتە لە گەڵ روسییا بە تایبەتی کە روسیا بە پێی پەیمانی وەرشۆ راستەوخۆ لە بەرانبەر پەیمانی ئاتلانتیکی باکور(ناتۆ) دایە ، ئەوەش لە گەڵ پرەنسیبەکانی هاوپەیمانییەتی ناتۆ ناگونجێت لە لایەکی ترەوە دروستبوونی جەمسەری روسیاو تورکیا لە لایەک و ئەمریکاو سعودیەو هەندێک وڵاتی عەرەبی کەنداو لە لایەکی ترەوە هەمووو ئەو رووداوانە ناوچەکەیان بارگاویتر کردووە ، ئەوانە و زۆر هۆکاری تر گرنگی سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا وڵاتانی دەوروبەر زیاتر کردووە بە تایبەتی کە کوردستان بە نوێنەرایەتی تەواوی وڵاتانی جیهان شەری گەورەترین و پێشکەوتوترین گروپی تیرۆریستی لە جیهان دەکات و

سـەرەڕای هەمـوو ئەوانـش سـەرۆک بـارزانی وەکـوو فەرماندەی هێـزە چەکدارەکان وەکوو پێشمەرگەیەک راستەوخۆ سەرپەرەستی ئەو شـەرە دەکـات ، هەروەهـا رۆڵـی سـەرۆک بـارزانی لە بەڕێوێـوەبردنی پرۆسـەی ئاشـتی لە تورکیـا و کـاریگەری لە سـەر هەردوو لایەنـی نـاکۆک وای لە حکوومەتی تورکیـا کـرد کە ئۆجەلان وەکـوو کارەکتەرێـک بەشـداری لەو پرۆسەیەدا پێ بکات ، بەڵام ئەگەر سیاسـەتە چەوتەکانی قەندیل ئەویش لە ژێـر کـاریگەری وڵاتـانی ئەقلیمـی نەبـوایە پرۆسـەی ئاشـتی بە شـێوەیەکی شایستە تر ئامانجی خۆی دە پێکا.بەڵام بانگهێشت کردنی سـەرۆک بـارزانی ئەو جارەش وەکوو جارەکانی پێشـووتر بۆ مەبەستی سـەر لە نوێ دەست پێکردنەوەی ئەم پرۆسـەیە.

رۆڵـی سـەرۆک بـارزانی و قورسـایی سـەرۆک لە بڕیـاردان لە رابـردوو لە ئێسـتادا، وایکـرد، لەوڵاتێـک کە هەتـاکوو ئەم دوایەش بە هەمـوو شـێوەیەک تەنـانەت ووشـەی کـورد تـاوانێکی گەورە بـوو، بەڵام دەبینـین لە کـاتی پێشـوازی کـردن لە سـەرۆک بـارزانی بە ئـاڵای کوردسـتان و وەکـوو سـەرۆکێکی وڵات و دەوڵەت مـامەڵ لە گەڵ کوردسـتاندا دەکرێـت.ئەوەش نیشاندەری ئەو راستییەیە کە ئەگەر سەرۆک بارزانی بەشداریئەو هاوکێشـە سیاسییانە نەبێت ناتوانن بڕیار لە سەر ناوچەکەو گۆڕانکارییەکان بدەن.

هەر بۆیەش کاتی ئەوە هاتووە لایەنەکان رێز لە یەکتر بگرن و ریزەکانیان پتەوتـر بـکەن ئەگەر کێشـەکانیش چارەسـەر نـاکرێن دەکرێـت لەو کـاتە هەستیارەدا دوابخرێن.

٣١ ئابی ٢٠١٦

## شکستی بەرەی ئێران خواز بۆ هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک،

ئەوەی کە لە مـاوەی شـەش مـانگی رابـردوو بینیمـان بە جۆرێـک لە جۆرەکـان فشـار خستنە سـەر حکەومەتـی هەرێـم بـوو ئەویـش لە رێگـای راگرتنی هەناردە کردنی نەوتی کەرکوک بە تـایبەتی کێڵگەکانی نەوتی بـای

حەسـەن وهافانـا کە لە ڕێگـای بۆرییەکـانی نەوتـی (کوردسـتان- جەیهـان) جێبەجێ دەکرا ، بـۆ ئەوەی کە لە ڕێگـای رای گشـتی بـۆ سـەر حکوومەت گوشـار دروسـت بـکەن بـۆ ئەوەی حکـوومەت نەتوانیـت وەکـوو پێویسـت ئەرکەکانی رایی بکات و بەو شـێوەیەش لە ڕێگای مـانگرتنی فەرمـانبەران و خۆپێشاندانەکان ئەو سیناریۆیە زیاتر بەرجەستە بکرێت .سـەرەڕای هەمـوو ئەوانەش هەروەکوو بەڵێنش بە ئێران درابـوو لە پێنـاو پشـتگیری کـردن لە سیاسەتەکانی یەکێتی بۆ بەردەوام بونیـان لە دژایەتـی کـردن لە گەڵ پـارتی دیمـوکرات بەردەوام بێت هەرچەنـدە کە لە رابـردوو بە شـێوەیەکی بەرچـاو ئەو نارەزایەتییـانە درێژەیـان هەبـوو بەڵام نەبـوونە هۆکـاری حکـوومەت شکسـت بهێنیـت.لە بەر ئەوەی کە حکـوومەتی هەرێـم سـەرەڕای ئەوەی کە زیاتر لەیەک ملیۆن و سێ سـەد هەزار کەس ئـاوارەی لە هەمـوو شـوێنەکان کە روویـان لە هەرێمـی کوردسـتان کـردووە سـەرەڕای ئەوانەش خەرجـی شـەری داعش، بێگومان لە رووی دارایی بارگرانییەکی یەکجـار زۆر لە سـەر حکـوومەتی هەرێـم دروسـت کـردووە ولە سـەر هەمـوو ئەوانەش دابەزینـی نرخی نەوت بووە کە ئەوەش نەوەک لە کوردسـتان بەڵکوو لە سـەر ئاسـتی جیهـــان ئەو دابەزیـــنە هەبـــوو و تەواوی ئەو وڵاتـــانەی کە سیســـتەمی بەڕێوەبردنیـان لە سـەر مۆنۆپـۆلی بەڕێـوە چـووە ئەو قەیـرانە بەرۆکیـانی گرتووە.تەواوی ئەو بەکگراوندەیە کە هۆکار ی قەیرانی دارایی لە کوردستان بـووە و لە کـاتی ئێسـتادا بەرجەسـتە کردنـی کێشـەکان تەنیـا بۆمەبەسـتی گەوجاندنی رای گشتی بووە.

لە ئەنجامی دانووستاندنەکانی نێوان نێچیرڤان بـارزانی سـەرۆک وەزیرانـی هەرێمی کوردستان و، حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕێککەوتن لە سەرئەوەی رۆژانە ١٥٠ هەزار بەرمیلی نەوتی کێڵگەکانی بـابە گوڕگوڕ و خەبـــازە لەلایەن حکـــوومەتی هەرێمـــی کوردســـتان لە ڕێـــگەی هـــێڵە نەوتیـیەکەیەوە بنێـردرێتە بەنـدەری جەیهـانی تورکیـا، لەوێـش ٧٥ هەزار بەرمیل لەلایەن وەزارەتـی نەوتـی عێـراق و ٧٥ هەزار بەرمـیلەکەی دیکەش لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان بفرۆشرێت.

بەو پێـیە حکـوومەتی عێـراق پابەنـد دەبێـت بە پێـدانی مـووچەی ئەو فەرمـانبەرانەی کەرکـووک کە پێشـتر داویەتـی، حکـوومەتی هەرێمـی کوردستانیش مووچەی ئەو فەرمانبەرانەی کەرکووک و دەزگا ئەمنییەکان و پێشـمەرگەکانی کەرکـووک دەدات. ٧ هەزار و ٦٠٦ فەرمـانبەر و کارمەنـدی کەرکـووک مـووچە لە حکـوومەتی هەرێمـی کوردسـتان وەردەگـرن، جـگە لەوانەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە پارەی پترۆ دۆلار دەداتە کەرکـــووک، کە دەوروبەری ١٠ ملیـــۆن دۆلارە.ســـەرەڕای ئەوەی کە وەسـتاندنی نەوتـی کەرکـوک لە لایەن هێـرۆ ئیبـراهیم ئەحـمەد کێشـەیەکی یەکجـار زۆری بـۆ پارێزگـای کەرکـوک و مـوچەی فەرمـانبەرانی هەرێـم دروســت کــرد بەڵام پارێزگــاری کەرکــووک و بەرپرســانی کەرکــووک چەنـدجارێک رایانگەیانـدبوو کە ئەوان دەیانەوێت بـۆ خێرایـی پرۆسـەکە و شــەفافیەت، نەوتەکە لە رێــگەی بــۆڕی نەوتــی هەرێمــی کوردســتانەوە بفرۆشرێت هاوشێوەی پێشتر، نەک بە تانکەر و لە رێگەی ئێرانەوە.

٢ ئەیلولی ٢٠١٦

## ئەمجارەیان کیش مەلکی یەکێتی

لە نوسراوێکی تەنزدا ،بەرێزسلیمان یونس بە جۆرێک لە جۆرەکان وەکوو هەموو نوسراوەکانی پێشووی هێرشێکی ستەمکارانەی بۆ سـەر پارتی کرد کە تێیدا ئامژەی بە وتەیەکی بەرێز سـەرۆکی حکوومەت کردووە نێچیرڤان بارزانی وتی "پارتی لەنێوان خراپو خراپتر، خراپی هەڵبژارد."

باسی لەوە کردووە کە ئەو خەراپ هەڵبژاردنەی پارتی لە بەغدا بە خەراپ تر تۆلەی لێکرایەوە و گویا لە تۆڵەی سـەرۆکی پێشـووی پارلـمان گۆڕان و یەکێتــی ،تــۆڵەی لە ســەندنەوەی متمــانە لە هوشــیار زێبــاری لێـدەکاتەوە سەرەڕای ئەوەی کە ئەوە قیاس مع الفارق و دوو شتی جیاوازن کە لە گەڵ یەک بەراوەرد ناکرێن چوون لە کاتی سەندنەوەی متمانە لە هوشیارزێباری تەنیا پارتی وەکوو حیزب زەرەر مەند نابێت و زێباری تەنیا وەزیری دارایی

له بەغدا وەزیری پارتی نییە کە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی پارتی بجولێتەوە بەڵکوو لەو کاتەدا سەرەڕای وەزیری عێراق ،لە پێناو بەرژەوندییەکانی هەموو گەلی کوردستان دەبێت و ئەوەش کە خۆمان لە مالانیی بەغدا و لە چوارچیوەی ململانیی حیزبایەتی تەسک کۆ بکەینەوە ئەومان دێتە پێش کە هەیەئەوەی کە ئێمە نەمان گووت بە زمانی خۆتان دان بەوە دەنێن کە :" هاتنی نوری مالیکیو جەولە مەکۆکییە حزبیەکانی نێوان سلێمانیو بەغداو پرسی بانگهێشتکردنو ئەگەری لێسەندنەوەی متمانە لەبەشە حکوومەتی پارتی لەبەغدا، پێدەچێت کۆپیو پەیستی هەمان خراپو هەمان سیناریۆو هەمان کشمەلی ک بێت، لەلایەن گۆڕانەوە، لەدژی پارتیو دووبارەبوونەوەی میتۆدی هەڵبژاردنی هەمان ئەو خراپو سیناریۆیە بێت، کەپارتی لەهەولێر ڕچەشکێنی بوو، کاتێک یەکلایەنە، کشمەلیکی لەسەرۆکی پەرلەمانو وەزیرەکانی گۆڕان کرد."

بەڵام زیاتر لەوەش چاوەروانی زیاترتان لێ نەدەکرا هەموو ئەو ململانی وتارانەی هەندێک بە ناو قەڵەم بەدەست و بە ناو چاودێری یەکێتی ،یەکێتی بەو قۆناخە گەیاند.

٣١ ئابی ٢٠١٦

## ٣١ی ئابی پارتی، دەرئەنجامی ٢٨ی تەموزی یەکێتی بوو

٣١ی ئاب ئاوا دەستی پێکرد،مێژوو وەکو خۆی راستییەکان بخوێنەوە

هەموو ساڵێک لەو کات وساتەدا ،باس باسی ٣١ی ئابەو بە هەزاران جۆر تەفسیر وهێنان و بردنی بۆدەکرێت و هەموو میدیاکانی سێبەر و حیزبی تەنیا بۆ مەبەستی بە کار هێنانی کارت زۆر بە بێ ویژدانانە باس لەو رۆژە دەکەن و ئەو هەلە دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی درێژە بە قین و فکرە شۆڤێنیەکانیان بدەن.

لەو رۆژەوە کۆمەلێک قسەی مەتاتی کە سەرچاوەی لەو دژایەتی رۆژ و سەردەمی جەنگەوە دێتو ئەوەیکە ئێستا دەوترێت تێ گەیاندنی نەوەی نوێ نییە بەڵکوو درێژە دانە بەو فەلسەفەی کە سالانێک بۆ مەبەستی گەوجاندن

بە کار دەهێنرێت.٣١ی ئاب خاڵی یەک لایی کردنەوەی هێز بوو لە بە دەست هێنانەوەی هەموو ئەو خاکەی کە لە ژێر کاریگەری سوپای پاسدارانەوە کۆنترۆڵ کرابوو.و ئەوەی کە بە بەردەوامی زیاتر لە ٢٠ ساڵە کە باسی لێوە دەکرێت باسکردنێکی راستگۆیان نییە بەڵکوو راگەیاندنێکە کە لە بڵند گۆی بەرەی شکست خواردووی ٣١ ئابەوە دێتە دەرەوەو هەموو ئەوو وتەو قسە پر لە قینانەن کە سەرچاوەیان لە شەستەکانەوە دەست پێدەکات و تا ئەو کاتوو ساتەش درێژەی هەیە ئەویش بە بێی ئەوەی کە لێکۆلینەوەیەکی زانستیانە بۆ بکرێت.

بۆ ئەم مەبەستەش بە نیازین بە شێوەیەک لە شێوەکان شیکاریەکی نەک وەکوو ئەوەی کە تاوەکوو ئێستا شیکاری بۆ کراوە بیکەین بەڵکو پشت بە هەندەک بەڵگە نائایار بەشدار لەورۆژانەدا بکەین. سەرەتای باسەکەمان بەوە دەست پێدەکەین کاتێک کە کەسێک تووشی نەخۆشی دەبێت پزیشک بە دوای هۆکاری نەخۆشییەکەدەگەرێت بۆ ئەوەی بزانیت هۆکاری چی بووە بە زانیینی هۆکارەکەی دۆزینەوی چارەسەری ئاسانتر دەبێت و یان کاتێک کە وڵاتێک تووشی داتەپین و قەیران دەبێت بە دۆزینەوەی هۆکاری قەیران ،چارەسەر کردنی ئاسانتر دەبێت.

سەرەتا پرسیار دەکەین کە ٣١ی ئاب چۆن دەستی پێکرد؟ هۆکارەکان چی بوون؟چ پاڵ نەرێک لە پەنای ٣١ی ئابەوە بوون؟

تاوەکوو ئێستاشەوە وەکوو هەر کەسێک کە بەدوای گرژی نەبێت نەمویستووە هیچ شتێک لەو بارەیەوە باس بکەم بەڵام باشتر ئەوەیە کاتێک کە باسی بەرەیەک دەکرێت نابێت لایەنەکەی تریان فەرامۆش بکرێت هەر بۆیەش بە گەڕانەوە بۆ مێژووی شەستەکان و جیابوونەوەی بەرەیەک لە پارتی دیموکرات کە هەڵگیرسێنەری شەری ناوخۆیی بوو،ئەوەش وای کرد کە پارتی بە دووبەرە دابەش بکرێت پاش گەڕانەوەی ئەو بەرەی کە جیا بوویەو ە بە پێی ئەو تۆمارە دەنگییەی کە لە لای پارتی هەیە سەرکردەکانی ئەو جیابونەوەیە کە برایم ئەحمەد و هاورێیەکانی دەگریتەوە دانیان بە

هەڵکانیان و هەڵگیرساندنی شەری ناوخۆیی داناوە و ئەوەش یەکلا بوتەوە کە بەرەی جەلالی ئەو کات شەری دژی بەرەی مەلایی دەست پێکردووە.
دوای رێککەوتنە شوومەکەی ئەڵجەزایر بەینی شای ئێران و سەدام و نسکۆی شۆڕش ،دیسان ئەو بەرەیە کەوتنە خۆو و بە ناوی شورەشێکی نویَ لە دوو بەرەی جێاواز دەستیان بە ململانیَ کرد.و خەباتی خۆیان وەکوو بەدیلی پارتی لە گۆرەپانی سیاسی راگەیاند بە لەبەر چاو گرتنی نامیلکەکانی ئەو کاتی شۆڕش رق و قینی سیاسی ئەو کات بەرانبەر بە مەلاییەکان زیاتر لە هەموو کاتێک بەرجەستەتر دەبێت ئەوانەش وەکوو بەڵگەی مێژوویین کە پشتیان پێوە دەبەسترێت.
تاوەکوو راپەرین ئەنجامدرا و لە دەرەنجامی ئازادکردنی کوردستان یەکەم هەڵبژاردن ئەنجام درا بەڵام سندۆقە کانی دەنگدان کە سەرچاوەی دیموکراسییە کە دەکرێت پشتی پیَ ببەستی پارتی توانی زۆرینەی دەنگەکان بۆ خۆی مسۆگەر بکات بەڵام پارتی بە زانیینی رابردووی هێزی بەرانبەر ،دەرنجامی هەڵبژاردنی بەقوربانی نیشتمان کردوو و بە پەنجا بە پەنجای دەستەلات رازی بوو کە ئەو کات بە فیفتی بە فیفتی دەناسرا ئەو قەبوول نەکردنەی دەرنجامی هەڵبژاردن تاوەکوو ئەمڕۆش رەنگی داوەتەوە و لایەنی یەکێتی لە پارێزگای سلێمانی نەتیجەکەی قەبووڵ نەکرد.یەکێتی بەوە نەوەستا وهێزەکی زۆری خۆی لە ناو ئەو هێزانەی کە وەزارەتەکەی لە لایەن یەکەتییەوە بەڕێوە دەچوو گونجاند بوو و هەر لەو رێگایەشەوە پەلاماری بنکەو بارەگاکانی پارتی لە سلێمانی دا بەڵام پارتی زۆر محاولەی کرد بۆ ئەوەی کە شەر نەگاتە هەولێر تاوەکوو دەزگا شەرعییەکانی هەولێر هەرەشەیان بۆ دروست نەبێت کە بۆ یەکەم جار بوو لە مێژوو دەزگایەکی بەو شێوەیە لە رووی شەرعی ویاسایی بۆ یاسادانان بۆ کورد دروست ببێت بەڵام یەکێتی خۆی لیَ نەپاراست و هەر وەکوو باسی لێوە دەکرێت ئەو کات نەوشیروان مستەفاجێگری سکرتێری یەکێتی بوو گوتبووی:"هەولێر کوێی موقەدەسە تاوەکو شەری تێدا نەکرێت."

و هەمـــوو ئەو ئـــالییەتە ســـەربازییانەی کە لە ئێـــرانەوە وەرگرتبـــوو شـــەرعییەتی پەرلەمانیـــان خســـتە ژێـــر پۆســـتاڵەکانی پاســـداران و ئەو ئالییەتانەیـان لە سـەر پارڵمـانی کوردسـتان جێگیـر کـرد و تـاوەکوو ٣١ی ئابیش پارتی خۆی گرت بۆ ئەوەی کە هێزی عەسکەری لە هەولێر جێگیر نەکرێت ئەوەش تەنیا مەرجی پارتی بۆ ئاشتبونەوە بوو بەڵام بە جۆرێک یەکێتی مەغرور ببو ئامادە نەبوو کە هەولێر لە ژێر پۆستاڵی پاسداران چۆڵ بکات.

نەوەک هەولێر یان چۆڵ نەکرد بەڵکوو لە یۆبیلی زێرینی پارتی لە ١٦ی ئابی ١٩٩٦ مام جەلال نەفی عامی پارتی دەرکرد بۆ ئەوەی بۆ یەکجارەکی پـارتی لە گۆرەپـانی سیاسـەت بسـڕیتەوە ئەویشـبە پشـت بە سـتن بە سـەفقەیەکی سـەربازی کە لە نێـوان کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران و یەکێتینیشتمانیی کوردستان هەبوو بۆ ئەوەی کە دەرگا لە سەر چەکدارانی ئێـران بکـاتەوە بـۆ ئەوەی کە کۆمەڵکـوژی لە نـاو کەمپەکـانی ئـاوارەو ئۆپۆزۆسیۆنی ئێرانی لە کۆییە بکات وبۆ ئەو مەبەستەش ژن و منـاڵ و پیر و پەککەوتەکـانی لەو کەمپـانە کـردە ئامـانج و ئـاوارە کـران بە پێـی ڕێککەوتنەکەش بۆ یەکلا کردنەوەی شـەری نـاو خـۆیی ،ئەوە یەکەم هەنگـاو بوو.

وەکـو بەڵـگە، دووەمـین هەنگـاوی جێبەجێکردنـی ئەو ڕێککەوتـنەی نێـوان ئێران و یەکێتی، بە پەلاماردانی پارتی لەلایەن ئێران و یەکێتی یەوە دەست بەجێبەجێکردنی کرا، نەک هەر لە قوڵەکانی جەنگەوە، بەڵکو لە پشتیشـەوە، ئێـران بەهێـزی سـەربازی و بـۆ هاوکـاری یەکێتـی لە سـیدەکان و حـاجی ئۆمەرانەوە، پەلامـاری پارتیدا، پیلانەکە بەشـێوەیەک بـوو، کە پـارتی بەرەو نەمـان ببەن، ئەودەمـیش هێـزی کوردسـتان لەو ئاسـتەدا نەبـوو بەرەنگـاری وڵاتێکـی خـاوەن هێـزی وەکـو ئێـران بکـات، بـۆیە پـارتیش ناچـار بـوو، بیـر لەوەلام بکاتەوە بەهێزێکی هەمـان ئاسـت، خـاوەن هەمـان توانـای سـەربازی بەرگری لەخۆی بکات ڕووبەڕووی ئەو پیلانە بوەستێتەوە.و بۆ مەبەستی

زیاتر روونکردنەوەی بابەتەکە پشت بە یادداشتەکانی محەمەدی حاجی مەحمود کە ئەوکات یەکێک لە دژ بەرانی پارتی لە ٣١ی ئاب بوو و گرنگی بابەتەکەش لەوەدایە کە خۆی رووداوەکانی تۆمار کردووە.

پاڵنەرەکانی رووداوەکە

محەمەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، یەکێک لەسەرکردە سیاسی و چەکدارەکانی بەرەی دژ بەپارتی بوو، لە شەڕەکانی دژ بەپارتیدا پارتەکەی بەچەکداری و سیاسی بەشداری هەبووە، ئەو لەبەرگی چوارەمی کتێبی (رۆژژمێری پێشمەرگەیەک) کە بریتییە لە نوسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆی، باسی هۆکارەکانی رووداوی ٣١ی ئاب دەکات و نوسیویەتی""سەر لەبەیانی رۆژی ١٩٩٦/٧/٢٦ برادەرانی خۆمان ئاگاداریان کردم، کە سەیارەیەکی زۆر بەبارەوە لەمەریوان و قەسری شیرین و لەپەروێزخانەوە بەرەو سەر سنووری باشماغ و پێنجوێن و سەرسنووری پەروێزخان و بۆ سەر سنووری حاجی عمران خانە وەستان و قەرارگای حەمزە و قەرارگای رەمەزان و سوپای پاسدارانیان لەگەڵ دایە، رۆژی هەینیان دانابوو بۆ هاتنەناو هەرێمی کوردستان، کە سەر سنوورەکان چۆڵە و خەڵکی کەمتر لێیە. سەعات ١٢ی هەمان رۆژ گوتیان لۆریەکی زۆر بە بار و لاندگرۆز بە چادر داپۆشراون، تۆپ و کاتیۆشا و دۆشکا و زۆری تری لەسەرەو لەدەربەندیخان بەرەو عەربەت و سلێمانی و سەید سادق گەیشتنە ناو شار و لەشەستیەکەوە بۆ معەسکەر سەلام."

ئەو سەرکردە بەشدارەی شەڕی دژ بەپارتی، هەر لە بیرەوەرییەکانیدا، نایشاریێتەوە، کە زۆر نیگەڕان بووە، بەوەی رۆژی پێشتر لای مام جەلال بووە، بەڵام هیچی لا باس نەکردووەو نەیگوتووە، کە هێزی ئێرانی دێنن و ئێرانییەکانیش کە پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵی هەبووە هیچیان پێ نەوتووە.

محەمەدی حاجی مەحمود ئاشکرای دەکات، ئەو هێزانەی هاتبون بۆ لەناو بردنی پارتی و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سەربە کام یەکە سەربازییانە بوون، وەک ئەو نوسیویەتی هێزەکە بریتی بووە لەسوپای پاسداران و قەرارگای حەمزەی سەیدی شوهەدا، قەرارگای رەمەزان

بەقیادەی سەردار ئەحمەدی کازمی و لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە فەرەیدون عەبدولقادری ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەگەڵ بەرپرسانی هێزەکەی ئێراندا بووە "لەسەعات ٦ی سەرلەبەیانیەوە لەچیای هەیبەت سوڵتانەوە بەتۆپ و راجیمە لەبارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەشەقامی تەقتەق- کۆیە درا و هێزەکانی ئێران نوێنەری یەکێتیان لەگەڵ بوو لەسەر سنوورەوە سەیارەی یەکێتی لەپێشیانەوە بوو". دوای ئەوەی ئەو هێزەی ئێران لەبارەگاکانی دیموکراتی داو دوو سێ هەزار کەسی لەژن و منداڵی دیموکرات "بەپێی پەتی و شپرزەییەوە بەرەو هەولێر و بەردەمی (UN) و حەوت حزبەکەو ئەو ناوە دەڕۆیشتن. پاسداریش چووەتە ناو شاری کۆیەو کۆنترۆڵی کردووەو سەیتەرەی داناوە."

سکرتێری حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان، دوای ئاشکراکردنی یەکەم جەولەی جێبەجێکردنی رێککەوتنی نێوان ئێران و یەکێتی، کە پەلاماردانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، جێبەجێکردنی بەشی دووەمی رێککەوتنەکەش ئاشکرا دەکات، کە بریتییە لە پەلاماردانی پارتی و هەولێر لەناو بردنی.

هەر لەچوارچێوەی ئەو رێککەوتنەی یەکێتی، ئێران، ئەوکاتی لەشەوی ١٧/١٦ ی ئابی ١٩٩٦، کە پارتی لەئاهەنگی یۆبیلی زێرینی ٥٠ ساڵەی دامەزراندنی دەگێڕا، جێبەجێکردنی پیلانەکە بەهێرشکردنە سەر سەنگەرەکانی پارتی لەناوچەی چۆمان دەستی پێکردەوە، محەمەدی حاجی مەحمود لەبیرەوەرییەکانیدا نوسیویەتی "یەکێتی وای دەزانی دوو هەنگی لەدارێکدا دۆزیوەتەوە، لەگەڵ سوپای پاسداران و قەرارگای حەمزە و رەمەزاندا بەردەوام بوون، تۆپخانەی ئێران بەخەستی بۆردومانی هێزەکانی پارتی دەکرد، بەچاوساغی و رەسەدی یەکێتی لەحاجی عمران و چۆمان و دەوروبەری، بەدەیان پێشمەرگەی پارتی بوونە قوربانی شەڕی ناوخۆ، هێزی پارتی لەپەلوپۆ کەوتبوون". هەروەها دەڵێ "لە٨/٢٠ هەر لەسلێمانی بووم هێزی یەکێتی بە هاوکاری تۆپخانەی سوپای پاسداران حاجی عمران

و قەسری و خانەقا و چۆمان و گەلاڵە و دارسەلام تا نزیکی گەرووی عومەر ئاغایان لەپارتی پاک کردەوە و پارتی شکا و خۆی دانی بە ١٠٠ کوژراو دانا، بەڵام کوشتاری زۆر هەبوو، پارتی نەیدەتوانی لەبەردەم هێزی یەکێتی و تۆپخانەی ئێراندا راوەستێ و بەرەنگاری بکات."

وەک سکرتێری حزبی سۆسیالست لەبیرەوەرییەکانی تۆماری کردووە، یەکێتی ئەوکات، چاوەڕوانییەکی ناواقیعی هەبووە، کەپێی وابووە، سەرەڕای نزیککەوتنەوەی تەواوی لەئێران و هێنانی سوپای پاسداران، هێشتاش ئەمریکا پاسەوانیان دەکات و دەیانپارێزێت لەهەر هێرشێکی عێراق، ئەو نوسیویەتی کە پێش رۆژی ٣١ی ئاب، چەند جارێک بەکۆسرەت رەسوڵ و سەرکردایەتی یەکێتی گوتووە،مەترسی هاتنی سوپای عێراق دەکرێ، بەڵام ئەوان گوتوویانە ئەمریکا رێگا نادات و ئێمەش ١٧ هەزار پێشمەرگەمان هەیە."کاک کۆسرت گوتی تازە ئەمریکایەکانم دیوەو مام جەلالیش تەئکیدی کردووەتەوە ئەمریکا رێگا بەعێراق نادات و لێی دەدات، ئەوکات قازانجی خۆمانەو ئەگەر لێی بدات دەبابەکانی بەجێدەمێنێ". محەمەدی حاجی مەحمود، زیاتریش ئاشکرا دەکات و دەنوسێت"٨/٢٨ لەهەولێر لەمەکتەب سیاسی بوین وەفدێکی ئێران هاتبون وتیان وەزعەکە چۆنە وا پارتی شکاون و زۆر شوێنیان بەجێ هێشتووەو عێراقیش خۆی ئامادە کردووە بۆ پەلاماری هەولێر، منیش پێم ووتن راستە بەڵام ئێوە رەئیتان چییە؟ وتیان ئەگەر عێراق بێت دێتە هەولێر بەڵام بەبێ ئاگاداری ئەمریکا نایەت، چونکە ئەمریکا ئاگاداری یەکێتی کردووە ئەو جێگایانەی ئەو دوو سێ رۆژە لە ١٧ تا ١٨ گیراوە چۆلی بکەن، یەکێتیش پێناچێت چۆلی بکات". سکرتێری حزبی سۆسیالست وەک خۆی باسی دەکات، بەردەوام چاودێری پێشهاتەکانی کردووە، بۆیە دووبارە چووەتەوە لای کۆسرەت و لێی پرسیوە چ ئامادەکارییەکتان کردووە؟، ئەویش گوتوویەتی هێز ئامادەیە و ئەمریکا رێگە نادات هیچ بکات، "پاشان من رۆیشتمەوە کاک خورشیدم ناردەوە بۆ لای کاک کۆسرەت دەمویست تێ بگەم مقاوەمە تا کەی دەکرێت و تا کەی دەتوانرێت و پاشان بۆ کوێ دەکشێینەوە بڕیاری وا هەیە یان نە، بەڵام

بروسکەی مام جەلال بۆیان و تەئکیدی خۆیان ئەوەندە یەکێتی دڵنیا کردبوو، کە هەلیکۆپتەری ئەمریکا بێت لەمەکتەبی سیاسی یەکێتی هەڵیان بگرێت و بیانبات، ئەگەر کار گەیشتە ئەوەی عێراق بێتە ناو شار.”

لەبیرەوەرییەکانی ئەو سەرکردەدا ساتی داخلبوونی هێزەکانی عێراق بەهەولێر تۆمارکراوە، محەمەدی حاجی مەحمود دەڵێت، کە هێزەکانی عێراق و پارتی لەهەموو لایەک پێشڕەوییان دەکرد، “کاک خورشیدم ناردەوە لای کاک کۆسرەت گەڕایەوەو وتی کاک کۆسرەت لەوێ نەبوو، تەنها کاک سەعدی ئەحمەد پیرەو چەند پێشمەرگەی لەگەڵدا ماوە، کاک سەعدی کلاشینکۆفێکی پێبوو. کاک سەعدی لەگەڵیان چووە بۆ سەربانەکان گوتی وا دامەزراوین...وتمکارگەیشتەئەوەیکاکسەعدیلەسەربانبێتودامەزرابێتکلاشینکۆفیپێبێتبۆسوپایعێراقیباچاوەڕێنەبین،ئیترئەزانم چی بکەم خۆم بڕیار ئەدەم لەچارەنوسی خۆمان”. دوای ئەوە چیتر سکرتێری حزبی سۆسیالیست بڕوا بەوە ناکات، کە ئەمریکا لەسەر یەکێتی بەجواب بێت، بۆیە خۆی بۆ رۆیشتن ئامادە دەکات.

محەمەدی حاجی مەحمود ئەوەش ئاشکرا دەکات کە”یەکێتی وای دەزانی کە رێککەوتنی عێراق و پارتی بۆ هەموو کوردستانە، بەڵام راستییەکەی تەنها بۆ هەولێر بوو، بەڵام پارتی غرور بوو، یەکێتیش رووخا بوو”. دەشڵێت “ئەمریکا چرای سەوزی بەعێراق دا بۆ هەولێر و بۆ تەمێکردنی یەکێتی کە زۆر لەگەڵ ئێران نەڕوات”. زیاتر دەڵێ “یەکێتی لەغروری و گوێنەگرتن و حیسابی نادەقیق لەسەر ئەمریکا و تورکیا و ئەوانە وای دەزانی هەموو شتی کردووە، لەسەر خەیاڵ ئەژیا. هێنانی پاسداران غەڵەتی یەکێتی بوو، یەکێتی سەری لەسیاسەتی ناوچەکە دەرنەدەکرد.. هەر ئەمەش یەکێتی توشی ئەو کارەساتە کرد.”

سکرتێری حزبی سۆسیالست دیموکرات. ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئێران “دوای شکستی یەکێتیش هەر لەسەر خەت بووە”، دەشڵێت دوای ئەوەی کە لەگەڵ پارتی کۆدەبێتەوە، بەرپرسانی ئێرانی لەسنە لەگەڵی دادەنیشن و

نـاڕەزایی خۆیـان دەردەبـڕن، کە بـۆچی مـحەمەدی حـاجی مەحمـود، لەگەڵ پارتی دانیشتووە، من بەراستی زۆرم پێ ناخۆش بوو وتم کاکە ئێمە خۆمان بڕیاری خۆمان ئەدەین، وا ئێستاش دەگەڕێمەوە کوردستان نە دژی پارتی دەبم نە دژی یەکێتی". دوای ئەوە قەرارگای رەمەزان داوایان لێدەکەن بگەنە نەغەدە بۆ کۆبوونەوەو بەرپرسانی سنەش پێی دەڵێن "هەر چۆنێک بووە مام جەلال ببینە."

که لەنەغەدە بەرپرسـانی ئێرانـی دەبینـێ، پێـی دەڵـێن "هاوکـاریکردنی مـام جەلال، هاوکاریکردنی کۆماری ئیسـلامی ئێرانە" ئەوەش دەڵێت کە "یەکێتـی لەدوای راپەڕینی ئاداری ١٩٩١ەوە، لەسیاسـەتی ئیقلیمی سـەری دەرنەدەکرد، چونکە بەدەستی وڵاتانی ئیقلیمیەوە گیرۆدە ببوو.

ئەوانە هەمووی سـەلمێنەری چەندین بـابەتی گرنگن ئەویش بە لەبەر یەک دانەوەی هەردوو لایەنـی بـابەتەکە روون دەبێتەوە کە ٣١ی ئـاب دەسـتپێکی کارەساتەکە نییە بەڵکوو ٣١ی ئاب دەرئەنجامی ئەو سـەفقە سـەربازییەیە کە لە نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و یەکێتـی بـۆ شکسـت دانـی ئۆپۆزۆسـیۆنی رۆژهەڵات لە قۆنـاخی یەکەم و لە هەنگاوی دووەم شکسـت پێهینـانی پـارتی بووە.* زانیارییەکان وەرگیراون لە نوچە نێتەوە.

٢ ئەیلولی ٢٠١٦

## سەردانەکانی ئەوجارەی سەرۆک وئەرکی لایەنەکان

بەشـداری هێـزی پێشـمەرگە لە شـەری گەورەتـرین هێـزی تیرۆریسـتی لە جیهان ،و ئەو گورزە کوشندەییەی کە لە کوردسـتان لەپەیکەری داعش درا، پەیـامێکی ئاشـکرایە بـۆ تەواوی وڵاتـانی جیهـان بـۆ ئەوەی کە پێیـان بڵـێن ،هەڵگری پەیامێکین ئەویش تەنیا سـەربەخۆییە. ئەو خەونەوی کە سـەرۆک بارزانی و هەر تاکێکی کورد لەو کات و ساتەدا بۆ داهاتووی خۆی هەیە،

سەپەرەســتی و بەشــداری کردنــی راســتەوخۆی ســەرۆک بــارزانی لە بەرەکانی شـەر سـەرەڕای ئەوەی کە ئەو پەیائایـار زیـاتر لە هەمـوو جارێـک بەرجەسـتەتر کـرد بەڵکـوو ئەو ئاسـۆیەیەی بـۆ گەلـی کـورد رونتـر کـرد و

هەڵگری ئەو پەیامە بۆ جیهان بوو کە سەرەڕای ئەوەی کە کورد توانای خۆبەڕێوێوەبردنی هەیە لەهەمان کاتدا بۆ بەدەست هێنانی مافی راستەقینەی خۆی ئەویش سەر بەخۆییە گیانی خۆی بەخت دەکات تەنانەت سەرکردەکەی لە پێناو ئەو مافەدا پێشرەوەی کاروانی گیان بەخت کردنە و ئەوەی کە لەدونیادا نمونەی نەبووە ،پێشمەرگەوقارەمانەتییەکەیەتی کە توانیویەتی ئۆستوورەی داعش بشکێنێ.

سەرۆک بارزانی ئەوجارە زیاتر لە جاران هەوڵە دیپلۆماسییەکانی چڕتر کردوتەوە بۆ ئەوەی ئەو مەلەفە بەهێزەی کە بە دەستییەتی بە ئامانجی خۆی بگەیەنیت بە تایبەتی کە جیهان بەرەو بارودۆخ و کەشێکی زۆر هەستیاردا تێپەر دەکات لە لایەک شەری تیرۆر دابەش بوونی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە سەر چەند جەمسەری بەهێز و شەری نەوت و دتەپینی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان هەستیاری بابەتەکەی دوو ئەوندە کردووە چوون هەموو گرژییەکانی جیهان بە گشتی و رۆژ هەڵاتی ناوەراست لە پێناو بە دەەست هێنانی قازانجی زۆرترە و هەموو پیلانەکانیش چ لە رووی سیاسی و ئابوری و عەسکەری بەرەو ئەو ئاراستیە دەرۆن بە زانیننی ئەو هاوکێشەیە بۆ مان دەردەکەویت کە ئەو مەلەفەی کە ئێستاسەرۆک بارزانی هەڵگریەتی چەندە هەستیار و گرنگ و لە هەمان کاتدا چەند ئەستە.

بەڵام ئەوەی کە ئەو ئاسۆیە رونتر دەکات ،متمانەی نێودەوڵەتی بە کورد،شکاندنی هەیبەتی داعش،پێکەوە ژیانی هەموو نەتەوەکان،بواری نەوت و پێکهاتەکانی و ئەو دەرفەتەی لەو بوارە بۆوڵاتان دەرەخسیت و هێمنی و ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان هەموو ئەو هۆکارانەن کە کوردوەکوو ئالتر ناتیفێکی بەهێزلە ناوچەکە بناسرێت.

ئەرکی لایەنە کوردییەکان لەو کاتە هەستیارە دا زیاتر لە هەموو کاتێک بەدیار دەکەویت چوون دەبێت لە هەموو کات زیاتر یەکبن و یەکگر بن و هەمو هەوڵەکانیان بۆ یەکخستنەوەی نێو ماڵی کورد بێت ئەگەر لە کاتی

ئێستا هەوڵەکان بۆ سەر بەخۆیی بن بە پێچەوانەی ئەوەش هەوڵی وڵاتە ئەقلیمییەکان دژی ئەو پرۆسەیە دەبن.

٣ ئەیلولی ٢٠١٦

## چ عەجەبا! تاران و مالیکی هاتنە سەر خەت

ناکۆکی ناکۆکییە ،بۆ کورد لە ناو هەر حیزبەک لە کوردستانییەکان بێت، ناراستەوخۆ یان راستەوخۆ کاریگەری لە سەردۆزی کورد و ئەو هاوکێشە سیاسییەی کە کورد پێیدا تێپەر دەکات ، دەبێت. بەپێچەوانەی ئەو هەڵسوکەوتانەی کەچەند لایەنیک، لە بری کەش و هەوای سیاسی لە کوردستان ،تۆڵە لە لایەنێکیتر لە پاڵمانی عێراق بکەنەوە ،سەرەڕای هەموو ئەوانەش دەست پێش خەری پارتی بە گرنگ دەزانم کە لە یەکەم ساتەکانی بڵاو بونەوەی بڕیاری باڵێکی یەکێتینیشتمانیی کە بە ناوەندی بڕیار ناوزەد کرا بە ئەرینی دەزانم و ئەوەش هەنگاوێکی باشە،

بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەر سورمانە ،کۆماری ئیسلامی لە لایەک و مالکی لە لایەکی تر بۆ مەبەستی چارەسەری کێشەکانی ناوخۆی یەکێتی راستەوخۆ هاتنە سەر خەت و هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەکان دەدەن. سەەرای ئەوەی کە لە رووی ئەخلاقییەوە هەر کارێکی لەو جۆرە بە ئەرێنی دادەنرێت بەڵام چ عەجەبا کۆماری ئیسلامی و مالکی هەوڵی یارمەتی دانی ئەو ناکۆکییە دەدەن

ئەوەی پرسیارە ئەوەیە ئاخۆ ئەگەر حیزبێکی تر تووشی ئەو لێک ترازانە ببوو هەمان هەڵوێستیان دەبوو ؟ چوون ئەوەی مێژوی دەست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بزانیت بۆی روون دەبێتەوە کە ئەوە یەکەم جارە کە کۆماری ئیسلامی هەوڵی لەو جۆرە دەدات چون هەموو جارێک، هەوڵی کەرت بوون و دروست کردنی دوبەرەرکی و کەشێکی نائارامی رەخساندووە ئەویش بۆ ئەوەی کورد بە خۆیەوە سەر قاڵ بێت وکاتی ئەوەی نەبێتبڕیار لە سەر چارەی خۆنوسینی خۆی بدات بەهەمان شێوە ئەوە لە بارەی نوری مالکی و دەوڵەتی یاسا دروستە و پێویست بە روون

کـردنەوەی هەڵوێسـتەکانی لە بەرامـبەر بـوودجە و مـووچەی فەرمـانبەران وشایسـتەداراییەکانی هەرێـم و هێنـانی سـوپای دجـلە بـۆ دژایەتـی کـورد و مادەی ١٤٠ی دەستوور....هتد ناکات.

بەڵام ئەوەی بۆ ئێران و هاوپەیمـانەکەی گرنگە لاواز بـوونی بەرەی دژی سەربەخۆییە ،کە کار بۆ سەر نەگرتنی پرسـر ریفراندۆم وسـەر بەخۆیی لە کـاتی ئێسـتادا دەکەن، بە تـایبەتی کە لە یەکێـک لە بڕیـارە نۆخـاڵییە کـانی بەرەی ناوەندی بڕیـاری یەکێتـی دا ئەو خـالە هـاتووە ئەوەش کـاریگەری لە سەر باڵە دەستڕۆیشتووەکەی یەکێتی لە گەڵ ئێران و مالکی دەکات وهەموو ریسـەکانیان لێدەکات بە خوری.

٤ ئەیلولی ٢٠١٦

## شۆڕشی ئەیلول، شۆڕشی دایک بوو

ئەو شۆڕشـــە بە شـــێوەیەک دەســـتی پێکـــرد کە وەکـــوو شۆڕشـــێکی سەرتاســەری و نەتەوەیـی بـوو، ئەوەی کە زۆر گرنـگ بـوو شـەرەفی ئەو شۆڕشە بوو کە بەر پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەر کردایەتی بارزانی بـــاوک کەوت،ئەوە ئەو شۆڕشـــەیە کە هەتـــا هەتـــایە کـــورد شـــانازی بە دەسکەوتە ئەخلاقی و نەتەوەییەکانییەوە دەکات.

شۆڕشـی ئەیلـول ، نەتەنیـا شۆڕشـێک دژی نائومێدی بـوو لەهەمـان کاتـدا، شۆڕشـێک دژی دیکتـاتۆرییەت بـوو، ئەوەی کە زۆر گرنـگ بـوو شۆڕشـێک دژی هەمـوو ئەو داب و نەریـتە نەخـوازراوە بـوو کە لە ئەو سـەردەمەدا لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریـدا هەبوون ئەو شۆڕشـەی کە هەرتـاکێکی کوردی دروست کرد بۆ ئەوەی لە دونیایەک نائومێدی کە هەموو دەرگایەک بە سەر گەلی کورد داخرا بوو،متمانەیان بە خۆیانەوە هەبێت .

لەو شۆڕشەدا، گەنجان لە ئایدئۆلۆژیایەک پەروەردە کران کە لە بەرامـبەر خەڵکی تر هەست بە کەمایەتی نەکەن و بیسەلمێنن کە ئەوانیش هەن ئەوەش یەکێک لە گرنگترین دەستکەوتەکانی شۆڕشی کورد بوو.

شۆڕشی ئەیلول، شۆڕشی دایک بوو، بۆ تەواوی ئەو شۆڕشانەی کە لەدوای شۆڕشی ئەیلول دروست بوون شۆڕشێک کە لە نائومێدترین کاتەکان لەو سەردەم ئومێدی بۆ خەڵک گەڕاندەوە ،پاکی و سەداقەت و مەردایەتی ئەو دەستە واژانە بوون کە بەکردار لە تاک بە تاکی ئەکتەرەکانی ئەو شۆڕشە بە بچووک و گەورەدا بە دی دەکرا، بە درێژای شۆڕشی ئەیلول، کارێک نایاسایی بەدور لە هەموو دیسپلینێکی سەربازی و عەسکەری ئەنجام نەدرا، کەسێک نە لە دەرەوە و ناوەوە بە دور لە پرەنسیپەکانی ئەخلاقی و پرۆتۆکۆلەکانی نێودەوڵەتی تیرۆر نەکرا، لە هەمووی گرنگتر،بەحیکمەتی بارزانیی و هاوڕێیانی رێگە بە شەڕی دوو نەتەوەی کورد و عەرەبنەدرا، کە ئەمەش سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بوو.

حیکمەتی سەرکردایەتی شۆڕش لە دروشمەکەیدا بە دەردەکەوێ، کە دەڵێ:"دیموکراتی بۆ عێراق و ئەو سەردەمە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان". زۆر راستە، لە عێراق یا لە هەر وڵاتێک ئەگەر رژێمێکی دیموکراتی نەبێ، هیچ گرفتێکی ئەو وڵاتە چارەسەر ناکرێ.

ئەمڕۆش عێراق پێویستی بەو دیموکراتیە هەیە، چونکە ئەو دیموکراتیەی کە پێویستە، بەداخەوە هێشتا نەچەسپاوە، ئەو سەردەمە دروشمی مەرکەزی شۆڕشی ئەیلوول ئەوە بوو، دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، بەڵام دوای قوربانیدانێکی زۆر، چەند قوربانی ئێمە گەورەتر بوو، ئەوەندە داواکاری کورد زیاتر بوو، کە مافێکی سرووشتی ئێئایارە، بەڵام چۆن دەکرێت دوای ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکردنی هەرچی دێهاتی کوردستانە، هێشتا ئەمڕۆش کەسانێک هەبن پێیان وابێ، دەبێ کورد ئازاد نەبێ، دەبێ کورد خاوەنی بڕیاری خۆی نەبێ، بەڵام لەو یادە پیرۆزەدا بەداخەوە کە کەسانەک هەن کە هێشتا دەخوازن بە کۆیلەتی بمێننەوە.

٤ ئەیلولی ٢٠١٦

## سیاسەتی نەوتی هەرێم، هەنگاونانە بەرەو سەربەخۆیی

کورد لەهەموو کات دەستەمۆی سیاسەتی داگیرکەرانەی دوژمنەکانی بووە هەموو کات کورد وەکوو فاکتەرێکی زوڵم لێکراو هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە و رۆژێک لە رۆژانیش مەجالی ئەوەی پێ نەدراوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربخۆ بیربکاتەوە بەڵام دوا بەدوای ٢٠٠٣ حکوومەتی هەرێم توانی سیاسەتێکی دروست لەمەر ئەوەی کە لە رابردوو بەسەری هاتووە پێرەوی بکات، هەربۆیەش بە بەرنائایارەکی حەکیمانەو دیپلۆماسیەتەکی گونجاو هەوڵی دەرهێنان وبەبازار کردن و هەناردەکردنی نەوتی دا و هەر سێ قۆناخەکانی ئەو پرۆسەیە یەک لە دوای یەک بۆ کورد وەکوو یەکەم سیاسەت و یەکەم بیر کردنەوە لەو بوارە دا زۆر ئەستەم بوو بەڵام بەردەوام بوون لە ئەو سیاسەتە وای کرد کە سەرکەوتنەکان زیاتر بەدیار بکەون لەوانەش توانرا

کۆمپانیای "ئیکسن مۆبیل"ی ئەمەریکی ڕازی بکەن بۆ ئەوەی کاری بەرهەم هێنان بکەن سەرەرای ئەوەی کە لەو کاتە حکوومەتی ناوەندی بە هەموو شێوەیەک دژایەتی ئەو پرۆسەیەی کرد بەرپرسانی عێراق تەواوی هەوڵی خۆیان خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی کۆمپانیای "ئیکسن مۆبیل"ی ئەمەریکی ڕازی بکەن کارکردن لە هەرێمی کوردستان رابگرن و لە کێڵگەی نەوتی "وێست قورنە"ی ژمارە ١ی باشووری وڵات دەست بە کاری وەبەرهێنانی خۆی بکاتەوە .

بەڵام ئەوەی کە دڵخۆشکەر بوو بەرپرسانی ئیکسۆن مۆبیل پابەند بوونی خۆیان لە بەردەوام بوون بە پرۆتۆکۆلەکانیان.

هاتنی کۆمپانیای "ئیکسن مۆبیل" بۆ هەرێمی کوردستان کاریگەریی گەورەی لە سەر پێشکەوتنی کەرتی نەوتی هەرێم هەبوو، چونکە ئەو هەنگاوە وای کرد، چەندین کۆمپانیای گەورەی بواری لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی هەرێم ڕێککەوتن بۆ مەبەستی دەرهێنانی نەوت واژۆ بکەن،

لەوانەش کۆمپانیاکانی "تۆتاڵ"ـی فەرەنسا و "گازپرۆم نەفت"ی ڕووسیا و "چێڤرن"ی ئەمەریکا.

ئەوەی کە لە کاتی ئێستادا زۆر گرنگە ئەو دان پێدانانەی وڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوتە کە بویتە هۆکاری ئەوەی کە بە شێوەیەکی بەر فراوان روو لە کوردستان بکەن بۆ ئەوەی کە نەوتەکەی بەرهەم بهێنن، لەهەمان کاتدا ئەو سەردەمەش کۆتایی هات کە حکوومەتی ناوەندی لەرێگای خۆیەوە نەوتەکە هەناردە بکات بەڵکوو لە رێگای بەندەری جەیهان هەناردەبکات.

لە ئەنجامی دانووستاندنەکانی نێوان نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق رێککەوتن لە سەرئەوەی رۆژانە ١٥٠ هەزار بەرمیلی نەوتی کێڵگەکانی بابە گوڕگوڕ و خەبازە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی هێڵە نەوتییەکەیەوە بنێردرێتە بەندەری جەیهانی تورکیا، لەوێش ٧٥ هەزار بەرمیل لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراق و ٧٥ هەزار بەرمیلەکەی دیکەش لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان بفرۆشرێت.

حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش مووچەی ئەو فەرمانبەرانەی کەرکووک و دەزگا ئەمنییەکان و پێشمەرگەکانی کەرکووک دەدات. ٧ هەزار و ٦٠٦ فەرمانبەر و کارمەندی کەرکووک مووچە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن، جگە لەوانەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە پارەی پترۆ دۆلار دەداتە کەرکووک، کە ١٠ ملیۆن دۆلارە دەبێت .

ئەوەی کە جێگای سەرسورمانە، ئەو ناپاکییەیە کە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان کراوە. ئەویش ئەوداوایەیە کە لەلایەن هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدەوە بە نائاپارەکی تایبەتەوە ئاراستەی حەیدەر عەبادی کرا بوو بۆ ئەوەی نەوتی کەرکووک لەرێگای تانکەرەکانەوە هەناردەی ئێران بکرێت لەهەمان کاتدا ئەم پرۆسەیەرادەستی باڵە دەست رۆیشتووەکەی یەکێتیەوەبکرێت. سەرەڕای ئەوەی کە تێچووی ئەو پرۆسەیە زۆرترە و دەبێتە هۆکاری هەرزان فرۆشی نەوتەکە،لەهەمان کاتدا رەوانەکردنی هەزاران تانەکەری نەوت هۆکارێک بۆ تێکچوونی رێگاو بانەکانی کوردستاندەبێت و ئەوەش لە

ئێستادا بەهۆی قەیرانی دارایی ناتوانرێت بودجەیەکی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت.
ئەو پرۆسەیە سەرەڕای ئەوەی کە لە لایەن حەیدەر عبادییەوە رەد کرایەوە، لەهەمان کاتدا هێرۆ ئیبراهیم داوای وەستاندنی هەناردە کردنی نەوتی کرکوکی کردووە ئەوەش نزیکەی پێنج ملیارد دۆلار زیانی بە ئابوری کوردستان گەیاندووە وهۆکارێک بۆ بێبەش کردنی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی فەرمانبەران و پێشمەرگە بووە..
لە هەموو ئەوانەی کە لە سەرەوە باسی لێوە کرا بە جۆرێک دان پێدانانی نوتی کەرکووک بوو کە راستەوخۆ حکوومەتی هەرێم مامەڵەی لە سەر ئەو نەوتە لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی کرد ئەوەش بە یەکێک لە نیشانە هەرە گرنگەکانی هەنگاونان بەرەو سەر بەخۆیی کوردستانە.

٦ ئەیلولی ٢٠١٦

**نەوت، لە ئۆتۆنۆمی بۆ سەربەخۆیی**

هەرێمی کوردستان ئەو ناوچە ئارائایار کە هەموو دام و دەزگاکانی ئەمنی و ئاسایش لە هەوڵ و تەقەلا دان بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەک ئارامی کوردستان بپارێزن تەنانەت زۆر جار هاولاتی وەکوو ئەرکێکی نیشتمانیی و نەتەوەیی هەستی بە بەرپرسیارەتی کردووە و لە جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە رۆڵی کارای بینیوە ئەوەش وای کردووە کە هەرێمی کوردستان ،هەرێمێکی ئارام بێت هەر بۆیەش زۆربەی هەرە زۆری نوێنەرایەتی و قۆنسولییەی ولاتان لە هەرێمی کوردستاندا بونیان هەیە. ئارامی و ئاسایشی کوردستان
یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی هەرێمی کوردستانە کە هاندەری بوژانەوەی پیشەسازی نەوت بووە و هاندەری کۆمپانیا زەبەلاحەکان بووە بۆ ئەوە سەرمایەی خۆیان لە بواری نەوت ،دەرهێنان و هەناردە کردن و بە بازار کردنی بە کار بهێنن.ئەوەش گەورەترین ئەو جیاوازییەیە کە هەرێمی کوردستان لە گەڵ بەشەکانی تری عێراق هەیەتی.

دوا بەدوای ئەو سیاسەتە سەرکەوتووەی کە هەرێمی کوردستان لە بواری نەوتدا پەیڕەوی کردووە جۆرێک ئۆتۆنۆمی لە بواری نەوت و وزەدا دەستەبەر کراوە و ئەگەر لە داهاتووش کۆمپانیا زەبەلاحەکان لە کوردستان بکشێنەوە ئەو ژێرخانە دروست بووە و بەر دەوام دەبێت هەر چەندە کە واژۆو کردنی گەورەترین گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لە بواری دەرهێنان و هەناردەکردن بە تایبەتی لە گەڵ تورکیا گەورەترین سەرکەوتنی بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر کردووە سەرەڕای ئەو سیاسەتەی کە حکوومەتی هەرێم لە گەڵ عێراق هەیەتی ئەوەش گوزارشت لە سەربەخۆیی لە بواری نەوت ووزەدا دەکات.

هەرچەندە کە گەورەترین کۆمپانیاکان لە کاتی ئێستادا خەریکی وەبەرهێنانن ئەوەش وایکردووە کە کۆمپانیاکانی تریش بە پشت بەستن بە هەمان متمانە داواکاری کار کردن لە بواری نەوت و وزە بن.

ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوە بوو کە پێشتر نەوتی هەرێم لە رێگای بۆرییە نەوتییەکانی حکوومەتی مەرکەزی رەوانەی دەرەوە دەکرا و هەموو جارێکیش لە رێگای دابین نەکردنی شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی وەبەر هێنانی نەوت کێشە بۆ حکوومەتی هەرێم دروست دەکرا ئەوەش وای لە حکوومەتی هەرێم کرد بۆ ئەوەی کە دەریچەیەکی تر بۆ ئەو مەبەستە بدۆزیتەوە ئەویش هەناردە کردنی نەوتی هەرێم لە رێگای بەندەری جیهان بوو ئەوەش وای لە حکوومەتی هەرێم کرد بۆ ئەوەی کە بە ئیرادەیەکی تر پشت بە خۆی ببەستیت و چیتر چاوەروانی حکوومەتی مەرکەزی نەکات ئەوەش یەکێکی تر لە هەنگاوەکانی بەرەو پێشەو چوونی وەبەرهێنان لە بواری ووزە بوو.سەرەڕای ئەوەش هاوردە کردنی نەوتی پاڵ ئابی وو ئەگەر کە بە شێوەیەکی کەمتریش بێت خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی ترە بەرەو ئامانجی گەورە تر لەو بوارە دا.

لەو بارەوەش پسپۆڕێک دەڵێت:"کوردستان لە بواری نەوت و غازەوە گەیشتووەتە قۆناخێک کە چیدیکە ناگەڕێتەوە. چیدیکە حکوومەتی هەرێم پشتیوانی لە سیاسەتی مەرکەزیی بواری نەوت و غاز ناکات."

ئەوەی کە زۆر گرنگە و پێویستە لە سەری بوەستین ئەو گرێبەستانەن کە لە گەڵ حکوومەتی تورکیا واژوو کراون سەرەڕای ئەوەی کە ئەو گرێبەستانە بۆ هەناردە کردنی نەوتی کوردستانن زۆر بواری تریش لە خۆووە دەگریت لەوانەش بە بازار کردن و کار کردن بۆ دۆزینەوەی کێڵگەی نەوتی و دەرهێنان ئەوەش وای کردووە کە چیتر بۆ مەبەستی هاوردە کردنی نەوت حکوومەتی تورکیا پشت بە روسیا و ئێران نەبەستیت بە تایبەتی کە لە ماوەی رابردوو بە هۆی خستنە خوارەوەی بالا فرەکی روسییا لە لایەن تورکیاوە کێشە لە نێوانیان پەیدا بوو کە تاوەکوو ئێستاش پەیوەندییەکانیان وەکوو پێویست ئاساییەی نەبونەتەوە.

لەو دوایەش راگرتنی نەوتی کەرکووک لە لایەن لایەنێکی دیارکراوی ئایاردانی سیاسی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی کە نەیتوانی لەو قینەکۆنەیان بە راگرتنی نەوت بەردەوام بێت و توانرا لە رێگای حکوومەتی مەرکەزی بۆ مەبەستی هەناردە کردنی نەوتی کەرکووک دانوساندن بکرێت. ئەوەش مانایەکی زۆر گرنگی هەیە و لە میدیاکان وشرۆڤەکارانی سیاسی دان پێدانانە بە واقعی ئەمڕۆی کوردستان بە گشتی و کوردستانی بوونی شاری کەرکوک بە تایبەتی هەموو ئەوانەش بایەخی سەرکردەکانی کوردستان لە بارەی داهاتووی گەلەکەیان دەسەلمێنیت ئەوەش ئەو راستییە حاشا هەڵنەگرەیە، کە سیاسەتی نەوت بەرەو سەر بەخۆیی هەنگاو دەنیت.

٦ ئەیلولی ٢٠١٦

## بارزانی هەنگاوی زیاتر بۆ سەر بەخۆیی دەنی

لەو رۆژە مێژوویەی کە سەرۆک بارزانی پلانی خۆی بۆ سەر بەخۆی کوردستان راگەیاند، واتە لە ٨ی٥ی٢٠١٥ ،پانزە مانگ تێپەڕ دەکات، لە کۆبوونەوەی سەرۆک بارزانیدا، کۆی پێکهاتەکانی ژیانی سیاسی و پەرلەمانی و حوکمڕانی هەرێمی کوردستان لە ئاستی کەسانی یەکەم بەشداربوون.

سەرۆک بە بیرو باوەڕێکی پتەو پلانەکەی خۆی بۆ سەربەخۆیی ئاشکرا کرد، سەرۆک راشکاوانە داوای لەهەموو لایەنەکان کرد بۆ ئەوەی پارلمان و کۆمیسیۆن و لایەنەکان بەپەرۆشەوە بە پیر داواکەی بێن و هەر یەکەو ئەرکەکانیان جێبە جێ بکەن بۆ ئەوەی کار لەسەر ریفراندۆم و سەربەخۆییکوردستان بکرێت ، بۆئەم مەبەستەش ژووری عەملیاتی پێکهێنا بۆ ئەوەی هەر لایەنێک بە پێی پەیوەندی بە ئەرکەکەی خۆی هەڵسێت ئەوەی پەیوەندی بە یاسادانان و کارە تەکنیکیەکان و وتوویژ لە گەڵ وڵاتانی ئیقلیمی و ناوچەکە و دەوڵەتی ناوەندییەوە هەیە،ئەوە یەکەم هەنگاو دانانی بەردی بناغە بۆ سەربەخۆیی بوو..

بەهەستکردن بەو بابەتە گرنگەو، هەنگاوەکانی سەربەخۆی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرەو پێشەوە دەچن ئەوەش ئەو راستییەیەکە دەوڵەت وسەربەخۆیی بۆ کورد، دوو چەمکی حاشا هەڵنەگرن، لەهەمان کات بوونیان هەیە، هەروەک چۆن بە درێژایی مێژوو کورد بوونی هەبوو، بە کیمیا باران، ئەنفال، جینۆساید، تعریب و ترحیل و تفریس .... هتد لەناو نەچوو،لە بەر ئەوەی کە هەبوو، سەربەخۆیی وکوردیش ئەو دوو دەستەواژەیەن کە سەرەڕای ئەوەی کە بونیان هەیە،لە هەمان کات تەواو کەری یەکترن.

هەر چەندە کە ناکۆکی و بەربەست لەو رێگا سەخت و دژوارەدا دێنە پێش بەڵام لە کۆتا،ئەوە ئیرادەی پۆلاینی سەرۆکە کە بەپشتیوانی گەلەکەی تەواوی بەربەستەکان تێک دەشکێنیت. هەرچەندە کە ناکۆکییەکانی ناوەوە بە تایبەتی تابوری پێنجەم ،کە دەستی دەرەکی لە پشتەوەیە و بە چەندین شێواز ویستویانە کە ئەم پرۆسەیە لە بار ببەن و بە بیانووی جۆراوجۆر هەوڵی بە لاڕێدا بردنی گەلیان داوە و لەمپەریان لە بەردەم پرۆسەی سەربەخۆییدا دروست کردووە، بەڵام ئەوش دەبێت بوترێت هەر حیزب و لایەنەک، حەز بە سەربەخۆیی نەکات و پێی باش نییە، وحەزی بە کۆیلە بوونی داگیرکەرانە، کێشەی خۆیەتی چوون ئەوانەدەمامکیان کەوتووە و جەماوەر لە باوەڕی راستەقینەی خۆیان پاشگەز ناکاتەوە هەروەک، هەندێک لەو زۆلانە ویستیان لە ریگای کودەتا شوومەکەی رۆژی ٢٣ی حوزەیرانی

٢٠١٥ بە پشتگیری لایەنی دەرەکی و ئەقلیمی لەمپەر بۆ ئەم پرۆسەیە دروست بکەن بەڵام دەبی بزانن، ئەو پرۆسەیە دەستی پێکردووە و ناوەستیت و دەوڵەتی سەربەخۆش لەسەر دەستی سەرۆک بارزانی رادەگەینرێت.

٧ ئەیلولی ٢٠١٦

## منیش هەر دەم ووت:دەوڵەتمەدار حالّم بە حالّت نەبی

من لە بیر مە ئەگەر ئێوەش لە بیرتانە ئەوانەی کە وەکوو هەموو جارێک دەزگا چەواشەکارییەکانیان خست بوو خزمەت حیزبە دۆراوەکانیان، رۆژەک دەیان ووت: شەفافییەت لە نەوت نییە،ئەوەی تر دەی ووت نەوتەکە لەو مانگە ئەوندە رۆیشتووە ،ئەوەی تر بە حاسیبە شکاوەکەیەوە بە پێدانی ژمارە و داتای وەهمی بە شێوەیەک خەڵک یان چەواشە دەکرد کە من بە هەموو بیر وباوەڕمەوە گومانم دەکرد، منیش هەر دەمووت:دەوڵەتمەدار حالّم بە حالّت نەبی

ئەوەی تریان بە ناوی مافی مرۆڤ فرمێسکی تیمساحی دەرێشت و بۆ فەرمانبەران لە پشت شاشەی تەلەفزیۆنە بە ناو سەربەخۆیەکان دەگریا، ئەئایاران ناڵێم، هەر مەپرسە لە باڵی دەست رۆیشتووی یەکێتی لە شاشە سەوزەکەیەوە پرۆگرامی ئابووری پێدەفرۆشتین و دەوڵەتمەداری فێری سیاسەت و دەوڵەتبەڕێوەبردن دەکرد ،منیش هەر دەم ووت دەوڵەتمەدار حالّم بە حالّت نەبیٖ،

ئەوەی تر شیرینی نەوتی وەر دەگرت و لە سلێمانی هات و هاواری لە تەک ئۆپۆزۆسیون لیٚهەڵەستا،

ئەوەی تریان بە هێنانی فەرمانبەر بۆ سەر شەقام بای لە شەفاف نەبوونی پرۆسەی نەوت و وزەدەکرد،ئەوەی تریشیان لە هەمووی خەرابتر هانی گەنجە خێر لە خۆ نەدیوەکانی دەدا بۆ ئەوەی کە هجوومی سەر بنکەو بارەگاکانی پارتی بکەن منیش هەمیشە دەمگووت دەوڵەتمەدار حالّم بە حالّت

نەبی، بەڵام لە کۆتاییدا چۆن دەڵـێن تـاکوو هەتـا هەتـایی مانـگ لە پشـت هەورەکـان نامینیـت ،ئیتـر هۆکـاری هەمـوو ئەو چەواشـەکارییانە دەرکەوت ئیتـر پێویسـت بە پرسـیار ناکـات بەڵام کـوان حاسـیبە شـکاوەکە بـۆ ئەوەی نیشان بدات ئابوری هەرێم لەو سیاسـەتە چەوت و خەنـجەر لە پشـت لێدانە چەند منی هـاوڵاتی ، منـی فەرمـانبەر زەرەر مەنـد بوومە،هۆی مـافی مـرۆڤ هەموو رۆژێک لە پشت شاشەکەت فرمێسکت بۆ مـن هەڵە رێشـت ئیتـر ئەو جــارە کــاتی هــات بێــدەنگی بشــکێنەو ئەمجــارەش چــۆن هەمــوو جــار خەنجەرەکەت لە جەستەی بریندارى حکوومەت دەدا ئەو جارە یـان رووی خۆت بکە بۆ لای دادە.

٨ ئەیلولی ٢٠١٦

## ئایا جارەکی تر ئیران دەبێتە فریادرەسی یەکێتی نیشتمانیی؟

دوا بە دوای نەخـۆش کەوتنـی جەلال تالەبـانی ،سـکرتێری گشـتی یەکێتـی نیشتمان کوردستانی عێراق،کێشەکانی ناوخۆیی ئەو حیزبە لە چەندین کـاتی جیاواز ئەو حیزبەی بەرەو ئینشـقاق بـردووە تەنـانەت بـۆتە هـۆی ئەوەی کە بەر یەک کەوتنـی عەسـکەری روو بـدات ، بەڵام هەمـوو جـار بە شـێوەیەکی کـاتی سەرپۆشـێک لە سـەر کێشـەکۆنەکانی ئەو حیـزبە دانـراوە.دوای ئەوەی کە جەلال تالەبانی چوار ساڵ لەمەو بەر کاتێک کە سەرۆک کۆمـاری عێـراق بـوو و توشـی جەڵـتەی مێشـک هـات و بە هـاوکاری دکتـۆرەکـانی ئەڵمـانی لە مردن دەربازی بوو.لە کاتی نەخۆش بوونی ،

هێـزی قودسـی سـوپای پاسـداران ،بەر پرسـی یـارمەتی لە جێگیـر بـوونی یەکێتی نیشتمانیی و کەم کردنەوەی کێشەکانی ناو خۆیی ئەو حیـزبە بـوون، تا ئەندەازەیەکی زۆریش لە کاری خۆیاندا سـەر کەوتـوو بـوون.بەڵام لە گەڵ تێپەر بوونی کات، بەدیار کەوت کە ئێران تەنیـا سەرپۆشـێکی کـاتی لە سـەر کێشــەکانی یەکێتینیشــتمانیی دانــاوە چــوونکە لە کۆتــایی هەفــتەی رابــردوو دەورێکـی نـوێ لە کێشـەکانی ناوخۆییەکـانی ئەو حیـزبە بە بـڵاو کـردنەوەی بەیاننائایـارەک لە لایەن هەردوو جێگرەکـانی یەکێتینیشـتمانیی(دکتـۆر بەرهەم

صالح وکۆسرەت رەسول)سەریان هەڵداوە. بەرهەم صالح و کۆسرەت رەسول لە بارەی زۆرێک لە بابەتەکانی حیزبی دا جیاوازی راوو بۆچونیان هەیە و لە بەیاننائایارەکی بێ وێنەدا خۆیان بە میرات گرانی یەکێتینیشتمانیی ناوزەد کرد و لایەنی بەرامبەر یان کە بنەماڵی تاڵبانییە، بە گەندەلی،تاکرەوی و دیکتاتۆرییەت لە پارەو سامان و راگەیاندنی یەکێتینیشتمانیی تاوانبار کرد و رایان گەیاند :بە هۆی سیاسەتی تاکرەوانەی هێرۆ ئیبراهیم لە بڕیاردانی ناو حیزب ، ناوەندێک یان بە ناوی ((ناوەندی بڕیار)) دروست کردووە.کۆسرەت رەسول و بەرهەم صالح باس لەوە دەکەن کە سەرەڕای ئەوەی هەردوکیان جێگرەکانی یەکێتینیشتمانیین نە ئەوان و نە هیچ یەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هیچ ئەرکێکیان لە بڕیارەکانی ناو حیزب و بەڕێوێوەبردنی دا نییە ولە ئایاردانی بڕیاردان لە ناوحیزب بەکردار، لادراون و هێرۆ ئیبراهیم تاک لایەنانە بوتە بڕیاردەری ناو یەکێتینیشتمانیی.

ئەوە یەکەم جار نییە کە جێگرەکانی یەکێتینیشتمانیی بەیاننامە لە دژی هێرۆ ئیبراهیم دەردە کەن بەڵکوو ساڵی رابردووش لە بەیاننائایارەکدا بەخشینی خۆی لە پۆست جێگری تاڵەبانی راگەیاند و بەتورەیی لە عێراق دەرکەوت بەڵام ئەو جارەش بە هاوکاری ئێران و نەوشیروان مستەفا بۆ ناو مەکتەبی ساسی یەکێتی گەرایەوە.

ئەوەی کە بەیاننائایار ئەو جارە لە بەیاننامەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە خۆیان بە خاوەن و میرات گری ئەو حیزبە دەزانن بە شێوەیەک کە جێگرانی تاڵەبانی ئەوجارە نە زیور بوونە ونە خۆیان دورخستۆتەوە بەڵکو بە راگەیاندنی بەیاننامەکەیان لە رۆژی دواتر لە مەکتەبی سیاسی حیزب ئامادە بوون و دەستیان بەدەوامی ئاسایی خۆیان کرد.

راگەیاندنەکانی یەکێتینیشتمانیی کە لە ژێر چاودێری هاوسەری تالەبانی بوون نەوەک هەواڵی چالاکییەکانی ئەو حیزبە بەڵکوو بەیاننائایار ئەو دوو کەسەشیان بڵاو نەکردەوە و زیاتر لە دووساڵ دەبێت کە هەموو

راگەیاندنەکانی یەکێتی بایکۆتی هەواڵەکانی دکتۆر بەرهەم یان کردووە و چالاکی و چاوپێکەوتنەکانی بلاو ناکرێنەوە.
بەڵام لایەنی بەرامبەری کۆسرەت رەسول و بەرهەم صالحیش کە لە کاتی ئێستادا ،تەواوی دەستەڵاتەکانی دارایی و راگەیاندنی یەکێتی یان بەدەستەوەیە بێکار نەوەستان و لە رۆژی دواتر شەممە( لە سی سپتامبەر)کۆبونەوەی زۆرینەی مەکتەبی سیاسییان لە ماڵی جەلال تاڵەبانی پێک هێنا و لە بەیاننائایارەک دا، بەیاننائایار ناوەندی بڕیاریان رەد کردەوە و پێک هیچنانی ناوەندی بڕیاریان دژی پێرۆ پرۆگرامی حیزب ناوزەد کرد و ئەو ناوەندەیان بی بایەخ لە قەڵەم دا.
کێشە ناوخۆییەکان هەر زووئێرانی بۆ سلێمانی راکێشا ئەو جارەش وەکوو جارەکانی رابردوو ئێران بێ هەڵوێست نەبوو کۆماری ئیسلامی خێرا شاندێکی لە هێزەکانی سوپای قودس رەوانەی سلێمانی کرد بۆ ئەوەی جارێکی تر دوو لایەن بەرەو ئارامی بگەرێننەوە وهەڵی دووبارە بە یەک گەیشتنەوە برەخسیت .
ماڵپەری خەندان ،کە بە دەزگای هەواڵی بەرهەم صالح دەناسرێت بە شێک لەچاوپێکەوتنی شاندی ئێرانی لە گەیەکێتی بلاو کردوتەوە کە ئێران پێشنیاری ئەوەی کردووە کە یەکێتینیشتمانیی لە لایەن هەر دوولایەن بە شێوەی کۆنسە بە رێوە ببریت (هاوبەش)و هیچ لایەن لە رکەبەرەکان لەیەنەکەی ترلە بڕیاردان نەسرنەوە.
سەرچاوەیەک لە ژووری کوردستانی هێزی قودسی سوپای پاسداران بەماڵپەری فەرمی بەرهەم صاڵحی راگەیاندووە:"هەموو لایەنگرانی یەکێتینیشتمانیی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە بە هیچ شێوەیەک جیابونەوە لە یەکێتی روو نادات و یەکێتی بە هەمان شێوەی بەهێزییەوە بۆ ناو گۆرەپانی سیاسی دەگەرێتەوە."
ماڵپەری خەندان بە دوو هەواڵی جیاواز دانیشتنەکانی لە گەڵ شاندی ئێرانی بلاو کردۆتەوە کە لە هەردوو هەواڵەکە باس لە بەرێوەبردنی

یەکێتی بە شێوەی هاوبەش دەکات و هەروها لە هەردوو هەواڵەکە جەخت لە نەسرینەوەی هەردوو لایەنی رکابەر لە بڕیاردان لە ناو حیزب دەکات .

لە دیدوو بۆچوونی ئێران بەرهەم صالح سیاسەتمەداری نزیک لە ئەمریکایە هەر بۆیەش هیچ کات ئێران پشتگیری لە ناوبراو نەکردووە بە شێوەیەک کە کاتی دانای جێگرەوەیەک بۆ جەلال تاڵەبانی لە نێوان هەردوو بەربژێر بۆ ئەو پۆستە ،پشتگیری لە فواد مەعسووم کرد.بەڵام وا پێدەچێت کە دوای سەردانەکی دکتۆر بەرهەم صالح بۆ کۆماری ئیسلامی و وزیاتر لە دە چاوپێکەوتن لە گەڵ گەورە بەرپرسانی عەسکەری و دەوڵەتی ئێران جۆرەک گۆڕانکاری لە دید و بۆچونەکان بە نسبەت بەرهەم صالح روودابێت و جۆرەک لە پشتگیری پێوە دیارە.

ناکۆکی نێو خۆیەکانی یەکێتینیشتمانیی درێژەی هەیە و شاندی سوپای پاسداران هێشتا هەر لە سلێمانین بەڵام تاوەکوو ئێستا نەیان توانیوە لایەنەکان بۆ سەر مێزی گفتوگۆ کۆ بکەنەوە. لە کاتی ئێستا دا دیار نییە ئاخۆ ئەوجارەش ئێران دەبێتە نەجات بەخشی یەکێتی لەو کێشەی کە تێی کەوتووە یاخود جارێکی تر جیابونەوە لەو حیزبە روو دەدات.

(ئەو بابەتە لە ماڵپەری" ایران گلۆبال "بلاو کراوەتەوە بە هۆی گرنگی بابەتەکە بۆ زمانی کوردی وەرگیراوە)

٨ ئەیلولی ٢٠١٦

## گەر خەونمان سەربەخۆیی بوبێت ،ئێستا کاتییەتی

ئەوەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان و گۆرەپانی سیاسی روو دەدات لە دەستدانی کاتەو هیچی تر، رەنگە پرسیار ی ئەوە بێتە پێش کە هۆکاری دەستپێکردنی نوسینەکەم بۆ بەو شێوەیە بوو؟ وولامەکان زۆرن سەرەڕای ئەوەی کە پرسیارەکان زۆرترن بە لام ئەوەی لە کاتی ئێستا لە هەموویان گرنگترە، ئەوەیە کە رۆژ هەلاتی ناوەراست بارگاوی لە گۆڕانکارییەکانە، ئەو

گۆڕانکارییانەی کە پێدەچێت بە شێوەیەکی ئەوندە خێرا بەڕێوە بچن کە ئێمە لە کۆتایی ئەو کاروانەدا بمێنینەوە.

ولاتانی زڵ هێزی جیهان بۆ ئەوەی کە گرنگترین جەمسەری هێزیان بەربکەویت لەرکابەری دان ئەویش بۆ ئەوەی لەو رکابەرییانە زۆرترین بەرکەوتیان هەبێت ، ئەو گۆڕانکارییانە بە تایبەت لە نەخشاندنی سنوورەکان لە سوریا و لە عێراق رۆژ بەرۆژ خێراتر بەڕێوە دەچن ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو دوو ولاتە بە هۆی ناسەقامگیری لە رووی ئاسایش و باری ئابووری و مافی مرۆف تەنانەت لە رووی تائیفیشەوە دابەش بووە.

کورد هەموو کات بە هۆی بەرگری کردن لە خۆی و بە دی هێنانی مافەکانی لە سەدەی رابردوو ئەکتەرێکی بەهێز لە ناو ئەو کایە سیاسییانە بووە ، و لە کاتی ئێستاش لەشەری گەورەترین گروپی تیرۆریستی لە جیهان سەلماندی کە دەتوانیت بە تەنیا جەمسەرێک بێت و چیتر پێویستی بەوە نەبێت کە هاوپەیمانییەتی لە گەل هێزێک یان ولاتێک بکات هەر بۆیەش باشتر وایە دەرفەتەکان لە دەست نەدەین و سەربەخۆیی گەلەکەمان قوربانی ململانیی تەسکی حیزبی نەکەین و لە سەر ئەو بیرۆکەیە بەرەو یەک ئامانج هەنگاو بنێین ئەویش خەونی دێرینەی کورد، سەربەخۆییە.

٢١ ئەیلولی ٢٠١٦

## سەردانەکانی ئەوجارەی سەرۆک

بەشداری هێزی پێشمەرگە لە شەری گەورەترین هێزی تیرۆریستی لە جیهان ،و ئەو گورزە کوشندەییەی کە لە کوردستان لەپەیکەری داعش درا، پەیامێکی ئاشکرایە بۆ تەواوی ولاتانی جیهان بۆ ئەوەی کە پێیان بلێن ،هەلگری پەیامێکین ئەویش تەنیا سەربەخۆییە. ئەو خەونەوی کە سەرۆک بارزانی و هەر تاکێکی کورد لەو کات و ساتەدا بۆ داهاتووی خۆی هەیە،

سەپەرەستی و بەشداری کردنی راستەوخۆی سەرۆک بارزانی لە بەرەکانی شەر سەرەڕای ئەوەی کە ئەو پەیائایار زیاتر لە هەموو جارێک بەرجەستەتر کرد بەڵکوو ئەو ئاسۆیەیەی بۆ گەلی کورد رونتر کرد و

هەڵگری ئەو پەیامە بۆ جیهان بوو کە سەرەڕای ئەوەی کە کورد توانای خۆبەڕێوەبردنی هەیە لەهەمان کاتدا بۆ بەدەست هێنانی مافی راستەقینەی خۆی ئەویش سەر بەخۆییە گیانی خۆی بەخت دەکات تەنانەت سەرکردەکەی لە پێناو ئەو مافەدا پێشرەوەی کاروانی گیان بەخت کردنە و ئەوەی کە لەدونیادا نمونەی نەبووە ،پێشمەرگەوقارەمانەتییەکەیەتی کە توانیویەتی ئۆستوورەی داعش بشکێنێ.

سەرۆک بارزانی ئەوجارە زیاتر لە جاران هەوڵە دیپلۆماسییەکانی چڕتر کردوتەوە بۆ ئەوەی ئەو مەلەفە بەهێزەی کە بە دەستییەتی بە ئامانجی خۆی بگەیەنیت بە تایبەتی کە جیهان بەرەو بارودۆخ و کەشێکی زۆر هەستیاردا تێپەر دەکات لە لایەک شەری تیرۆر دابەش بوونی رۆژهەلاتی ناوەراست بە سەر چەند جەمسەری بەهێز و شەری نەوت و دتەپینی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان هەستیاری بابەتەکەی دوو ئەوندە کردووە چوون هەموو گرژییەکانی جیهان بە گشتی و رۆژ هەلاتی ناوەراست لە پێناو بە دەەست هێنانی قازانجی زۆرترە و هەموو پیلانەکانیش چ لە رووی سیاسی و ئابوری و عەسکەری بەرەو ئەو ئاراستیە دەرۆن بە زانیننی ئەو هاوکێشەیە بۆ مان دەردەکەویت کە ئەو مەلەفەی کە ئێستاسەرۆک بارزانی هەڵگریەتی چەندە هەستیار و گرنگ و لە هەمان کاتدا چەند ئەستە.

بەلام ئەوەی کە ئەو ئاسۆیە رونتر دەکات ،متمانەی نێودەوڵەتی بە کورد،شکاندنی هەیبەتی داعش،پێکەوە ژیانی هەموو نەتەوەکان،بواری نەوت و پێکهاتەکانی و ئەو دەرفەتەی لەو بوارە بۆولاتان دەرەخسیت و هێمنی و ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان هەموو ئەو هۆکارانەن کە کوردوەکوو ئالتر ناتیفێکی بەهێزلە ناوچەکە بناسرێت.

ئەرکی لایەنە کوردییەکان لەو کاتە هەستیارە دا زیاتر لە هەموو کاتێک بەدیار دەکەویت چوون دەبێت لە هەموو کات زیاتر یەکبن و یەکگر بن و هەمو هەوڵەکانیان بۆ یەکخستنەوەی نێو ماڵی کورد بێت ئەگەر لە کاتی

ئێستا هەوڵەکان بۆ سەر بەخۆیی بن بە پێچەوانەی ئەوەش هەولی ولاتە ئەقلیمییەکان دژی ئەو پرۆسەیە دەبن.

٢١ ئەیلولی ٢٠١٦

**وڵامێکی پوخت بۆ ئاریز عەبدوللا:دۆنی خۆتان لە ئێمە مەماڵن**

ئاریز عەبدوللا لە نوسینێکی رقناوی کە هەڵچونێکی بە ئاشکرای پێوە دیارە ململانێی ناو یەکێتینیشتمانیی راستەوخۆ بە پارتییەوە گرێداوە بە داخەوە ئەوەی کە لە ئێستاو رابردووش بینیمان یەک هەڵوێستی پارتی و سەرکردایەتییەکەی وایکرد بە شێوەیەکی راستەوخۆ بکەویتە ئامانج و بە هەمو شێوەیەک چ لە رێگای تۆمەت بەخشینەوە چ لە رێگای پیلان دار ێشتن، نەوەک ناو خۆیی بەڵکو ئیقلیمی و دەرەکی لە ٢٣ی حوزەیران و ١٩ی ئاب و تەنانەت لە شەری نەخوازراوی ناوخۆ هەولی بەچۆک دانانی پارتی بدەن، بەڵام راستی ئەو رێبازە پیرۆزەی کە پارتی هەیبووە، پیلانەکان سەریان نەگرتووە.

ئەوەی کە بە نوسینەکەی بەرێزیانەوە دیارە دورە لە هەموو جۆرە پرەنسیبێکی ئەخلاقی و سیاسی وئاشکرا کردنی ئەو رق و قینانەیە کە بە رانبەر بە پارتی و ئەو رێبازە پیرۆزەوە دیارە، ئەوەی کە لە راگەیاندنەکانی پارتییەوە دیار بووە بە هیچ شێوەیەک پشتگیری لە لایەنێک بە ناوی ناوەندی بڕیار و یان ئەوەی کە بە ناو زۆرینە ناو بردراوە نەبووە و بە هەموو شێوەیەک رێنمایی تەنانەت لایەنگران و میدیاکان کراوە بۆ ئەوەی کە کێشەو ململانیی ناو یەکێتی زیاتر نەبێت بە هەموو شێوەیەک دژی هەموو جۆرە لێدوان و شیکردنەوەیەکی سیاسی بوونە بۆ ئەوەی کە دۆخەکە لەوەی کە هەیە ئاڵۆزتر نەبێت.

ئەوەی کە لە ناو پارتی هەیە ئەگەر ئێوە ناوی کوێلایەتی دادەنێن بەڵام ئێمە باوەڕمان بەو پرەنسیب و ئەو رێبازە هەیە کە رێرەوی بارزان و شۆڕشەکانی بارزان بووە و ئەگەریش ناوی کوێلایەتی بێت بەڵی ئێمە باوەڕمان پێی هەیە و شانازی پێوە دەکەین .بەڵام پرسیارەکم لە بەرێزیان

هەیە ئایا داوا کردنی سەربەخۆیی کوێیلایەتییە وەکوو ئەوەی ناو یان لێناوە یان مانەوە لە گەڵ بەغدا و رازی بوون بە هەموو ئەو زوڵم و زۆردارییەی کە لە سەد ساڵی رابردوو لە بەرانبەر بە کورد کراوە.

ئەوەی کە بەردەوام بە دوای پیلان بووە ئەو شاندە گوماناوییانە بوونە کە لە بەینی سلێمانی و بەغدا و تاران لە ئارا دا بووە و ئەوەش رۆژ لە دوای رۆژ دەرهاویشتە نەرێنییەکانیان بەدیار دەکەویت ئەوانەی کە لە پێشووتر باسکرا و مانەوە لە گەڵ بەغدا وەکوو ئەوەی کە پێشتر رێککەوتنتان لە سەر کردووە داننان بە سلێمانی وەکوو هەرێمێکی سەر بەخۆ ودژایەتی دەوڵەتی کوردی و ریفراندۆم هەموو ئەو پرسە هەستیارانەن کە پیلانیان بۆ دارێژراوە

ئەگەریش کە دیوەکەی تری ئەو کێشمە کێشەدا باسی لێوە بکەین برگەو مادەکانی بڕیارەی کەی ناوەندی بڕیار بوو کە بە روونی کێشەکان دیارن و پێویست بەوە ناکات کە دۆنی خۆتان لە ئێمە نەماڵن.کورد گۆتەنی کەر لە کوێیە و کورتان لە کوێ کەوتووە.لە کۆتاییدا لە بری ئەوەی بەرێزیان خەریکی تۆمەت بەخشینەوە بێت هەوڵی یەکخستنەوەی ناو یەکێتی بن تاوەکوو ئارامی و سەقامگیری لە سلێمانی جێگیر بێت چوون خەڵکی سلێمانی نابێت تاوانی ملمڵانیی حیزبە کان و ناوخۆیان بدات.

٢١ ئەیلولی ٢٠١٦

## گەندەڵی یان تۆڵەی سیاسی

ئەوەی کە لە رۆژانی پێش جەژن دەستی پێکردوو لەو دوایەش درێژەی هەبوو لە درێژەی ئەو پیلان و ململانێیانە بوو کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە رووداوەکانی ١٩ی ئاب و ٢٣ی حوزەیرانەوە هەبوو چوون ئەوەی کە لەو دوو رێکەوتە روویاندا، هەوڵێک بۆ درێژەدان بەو سیاسەتە چەوتەی کە لە ١٨ی شوباتی ٢٠١٣ کە لە ژێر سیاسەتە چەوتەکانی بزوتنەوەی گۆڕانەوە بوو . ئەو ملمڵانێی و کێشانە ئەو کاتە گەیشتنە لوتکەی خۆیان کە سەرۆکی

هەرێمی کوردستان ویستی ژورێکی تایبەت بە راگەیاندنی سەر بەخۆیی و ریفراندۆم پێک بهێنیت، ئەوەش وایکرد کە وڵاتانی ئیقلیمی ، بە جولاندنی مۆرەکانیان لە گۆرەپانی ئاڵۆزی سیاسی هەوڵی پەکخستنی ئەو پرۆسە گرنگە بدەن بەڵام بە سیاسەت و دوربینی سەرۆک بارزانی تاوەکوو ئێستاش نەتوانراوە ئەو کاروانە بوەستێنرێت.

لە کاتێک کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەدیهاتنی خەونە دێرینەکەی کورد بە هەموو رێکارە یاسایی و دبپلۆماسییەکان لە دەرگای وڵاتان دەدات ، بەڵام لە ناو خۆی کوردستان هەوڵی پەکخەستن و سرینەوە و تۆڵە سەندنەوە هەیە.

لە کاتێکدا کە بە ئاشکرا و بە روونی لایەنێکی دیاری لە باڵەکانی یەکێتی لە سەر زاری خۆیانەوە هۆکاری برینی قووت و موچەی کوردستان بوون، بۆری نەوتی کوردستان لە گەرمیان دەتەقێنرێتەوە و زەرەر و زیانێکی زۆر لە داهات و ئابوری کوردستان دەدرێت، لە کوردستانی باکور یش بۆری نەوتی کوردستان تەقێنرایەوە ئەوجارەش کەس ئامادە نەبوو ئەو کردارە نابەجێیەی تیرۆریستان ئیدانە بکات، لەودوایەش لایەنێکی دیاری ناو یەکێتی کە بە گوێرەی ئەو نوسراوەی کە بڵاو کرایەوە و راستەوخۆ بڵاو کرایەوە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد راستەوخۆ لە راگرتنی نەوتی کەرکووک دەستی هەبووە ولە کێڵگەکانی هاڤانا و بایحەسەن لە رێگای تانکەرەکانەوە هەناردەی ئێران کردووە. ئەوە و هەموو ئەو کارە نایاساییانە بوون کە بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەرییان لە سەر بودجەو مووچەی فەرمانبەرانەوە هەبووە بەڵام هیچ کەسێک کە لە ناڕازییانی سەر بەخۆیی و مەحکووم بە کۆیلەیی حکوومەتی مەرکەزی لە دژی نەوەستاون، بەڵام بۆ مەبەستی تۆڵە سەندنەوە هەوڵی هاوکاری دوژمنانی سەربەخۆیی لە بەغدا دەدەن بۆ ئەوەی ئەو پرۆسە گرنگە بوەستێنن ، ئەوەی کە روون و ئاشکرایە تەنیا سەندنەوەی متمانە تۆڵەی سیاسییە و هیچی تر نییە.

٢٢ ئەیلولی ٢٠١٦

## هۆکاری قەیران لە کوردستان چییە؟

دەزگــا ســـێبەرو زورناژەنەکــانی عێــراق واز بە بەردەوامـــی هەوڵـــی چەواشەکردنی هاولاتیان دەدەن وەک ئەوە بێت کە هیچ دیوارەکیان پێ لە دیواری پارتی نزم تر نەدیت بێت هەر بۆیەش بۆ مەبەستی درێژەدان بە پرۆژەکانی پێشوویان هەوڵی گەوجاندنی خەڵک دەدەن لێرە و لەویباس لە قەیران دەکرێت ناشاردریتەوە کە قەیران هەیە بەڵام ئەوانی کە هەموو رۆژ ئەو بابەتە دەورژێنن بەلام خۆیان لە هۆکارەکان لادەدن ئاماژەیەکی زۆر روون و ئاشکرایە لە بەر ئەوەی کە بە مە بەست و بۆ بەدی هێنانی ئامانجە سیاسییەکانیان پەرە بەو گەوجاندنە دەدەن لە بری ئەوەی باس لە هەموو ئەو ئاوارانە بکرێت کە لە سوریا و عێراق و گشت ناوچەکانی وێران کراوی دەستی داعش بکرێت هەروەها بە بێی ئەوەی کە باس لە هۆکاری دا تەپینی نرخی نەوت لە سەر ئاستی جیهان بکەن بە بێی ئەوەی کە هاوکێشەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست لەیک بدەنەوە تەنیا ئەوە لە کاتێکدایە کە چەندین ساڵە کە نەوتی کەرکووک لە رێگەی تانکەرەکانی نەوت لە رێگای پارێزگای سـلێمانی رەوانەی کۆمــاری ئیســلامی دەکرێت،بـاس لە تەقانــدنی بۆرییەنەوتییەکانی گەرمیان و باکوری کوردستان ناکرێت باس لەوە ناکرێت کە داهاتی ناوخۆیی پارێزگای سلێمانی بۆ کوێ دەروات پێویستە فەرمان بەرانی حکوومەت لەو سنووره داوا لە پارێزگای سلێمانی بکرێت

ئەری داهاتەکەی سلێمانی بۆ کوێ دەروات ئەو جا بڕیار لە سەر ئەوە بدرێت کە هۆکاری قەیران لە کوردستان چییە.

٢٢ ئەیلولی ٢٠١٦

## کاروانی سەربەخۆیی ناوەستیت

ئەوەی کە لە ١٩ی ئـاب و ٢٣ی حـوزەیران کـاری بـۆ کـرا بە روکەش ،گۆڕانکاری لە سیستەمی هەرێمی کوردستان بوو بەڵام ئەگەر بە جدی تر

له بـابەته كه بـروانين دەبينـين كه كۆمـاری ئيسـلامی بـۆ درێـژەدان به سياسەتەكانی دژی سەربەخۆی خۆی خزانده ناو كايەكەيەو و لەو دوايەش كه كێشەكانی نێو باڵەكانی يەكێتی بەرجەسته تر بوون راستييەكان ز ياتر بەديار كەوتن و بێگومان ئەوەشيان دواترين يان نييه هەنگاوەكانی وەلانانی دكتـۆر رۆژ نـوريش هەنگـاوەكی تـری ئەو پيلانـانه بـوو بـۆ ئەوەی كه هەنگاوەكی تر بۆ مەبەستی لاواز كردنی پارتی له بەغدابێت.چوون ئەوەی كه ترسی سەرەكی كۆماری ئيسلامييه ئەو هەنگاوه ژيرانەيەيه كه سەرۆك بـارزانی بەرەو سـەربەخۆيی دەهاوێژێـت ئەوەش كۆمـاری ئيسـلامی دوو ئەونده توره كردووه و هەرەشـەكانی سـەلامی و رەزايی سـەلمێنەری ئەو راستييانەن.

پيلانەكەی تری كۆماری ئيسلامی ئێران له رێگەی هاندانی حيزبەكان بوو بۆ ئەوەی كه پارتی بەرەو گۆشـەگيری و ببـات و پـيلانەكەی تريشـيان كه درێژه پێدەری هەمان پيلانەكانی ١٩ی ئاب و ٢٣ی حوزەيرانی كوردستانه بـۆ ئەوەی ئێـران ئەو پـيلانه له پەرلەمـانی عێـراق له رێـگەی فراكسـيۆنی دەوڵەتـی ياسـا به سـەرۆكايەتيی نـووری مـاليكی، فراكسـيۆنی يەكێتـی نيشـتمانيی كوردسـتان (بـاڵی هێـرۆ بـرايم ئەحـمەد)، فراكسـيۆنی گـۆڕان جێبەجێ دەكات، تا ئەوان به "بەڵێ" دەنگ بۆ لێسەندنەوەی متمانه له زێباری بدەن، چونكه ئێران پێی وايه زێباری ئێستا بەهێزترين سەركردەی پارتييه له بەغدا و به لادانـی دەسـتی پـارتی له عێـراق دەبڕێت.بۆ ئەوەی كه پـارتی و سـەركردايەتييەكەی كه سـەرۆک بـارزانی بێـت دەسـت لەو هەنگـاوه چارەنووس سازه بهێنێت كه سەربەخۆيی بۆ كوردستانه.بەڵام ئەو پەيامه ئاراستەی هەموو نەيارانه بۆ ئەوەی بزانن كاروانی سەربەخۆيی جولەی پێكراوه وه ناوەستێت.

٢٢ ئەيلولی ٢٠١٦

## دەبا بەغدا پيرۆزی جاشەكان بێت

هەركـات و لەەر سـەردەمێک كه كـورد توانييـويەتی هەنگاوێـک بەرەو سەربەخۆيی و دووركەوتنەوه له كۆيللەتی بنێت كەسانێک هەبوونه كه بەر

بەستیان بۆ ئەو قوناغەدا دروستکردووە ، بە تایبەتی کە لە قۆناخی ئێستای عێراقدا ململانیی تایفی لە لوتکەدایە و ئەوەش لە پەرلەمانی عێراق رەنگی داواەتەوە هەر چەندە کە زیاتر لەوە لە دوژمنانی کورد چاوەروان ناکرێت بەلام ئەوەی کە لە قۆناخی یەکەمدا جێگەی سەر سورمانە تێکەڵ بوونی بەشێک لە فراکسیۆنە کوردییەکان بەو گەمەسیاسییەیە کە دژ بە کورد و سوننە ئەنجام دەدرێت سەرەڕای ئەوەی کە ئەوش درێژە پێدانی سیاسەتە چەوتەکانیان لە هەرێمی کوردستانە هەر بۆیەش بە هەر شێوەیەک کەمەبەستیان بێت هەوڵی ململانییەکی ناتەندروست کە راستەوخۆ کاریگەری لە سەر دۆزی رەوای کورد دەبێت کە ئەوەش لە کەس شاراروە نییە.

دەمێکە کە ناحەزانی کورد لەو کەلێنەی کە لە ناو تەبایی و یەک دەنگی کورد دروست بووە توانیویانە هەڵەکەی بقۆزنەوە و بە پشتگیری لایەنەدیارەکان هەوڵی دور خستنەوەی کورد لەو رێگایە بدەن کە کورد سەدەیەکە خەونی پێوە دەبینیت هەرچەندە کە ئەو ململانێیە راستەوخۆ پەیوەندی بەو بڕیارەوە هەیە کە سەرۆک بارزانی هەلیگرتووە ئەویش پەیامی سەربەخۆییە.

راگرتنی نەوتی کەرکوک لە هەناردە کردنی بۆ بەندەری جیهان لە درێژەی ئەو ۆێککەوتنە ئابوورییەی کە حکوومەتی هەرێم لە چوارچێوەی دابینکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم، هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک لە رێگەی تەنکەرەکان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران وتەقاندنەوەی بۆرییەکانی هەناردە کردنی نەوت لە گەرمیان، برینی موچەی فەرمانبەران بە فەرمانی لایەنێکی دیاریکراوی یەکێتی هەموو ئەو هۆکارانەن کە کەلێنەکەیان زیاتر کرد و وای کرد کە ناحەزان بە بێشەرمییەکی زیاتر پەرە بە پیلانەکانیان بدەن ئەوەی کە لەو دوایەش لە رۆیشتنی شاندەکانی یەکێتی بۆ بەغدا و رێککەوتنیان لە گەڵ دوژمنانی کورد،پێشوازی هەموو بەرپرسە ئیداری و حیزبییەکانی ئیدارەی سلێمانی  لەو کەسەی کە موچە و بودجەی خەڵکی کوردستانی بریوە، پێشوازی لە ئە حەنان فەتلاوی لە سەردانی کردنی بۆ هەڵەبجە بە

تـایبەتی کە خـۆی بە ئاشـکرا لە سـەر شاشـەی تیڤییەکـان ئامـادە بـوو و بە ئاشکرا رای گەیاند کە چوار ساڵ کارەکانی لیژنەی مادەی ١٤٠ی راگرتـووە هەموو ئەوانە ئەو هەڵە سیاسییانەن کە کوردەکان و بە شێک لە هاوپیمانانی عێـراق خـواز هەیـان بـووە بە تـایبەتی کە لەو دوایەش لە درێـژەی ئەو هاوپەیمانییەتییان سەندنەوەی متمانە لەوەزیرێکی کورد بووە هەرچەندە کە لە سـەر پشـکی پـارتی بووە بەڵام دەبێت هیچ کـات ئەگەر لە کوردسـتانیش نـاکۆکی هەبێـت نەکەونە نـاوە ئەو ململانیـیەش بەڵام گواسـتنەوەی ئەو ململانییەی کوردستان بۆ بەغدا گواسترایەوە.

٢٣ ئەیلولی ٢٠١٦

## خۆپیێشاندانەکانی سلێمانی و چەند قسەیەک

ئەوەی کە لەماوەی چەند ساڵی رابردوو لە زۆونی نیلی و سەوز تێبینیمان کـردووە کۆمەڵێـک خۆپیێشـاندان و مـانگرتن بـوو کە بە بیـانووی جیاجیـا لەگشـت دامـو دەزگاکـان لەم دەڤەرە روویـان داوە،ئەوەش مـافی رەوای هەر تاکێکە کە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی نـارەزایەتی مەدەنـی دەر ببریت. ئەگەر کەمێک لە رابردووی فەرمانبەرانی هەر سێ پارێزگا بـروانین دەبینین کە زیـاترین خۆپیێشـاندان و نـارەزایەتی لە زۆونـی نیلـی و سـەوز رویانداوە ئەگەر پرسـیاری ئەوە بکەیـن ئـاخۆ هۆکـار چییە ؟باشـتر راسـتییەکانمان بـۆ دەر دەکەون.

لە هەڵبژاردنەکـانی دوو سـاڵ رابـردوو، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان زۆرینـەی دەنگەکـانی لە دهـۆک و هەولێـر بەدەسـت هێنـا، ئەوەش هۆکـاری سەرەرکی بوو بۆ ئەوەی کە حکوومەت لە لایەن پارتییەوە پێک بهێنرێت و لە لایەکی ترپارتی لە سلێمانی نەیتوانی وەکوو پیویست دەنگ بهێنیت و لە لایەن حکـوومەتی خـۆجێیەتی سـلێمانی زۆربەی ئەو حیزبـانە بە پێـی رێککەوتنە حیزبییەکانەوە پاش زیاتر لە هەشت مانگ پۆستەکانیان دابەش کردن.ئەوەش وایکرد کە زۆرینەی حیزبەکوردستانییەکان بکەونە سنووری سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان. هەر بۆیەش هەر کات حیزبەکان ویستیان بە

جۆرێک لە جۆرەکان فشار بۆ سەر حکوومەت بهێنن ئەو چینەی کۆمەڵگا کە فەرمانبەرن بۆ بەرژەوەندی سیاسی بەکار بهێنن، بەڵام ئەو پرسیارەش دێتە پێش بۆچی ماموەستایان زیاترین ناڕازی و مانگرتنیان هەبووە؟ئەوەش یەکێکی ترە لە هەڵبژاردەی حیزبەکان بەتایبەتی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ ئەوەی زیاترین فشار بۆسەر حکوومەت دروست بکەن ،چوون هیچ بنەماڵەیەک نادۆزریتەوە کە یەک یان دوو منالی، قوتابی نەبێت هەربۆیەش ئەوچیینە دەست نیشان کراوە ئێستاش کە ئەوراستییانەمان بۆ روون بووە، دەزانیین هۆکار چییە کە تەنیا خۆپیێشاندان نارەزایەتییەکان تەنیا لەو پارێزگایەئەنجام دەدرێن.

سەرەڕای ئەوەی کە خۆپیێشاندان بۆ مسۆگەرکردنی مافەکان،مافێکی رەوایە بەڵام دەبێت ئەوانەی کە دەکەونە داوی ئەو کەسانەی کە بە ناو رێکخەری خۆپیێشاندانەکانن ئەو بەرچاو رونییەیان هەبێت ئەگەر نا ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن، ئەو مووچەیەی کەلە دهۆک و هەولێر بە فەرمانبەران دەدرێت هەرئەوەیە کە سلێمانی دەدرێت و هیچ جیاوازییەکی نییە کە ببێتە هۆکاری ئەوەی لە دهۆک و هەولێر مانگرتن خۆپیێشاندان نەبێت.

٢٣ ئەیلولی ٢٠١٦

## ئەگەر ئێستا کاتی سەر بەخۆیی نەبێت ،کاتی بن دەستیش نییە

سەردەمایەک سەرۆک بارزانی بەوە تاوانبار دەکرا کە زۆر دەرفەتمان بۆ رەخسابوو بەڵام نەیتوانیوە دەوڵەتی کوردی رابگەینیت و هەمووجاریش بۆ ئەوەی لە ئاوی لیل ماسی بگرن تۆمەتەکانیان بۆ سەر بارزانی چرتر کردۆتەوە ئاخۆ هۆکار یان ئەجێندای ئەو تۆمەتان چی بێت روون و ئاشکرایە

ئەوکات باری ئابووری وکەشی سیاسی ناوچەکە ئەو دەرفەتەی بە کورد نەدەدا باس لە پرۆسەیەکی وا گرنگ بدات سەرەڕای ئەوەی کە ئەوکات

کــورد وەکــوو ئێســتا لە رووی دیپلۆماســیی و پەیوەنــدییەکانی دەرەوەی گەشــەی نەکردبــووو تەنیـا کـورد لە چوارچێـوەیەکی دیـاریکراو پـارێزرابوو تەنانەت تورکیا و ئێران هەر کات کە ئیرادەیان بکردبایە هێرشـیان بۆ سـەر کوردستان دەهێنا تەنانەت تاکوو قولایی خـاکی کوردسـتانیش دەهـاتن بەڵام ئێستا دەبینین کە کورد سـەرەڕایولاتانی رۆژ ئـاوا ،زۆر وڵاتـی نـاوچەکە لە گەڵ چـارەی خۆنوسـینی گەلـی کـورد دان و کوردەکـان بە دۆسـت خۆیـان دەزانــن و پەیوەنــدی ئــابووی و دیپلۆماســی پتەویــان لە گەڵ هەرێمــی کوردستاندا هەیە.

کێشە ناوخۆییەکانی عێراق وای کردووە کە نەتوانیت وەکوو پێویست دژ بە ئەو پرۆسە چارەنووس سازە بوەستیت و شەری داعش و لە لایەکەی تر و دۆخی بـاری ئـابووری عێراق ئەو دەرفەتەی رەخسـاندووە، سـورییاش بە دۆخێکـی زۆر خەرابتـر لە عێـراق لە هەمـوو بوارەکـان تـووش هـاتووە و بە پێی خریتەی سیاسی وڵاتانی رۆژئـاوا ئەوەی کە ئیسـتا هەیە دابەشـبوونێکی ئاشکرایە و شتێک بە نـاوی سـورییا نەمـاوە کە مەترسـی بۆ سـەر هەرێمـی کوردســتان هەبێــت ، و لە کــاتی ئێســتاش تورکیــا بە کێشــە نــاوخۆیی و دەرهاویشتەکانی پاش کودەتا سەر قاڵە وبە هـۆی بـاری ئـابوری وڵاتەکەی و شکست خـواردنی سیاسـەتی گەشتیارییەکەی و ئەو پەیوەندییانەی کە لە گەڵ هەرێمــی کوردســتان ئەو دەرفەتە زێــرینەیە کە بــۆ ئەو پرۆســەیە رەخساوە.

بەڵام ئەوەی کەجێگەی سـەر سـورمانە ئەوانەی کە بیـانووی رانەگەیـاندنی دەوڵەتــی ســەربەخۆیی دەهێنــایەوە ،ئێســتا دەزگــا چەواشــەکارییەکانیان بە شـێوەیەک بەکـار دەهێنن کە گـوایە تەنیـا سـەر بەخـۆیی تـایبەتە بە پـارتی و بـارزانی و خۆیـان لە ئەو هاوکێشـەچارەنوس سـازە بەدوردەگـرن و رۆژ لە دوای رۆژ هەوڵی دروسـتکردنی ئاسـتەنگ لە بەردەم ئەو پرۆسـەیە دەدەن ، بەبیانووی جۆراوجـۆر و سـوود وەرگـرتن لەکێشـە ناوخۆییەکـان ،هەروەهـا ئەو ئالۆزییانەی کەخۆیان هۆکار بوونە بە کـاتێکی گونجـاوی بۆ راگەیـاندنی دەوڵەتـی کـوردی نـازانن و بەئاشـکرا باوەشـیان بـۆ ئەوو لایەنە شـۆڤێنیانە

کردۆتەوە کە دژی سەربەخۆیی کوردستانن ئەوەی کە سەیر و سەمەرەیە ئەوەیە کە تاوەکوو ئێستا پەندەکیان لە کیمیاباران وئەنفالُ وخاپور کردن و تەرحیل ونیشتەجێ کردن لە کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکان....هتد، وەر نەگرتووە تەنانەت بە سازی ئەوان سەما دەکەن لە کۆتا دا ئاماژە بە ئەو فەرموودەی سەرۆک بارزانی دەکەین :" ئەگەر ئێشتا کاتی سەر بەخۆیی نەبێت ،کاتی بن دەستیش نییە"

٢٤ ئەیلولی ٢٠١٦

## پیلانێکی گەورە لە ئارادایە

وەکوو هەموو جارێک ئەوجارەش دوژمن بە شکاندنی یەکدەستی و یەکگرتوویی گەلی کورد و بە پێدانی وەعدە وەعید کۆمەلێک هەلپرستییان هەڵخەلەتاندووە هەستاوە بە پیلانی تێکدانی نیشتمان ئەویش بە داڕشتنی پیلانێک کە پێدەچێتولات بەرەو هەلدێر ببەن و ئەو ئاسایش و ئارامییەی کە لە ژێر سایەی پێشمەرگەدا بەدی هاتووە بکەوێتە ژێر پۆستالی رەشی ئاغاو ئاخوندەکان و مالکییەکان، ئەوە لە کاتێک دایە کە پێشمەرگە دووساڵە بە سەرماوگەرما بە برسییەتی و تێنویەتی لە بەرانبەر گەورەترین دوژمنی ئینسانییەت و شارستانییەت وەستاوە ،ئەوش لە هەر کات و سات هاولاتیان چاوەروانی ئەوەن کەهەوالی شەهید بوونی خۆشەویستەکانیان پێ بگات،لە هەمان کاتدا دوژمنانی کورد خەراب بوونی باری ئابووری و کێشەی ناو لایەنە سیاسییەکانیان قۆستۆتەوە بۆ ئەوەی ئەوجارەش پشێوی بنێنەوە، ولاتە ئەقلیمییەکان بە هاوکاری شۆڤینییەکان و تابوری پێنجەم بە نیازن بەرهەمی شۆڕشە یەک لە دوای یەک کە بەرهەمی هەزاران شەهید و ئەنفال و کیمیا بارانە لە بار ببەن وکاروانی سەربەخۆیی گەلی کورد و کوردستان بوەستێنن، غافل لەوەی کە ئەگەر ئەوە روو بدات لە قۆناخی یەکەم خۆیان گیرۆدەی ئەو کارەساتە دەبن و تەر و وشک بە یەکەوە دەسوتێن وئەوەی

که دوبـاره بەر هەمـی ئەو ئـاڵۆزییە بێـت دوبـارە کـۆیلایەتی ئەم و ئەوە و هیچی تر.

هەر بۆیەش جەمـاوەری خۆراگری کوردسـتان ماموەسـتایان ،داواتـان لـێ دەکەیـن خۆتـان نەکەنە سـوتەمەنی بەرژەونـدی تاقمێـک کە لە پشـت ئەو پیلانـانەدا خۆیـان حەشـار داوە و هەمـوو کـات لە ئـاوی لیـل ماسـی دەگرن،ئەوەتا بینیمان کە لە ١٨ی شوبات چۆن و بە چ بیانوویەک ویستیان خەڵک بۆ سەر شەقامەکانهان بدەن و دەیان گەنجی ئەو وڵاتە لە پێناو هیچ بوونە قوربانی هەربۆیەش داواتان لێ دەکەین ووریا بن و وشیار ،خۆتـان نەکەنە قوربـانی ئەو کەسـانەی کە خۆیـان لە حکـوومەتن بەڵام تەنیـا بـۆ بەرژەوەنـدی تـایبەتی خۆیـان ئێـوە بە کـار دەهێننهاونیشتمانییان،پێشـمەرگە قارەمانەکان،فەرمانبەران، کاسبکاران و ماموەستایان.

٢٤ ئەیلولی ٢٠١٦

## خۆتان گەوجێنراون چیتر خەڵک مەگەوجێنن.

مـن قسـەم لەسـەر ئەو پیلانـانە نیـیە کە بە هاوکـاری ئێـران و تـوران دژ بەپـارتی و بـارزانی دەکەن ،ئەوەی کە دەی کەن نەلە بەرژەوەنـدی کوردستان دایە نەلە بەرژەوەندی منی فەرمـانبەر ،ئەگەر ئەوەی کردووتـانە بە هـۆی گەنـدەڵی یـان هەر چیـیەک بێـت هـیچ لە دۆخەکەی کوردسـتان ناگۆریت تەنـانەت خۆشـتان دەزانـن راسـتەوخۆ چـوونەتە بەرەی دوژمنـانی سەر بەخۆیی،و ئەوەی مەبەسـتی سـەرەکیتانە هەر ئەوەیەو هیچی تـر نییە، قسـەم لەسـەر ئەوە نیـیە ئەگەر کە ژێـر بە ژێـر وەعـدەو وەعیـدی جۆراوجۆرتان لە پێناو ملشکاندنی پارتی پێدرا بێت،

جەنابـت کە دڵسـۆزی بـۆ فەرمـانبەرانی هەرێـم دەکەیـت ئـاخۆ چ هەڵوێستەکتان لە بەرانبەر ئاغای مـالیکی هەبووکاتێک کە بـودجەو مـوچەی خەڵکی کوردسـتانی بـری ؟ئـاخۆ وولامـم بەرەوە ئاغـای هوشـیار عەبـدوللا هەڵوێستتان لە مەر ئاغای عادلی بێ مـراد چـی بـوو کاتێک کە بە پێشنیاری هێرۆخـان بـودجە و مـوچەی فەرمـانبەرانی بری؟ئاغـای هوشـیار عەبـدوللا

هەڵوێستتان لە مەر تەقاندنەوەی بۆری نەوتی گەرمیان چی بوو کاتێک کە عەولای کوێخا ناموبارەک هەرەشەی تەقاندنەوەی کرد دواتر تەقێنرایەوە،خۆ ئەوەش راستەوخۆ کاریگەری لە سەر بودجە و موچە هەبوو؟بۆچی هەردوو سەرۆک کۆمارەکانی یەک لە دوای یەک نەیانتوانی بودجە و موچەی کوردستان بنێرن؟

لە کۆتایی دا هەر ئەو پرسیارم وولام بەرەوە، کاتێک کە بۆ ماوەی زیاتر لە شەش مانگ هەناردە کردنی نەوتی کەرکوک لە لایەن هیرۆخانەوە راگیرا و بە تانکەر ئاودیوی ئاغاکانی کۆماری ئیسلامی دەکرا ئایا ئەوە کاریگەری لە سەر بودجەو موچەی منی فەرمانبەر نەبوو؟ئیتر بەسە خۆتان گەوجێنراون چیتر خەڵک مەگەوجێنن.

٢٦ ئەیلولی ٢٠١٦

## بێوەی ماو تێسێ دۆنگ

ئەگەر نارەزایەتی هەیە دەبێت بۆ بەردەم ئەو کەسانەبێت کە گەندەلی دەکەن ،بودجە و موچەی خەڵک دەبرن و قووتی خەڵک بە قاچاغ ئاودیوی ئێران دەکەن،

باخۆپیشاندان دژی ئەوانە بکرێت کە بە فرۆشتنی نەوت بە ئاخوندەکان بری ٧ مانگی فەرمانبەرانیان هەپەلوش کردووە ئەوە ئێمە نالێین بەڵکوو ناوەندی بڕیار دەی لێت.

باخۆپیشاندان دژی ئەوانە بکرێت کە نامە بۆ هاوپەیمانە نان برەکەیان دەنێرن بۆ ئەوەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک رابگیرێت بۆ ئەوەی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان قوڵتربێتەوە

باخۆپیشاندان دژی ئەو کەسانە بکرێت کە دوای ئاشکرابوونی نامەکەی هێرۆ لە ڕێکەوتی ٣٠ی ئابی ٢٠١٦، لە میدیاکان دەرکەوت ڕۆژانە هێرۆ ئیبراهیم لە ڕێگەی تەنکەر، نەوتی پارێگای کەرکوک ڕەوانەی ئێران دەکات و پارەکەشی تەنها بۆ گیرفانی خۆی و چەند بەرپرسێکی تری باڵی دەست

ڕۆیشـتووی ئەو حـزبەیە، بـاڵی ناوەنـدی بڕیـاریش لە ڕاگەیێنراوەکانیـدا بە ڕوونی باسی لە دزینی نەوتی کەرکوک لەلایەن هێرۆ کردووە و بێ ئاگایی خۆشیان لە داهاتەکەی نەشاردەوە.
با خۆپیێشاندانژی ئەو کەسانە بکرێت کە بە بەردەوام لە سەر شاشە کان ئامـادە دەبـن و شــەری شــەفافییەت دەکەن بـا ئەو هەمـوو نەوتەی کە ئـاو دیوی ئێران کراوە و پارەکەی دیار نییە و دیار نییە ئاخۆ پارەکەی بۆ کوی ڕۆیشتووە.

٢٦ ئەیلولی ٢٠١٦

## "عەتا سەراوی "تووشی مالیخولیا بووە

گونجـاو یـان نەگوجـاو بە بەرنـامە یـان بێ بەرنامە،ئاغـای عەتـا سـەراوی تۆمەت بۆ پارتی هەڵدەبەستیت هەوڵی ناشرین کردنی پارتی دەدات وەک ئەوە بێت کە خەڵک نەیناسن.
ئەو ووتـانەی عەتـا سـەراویلە کاتێکدایە کە هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی کە لە خۆپیێشاندانە کانی ٢٧ ی مانگ هەوڵی چەواشە کردنی خەڵک و ڕاکێشـانیان بـۆ بەردەم بـنکەو بارەگاکـانی پـارتی لە سـنووری پارێزگـای سـلێمانی و گەرمیان بدەن هەر وەکوو ساڵی ڕابردوو بە سـەر پەرەشـتی ڕاستەوخۆی گۆڕان نارەزایەتییەکـان لە حکوومەت بۆ بەردەم بارەگاکانی پارتی چوون وەکوو ئەوە بێت کە بوودجەو موچەی خەڵک لە بارەگاکانی پارتی بێت هەر بۆیەش شەش بارەگای پارتی سوتێنران و ٥ ئەندام و لایەنگری پارتیش بە دەستی چەپەڵی نۆکەرانی و جاشەکانی مالکی و ئاخوند ،شـەهید کران و لە ساڵی ٢٠١٣ بوونە هۆکاری ئەوەی کە زیاتر لە دە کەس ببنە قوربانی ،
ئەوەش وای کرد کە دەستەلاتی پارتی لەو سنوورە جیا لە ساڵەکانی تر پەیوەنـدی بە کۆنسـولی ئێـران بکـات لە بەر ئەوەی ئەو سـنوورە لە لایەن کۆمـاری ئیسـلامییەوە ئیدارە دەکرێت ،دڵنییاییـان داوەتە پـارتی کە بە هـیچ شـێوەیەک ئەو خۆپێشــاندانانە بـۆ ســەر بارەگاکـانی پـارتی نیـیە لە زاری بەرپرسێکی بالای پارتی لەو سنوورە ئەگەر هاتوو بارەگاکان بکرێنە ئامـانج

گشت بنکەو بارەگاکانی حیزبە ئاژاوەگێرەکان له کشت ناوچەکان دەکرێنە ئامانج، هەر بۆیەش جەنابی بۆ چەواشەکردنی خەڵک وەک پیشەی هەموو جارەکی خۆی دەڵێت:" پارتی بەگەڵابە بەردیان بردۆتە سەر بارەگاو مقەڕەکانیان، کەبەداخەوە ئەوان وەک نەیار و موناڤس نا بەڵکو وەک دوژمن سەیری ئەم ناوچەیە دەکەن، دەمێکە دەستیان لەزۆرنی سەوز شتووە " ئەو قسانەی عەتا سەراوی راستەوخۆ هاندانی خەڵکە ئەوەش ئاماژەیەکی ترسناکە.

ئەو ئەندائایار ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی باسی لەوەشکردوە، "خەڵک دەزانێت یەکێتی هیچ درێغییەکی نەکردووە، چی لەتوانایدابێت بۆ بەرژەوەندی خەڵک دەیکات، با پارتی و ناحەزانی یەکێتیش دەست لەهاندانی خەڵک بۆ سەر بارەگا حزبی و حکومییەکان هەڵگرن،

ئەوە له کاتێکدایە کە تەنیا بنکەو بارەگاکانی پارتی لەو سنوورە کراونەتە ئامانجی ئەو ئاژاوەگێرانەی کە راستەوخۆ له گردەکە و هەندێک کەسی دەرون نەخۆش ئاراستە کران

جەنابی عەتا سەراوی باس لەوە دەکات کە یەکێتی هێزێک نییە کە کە چاوی لێ سور بکاتەوە کە ئەوە ئاماژە بە وتەکانی بەرێز ئەدهەم بارزانییە کە ناتوانن قەبوولی ئەوە بکەن ئیتر سەردەمی ئەوە بە سەر چوو کە لاینگرانی پارتی بە ئامانج بکرێن و یان هەرەشە لە بارەگاکانی پارتی بکرێت

بەڵام ئەوە یانی راست گووتووە کە هەر کاتێک کە ویستوویانە پەنایان بۆ وڵاتان بردووەئەو جەنابەیان لە بیری چووە یان خۆی لە گێلی دەدات کە چۆن سوپای ئێرانییان بەپێی رێککەوتنێکی دوولایەنەی کۆماری ئیسلامی و یەکێتی تاوەکوو قولایی کوردستان هێنا و هەموو کەمپەکانی ئاوارەکانی رۆژهەلاتیان کردە ئامانجی تۆپخانەکانیان. دوبارە جەنابیان بۆ چەواشەکردنی خەڵک دەڵێت:

"یەکێتیش پشتگیری لەداواکانیان دەکەین و خەڵکیش دەزانێت هێزێک بتوانێت تەمسیلی داوا ڕەواکانیان بکات یەکێتییە نەک پارتی". کە واتە

جەماوەر حەقیانە بپرسن؟؟؟ هەموو پارە و داهاتی گومرگی پەرویزخان و باشمخ و تیجارەتی جیگەرە دەچێتە گیرڤانی هێرۆ. تونێلی ئەزمەر چی بەسەر هات؟ جوتسایدەکەی سلێمانی؟ خەستەخانە چوارسەد قەروێلەکە؟ شیرینی نەوت و تانکێرە نەوتەکان؟؟؟ بۆ ناپرسن پارەی ئەوانە چی بەسەر هات؟ پارتی چ عیلاقەیەکی بە دزی و گەندەڵی دەستەڵاتدارانی سلێمانی هەیە.

٢٦ ئەیلولی ٢٠١٦

## ئەگەر بەشداری مانگرتنی سبەی بکەم

سەرەڕای ئەوەی کە ئەو خۆپیشاندانانە بۆ دواکەوتنی موچەی فەرمانبەرانە بەڵام زۆر جاریش حکوومەت و دەستەلات بەوە تۆمەتبار دەکرێک گە گەندەلی و ناشەفافییەت هەیە ئەوەی کە زۆر سەیرە ئەو حیزبانە بۆ مەبەستی ناشرین کردنی حکوومەت کە لە لایەن پارتییەوە کابینەکەی پێکهاتووە هەوڵی بەلاریدا بردنی دروشم و داواکارییەکانیان دەدن و لە هەموو کاتێک رووی رەخنەو گلەییەکانیان ئاراستەی پارتی دەکەن بەڵام ئەگەر من بەشداریم لە مانگرتن و خۆپیشاندانەکانم بکردایە دروشمەکانم ئەوە دەبوو:

ئەری داهاتی گومرگی پەرویزخان و بشماخ چەندە؟

داهاتی ئەم دوو بارزارچەیە بۆ گیرڤانی کێ‌دەروات؟تونێلی ئەزمەر چی بەسەر هات؟

چارەنووسی جوتسایدی سلێمانی چی بە سەر هاتووە؟ئەوەی کە لە هەمووی گرنگترە چارەنووسی خەستەخانە چوار سەد قەلوێرییەکەی یە چی لێهات ؟

وەکوو ئەوەی کە باڵی ناوەندی بڕیار باسی لێوە دەکات ئەری شیرینی نەوت چەندە و چی بە سەر هاتووە؟

ئەوەی کە سەیر و سەمەرەیە وولامی ئەو پرسیارانە نە لە ناوچەو رێکخراوەکانی پارتییە و نە لە لقی چوارە و نەلە ئەنجومەنی سەرکردایەتییە

،بەڵکوو وولامی هەموو ئەوانە لای باڵە دەستڕۆیشتووەکەی یەکێتی و گۆڕانە ،ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە خەڵک هوشیار ببێتەوە و نەبێتە ئالیەتی دەست موزایدەچییەکان.

٢٦ ئەیلولی ٢٠١٦

## دەکشێنەوە ناکشێینەوە

ئەوەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە میدیاکانی سێبەری زۆنی سەوزی پێشوو رۆژانە دەبیسرێت ئەوەیە کە شەفافییەت نییە ،حکوومەت بە ئەرکەکەی خۆی هەڵنەستاوە، موچە دوادەکەویت، سەرەڕای هەموو ئەوانە حکوومەت گەندەلە بەڵام سەیرترین بابەت ئەوەیە کە تاوەکوو ئێستا نەتوانراوە لەو بارەیەوە بڕیاری راستەقینە بدەن بۆ ئەوەی لە حکوومەت بکشێنەوە هەر یەکەیان لە ترسی ئەوەی تر نەوەکو خۆی بکشێتەوە ئەوەی تریان لە حکوومەت نەکشێتەوە ناتوانن بڕیاری ئەوە بدەن کە لە حکوومەت بکشێنەوە ئەوەی کە جێگەی سەر سورمانە خۆ ئەو حیزبانەی کە هەرەشەی کشانەوە لە حکوومەت دەکەن لە کاتی ئۆپۆزۆسیون بونیان جەماوەریان زیاتر بوو و دەیان توانی چاودێری بە سەر کارنائایار حکوومەتدا بکەن ئەگەر نیاز پاکی ئێوە دەگەیەنیت بۆ لە حکوومەت ناکشێنەوە بۆ ئەوەی کە بۆ خەڵک بسەلمێنن کە ئێوە لە بەرەی خەڵکن بەڵام ئەوەی کە لە کۆتا دا دەبێت بوترێت ئەوەیە کە ئەو حیزبانە بەتایبەتی گۆڕان و کۆمەڵ ئەوندە موزایدەیان بە سەر خەڵکدا کردووە کە هیچییان لێ باوەڕ ناکەن.

١ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## ئەوانەی کە نایانەوێت راستییەکان لە بارەی سەرۆک بسەڵمێنن

دوابەدوای ئەوەی کە سەرۆک بارزانی بە بانگهێشت نائایارکی فەرمی لە لایەن حکوومەتی فیدراڵ بانگهێشتی بەغدا کرا ، بەڵام بۆ ئەوەی کە کۆدەنگییەکی تەواو لە بارەی سەردانەکەی سەرۆک هەبێت و ئەو

دەنگۆیانەی کە هەموو جار باسی سەردانەکانی سەرۆک بارزانی تەنیا بۆ موزایدەی سیاسی باسی لێوە دەکرێت ،

ئەمجارەیان شاندەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی کۆسرەت رەسول،کەسی یەکەمی هەر یەکە لە یەکێتی و سۆسیالیست ویەکگرتوو هاوڕێی وەفدی فەرمی سەرۆکایەتی هەرێم بوون بەڵام دوا بەدوای پەراوێز خرانی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە حکوومەت و ئاسایش نییە ئەو جارەشیان کەوتنە خۆیان و بە هەزارو یەک برو بیانووی هەوڵی چەواشە کردنی خەڵکیان دا تەنانەت دەست یان لە بوختان هەڵبەستن بۆ ئەو کەسانەی کە سەردەمایەک لە یەک بەرەدابوون نەپاراست و بە خۆ فرۆشو هەڵ پەرەست ناویان بردن ئەوە لە لایەک ولە لایەکی تر ئەو سەفەرەیان بە حیزبی ناوزەد کردو لە لایەکی تر لە سەر زاری راوێژکارێکی بەعسی بە دوبارە بونەوەی ٣١ی ئاب وزۆر شتی تر.

ئەوە کە لە هەموویان بەرجەستە تر بوو ئەو کۆنفرانسە رۆژنامەوانییە بوو کە لە لایەن سەرۆک بارزانی و حەیدەر عەبادییەوە ئەنجام درا و بە نا پرۆتۆکۆل بوون لە قەڵەم درا.ئەوەی کە بینیمان راستە سەرۆک بارزانی لە لای راستە و حەیدەر عەبادی لە چەپەوە وەستاوە و ئەوەش لە پرۆتۆکۆل ودیپلۆماسییەت کارێکی رەوایە و رێگە پێدراوە بەڵام بوونی کەسی یەکەم وەکوو میوان لە لای راستەوە سەرەڕای دیپلۆماسی بوونی لە رووی ئەخلاقییەوە رەواترە ،هەرچەندە کە لای راست دەبێت بۆ پلەی باڵی حکوومەت بە پێی وەزیفە و لای راستیش بۆ پلەی خوارتری حکومی بێت بەڵام ئەوەی کە لەو کۆنفرانسە رۆژنامەوانییە کرا لە سەر بناغەی ئەو کەسایەتییەی بە هێزەی سەرۆک بارزانی بوو کە لە سەر ئاست رۆژهەڵاتی ناوەراست و تەنانەت تەواوی جیهانیش پێگەی تایبەتی خۆی هەیە و بە پێچەوانەی هەموو ئەو کەسانەی کە دەزگا راگەیاندنەکانیان بۆ چەواشەکاری بەکار دەهێنن بە هێز ترە و ئەو جۆرە پرۆپاگەندانە کاریگەرییان نابێت تەنیا ریسوا کردنی خۆیان نەبێت.ئەوەش نیشانەیەکی تر بوو بۆ ئەوانەی کە نایانەوێت راستییەکان لە بارەی سەرۆک بسەلمێنن.

١ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## سوکایەتی سیستماتیک بە کورد لە پێناو چی؟

ئەوەی کە لە چەند رۆژی رابردوو بینیمان ، نارەزایەتییەکانی کوردانی لەک بوو کە لە باژێرەکانی نورئاوا و دۆلفانی لۆڕستان دژی بێ رێزی بە کوردانی لەک رویدا.لە گەڵ ئەمانەشدا ئەو نارەزایەتییانە پەرەیان سەندووە و بە بەرزکردنەوەی ئەو دروشئایار کە من "لەکم"دژی هەموو ئەو جیاوازی نەتەوەییە وەستانەوە

ئەوە جاری یەکەم نییە کە بەو شێوەیە بێ رێزی بەکورد دەکرێت بەڵکو پێشتریش بە چەندین شێوە دژایەتی کورد کراوە ئەو جارەشیان لە رێگای گۆرانی بێژێکی رژێم کە لە گۆڕانییەکەی بێ رێزی بە کوردانی لەک دەکات. ئەو گۆڕانیە بە زمانی فارسیە و تێیدا خۆی بە "خان سوڵتانی جەنگەڵ" ناو دەبا کە هاتووە لە هەندێ ئاژەڵ و مشەخۆر "ئەنگەل" دەدوێ و دەڵێ وەرە با دەردی دڵت بۆ بکەم لە بارەی ئەو کەسانەوە کە زمانیان لەکی یە و زمانی مرۆڤەکانن نازانن، و دواتر دەڵێ سەر ڕەحمەت لە کەر لە چاو خەڵکی نوورئاباد و ئەلشتەر و دواتر بە زمان نەزانن و ناتێگەیشتوو و نەخوێندەوار ناویان دەبا و دەڵێ چون لەک ـن مرۆڤ نین و ئاقڵیان لە ئاستی قەوزەیەکە.

لە درێژەی ئەو گۆڕانیە پڕ لە بێ ڕێزیە بە کوردانی لەک، ئەو بەشە لە کوردەکان بە دز دەناسێنێ کە هیچ کات لە پۆمپی بەنزین پارە نادەن و ڕادەکەن و دەشڵێ تا ماوەیەک بەر لە ئێستا هەر لە پشت کێوەکان بوون و باژێڕیان نەدیتبوو و هەر لەگەڵ کەر و مەڕومالات دەژیان و دەڵێ ساڵێ جارێکیش خۆیان ناشۆن و ناچنە حەمام و هێزیان بەقەرا کەرێکە و دەڵێ تەنانەت نازانن خەتەر (مەترسی) بە کام (ت) دەنووسن.

ئەو جارەش بە شێوەیەکی دوور لە شارستانییەت هەستاون بە هەڵاوەسینی شەڵواری کوردی لە سەرەتای کۆریدۆری میترۆی لۆرستان

ووشەی "داخڵ بوون بە شەڵواری کوردی قەدەغەیە" جارێکی تر دژایەتی و بێ ڕێزییان بە خەڵکی کورد دووبارە کردوتەوە.

هەروەکوو باسم کرد ئەوە جاری یەکەم نییە کۆتاییش نابێت، تەنانەت پێشتریش لە مەر سیاسەتەکانی سەرۆک بارزانی و پێشوازی لە عەرەبستان و قەتەر و ئەمارات و دواتریش دوا بەدوای ئەوەی کە لە لایەن تورکیا بە فەرمی ئاڵای کوردستان دانرا ئەو دژایەتییانە دوو ئەوندە بوون ئا لەو کاتەش بێ ڕێزی بە کورد و شوناسەکەی کراو بەو ڕەستەیەی کە ((بارزانی لە تورکیا بە دوای چی دایە)) کۆمەڵێک هێرشی بەر بلاوی بۆ سەر بارزانی هێناتەنانەت لەو نوسینانەدا وەکوو هەموو جارێک بە بەرنامەو سیستماتیک هێرشیان بۆ سەر کلتوری کوردی هێنا، ئەو هێرشانەش بە نەفەسی تابوری پێنجەم نوسرابوو بەڵام خەڵکی هۆشیاری ڕۆژهەڵات بە نارەزایەتی دەر برین وایان لە هەواڵنێری فەرمی "ایرنا" کرد بۆ ئەوەی پۆزش بۆ کورد بهێنیتەوە بەڵام بەداخەوە هەندێک کەس و حیزب کە پاشکۆی ئەو سیاسەتە لە باشووری کوردستانن تەنانەت بە بەیانییەکش ئەو بێ ریزییەیان مەحکووم نەکرد ئەوانەش کە بە فیتی دوژمنانی دەرەکی کەوتونەتە دژایەتی بارزانی و ئەو پرسە چارەنوس سازەی کە خەونی دێرینەی کوردە،ئەوانەش گلەیی یان لێ ناکرێت کە دوژمنی کوردن بەڵام ئەوانەی کە وا بە ئاسانی بە دوای سیاسەتەکانیان دەکەون زوڵم لە خۆیان و گەڵی کورد بە گشتی و لە کۆتاییدا مێژوو ڕوحم یان پێ ناکات.

١ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## کاک سەعدی! خۆ ئەمڕۆ یەکی نیسان نەبوو

ئەمڕۆ ئەوەی کە لە کۆنگرەی( ک ن ک دا) بینیم موزایدەیەکی ئاشکرا بوو بۆ ئەوەی هەر یەکەو لە ڕێگەی خۆیەوە بە پێشمەرگەوە دەیکرد ئەوەی کە لە لای من زۆر سەیر بوو سەعدی پیرە بە ڕۆژی ڕووناک لە پێش چاوی هەمووان درۆیەکی زۆر گەورەی کرد من بیرم لەوە دەکردەوە تۆ بڵێی ئەمڕۆ یەکی نیسان بێت؟ چوون ئەمڕۆش یەکی مانگ بوو بەڵام یەکی

نیسان نەبوو. وابزانم سەعدی پیرە لێی تێک چوو بوو یان وەک پیشەیی هەمیشەیی خۆیان موزایدەیان دەکرد ئەگەر هاتوو سەرۆکی پێشووی پارلمانیش ئەو قسەی کردبوایە زۆر سەرم سور نەدەماچوون خۆیان و بزوتنەوەکەیان لە سەر ئەو بناغەیەدا دامەزراوە. ئەوجارەیان سەعدی پیرە لەلایەک و سەرۆکی پێشووی پەرلەمان لە لایەکی ترەوە بە جۆرێک باسیان لە ناردنی پێشمەرگە و چەک بۆ کۆبانیی دەکرد وەکوو ئەوەی کە لە بیریان چوبێت ئەوە جاری یەکەم نییە کە پارتی و بارزانی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی هاوکاری پارچەکانی تری کوردستان دەکات لە هاوکاری کردنی شێخ مەحموود لە سلێمانی بگرە تاوەکوو ناردنی هێز لە لایەن بارزانی لە سال١٩٢٣ کە بەرەوە سنوورەکانی سوریا و تورکیا بەرێ کەوت ودوایین جاریش لە سالی ١٩٤٦ وەکوو باسکی بە هێزی کۆماری کوردستان لە ئایار اباد بوو

ئەگەر هاتوو هەمان ئەو دیپلۆماسییەی سەرۆک بارزانی و رۆلی لە پرۆسەی ئاشتی تورکیا نەبوایە بە هیچ شێوەیەک ئەو مەجالەی بە پێشمەرگە نەدەدا بۆ ئەوەی کە هاوکاری بە کوردانی رۆژئاوا بگات ئاخۆ ئەگەر بە شێوەیەکی مەنتقیانەش سەیری ئەو پرۆسەیە بکەین ئاخۆ چۆن دەولەتی تورکیە وەکوو ئەوەی کە گۆڕان و یەکێتی باسی لێوەدەکەن ئەو دەرفەتە بەو دوو حیزبە دەدات چوون بە و سیاسەتە سقەتەی کە ئەو دوو حیزبە لە کاتی هەلبژاردنەکانی تورکیا دا پەیڕەویان کرد، چوون ئەو جۆرە کردار و هەلسوکەوتانەی دوحیزبەکەی هاوپیمان بە ناردنی چەند ئەندام پەرلەمان و مەکتەب سیاسی،جیا لەوەی کە جۆرێک لە موزایدەی سیاسی بوو لە هەمان کاتدا دژایەتی کردنێکی جاهیلانەی تورکیا بوو، هیچی تر نەبوو، بەلام لێییان ناگیرێت سەرەڕای ئەوەی کە نەیان توانی ئامانجەکەیان لە ٢٧ی مانگ بپێکن ئەوجارە گۆرەپانەکەیان بە بەتالی بینیوە و هەرچی ووتایانە کەس نەبووە کە بەرپەرچییان بداتەوە.

٢ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## حاجی ئەحمەدی! لە نیگەڕانییەکانت تێ دەگەین

ئەوەی کە لە شانۆگەرییەکەی شانزدەهەمین کۆنگرەی بە ناو نەتەویی لەبروکسەڵ رویدا ، پەکەکە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بەشداربوون و هەندێک حیزبی ئەقەلیەتیش لە چوار پارچەی کوردستان کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەست و پەیوەندییەکانی پەکەکە بەشداری ئەو کۆنگرەیە بوون هەر یەک لە خوێندنەوەی ووتار و بیاننامەکانیان لە بری ئەوەی کە کار بۆ یەکگرتنەوە بکەن گۆرەپانەکەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی دور لە چاوی نەیارانی خۆیان بێ شەرمانە هێرش بکەنە سەر یەکتر و یەکتر بە یاسا شکێنی تۆمەتبار بکەن بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا هەموو ئەوو ووتارانە لە یەک چارچیوەدا بوون ئەویش خزمەتکردن بە سیاسەتە چەوتەکەی پەکەکە کە لە هەر چوار پارچەی کوردستان پێرەو دەکرێت.

عەبدولڕەحمان حاجی ئەحمەدی، سەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان لە کۆمبوونی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە یەکی ئۆکتۆبری ٢٠١٦دا کە لە برووکسەلی بەلجیک بەڕێوەچوو باس لە کۆماری کوردستان و شانازییەکانییەوە دەکات هەر چەندە کەس ئەو سەردەمەو شانازییەکانی ناشاریتەوە بەڵام بە خۆی و بە زمانی خۆی باس لەوە دەکات کە ئەو کات یەک حیزب هەبوو ئێستا زیاتر لە سەد حیزب هەیە راست دەکات ئەو برادەرە بۆ مەبەستی بە لاڕێ دا بردنی شۆڕشی کوردانی رۆژ هەڵات بە دروستکردنی حیزبێک ک یەکێک لە باڵە کانی پەکەکە یە بە سیاسەتە چەوتەکانی خۆی نەتەنیا لە باکوور بەڵکوو کاریگەری نەرێنی لە سەر رۆژهەڵاتیش دانا ئەوەی کە شایانی ئاماژە پێکردنە ئەو رەوتە سەرەڕای ئەوەی کە باس لە خەباتی چەکداری دەکات بە کردار هەموو جۆرە چالاکییەکی خۆی دژی کۆماری ئیسلامی راگرتووە تەنانەت ئەرکی پاراستنی سنوورەکانی بۆ کۆماری ئیسلامی لە ئەستۆیە و ئەوەش بە ئاشکرا لە ساڵانی رابردوو لە تێکهەڵچونەکانیان لە گەڵ کوردانی رۆژ هەڵات بە تایبەتی دیموکرات بینرا.

لە لایەکی ترەوە رەخنە لەوە دەگریت کە :"تاوەکوو ئێستا ئێمە سەر نەکەوتووین کە بتوانین کۆنگرەیەکی نەتەویی ببەستین"پرسیاری من لە ناوبراو ئەوەیە ئاخۆ ئێوە سیاسەتی کام حیزبتان قەبوولەو گوێ لە کام حیزبی کوردی دەگرن تاوەکوو ئەو ئامانجەتان بپێکن؟ لە کاتێک کە بوونی چەند حیزبێکی کوردی لە رۆژئاوا لە ژێر ئەشکەنجەی ئێوەدان ، لە کاتێککدا شتێک بە ناوی بیر ورای ئازاد نییە بە کام سیاسەت بە نیاز کۆنگرەی نەتەوەیی ببەستن وەکوو ئەو سیاسەتەی کە لە باکور پێرەو دەکەن کە تەنانەت نەتان توانیوە گوندێک ئازاد بکەن ولەو دوایەش ئەوەی بینیمان زیاتر بەرەو پاش چوون و نشستێکی ئاشکرا و ئابرو چوونێک بوو وهیچی تر.

لە لایەکی ترەوە لە ناو کۆنگرەدا بوون باس لەوە دەکات کە ئێمە نوێنەری ٩٠ لە سەدی کوردستان پێک دەهێنن ئاخۆ ئەگەر وابێت بۆ تاوەکوو ئێستا نەتان توانیوە تەنانەت یەک لە سەدی ئامانجەکانتان بپێکن وولامەکەی دیارە ئەویش ئەوەیە هەر بالێک لە باڵەکانی پەکەکە ئەجیندای یەکێکلەولاتانی ئەقلیمی جێبەجێ دەکەن هەر بۆیەش نەتان توانیوە هیچ دەسکەوتێک بۆ گەلی کورد بەرهەم بهێنن تەنانەت دژایەتی ئەو هەرێمش دەکەن کە ئازاد بووە و خۆی بەڕێوە دەبات.

٤ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## سەردانی شاندی ئەو جارەی هەرێم و لێکەوتەکانی

سەرەتا دەبێت لە هۆکاری سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم و شاندی هاوبەشی دەست پێ بکەینئەوەی کە لە کاتی ئێستادا بە شێوەیەکی ئەرێنی دێتە پێش چاو سەردانی کردنی شاندەکە و بە شێوەیەکی گشتی هەبوونی پەیوەندی کارێکی ئاساییە و بە پێچەوانەکەشی نەبوونی پەیوەندی لە گەڵ بەغدا کارێکی نائاساییدەبێت.ئەوەی کە دەبێت ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە کوردستان لە کاتی ئێستاشدا بێت لە چوارچیوەی عێراقی فیدراڵ دایە وە

دەبێــت لەو روانــگەیەوە ســـەیری بـــابەتەکە بکەیــن ئەگەر بمانەوێــت بە شێوەیەکی تەندروست باسی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا بکەین.

کاتی سەردانەکە:

ئەوەی کە زۆر جێگەی بایەخ بوو سەروبەندی سەردانەکە بوو لە بەرچەند هۆکارەک کەباسیان لێوە دەکەین.

ئەوەی کە کـاتی سـەردانەکە بە بـایەختر دەکـات ئەوەیە کە ئەو شـاندە بە سەرپەرەســتی راســتەوخۆی بــارزانی بــووە و لە بەر ئەوەی کە بــارزانی کاریزمـایەکە کە ناتوانرێـت کەسـایەتییەکەی لە جیهانـدا نادیـدە بگیرێـت لە لایەکـی تـرەوە ئەگەر هەڵسـەنگاندنێکی بچـووک بۆدۆخیئێسـتای هەرێـم و حکــوومەتی مەرکەزی بکەیــن دەبینــین لە چەنــد هەوکێشـــەدا لە گەڵ یەک هاوبەشــین ئەوانــیش بــریتین لە ئەو شـــەرەی کە داوێنــی تەواوی جیهــان بەگشــتی و عێـراق بە تــایبەتی گرتــۆتەوە ئەوەش ســەرەکی تــرین خــاڵی هاوبەشـــەکە هەردوو لایەن کــۆ دەکــاتەوە و ئەو خـــالە هاوبەشـــەش لە بەرژەوەندی هەردوو لایەن دایە.لە لایەکـی تـرەوە بە هـۆی داتەپینـی نرخـی نەوت لە تەواوی جیهــان کوردســتان عێـراقیش لەو هاوکێشــەیە بـێ بەش نەبـــوونە لە بەر ئەوەی کە کوردســـتان و عێـــراق نەوت وەکـــوو تـــاکە سەرچاوەی داهات بە شێوەیەکی گشتی سەیر دەکرێت و ئەوەش یەکێک لە هۆکـارە هەرەسـەرەکییەکانی قەیرانـی ئـابوری هەرێمـی کوردسـتان بـووە و تــاوەکوو ئێســتا نەتــوانراوە چارەســەرییەک بــۆ ئەم دۆخە نەخـــوازراوە بدۆزینەو ئەوەی تریش کە لەبیرمان نەچیت برینی قووت و مـوچەی خەڵکـی کوردستان لە لایەن نوری مالیکی  بووە کە تاوەکوو ئەمڕۆش ئەو سیاسەتە درێژەی هەی.

٤ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## ئایا بارزانی دەستبەرداری پرۆسەی سەربەخۆیی بووە؟
## (وڵامێک بۆ فەرید ئەسەسەرد)

ئەوەی کە حاشا هەڵنەگرە مێژووی ئەو کێش مەکێش و ململانێنێیەی کە بە درێـژای سـەدەی رابـردوو کـورد لە گەڵ حکوومەتە یەک لە دوای یەکێکـانی

عێراقەوە هەیانبووە و هیچ کاتیش لە ئەزیەت و ئازار و کوشتن و برین و جینۆساید و کیمیاباران و..سل یان نەکردۆتەوە.هەربۆیەش کاتی ئەوە هاتووە بۆ رزگار بوون لە ئەو نەهامەتییانە قسەیەکی جدی لەو بابەتە بکەین.

بەڵام ئەوەی کە دەبێت باسی لێوە دەکرێت پرۆسەی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی هەڵگری ئەو مانایە نییە کە دەوروبەرەکەت نەخوێنییەو و حساب بۆ دەوروبەری خۆمان نەکەینەوە ئەوەی کە ناکرێت ئینکاری بکەین سەرەڕای دەوڵەتانی دراوسێ ،دەتوانین باس لەوە بکەین کە سنووریکی بەر فراوانمان لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی دا هەیە لێرە دا دەبێت باس لەوە دەکەین کە پێویستیمان بە پرۆسەیەکی جیابونەوەی ئاشتیخوازانە لە شێوازی چکوسلۆڤاکیا هەیە ئەویش پرۆسەیەک بێت کە لە ئەنجامی دانوساندن و دیالۆگ بەرهەم بهێت هەروەکوو سەرۆک لەووتارەکانیدا بەبەردەوام جەختی لەو خاڵەدا کردۆتەوە،نەوەک بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ئەنجامی پرۆسەکەی پەشیمان ببینەوە و دەرهاوێشتەی نەرێنی لێبکەویتەوە.

یەکێک لە گرنگییەکانی ئەو سەردانەش بۆ بەغدا باس کردن لەو پرسە چارەنووس سازە بووە کە سەردەمانێک بە هەموو شێوەیەک کوردیان رەد دەکردەوە تەنانەت سەردەمایەک دژ بە سیستەمی فیدراڵی دەنگی شۆڤێنی و دژی کوردی هەبوو و تەنیا باس لە عێراقێکی یەکگرتوو کراوە بەڵام ئەوجارەیان کورد لەگەڵ هەموو لایەنەکان باسیان لە پرسی چارەی خۆنوسین کردووە و ئەوەی کە باس کراوە ئەوانیش بە ئیجابی هەڵسوکەوت یان کردووە تەنانەت باسیان لەوە کردووە کە دەکرێتلە سەر ئەو بابەت قسە بکرێت.ئەوەش دەتوانین بڵێن هەنگاوێکی زۆر گرنگە بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردی.

٤ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## تانکەرەکانی مەرگ

ئەوەی کە لە چەندرۆژی رابردوو لە شـەقامی رۆژ هەڵات بینیمـان، دەنگی نــارەزایەتی خەڵکــی بەش ئایــارنەتی رۆژ هەڵات بــوو دژی هەمــوو ئەو ناعەدالەتییەی کە لەلایەن تەنەرە نەوتییەکانی زۆنی سەوز بەریان دەکەوێت،

پــێش نیــوەڕۆی رۆژی سێشــەممە ٤-١٠-٢٠١٦ خۆپێشــاندانێک لەلایەن چالاکڤانــانی مەدەنــی و خەڵکــی مەریــوان لەنێــو ئەو شــارە بەڕێوەچــوو، خۆپێشاندەران دواتـر لەبەردەم قایمقامییەتی شارەکە کۆبوونەوە و داوایـان لە بەرپرســان و حکــوومەتی ئێــران کــرد رێــگە لە هــاتووچۆکردنی نەوت هەڵگرەکانی باشووری کوردستان بگیرێت و بە پارێزگای سنەدا سوتەمەنی بۆ باشووری ئێران بگوازنەوە

ئەو نارەزایەتییــانە لەکاتێــک دەســتیان پێکــرد کە ڕۆژی چوارشــەمئایار ڕابردوو لە ئەنجامی پێکدادانی نێوان تەنکەرێکی نەوت هەڵگر و ئۆتـۆمبێلێکی جۆری سـەمەند لە ڕێگەی سـنە – مەریـوانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان پێنج ئەندامی یەک خێزان گیانیان لەدەستدا و چوار ئۆتۆمبێلیش سوتان.

ئەم ڕوداوە نارەزایەتی توندی خەڵک تەنانەت نوێنەرانی کوردی پەرلەمانی ئێرانی بە دوای خۆیدا هێنا و داوایـان لە بەرپرسـانی حکوومەتی ئێران کـرد ڕێگە بە تەنکەرانە نەدرێت لە سنوری شاری مەریوان هاتوچۆ بکەن چونکە بە هۆی ناشارەزایی شۆفێرە عیراقیەکان و هەروەها سەختی ڕێگاکە سـاڵانە دەیان کەس دەبنە قوربانی .

لەماوەی رابردوو بە هۆی بە قاچاق بردنی سەروەت وسامانی کوردسـتان لەرێگای تانکەرەکان و ئاودیو کردنیان لە مەرزی باشماق سـەرەڕای ئەوەی کە لەرووی مــادی زەرەرو زیــانێکی زۆر بەرباشــووری کوردســتان کەوت لەلایەکی ترەوە کارەساتی دڵتەزێنی بەدوای خـۆی داهێنـاوە رۆژەک نییە کە بەهـۆی ئەو تـانکەرە نەوتیـانەوە ،چەنـدین کـوردی رۆژ هەڵات قوربـانی ئەو سیاسـەتە چەوتە دەبن سـەرەڕای ئەوە کە نەوتەکە بە شـێوەیەکی نایاسـایی لە لایەن بـاڵی دەسـت رۆیشـتووی دەسـتی بە سـەردا دەگیرێـت و بە پێـی

هەندێک لە زانیارییەکان ساڵیانە تەنیا لە مەرزی باشماغ ٢٥ ملیارد دینار دا هاتی هەیە کە داهاتەکەی راستەخۆ لە لایەن باڵی دەست رۆیشتوو دەستی بە سەردا دەگیرێت

٤ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## هۆکاری نارەزایەتییەکان لە زۆنی سەوزی پێشوو چین و کێن؟

ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە کە خۆپیشاندان و مانگرتن لە زۆونی سەوزی پێشوو و نیلی و سەوزی ئێستا پەرەی سەندووە و ململانیی ئەو دوو حیزبە لە چەند ساڵی رابردوو وای کردووە کە کەش و هەوایەکی ناتەندروست سەرتاسەری ئەو زۆونە داپۆشیوە بەشێوەیەک کە هەرکات چینەک لەموچەخۆرانی حکوومەت دژ بە نەهاتنی موچەهان دەدرێن و دێنە سەرشەقام و لە لایەنێکی دیاری کراو سەر پەرەستی دەکرێت ولایەنەکانی تر بۆئەوەی کە لەئەو قافلەیە بەجێ نەمێنن یەکسەر دێنە سەرخەت و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئێمەش لە گەڵ داخوازییەکانی خەڵکین ئەوەش بۆتە نەریتێکی نائاسایی کە تەنیا وتەنیا بۆ ئەوەی کە موزایدە بکەن و بە جۆرێک لە جۆرەکان وابکەن ،دەنگی جەماوەری خۆیان لەدەست نەدەن ئەوەش وای کردووە کە رەوشەکە بە جۆرێک ئاڵۆز ببێت کە هەر یەکە لەو حیزبانەی سنووری سلێمانی سەرەڕای ئەوەی کە دەزانن هۆکار چییە و بە چ مەبەستێکە ئەوجار نەیانوانیوە خۆیان لەو بەندە پوتار بکەن چوون ئەگەر بارودۆخەکە لە هەموو کوردستان وەکوو پیویست نییە و قەیران کاری تێدا کردووە بۆچی تەنیا لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەنگی نارەزایەتی هەڵدەستیت.

ئەوەی کە روون و ئاشکرایە کەس دژی داخوازییەکانی خەڵک بە گشتی و فەرمانبەران بە تایبەتی نییە بەڵام چۆنە کە کەس نازانیت دەبێت رەخنە لە کێ بگریت بۆ ئەم مەبەستەش چەند راستییەک ئاشکرا دەکەین:.

به پێی چەند بەڵگە نامەیەک کە ئاشکرا بووە زیاتر لە دوو ساڵ و نیوە کە داهـاتی گومرگەکـان نێـودەوڵەتی مەرزی باشـماغ سـەر بە قەزای پێنجـوێن ساڵانە ٢٥٠ ملیـارد دینـار داهـاتەکەیەتی و یەکێتیـی نیشـتمانیی دوو سـاڵ و نیوە، داهاتی گومرگەکانی دەڤەری سلێمانی و هەڵەبجە کە داهاتی حکوومین، نانێرێت بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ خۆی گل دەداتەوە.
سەرچاوەیەکیش لە سلێمانییەوە رایدەگەیەنێ، داهاتی گومرگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی باشماخی سەر بە قەزای پێنجوێن کە ساڵانە نزیکەی ٢٥٠ ملیار دینـار دەبێـت، نـایەتە هەولێـر و بـۆ ئیـدارەی گشـتیی یەکێتـی دەڕوات، سەرپەرشـتیاری کۆمەڵگـاکەش رای دەگەیەنـێ، ئەوان پـارەکە رادەسـت بە بانکی باشماخ دەکەن، کە بانکێکە سەر بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، لەوێوە ئاگاداری ئەوە نین پارەکە بۆ هەولێر دەڕوات یان بۆ سلێمانی.
بەپێـی ئەو بەڵـگەیەی کە لە لیسـتێکی دیـاریکراوی مانگـانە، سـەبارەت بە کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتیی باشـماخ تەنیـا داهـاتی ئەو دەروازەیە لە سـاڵێکدا نزیکەی (٢٥٠) ملیار دینار بووە.
بەڵگەکە کە داهاتی کۆی مانگەکانی ساڵی پاری (٢٠١٥)ی لەخۆ گرتووە، ئەوەی ئاشـکرا کـردووە کە مانگـانە لەو دەروازەیەوە نـزیکەی (١٥ بـۆ ٣٠) ملیـار دینـار کـۆی داهـاتی مانگـانەی ئەو دەروازە نێـودەوڵەتییە بـووە، کە کەوتـووەتە سـنووری قەزای پێنجـوێن. کـۆی گشـتیی پـارەکەش کە لە لیستەکەدا روونکراوەتەوە، گەیشتووەتە نزیکەی ٢٥٠ ملیار دینار لە ساڵێکدا.
لەم بـارەیەوە عەلـی عەونـی، ئەنـدامی سـەرکردایەتیی پـارتی دیمـوکراتی کوردستان بـۆ هەفتەنائایـار (بـاس) راگەیانـدوە، مـاوەی دوو سـاڵ و نیوە لە دەڤەری سـلێمانی هـیچ بـڕە پـارەیەک رادەسـت بە حکـوومەتی هەرێمـی کوردسـتان نەکـراوە، هەر لە داهـاتی گومرگەکـانەوە تـا دەگـات بە پـارە و رسـووماتی هـاتوچۆ و بـاج و هەمـوو ئەوانەی حکـوومەت بە شـێوەیەکی فەرمی وەریان دەگرێ

ئەگەر ئەو زانیاریـــان بە دوا داچوونیـــان بـــۆ بکرێـــت لە لایەن ئەوانەی کە بانگەشـــەی ناشـــەفافییت دەکەن بـــابهێنە ســـەر خەت و راســـتییەکان ئاشـــکرا بکەن.

٤ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## تێکوشینەکەی مولاعەلی باپیر

لە ماوەکـانی رابـردوو چەنـدین جـار بە چەنـدین شـێوە مـولا عەلـی بـاپیر خەون دەبینیت هەر جارەو بە شێوەیەک ئەو خەونانە بۆ هاوبیرو ئەندامانی حیـزبەکەی خـۆی دەگیـریتەوە تـا بە ئەوان بڵێـت کەمـن (محمـدی ئایـار دی)ـــمە،جارێک خەون بە خـــواردنی کـــاڵەک لە گەڵ پێغەمبەرمـــان درودی خوای لە سەر بێت دەبینیت ،جارێکی تریش باس لەوە دەکات کە گوایە لە خەون دا بینیـــویەتی کە خـــوای گەورە دەســـتی گرتـــووە و بەژوورەکانـــدا گەڕانـدوویەتی،و کاتێـک کەوتە داوی ئەمریکییەکـان بـۆی دەرکەوت کە ئەو ژوورانەی پێشتر لە خەوندا بینیوە

جـارێکی تـریش دەگێـرنەوە کە لە شـاری نەغەدە میـوانی بەرێزێـک دەبێـت (پارێزراوە) و هەر لەوێش باسی خەونەکانی لە گەڵ خۆشەویست دا دەکات بەڵام ئەوجـارە بەهـۆی پـتەو بـوونی بیـر و بـاوەڕی لایەنـی بەرامـبەر لێـی قەبوول ناکات و دژی دەوەستیتەوە.

لە بەرە بەری هەڵبژاردنی دوو ساڵی رابردووش بۆ مەبەسـتی پرۆپاگەنـدە و خۆڵ لە چاوی خەڵک کردن ئەوجارەشیان پرۆژەیەکی پێ بـوو بەڵکوو ئەوجارەشیان بەجۆرێک لە جۆرەکان بتوانیت چەواشەی خەڵک بکات بەڵکو بە جولانـدنی هەسـت و سـۆزی نیشـتمانییان دەنگـی زۆرتـر بهینیـت.بەڵام ئەوشیان لێ بوو بە خەون.

بەڵام ئەوەی کە رێز لە سروودی نیشتمانیی نەگریت ئەو سروودەی کە لە پێنـــاوی دا بە هەزاران کـــورد بـــوون بە قوربـــانی ئەوەی کە بە ئەقلییەتـــی جوندوالئیسلامی تەوێلەو بیارە سیاسەت دەکات چۆن دەبێت کە پرۆژەیەکی

نیشــتمانیی پــێ بێــت ئــاخۆ چ پــرۆژەیەکە پێــدەچێت کە ئەو پــرۆژەیەش سەرچاوەی هەمان ئەو خەونانە بێت کە پێشتر دیتویەتی.
بەڵام پـاش بینینـی وێنەیەکـی مـولا عەلـی بـاپیرکە ســەفرەیەک خەریکـی تێکوشــەیەکە بەڵام ئەوجارەیـان خەون نەبووبەراسـتی بـوو چـوون وێـنەی گیرابوو و خەریکی تێکوشەیەکی بەتام بوو.

٥ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## پێشمەرگە ، سومبولی تێکشکاندنی گەورەترین دوژمنی بەشەرییەت

ئەگەر بە کـورتی بـروانینە مێـژووی شۆڕشــەکانی یەک لەدوای یەکێکـانی بارزان و بەرخودانی پێشمەرگەکان لە گشت قۆناخەکانی ئەیلو ل و راپەرین و گولان دەبینین هەر یەک و بەپێی کاتی خۆی توانیویەتی قوربـانی بدات و لەپێنــاو ئەو ئامــانجەدا گیــانی خــۆی بەخــت بکــات و هەزاران داســتان لە هەزاران قارەمانییەتی بە گیانی خۆی تۆماری کردووە هەموو چیاکانی ئەوو وڵاتە شـاهیدی و گەواهـی ئەو راسـتییەن و هەر بەردێکی ئەو وڵاتەش ئەوە دەسـەلمینیت چـوون لە ژێر هەر بەردێـک و لە هەر سـوچێکی ئەو زەوییەدا خـوێنی پێشــمەرگەیەک رژاوە، نـازانم بـاس لە کـام قارەمـانییەتی ئەو شــەرە بکەم ،باس لە ئەو قارەمانەی دەڤەری بارزان بکەین کە بەفیدا کردنـی گیـانی خۆی گیانی زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە مردن رزگار دەکات یان بـاس لە شـەهید بوونی سێ برا لە یەک سەنگەری شەر بکەم یان لەو ئەرکە ئینسـانییەی کە پێشمەرگە لە کـاتی تیمـار کردنـی دیلـی دوژمنـدا بکەیـن یان بـاس لە شـەهید کردنــی ئەو پێشــمەرگە دیــلانە بــکەم کە بە جیــا کــردنەوەی ســەریان لە جەسـتەکەیان بە هۆفـانەترین شـێوە کۆتـایی بە ژیانیـان دێنن هەمـوو ئەوانە ئەو داستان و تراژدیانەن کە لەسەر دەست پێشـمەرگە روویـان داوە لە گەڵ هەموو ئەمـانەش کە مەترسـی گیانییـان لە سـەرە ئامادە نەبوونە رۆژەک لە رۆژان ســەنگەرەکانی شــەر چـۆڵ بـکەن وســینگی خۆیـان بـۆ ئەمنیـیەت و ئاسایشی کوردستان کـردۆتە قەڵغان بۆ ئەوەی بە ئاسـوودەیی بژین، بەڵام

پرسیارەک کە هەموو جاران دێتە پێش ئاخۆ ئێمە لە هەمبەر ئەو هەموو ماندوو بوون و کۆڵنەدانی پێشمەرگە چیمان کردووە ،ئەوانەی کە خەریکی ئاژاوەن چەند جار سەردانی بەرەکانی شەرییان کردووە،چەندجار دڵنەوایی بنەماڵەی شەهیدانیان کردووە،چەندجار لە دەرگای بنەماڵی شەهیدانی داعش یان لە بۆنەکانی جەژن و رەمەزان دا داوە و چەندجارپێیداویستییەکانیان بۆ دابین کردوون هەر بۆیەش لە ئاماژە پێکردن بە هەموو ئەو بێ وەفاییە ئەو حیزبە هەڵ پەرەستانە سەرۆک بارزانی دەفەرمویەت:" ئەگەر قارەمانییەتی پێشمەرگە نەبوایە ئێستاش لە ژێرپۆستاڵی رەشی بیانییەکان دەبوون ئەگەر هەر نەبی بەرانبەر ئەو ماندوو بوون و گیان بەخت کردنیان بی نمەک نەبین."

٦ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## ئاڵۆزییەکانی زۆنی سەوز و نیلی و چەند راستییەک

ئەوەی کە لە سەردەمی دروست بوونی بزوتنەوەی گۆڕان هاتۆتە ئاراوە جیا لە ئاژاوە و تێکدان شتێکی تری لی بەرهەم نەهاتووە لەو دوایەش هەموو کێشەکان بە شێوەیەک کەلەکە بوون کە کاریگەری راستەوخۆی لە سەر کەرتی گەشتیاری و کەرتی تایبەت و بەرهەم هێنانی بیانی کردووە ئەوەش هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی کە سەرمایەداران و خوا پێدراوان ئامادە نین لە شوێنەک سەرمایەکانی خۆیان بخەنە گەر کە مەترسییان لە سەر بێت ئەوە لە لایەک ، لە لایەکی ترەوە لە باری کۆمەڵایەتیش کێشەکان بەجەستە تر بوونە و رۆشنبیری کۆمەلایەتی شوێنی خۆی بۆ جنێودان و ئاژاوە و بمری و بڕوخێ لەق کردووە ئەوەی کە بە ناو مانگرتوو یان خۆپێشاندەرە، تا زمان دەکاتەوە دەست بە تەشهیر و جنێو دان دەکات و بە دوور لە هەر عورفێکی ئەخلاق و پرەنسیبەکی راگەیاندن دەورێکی زۆر نەرینی لەو بارەویەو دەبینیت هەرچەندە کە بەڕێوەبەرانی ئەو جۆرە میدیایە هەمان درێژەدەران بە راگەیاندنی کوردستان پۆستن کە تەنیا سەرکەوتنی

خۆیان له ئاڵوزی وئاژاوەدا دەبیننەوە و هەمیشە بەشێوەیەکی تەم و مژاوی پرۆسـەی ئاژاوەگێرییەکانیـان بەڕێـوە بـردووە ئەگەر نـا هۆکـار چیـیە کە سەروبنی تەواوی تۆمەتەکان ئاراستەی پارتی دەکرێن ؟بۆچی مەگەر تەنیا پارتی لە حکوومەت دایە ؟و ئەوانەی کە لە حکوومەت دان وەکوو هەموو جارێک بۆ ئەوەی کە لە قافلەی گەوجاندن بەدوا نەکون باس لەوە دەکەن ئـێمەش لە بەرەی خەڵـک و خۆپێشـاندەرانین بەڵام ئەوەی کە جـێگەی پرسیارە کەس نییە کە لە گەڵ داخوازییەکانی خەڵک نەبێت کەواتە تاوانبار کێیە و کێ هۆکارە بۆ ئەوەی باروو دۆخەکە بەو شێوازە وەلێ بهێت؟ بۆ ئەم مەبەسـتەش تەنیا چەنـد پرسـیارەکی کـۆن ئاراسـتەیان دەکەم بەڵکـوو وولامیان هەبێت!!

ئەم چەنـد خـاڵە بـۆ خەڵکـی کوردسـتان روون بـکەوە کە لە نـاوچەی دەسەلاتی جەنابتان رووی داوە:

پێیان بڵێن کاوە گەرمیانی و خالیدی خولە سور و پاسەوانەکەی بەرێز مام جەلال چۆن تیرۆر کران ؟

پێیان بڵێن قایمقامی پێشوی سلێمانی چۆن خۆی کوشت ؟

کـێ بـوون ئەوانەی کەنـاڵی ئـێن ئارتیـان سـوتاند و تەقەیـان لە خـاوەنە شکلیەکەی ئەو کەناڵە کرد!

بی ئێەم رەشەکە سەر بەکێ بوو و چی بەرسەر هات ؟

چـۆن سەرنوسـەری گۆڤـاری (کـورد ئیسـرائیل) لە سـلێمانی رفێنـدرا و ئاودیوی سنوری ئێران کرا!

بۆیان روون بکەوە کێ بوو چەکەکانی سوپای عێراق دوای ۲۰۰۳ فرۆشتە ئیران!

بۆیان روونبکەوە ئەو فرۆکە نەناسراوەی کە پر لە چەک و تەقەمەنی بوو لە فرۆکەخانەی سلێمانی بەهەڵە نیشتەوە !! ئی کێ بـوو و بـۆ کـێ هـاتبوو و چی بەسەر هات ؟

پێیان بڵێن رۆژانە چەند بەرمیل نەوت بە قاچاخ ئاودیوی سنور دەکەن لەو کێڵگانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئێوەیە!

پێیان بڵێن کێ بون ئەوانەی دەستیان لە پشت هێرشکردن و سوتاندنی بارەگاکانی پارتی هەبوو ؟

کێ بوون ئەوانەی رێرەوی خۆپیشاندانی ١٧ شوباتیان گۆری بۆ سەر لقی چواری پارتی ؟

راستگۆ بە و بە خەڵک بڵی ئەو ٤٣% لە بودجەی کوردستان بۆ سلێمانی دەروا چی لێ دێت و بۆ تا ئیستا خەڵک نارازیە لە دەسەلاتی ئەو ناوچەیە ؟

پێیان بڵین پارەی بانکەکەی جەلەولا چی بەسەر هات ؟

پێیان بڵین کێ بوون ئەوانەی هێرشیان کردە سەر بارەگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی رۆژهەلات لە کۆیە ؟

بۆ خەڵک روونبکەوە کە پەیوەندیتان چیە لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێران بە سەرکردایەتی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندس و کۆبونەوەکانتان لە پێناوی چیە ؟

پێیان بڵێ کی بوو رێگای بە حەشدی شەعبی دا لە رێگای خانەقینەوە بهێنرێنە شاری کەرکوک ؟

بۆ خەڵکی روونبکەوە کە کێ خەریکی دروست کردنی حەشدی شەعبی بوو لە شنگال بە سەرکردایەتی حەیدەر شەشۆ!

بۆ خەڵکی روونبکەوە کێ بوون ئەوانەی هێرشیان کردە سەر سەندوقی دەنگدان لە ئەلبیسەکە لە کاتی هەڵبژاردن ؟!

خۆزگەم لە رونکردەوەی ئەم خالانەش بۆ خەڵک راستگۆ بی با چیتر راستیەکان لە خەڵک نەشارینەوە وەک ئەوەی جەنابت فەرمووت ! خەڵکیش حەقی خۆیانە ئەم راستیانە بزانن.

٦ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## فیکەی حەرامزادە

ئەوەی کە لە چەند ماوەی رابردوو بینیمان گلەیی بە ناوی گلەیی و گازندە ، ئەگەریش کە کەم و کورییەک لە شێوازی بەرێوێوەبردن هەبوبێت ئەوە تەنیا لایەنیکی دیاریکراو لێی بەرپرس نین هەموو ئەوانەی کە داوای بەش

یان لەو حکوومەتەدەکرد لەو کەم و کورییانە بەشیان هەیە ئەوە تاوەکوو ئێرە ئاشکرا یە و داوا کردنی داخوازییەکانیش بە ڕێگای ئاشتییانە مافێکی سروشتی هەر تاکێکە کە لەو کۆمەڵگایەد دەژیت بەڵام ئەوەی کە لە هەموو سەرسوڕهێنەرتر ئەوەیە کە لایەنێک بە هەموو کەم و کورییەکانی تۆمەتبار بکەیت و بە تێکەڵ کردنی خۆت بە خۆپیشاندانەکان هەوڵی بە لاڕێ دا بردنی خۆپیشاندانەکان ببەی و ئەوەی کە لە ماوەی رابردووش سەلمێنرائەوە بو کە کەسانێک لەو ڕێگایە دا کە ماوەیەکی کەمی مابوو بۆ هەڵبژاردنەکان توانیان لە ئاوی لیل ماسی بگرن و سواری دەنگی نارەزایەتی خۆپیشاندەران ببن و وەکوو پیشەی هەمیشەییان هەوڵی گەوجاندنی خەڵک بدەن.

بەو شێوەیەش هەندێک گەنجی تازە پێگەیشتوو لەو سەردەمەدا کە تاڵی و سوێری ڕۆژگارییان نەچێشتووە وە نازانن کە بۆ بست لە بستی ئەو خاکە چەند کەس خوێنی ڕەشتووە ئەوش ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی کە بەلاڕێ دا ببرێن و نەخواستە لە بری ئەوەی داواکارییەکانیان بۆ لایەنیپەیوەندیدار ببەن هەوڵی سوتاندنی بنکەو بارەگاکانی پارتی بدەن و وەک ئەوە بێت کە وولامی داخوازییەکانیان لە لای بنکەو بارەگاکانی حیزبی بێتسەرەڕای ئەوەی کە سیاسی بوونی خۆپیشاندانی لەو جۆرە حکایەت لە ئەو کەسانە دەکەن کە لە پشت ئەو چەواشەکاریانەنهەربۆیەش بە داوای لێبوردن لەخوێنەران فیکەی حەرامزادەیە.

٦ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## باجی هەوڵەکان بۆ سەربەخۆیی

هەر وەک سەرۆک بارزانی لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لە تورکیا باسی لێوە کرد گۆڕانکاری زۆر گەورە لە ئارادایە وئەوەی کە سەرۆک بارزانی جەختی لێوە کردووە و تاوەکو ئێستاش تۆزقالێک لە سیاسەتەکانی سەرۆک بارزانی بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە داخوازی جەماوەری کوردستان بۆ گەیشتن بە سەر بەخۆییە ئەویش بە ئەنجامدانی

ربفراندۆم و گەیشتن بە چارەسەرییەکی ئاشتیانە لە ڕێگای ووتویژ لە گەڵ حکوومەتی بەغدا چارەسەر دەبێت.

ئەوە هەموو ئەو بابەتەیە کە کێشەی بۆ پارتی و ئەو هەولانە دروست کردووە کە لە ڕێگای گەیشتن بە خەونەدێرینەکەی گەلی کورد ئەویش سەربەخۆییە دروست کردووە ئەوە لە کەس شاراوە نییە هەر کات کە هەوڵەکان بۆ ئەو مەبەستە چرتر بووبنەوە رەوشی کوردستان توشی ئالۆزی هاتووە

ئەگەر سرنجی ئەو بابەتە بدەین دەبینین کە بە بیانووی جیاواز هەڵکوتان و سوتاندنی بنکەو بارەگاکانی پارتی دەدرێت.

ڕۆژێک بە ناوی بەهاری عەرەبی و دارشتنی پلانەکە ناوخۆیی و ئەقلیمی کە راستەوخۆ لە لایەن ئەندازیاری تێکدان و دوبەرەەکی پلانی بۆ دادەرێژرێت و لەو پەنایەش کۆمەلێک گەنجی دلسۆزی ئەو ولاتە دەبنە قوربانی مەرامە گلاوەکان و سیاسەتە چەوتەکانیان ،ئەگەرنا هۆکار چی بوو خۆ لە ٢٠١٣ شتێک بە ناوی قەیرانی دارایی نەبوو و ئەوەی کە لەو دوایەش رویدا راستەوخۆ درێژە پێدەری پیلانەکانی ١٧ی شوبات بوو لە لایەکی ترەوە درێژە پێدانی ئەو کودەتا سپییە بوو کە بە نیاز بوون لە ناو پەرلەمانی کوردستان بکەن.

٦ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## ئیتر پێویست بە تەحەدا ناکات ،چارەسەرمان گەرەکە

وەکوو ئەوەی کە پێداگری لە سەر دانانی دوبارەی سەرۆکی پارلمان دەکرێت ئەویان جگەلە تەحەدا شتێکی تر نییە ئەوەش چارەسەری بارودۆخەکە ناکات و دوو ئەونەکێشەکان قولتر دەکات ئەوە سەری ئەو بابەتەیە کە کوردستانی تووشی قەیرانی سیاسی کرد و تاکوو ئەمڕۆش ئەو قەیرانە درێژەی هەیە زۆرجار لەمیدیاکان باس لە ئەو قۆناخەی پارلمان دەکرێت بەلام بەدیدو و بۆچوونی من لەو قۆناخەی پارلمان

فراكسـيۆنەكانەيان نەيـانتوانی وەكـوو پێویسـت ئەو ئامـانجەی كە مەبەسـتە بپێكن سەرای ئەوەی شێوەی هەڵبژاردنەكانی ئەمجارە بە شێوەی ململانیی نیمچە كراوە بوو و لیستە كان و حیزبەكان كەوتبوونە ململانییەكی زۆر قـوڵ لە گەڵ یەكتـر و لە لایەكـی تـر لە نـاو خـودی لیسـتەكانیش ململانیـی هەبـوو وهەنـدێك لە ئەنـدام پارلّمانەكـانیش تووشـی جۆرێـك لە نەخۆشـی فەیسبووك ببون و لە مەرحەبا ودەست خۆشی و پیاهەڵگوتنی لایەنگرانیـان لە فەیسبووك ،كەوتبوونە ژێركاریگەری ئەوان و ئەوندەی كە خەمی رازی كردنـی لایەنگرانیـان لە فەیسـبووك بـوون ئەونـدە لە خەمـی چـاك كردنـی بارووردۆخی كوردستان نەبوون هەتاوەكوو وای لێهات سەرۆكی پارلّمان بێ لایەنــی خــۆی لە دەســت بــدات و بكەویــتە ژێــر كــاریگەری ئەو خیتــابە سیاسییەی كە لە ١٧ی شوبات لە بەردەركی سەرا دەدرا ئەوەش وای كرد كە پارتی بێدەنگی بشكێنیت چوون ئەدای سەرۆكی پارلّمان و بزوتنەوەی گــۆڕان لە ســوتاندنی بــنكەو بارەگاكــانی پــارتی و كوشــتن و ســوتاندنی لایەنگــران و ئەنــدامانی پــارتی لە نــاو بارەگاكانــدا ، ســەرەڕای تێكــدانی ئاسایشی ولّات ئاسایشی كۆمەلایەتیشی تێكدا ئەوش وای كرد كە پارتی ئەو گرێبەستە سیاسییەی كە بۆپێكهێنانی حكومەتی بنكەفراوان لە گەڵ گۆڕاندا هەیبوو هەڵ بوەشێنیتەوە و مەودا بەدروستبوونی ئاڵۆزی زیاتر نەدات

ئەوەی كە جـێگەی گومــان لە كردارەكــانی بــزوتنەوەی گــۆڕانە بەردەوام بــوونەلەو خیتــابە پۆپۆلیســتییەی كە لە بەردەركــی ســـەرا هەی بــوو و بەردەوامیشە لەو چەواشەكارییانەی كە دەیكات پرسیار ئەوەیە ئاخۆ بۆچی بــزوتنەوەی گــۆڕان بەردەوامە لەوەی كە هەیە ئایــا گــۆڕینی ســەرۆكی پەرلەمان ئاخیری دونیایە ؟ئەگەر مەبەستیان دامەزراوەی شەرعی و پایدار بوونیەتی و خەم وهەمیان قوتی خەڵكە بۆ سەرۆكی پەرلەمانیان بە هۆی خەراپــی ئەدا كردنــی ئەركەكەی نەگــۆری؟ ئەوەی كە لەكۆتــا دا پێویســتە تەحەدا نییە بەڵكوو لایەنەكان دەبێت بە پێشنیازی نوێ بێنەپێش بۆ ئەوەی چارەســەری قەیرانەكــان بكرێــت و بە موزایــدەی سیاســی قەیرانەكــان دوو ئەوندە قوڵتر نەكرێن.

٨ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## دەرهاویشتەکانی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی

یەکسـاڵ لەمەو بەر وەکـوو نەریتـی هەمـوو جارەکییـان خۆپیشـاندان و مـانگرتنە خۆرسکەکانیان دەستی پێ کرد ئەوەی من نـالێم خۆیـان دەڵـێن خۆرسک، بەڵام تازە پەیتا پەیتا دەردەکەویت کە خۆرسک نەبوون،

خۆیـان لە شاشـەکان دەر دەکەوتـن بە بەردەوام ژمـارە و رەقەمـی نجوومیان لە خواردی هاوڵاتیان دەدا و بەو شێوەیە خەڵکێکیان هان دەدا بۆ ئەوەی بە گژی بارەگاکانی پارتی دابچن،بەردەوام تانکەرەنەوتییەکان یان بەرەو کۆماری ئیسلامی ئاراستە دەکرد و لە پێش چاوی خەڵک تێپەر دەبوون و لەولایەش رۆژ نەبوو کە باس لەوە نەکەن کە کەس ئاگای لە داهاتی نەوت نییە ،لە هەولێر شەریک و هاوبەشی شیرینی نەوت وگاز بوون و لە سلێمانیش هاودەنگی خۆپێشاندەران بوون،بە ملیۆنان زەوی و موڵک و ماڵ و سەروەت و سامانی ئەو وڵاتەیان بە رێگەی نایاسایی لە سەرەخۆیان تاپۆ کردووە و لە هەمان کاتیش خۆڵ لە چاوی ئەو خەڵکە دەکەن گوایە کە پارتی هۆکاری تەواوی ئەو گەندەڵییانە بووە.

ئەوجارەییان خەڵکی رۆژهەڵات بە بیانووی رێگاوبان لێیان هاتنە دەنگ و رێگەیان بە رۆیشتنی تانکەرەنەوتییەکانی باڵی دەست رۆیشتوو نەدا و ئەوەی کە هەموو حاشایان لێ دەکرد ،داوێنیانی گرت.

ئەوانە و زۆری تریش کە بەرەبەر وەدیار دەکەون، دەرهاویشتەی هەمان ئەو خۆپێشاندانە بە ناو خۆرسکانەن کە رووالەتی راستەقینەی هەموو ئەو گەندەڵکارانە نیشانی خەڵکی سلێمانی  دەدات بەڵام ئەو جارە باشتر لە جارەکانی پێشووتر ئیتر خەڵکی سلێمانی فریوی ئەو چەواشەکارییانە ناخۆن چوون رووی راستەقینەی پلان دارێژەرانی خۆپێشاندەران بۆ هەموان دەرکەوت.

٨ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## دەبا لە پێناو سەربەخۆیی یەک ئامانجمان هەبێت

ئەوەی کە ئێستا کوردستانی گرتۆتەوە سەرەڕای قەیرانی دارایی ، لە کاتێکدایە کەباری ئابووری تەواوی رۆژهەڵاتی ناوین بە تایبەتی وجیهان بە گشتی بە هۆی داتەپینی نرخی نەوت تووشی مایەپوچ بوون بوونە بەڵام زۆرێک لەو دەوڵەتانە توانیویانە بە سەر ئەو قەیرانەدا زاڵبن. ئەوەی کە کوردستان لە زۆرێک لەو وڵاتان جیا دەکاتەوە لە قۆناخی یەکەم بوونی دوژمنی دەرەکییە، کە لەپێناو سەرکوتکردنی گەلی کورد زیاتر لە سەدەیەکە تێ دەکۆشن و خۆیان لەهیچ پیلانەک بەرانبەر کوردستان نەپاراستووە و پیلانەکانیش بە شێوەی جۆراو جۆر ، لە کاتێک بۆ کاتێکی تر جیاوازتر بووە، ئەگەر ئەمڕۆ بە هاوپەیمانییەتی لەگەڵ لایەنێکە ،بەڵام دوێنێ بە بەستنی کۆبونەوە چوار قۆلییەکانی (دەمشق ئەنکارا وتاران و بەغدا )بوو.

هەروەکوو باسی لێوە کرا بە هۆی گۆڕانکاری لە هاوکێشەکان جۆری دژایەتی و لەمپەرەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و دژایەتی کورد و کوردستان بەدرێژایی سەدەی رابردوو ئەوەی سەلماندووە کە کەسێک یان لایەنێک وەکوو دۆستی کورد لەوڵاتانی ئەقلیمی بوونی نییە و ئەوەی کە هەیە تەنیا لە پێناو بەرژەوەنییەکانیانە و بەس.

ئەو دژایەتییە لە کاتێکدایە کە جیهان بە گشتی و رۆژهەڵاتی ناوین بە تایبەتی بەرەو گۆڕانکارییەوە دەچیت ئا لەو کاتەدایە کە دەبێت هەموو لایەنەکان بەرەو یەک دەنگی و یەک هەڵوێستی هەنگاو بنێن و هەموو بە یەک دەنگ و یەکرەنگ بەرەوە ئەو خەونە دێرینەی کورد هەنگاو بنێن و بۆ ئەوەی لەو گۆڕانکارییانەدا کەمترین زیانمان پێ بگات و زۆرترین قازانج بکەین.

ئەگەر زیاتر ئەو بابەتە بەرجەستە بکەین پیلانی دوژمنان لە ١٧ی شوباتی ٢٠١٣ و ٢٣ ی حوزەیران و ١٩ی ئابی ٢٠١٥ و نانەوەی ئالۆزیی و پشێوییەکانی سنووری گەرمیان و سلێمانی ئاماژەیەکی زۆر روونی ئەو دوژمن کارییانەن، چوون ئەگەر لە خەبات و تێکۆشانی ئەو سنوورە بنۆرین

دەبینین کە خەبات یان تەنیا لە پێناو بەدیهاتنی ئاواتەکانی گەلەکەیان بووە و لە کاتی ئێستاشدا لە بری ئارامی ئاژاوەنانەوە خۆی راستی ئەو پیلانە دەسەلمێنیت هەربۆیەش کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو هەنگاوەکان بەرەوە سەرخستنی ئەو پرۆسە گرنگە بن کە سەرۆک بارزانی بیرۆکەکەی بۆ هەموو لایەنەکان خستۆتە روو و هەموو ئەو بەرژەوندییە حیزبی یەکان بۆ بەرژەوندی بالاکەی کوردستان وەلا نێن و یەک ئامانج و یەک رێگامان هەبێت

٨ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## وڵامێک بۆ تاڵان کەرەکانی نەوتی کەرکوک

کاتێک کە خەڵکی کەرکوک هات و هاواری هەستا بوو لەوەی کە خەڵکیبەش مەبنەتی کەرکوک تەنیا ئەوەی کە بۆیان ماوەتەوە تەنیا بۆنی دوکەڵ و هەزارو یەک نەخۆشی کە بەرهەمی ئەو غازە جۆراوجۆرەیە کە تێکەل بە غازەکانی ئەتمسفەر دەکرێن و بە گوڵخانەیی ناودەبردرێن،

خەڵکی کەرکوک بسا هێندی مان بگریت و خۆپێشاندان بکات بەس کەس گوێی لێ نەگرت،خەڵکی کەرکوک دەیان و سەدان قوربانییان لە تەقینەوە یەک لەدوای یەکێکانی ئەوشارە دا لە پێناو ئەوەی ئامادە نەبوون دەست لە کوردستانیبوونی کەرکوک هەڵ بگرن،خەڵکی کەرکووک بە بارمتەگیران و ئەشکەنجە دران و لە دەرەوەی شاری فرێ دران بەس دیسان کەس گوێیان لێ نەگرتن ،دەتوانرا هەموو ئەو نەهامەتییانە ئەگەر کە نەکرێت قەرەبۆی هەموو ئایارنەتییەکانی ئەو شارە خێر لە خۆ نەدیوە نەکات دەیتوانی بەشێک لە برینەکانیان ساریژ بکات رووی قسەم لە گەڵ ئەوانەیە کە دەستیان بە سەر ئەو نەوتە داگرتووە و بۆ بەرژەوندی حیزبی بە کاری دەهێنن،روی قسەم لە گەڵ ئەو کەسانەیە کە لە سەردەمی هەڵبژاردنەکان لەو شارە زۆرترین بەلێن یان بە جەماوەرەرکەیان دا نەوەک ئەو بەڵینانە هیچی لێ

شین نەبوو تەنانەت بەرەو ئەو مالْوێرانییەو کاولکارییەی بردن کە ئێستا هەن.

شەش مانگی تەواو هەناردەکردنی نەوتیان راگرت بە پیلانی لە پێش دارێژراو هەوڵی ئاو دیو کردنی نەوتیان بۆ لای ئاغاکانیاندا، بە نوسراو تایبەتی و حیزبی هەوڵی دەست تێکەڵ کردن لە کاری حکوومەت یان دا بەلام ئەمجارەیان رۆژهەلاتییەکان دەرسێک یان پێدان کە دەست لە حەراج کردنی سەروەت و سامانی ئەو ولاتە هەلگرن خەلکی شارەکە باش دەزانن نەوتەکەیان بۆچی بە تانکەر بۆ ئێران دەبرێت و بەشێکیشی دەدرێت بە کۆمپانیایەکی نادیار لە شارێکی کوردستان، بۆیە ئەم دەنگە ناڕازییە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی ئەو لایەنانە بەهۆش خۆیان دێنەوە کە چیان بە خەلکی ئەم شارە کردووە

ئیتر واز لەو چەواشەکارییە بهێنن کە ئاگایان لە هەناردەکردنی نەوت نییە، ئیتر سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز و عەلی حەمە سالح و پێک هاتەکانیان کاتی ئەوەیە کە دەنگیان هەلبڕن بەلام تۆ بلێی لە هەمبەر بالی دەست رۆیشتوو ی ناو یەکێتی ئەو کارە بکەن ؟ وولامەکەی بۆ ئێوە بە جێ دەهێلم.

٩ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## دژبەرانی پرۆسەی سەربەخۆیی

دەمێکە کە بە ناوی چاودێری سیاسی،رۆژنامەوان،سیاسەتوان ،هاولاتی و..هتد لە میدیا پر لە هاش و هوشی سێبەر کە باکگراوندی ئێرانی و عێراقییان هەیە پرۆپاگەندەیەکی زۆر چڕیان دەست پێکردووە و سەرەڕای سوکایەتی کردن بە پرۆسەی ریفراندۆ مو سەربەخۆیی ، هەوڵی ئەوە دەدەن کە خەلکی کوردستان رەشبین بکەن، ئەوەش شتێکی تازە نییە وهەر جارەوە بە شێوە بیانوویەکی نالۆجیکی و بە سوود وەرگرتن لەو بارودۆخەی کە ئێستا بۆ هەرێمی کوردستان هاتۆتە دی سوود وەردەگرن.

ئەوانە حەقی خۆیانە کە بەو شێوەیە بیر بکەنەوە لە بەر ئەوەی لەو کاتەی کە دروست بوون ، هەر بۆ ئەو مەبەستە دروست بونە و لە سروشتێکی پر لە فەوزا دروست بوونە و هەر لەو سروشتەش گەشە دەکەن رەشبینان ودژبەران ،هەر یەکەو بە شێوەیەک لە پێناوی پاڵپشتی یەکی نەزۆکی ولاتانی ئیقلیمی ،ئەجیندای ئەوان جێبەجێ دەکەن، دەبینین کە چۆن مالیکی بە ئاشکرا باسی لەوە دەکات کە گۆڕان و یەکێتی دژی سەربەخۆیی کوردستانن هەروها ئەندام پارلمانانی گۆڕانیش بە شێوەیەکی بەرچاو لە میدیاکانی عێراقی باس لە هەڵوێستی جیای خۆیان لە هەمبەر هەڵوێستی سەرۆک بارزانی و پارتی بۆ سەر بەخۆیی دەکەن.

ئەو قەڵەم فرۆشانەش کە رۆژ نییە بە جۆرێک لە جۆرەکان ژەهری نوسینە ژەهراوییەکانیان دەخواردی ئەو خەڵکە هەژارە نەدەن ،ئەوانە بە بێی ئەوەی باس لە ئەو هەموو کێشە ئابوریی و داراییانەی کە لە رێگای برینی بوودجەو مووچەی خەڵک لە لایەن دەوڵەتی یاسا و نوری مالیکی  وعبادی بە پێشنیاری باڵی دەسترۆیشتووی ناو یەکێتی هاتوتە کایەوە،بە بێی ئەوەی کە ئەو هەموو ئاوارەی کوردستان ببینن، بە بێی ئەوەی ئەو هەموو تانکەرانەی کە نەوتی کوردستان ئاودیوی ئێران دەکەن ببینن، بە بێی ئەوەی کە باس لە رۆڵی پێشمەرگە لە شەری دژی داعش بکەن و زیاتر لە ١٦٠٠ بنەماڵەی شەهید ببین، بە بێی ئەوەی باس لە تەقاندنەوەی بۆرییە نەوتییەکانی کوردستان لە باکور و گەرمیان بکەن بە بێی ئەوەی باس لەوەستاندنی نەوتی کوردستان لە کەرکوک بکەن، هەوڵی گەوجاندن دەدن و پەیتا پەیتا کێشەی موچەی ماموەستایان و موچەخۆرانی هەرێم بۆ مەبەستی رەشبین کردنیان بە کار دەهێنن.

هەر بۆیەش نوسەرانیان لە ژێر رێنمایی و فەرمانی کەسانی دیاریکراو ووشەگەلێکی ناشرین ئاراستەی رای گشتی دەکەن تاوەکوو بتوانن بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە ئەو پرۆسەیە ناشرین بکەن.

بەڵام ئەگەر خەڵکی کوردستان بە گشتی و زۆنی نیلی و سەوز بە تایبەتی خەبات و بەرخودانی زیاتر لە سەدەیەک لە شۆڕشی ئازادیخوازی کوردی لەبیر بکەن،ئەگەر وێران کردنی زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند لە بیر بکەن، ئەگەر تەرحیل و تەهجیر لە بیر بکەن،ئەگەر ١٨٢٠٠٠ئەنفالکراوی کوردستان لە بیر بکەن،ئەگەر٥٠٠٠شەهیدی هەلەبجەوکارەساتەکانی بارزان و بالیسان و شێخ وەسانان لەبیر بکەن،ئەگەر کارەساتی کێمیا بارانی سەردەشتی رۆژهەڵات و بۆردومانی ئۆردوگای زێوە لە بیر بکەن،ئەگەر ئەنفالی و جینۆسایدی دوبارەی داعش لەبیر بکەن، ئەگەر کۆجۆ و شنگاڵ لە بیر بکەن،ئەگەر کارەساتی شەهید کردنی پێشمەرگە دیلەکانە هەویجە لە بیر بکەن و لە کۆتاییدا ئەگەر بڕینی قوت و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان لە بیر بکەن ،ئەوجا با گوێرایەڵی ئێوە بن وپشت لە سەر بەخۆیی کوردستان بکەن.

١٠ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## کلتوری تەپڵ وفیکە ودەبە

ئەگەر سرنجی هەندێک لە دانیشتنەکانی رابردووی پارلمان بدەین دەبینین کە زۆرێک لەو دانیشتنانە بە ژاوە ژاو وهۆتاف کێشان و تەپڵ کووتان تێپەری کردووە یانیش بە تێگرتنی دەبەی ئاو لە سەرۆکی پارلمان وشکاندنی سکرینی هۆڵی دانیشتنەکانی پارلمان کە موڵک و ماڵی گشتییە و یان دیمەنی هێنانی لەفەی فیکە و هوتافی ناشرین دوور لە هەموو پرەنسیبەکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی یان شانازی بە بەعس کردن.

هەموو ئەمانەو زۆر شتی تریش لە پرۆتۆکۆلەکانی پارلمانی کوردستان بەدی دەکرێن ئەوەش ئەو رەوشت و نەهجەی ئەو ئەندام پارلمانانەیە کە ناتوانن رای بەرانبەرییان وەربگرن ئەوەش سەرچاوەی ئەو کلتورە چەوتەیە کە بزوتنەوە گۆڕان لە سەری راهاتووە و لە فەوزاراهاتوون و گەشەسەندی خۆشیان هەر لەو کەش و هەوایەدا دەبینن. ئەوەی کە جێگەی سرنجی هەر هاولاتییەکی ئەو نیشتمانەیە کە ئاخۆ ئەوە سلوکی ئەو هەڵبژێردراوەی گەلە مە بەو شێوەیە دەنگەکانی نت وێنا بکات؟

ئەو کلتورەی هوتاف و فیکەو هەرەشە و تەپڵ لێرەدا کۆتایی نایەت و نەش هاتووە.ئەوەی کە جێگەی داخە هەمان سیناریۆلە پەرلەمانی بەریتانیا درێژەی پێدراوە هەروەکوو لە ساڵی رابردوو سەرۆکی پێشووی پەرلەمان لە سەر داوای هەڵسوراوانی گۆڕان سمینارەک لە پارڵمانی بەریتانیا رێک دەخەن بۆ ئەوەی کە بە پارەی گەلی کوردستان رووی کوردستانبە ناشرینی نیشانی دەرەوە بدات ئەوە لە کاتەکدایە ئەو دوو ئەندام پارڵمانەی کە ئامادەی دانیشتنەکە بوون سەرەڕاینارازی بوون لەوتە کانی سەرۆکی پێشووی پارڵمان پێیان راگەیاندووە کە خۆیان سەردانی کوردستانی باشور یان کردووە لە هەمان کاتدا، ژمارەیەک کوردی دانیشتوی بەریتانیا بەشداری سمینارەکەیان کرد ، کەناڵی( ئێن ئار تی )یش هەندێک دیمەنی گواستەوە.

یەکێک لە بەشداربوانی سمینارەکە ئافرەتێکی کورد بوو ، لە کاتی پرسیار کردن ، لەسەرەتای دەستپێکردنی قسەکانی هەستکرا رەخنە لە سەرۆکی پەرلەمان دەگرێت بۆیە لەلایەن هەلسوراوانی گۆڕانەوە هێرشی بۆ دەبەن، و بەفیکەلێدان و تەپڵ لێدان و جوێن و قسەی ناشیرن قسەی پێ دەبرن ، یەکێکی تر لە بەشداربوان رەخنەیەکی توند لە ئیسف محمد دەگریت و بە بۆکس هێرشی بۆ سەر ئەو بەشداربووە دەبەن ، دۆخی سمینارەکە بە تەواوی دەشێوێندرێت ، رێکخەری سمینارەکە چەندین جار داوای هێمنی لە بەشدار بوان کرد بەلام سوودی نابێت ولە نێو خۆی هەڵسوراوانی گۆڕان پێکداران دروست دەبێت

ئەوەی کە باسی لێوە دەکەن دیمەنێکی زۆر ناشرین نیشانی ئەندام پارڵمانەکانی بەریتانیا دەدرێت.

ئەو هەلسوکەوتانەی بزوتنەوەی گۆڕان و گۆڕانخوازان کە لە پەڕلەمانی بەریتانیا بینرا، رووی راستەقینەی بزوتنەوەی گۆڕان کە باس لە ئازادی رادەربڕین دەکەن نیشان دەدات ئەوەش درێژەی کردارەکانی ناو پارڵمانی کوردستان بووە

٢٣ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## دوو بۆقەکەی گردەکە ،حەقی خۆیانە وا بیربکەنەوە

لە پرۆگرامەکـی تەلەفزیـۆنی کەنـاڵی بە نـاو سـەربەخۆدا دوو کـادیری بزوتنەوەی گۆڕان بە بێی ئەوەی پرەنسیبەکانی ئەخلاقی لە بەر چاو بگرن هێرشییان بۆ سەر پێشمەرگە هێناو پێشمەرگەیان بە میلیشیا ناوزەد کرد ئەوانە حەقی خۆیانە بەو جۆرە بیربکەنەوە چوون بە هەموو شێوەیەک توشی شکست هاتوون و لە بازنەی سیاسی کوردستان بە یەک جارەکی کەوتنە دەرەوە و ئەوەی لە کاتی ئێستادا کەس باسی لێوە ناکرێت گۆڕان و بزوتنەوە سەرکەشەکەیانە ئەویش بە هۆی ئەوەی تەنیا بیرۆکەی لە سەر چەواشەکردنی دەنگدەران بنیات دەنێت تەنانەت لە پارلمان و حکوومەتیش دا ،بە بیرۆکەی ئۆپۆزۆسیۆن بوونی هەڵسوکەوت دەکات سەرەڕای ئەوەی خۆی شەریکی راستەقینەی حکوومەت بووە و لە لایەکی ترەوە لە بەر ئەوەی لە لایەن لایەنـی ئیقلیمـی ئاراسـتەدەکرێن بـۆ ئەوەی بـارودۆخی کوردسـتان بشـێوێنن و ئەو پرۆسـەیەی کە سـەرۆک بـارزانی دەسـتی پێکردووە و کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکات بوەستێنن.

لە لایەکی ترەوەوە ئەو پێشمەرگەیەی کە ئەوان بە میلیشیای ناو دەبەن بە تەنیا لایەکی هاوکێشەکەی هاوپەیمانی نێو دەوڵەتییە کە جیهانی سەر سام کردووە.

ئەوەی کە جێگـای گومـانی ئەوان بـوو سـەردانی کردنـی ئەو جـارەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا بوو بۆ ئەوەی لە بارەی پرۆسەی ئازاد کردنی موسڵ و بەشداری کردنی پێشمەرگە لەو ئۆپەراسیۆنەدا رێککەوتن بکرێت. بە هەموو شێوەیەک دژی وەستانەوە و بە شاندێکی حیزبی تۆمەتبارییان کرد .ئەوەی کە لە بارەی ناوچە جێ ناکۆکەکانی دەرەوەی هەرێم دەبێت باسـی لێـوە بکرێـت تـاوەکوو ئێسـتا بڕیـارێکی ئاشـکرا نەبـووە بەڵام بە رێککەوتنـی ئەو جـارەی سـەرۆک و بە شـداری کردنـی پێشـمەرگە لەو هاوپەیمـانییەتییەدا ئەوی کە مسـۆگەر کـرا کوردسـتانی بـوونی ناوچەکـانی

دەرەوەی هەرێم و نەخشاندنی ئەو سنوورانە بە خوێنی ئاڵی پێشمەرگە و گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بە شێوەیەکی یەک جارەکی بوو ،ئەوەش ئەو پرۆسەیەیە کە تابووری پێنجەم بە دیاریکراویش بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی ناتوانن ئەو سەرکەوتانە ببینن.

٢٤ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## دوپاتکردنەوەی پەیمان و گەڕانەوە بۆ عێراقی یەکگرتوو

ئەوەی کە لە زۆربەی هەرە زۆری میدیاکانی عێراقی دەنگی داوەتەوە جیاوازی لە دیدو بۆچوونی باڵی زۆرینەی یەکێتی و بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی لە گەڵ لایەنەکانی ترە کە باس لە سەربەخۆیی دەکەن، هەر لەو رونگەیەدا میدیاکانی عێراقی بە شێوەیەکی بەرچاو ئەویان بەرجەستە کردووە و ئەو لایەنانەی کە لەگەڵ سەربەخۆیین بە خیانەتکار ناودەبەن و ئەوانەی کە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە نین بە دۆست و هاوپەیمانی خۆیان دەزانن.

ئەوانەش لەو کاتەوە بەرجەستە بوون کە سەرۆک بارزانی لە کۆبونەوەی گرنگدا داوای لە لایەنەکان کرد ، ژوورێکی عەمەلیات بۆ ئەم مەبەستە پێک بهێنن هەر بۆیەش دژایەتی لەو پرۆسەیە دەستی پێکردوو خۆی لە سەردانی کردنی ئەو کەسانە گرت کە هۆکاری برینی قووت و موچەی خەڵک بوون و چەندین کێشەیان بۆ کوردستان نایەوە تەنانەت بە دروستکردنی هێزی دیجلە هەوڵی داگیر کردنی دووبارەی کەرکوکیاندا بەڵام بە توندترین شێوە روبەروی پێشمەرگە بونەوە.

لەو روانگەیەشەوە میدیاکانی شیعی لە لیستی نوری مالیکی پەرە بەو ناکۆکییە دەدەن هەروەکوو پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی عێراق، ئالا تاڵەبانی لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی (ئافاق)ی سەر بە نووری مالیکی لە دیمانەیەکی تایبەتی دا هێرشی توند دەکاتە سەر ئەو ئەندام پارڵمانانەی کە پشتگیری مانەوەی هێزەکانی تورکیا دەکەن ئەوەش جارەکی

تر به ئاشکرا پشتگیری خۆی بۆ عێراقی یەکگرتوو راگەیاند. سەرەڕای ئەو لێدوانانە ئەوانە بە خیانەتکار لە قەڵەم دەدات و باس لەوە دەکات ئەوە بە پێچەوانەی ئەو سوێندە یاساییەیە کە لە پارلەمانی عێراق خواردویانە.لە لایەکی ترەوە ئەوە ناشاریتەوە کە ئێرانیش لە عێراق بوونی هەیە بە بێی ئەوەی باس لەوەبکات کە ئەو ووجودەی ئێران تەواوی جومگەکانی عێراق بە گشتی و یەکێتینیشتمانیی و هەندێک لە لایەمەکانی بەتایبەتی داگیر کردووە ،بەڵام ئەویان بە خیانەتی نیشتمانیی لە قەڵەم نادات.

ئەوەی کە لەو بەینەدا سەر سور هێنەرتر بوو بە ئاشکرا ئەوەی راگەیاند :" لەگەڵ عێراقی فیدراڵیدایین".هەروەهالەوتەکانی هێرشی سەر ئەو کە سانەدەکات کە دەڵێن :"بە خوێن گرتومانە وبە خوێن چۆلی دەکەین و مافی چارەی خۆ نوسین بە مانای جیابونەوە نییە."

ئالا تاڵەبانی دەڵێ:" ئەو پەرلەمانتارانەی کە دێنە سەر شاشە و دەڵێن ئێران بۆ دەستوەردان دەکات و تورکیا نەیکا دەبێت بدرێنە دادگا، چونکە دژی ئەو سوێندەیە کە خواردوویانە بۆ پاراستنی سیادەی عێراق.".

ئالا تاڵەبانی کە هاوکات سەرۆکی لیستی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە لە پەرلەمانی بەغدا بە توندی رەخنە لە گوتاری نەتەوەیی هەندێک لایەن دەگرێ لە کوردستان و دەڵێ:" راستە باوەڕمان بە مافی چارەنووس هەیە، بەڵام لەگەڵ گوتاری نەتەوەیی و توندیدا نین و لەگەڵ عێراقی فیدراڵیداین.لە لایەکی ترەوەش لەو دیمانەیەدا هێرشی توند دەکاتە سەر ناوەندی بڕیار و بە بێی ئەوەی باس لە کێشەناوخۆییەکانی خۆیان بکات باس لەوە دەکات کە کۆسرەت رەسوڵ توانای دانانی نوسینگەیەکی لە هەولێر نەبووە.

٢٤ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

**رێبین هەردیش پۆستەکی بۆ شەهید نووسی**

ئەوەی کە ئەمڕۆ بۆ من وەکوو سورپرایزەک بوو ئەمڕۆ لە سەر وۆلێ هەژمارەی فەیسبووکی ئەو رۆشنبیرە دا بینیم،ئەوەیش دەربڕینی دڵگرانی خۆی بەرانبەر بە شەهیدەک بوو، سەرەڕای ئەوەی کە سەری رێزو

نەوازش بۆ ئەو شەهیدەو هەموو شەهیدانی کورد کە لە پێناو خاک ولات گیانیان بەخت کردووە دادەنوێنم، بەلام بەریزیان و هاو بیرو هاو سەنگەرانی ئەو کۆلکە رۆشنبیرە ،پاش زیاتر لە ١٦٠٠ شەهیدی دەستی داعش ، هەزاران بریندارو پەککەوتە وئاوارە و دەربەدەری شەری تیرۆر وزیاتر لە دوو سالی شەری تیرۆر، تازە بیری لەوە کردەوە کە پۆستەک لە سەر شەهیدەک بنوسیت، ئەویش تەنیا لە بەر ئەوەی کە ئەندامەکی گۆران بووە،رووی خۆم دەکەمە جەنابیان و نوسەرە دم شرەکانی بزوتنەوەکەیان و لێیان دەپرسم، ئاخۆ نالەی تالی کوران و کچانی شەهید نابینیت؟ ئاخۆ هەست بە برسییەتی پێشمەرگە و سەرما گەرماسەنگەرەکان دەکن؟ ئاخۆ لە خۆی پرسییوە ئەگەر پێشمەرگەکان نەبن سەر و مال و نامووسیان پارێزراو دەبێت؟ئایا ئەو ووشە زەق و بریقەدارانەی کە لە سەر رووپەلەکانی فەیسبووک و تویتەر بلاو دەکەنەوە و هانی ئاژاوە و دووبەرەکی دەدەن بەسە بۆ ئەوەی کە نیشان بدەن خەمخۆری ئەو ولاتەن؟تاکەی پێشمەرگە بە میلیشیا ناو دەبەن و رێز لە پێشمەرگەو خوێنی پاکییان کە لە پێناو پاراستنی نامووس و کەرامەتتان دەرژێت ناگرن

لە رۆژنامەیهەولێر ژمارە ٢٤٧٢ لە ریکەوتی ٢٠١٦/١٠/٢٤

٢٥ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## شرۆڤە بۆ هەوالەکەی: "ملازم موحسین کوژرا"

ئەو مانشێتە لە زۆرێک لە میدیاکانی بە ناو سەربەخۆ بەلام لە هەمان کاتدا سێبەری لایەنەکی دیاریکراوی حیزبی بلاو کرایەوە و بە شێوەیەکی بەرچاو لە زۆریک لە پەیج ومالپەرەکانی داتەنی، پێش ئەوەی شرۆڤەی ئەو هەوالە بکەین سەرەتا با ملازم موحسین بناسین:

وەکوو ئەوەی کە زانیاری لە بارەی بلاو کراوەتەوە ، ملازم موحسین سەردەمی رژێمی بەعس یەکێک بوو لەئەفسەرە دیارەکانی "ئەمن"ی حیزبی بەعس لەسلێمانیودەستی سوور بوو بەخوێنی سەدان هاولاتی کورد

بەتایبەتی لەشاری سلێمانی، موحسین بەرپەچەڵەک فەلەستینە و پاش ئەوەی لەسلێمانی گوێزرایەوە، نێردرا بۆ کەرکوک و تا پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ لەئەمنی کەرامە بووەو پلەی تاکو موقەدەم بەرزببووەوەو دواتر هەڵهات بۆ بەغدا

وەک ئەوەی کە لەئاوێنەو شار پریس و میللەت و هەندێک پەیجی تر بڵاو کراوەتەوە ،لە لایەن هێزێکی کوردییەوە لە یەمەن کوژراوە ئەو پرسیارە دێتە پێش ئاخۆ هێزی کوردی لە یەمەن چ دەکات لە کاتەکدا کە لە کوردستان شەری داعش هەیە و داعش سەیتەرەی بە سەر بەشێک لە کوردستاندا کردووە ئەو هێزە بۆ شەری داعش ناکات بەدوای دوژمنیک دەگەرێت لە دەرەوەی سنوورەکان،ئایا بچووکترین داعشی عێراق زۆر لەو ملام موحسینە مەترسیدار ترن نییە؟

ئەو هەواڵە بەناوی بەرپرسێکی باڵای یەکێتینیشتمانیی ناوی هاتووە بێگومان ئەوەش هەر وەکوو سیناریۆکەی کۆبانێ و پاڵەوانییەتی ئەو کەسایەتییە دەبێت ،ئاخۆ وەکوو لە هەواڵەکەدا هاتووە ئەو بەرپرسە بالایە کێیە بۆ ناوی نەهاتووە؟وەکو ئەوەی کە بە نیاز بوونە بیگرن و بۆ کوردستان بیگوازنەوەئاخۆ هێنانی کەسێک بەو شێوەیە بە چ ئالیەتەک دەبێت و چۆن دەگوازرێتەوە؟

ئایا کاتەک کە داعش لە بەرنائایارەکی دارێژراودا هێرشی بۆ سەر کەرکوک هێنا ئەوکاتە ئەوهێزە کە دەتوانیت سنوورەکان ببەزینیت

و لە دەرەوەی سنوورەکان ئۆپراسیۆن بکات لە کوێ بوو؟

ئەگەر بە ووردی سەرنجی ئەو وێنەیە بدەین کە لە گەڵ هەواڵەکە بڵاو کراوەتەوە دەبینین کە وێنەکە هی( ئەحمد الترک ) بەرپرسی پێشووی ئەنجومەنی شەعبی سووریایە و لە ١٣ی سیبتامبری ٢٠١٢ لە سووریا کوژراوە و ئەو هەواڵەش لە لایەن دەزگای دژەتیرۆر و دەزگای زانیاری کە سەربە باڵی دەسترۆیشتوو بڵاوکراوەتەوە و هیچ بنەمایەکی راست و دروستی نییە و بڵاو کردنەوەی ئەو هەواڵە و دەیان هەواڵ و چەواشەکاری تر هەڵس و کەوتە چەوتەکان راست ناکاتەوە و ئەو هەواڵە هەموو

هەواڵەکانی تری ئەو میدیایانە و راستی و دروستی و پیشەیی بوونی کارەکانیان دەخاتە گومانەوە

٢٦ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## چارەسەری قەیران،یان دروستکردنی قەیران

هەروەکوو لە رابردوو بینیمان دوو رێککەوتنی سیاسی گەورە لە لە نێوان بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا ( ڕێکەوتنی ٩ی دیسەمبەری ٢٠١٤ و ڕێکەوتنی ١٧ ی مایسی ٢٠١٦) وەک ئەوەی کە بتوانیت ئەم دوو حیزبە( بە تایبەتی باڵی دەستڕۆیشتوو) لەو قەیرانەی کە تێی کەوتوون رزگار بکات و هەردوو لایەن بە جۆرەک لە جۆرەکان چاوەڕوانی چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە لای بارزانین بەڵام بە هۆی مێژووی رابردوویان لەو چەند ساڵەی دوای بە تایبەتی لە دوای ١٩ی ئاب و ٢٣ی حوزەیران زۆر شەرمنانە دەردەکەون ، تاوەکوو ئێستا نەیان توانیوە راستەوخۆ ئەوداوایە ئاراستەی بارزانی بکەن هەربۆیەش بەم دوایە بەدروست کردنی لێژنەیەک لە ئەندام پارڵمانەکان بە بیانووی ووتوێژ لە گەڵ بارزانی هەوڵی چارەسەر کردنی ئەو قەیرانە بدەن بیانووی گۆڕینی سیستەمی بەڕێوەبردن بەجۆرەک ئەو دوو هێزە تووشی شکست هێناو کە نازانن بەچشێوەیەک چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

هەروەکوو لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەو رێککەوتنەی کە لە لایەن ئەو دوو هێزە بۆ مەبەستی دەستاودەست کردنی دەسەلات بینرا ویستیان بە شێوەیەک وێنا بکەن کە لە جێبەجێ کردنی یاسا زۆر دەستگرەون بەڵام ئەوەی کە بەلای دانەچوون یاسا بوو بە تایبەتی یاسای پارێزگاکان چوونکە ئەو دوو لایەنە ئەوندەی کە پەیوەست بە جێبەجێ کردنی رێککەوتنەکانیان بوون ئەوندە پەیوەست بەجێبەجێ کردنی یاسا نەبوون چوون ئەگەر هاتوو یاسا جێبەجی کرابایە دەبوا ئەگەر حسابەک بۆ دەنگەکان کرابوایە دەبێت هەڤاڵ ئەبوبەکر بۆ ئەم پۆستە دەست نیشان کرا بوایە، بەڵام بە

ڕێککەوتنەکـی سیاســی ئەوە جێبەجـێ نەکـرا کەواتە بیــانوو هێنــانەوە بە تەواوبـوونی ویلایەتـی ســەرۆکایەتی هەرێـم تەنیـا بیــانوویەکە ومەبەسـت تەنیاخوڵقانـدنی قەیرانەوهیچیتـرنییە ولەوەی کەنـاتوانن بەهـۆی بەربەسـتی یاساییەوەپارێزگاربگۆڕن وەکووهەمووجارەک خۆڵ لەچاوی خەڵک کردنەو ئەو بابەتە ئەوندەی کە سیاسییە ،یاسایی نییە.

لە کـاتی ئێسـتادا ســەرەڕای هەمـوو ئەو سـیناریۆیانەی کە بۆمەبەسـتی گۆڕینی پارێزگار ئەنجامدراو ئەو کێشمەکێشەی کە لەکاتی دانانی سـەرۆکی ئەنجومەن جێبەجی کرا ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات کە سـەرەڕای بوونی دوو ڕێککەوتننامە لە بەینی ئەو دوو هێزە نەوەک نەیتوانی قەیرانەکانی ئەم دوو هێزە چارەسەر بکات بەڵکوو بزوتنەوەی گۆڕان یەکێتیشی لەگەڵ خۆی بەرەو ئەو هەڵدێرە برد کەچاوەروان دەکراڵە گەڵ ئەوەشدا لە پێناو جێبەجێ کردنی سیناریۆیەکاندا،سەرەڕای دروست بوونی دوبەرەکی لە ئەنجومەنی نوێنەران ،بیانوویەک بوو بۆ ئەوەی کە دوژمنانی کورد سوود لەوکەلێنە و بە جۆرەک لەجۆرەکان لە بەرژەوەندی کورد بدرێت بە بێی ئەوەی ئەم دوو هێزە هەست بەوە بکەن کە ئەجێندای دوژمن جێبەحێ بکەن

٢٧ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## دارکرمی لە خۆ نەبێت،هەزار ساڵ تەمەنیەتی

ئەوەی کە لە مێـژووی گەلـی کـورد دەبینرێـت ،هەمـوو جـار کەسـانەک هەبوونە کە لە بەردەم گەلی کورد بەر بەسـت دروست بکەن بۆ ئەوەی کە کـورد بە ئامانجەکـانی نەگـات لە سـەردەمی شـێخ عەبدوالسـلام بـارزانی بەهانـدانی تیرە وتـایفە کـانی کـورد دژی شۆڕشـەکەی، لە سـەردەمی شـێخ ئەحـمەد بـارزانیش بەهەمـان شـێوە سـوودی لە دانیشـتوانی برادۆسـت وەرگرتـووە کە زۆربەیـان صـۆفی بـوونە ، کـاتەک کە بـارزانی لە کۆمـاری کوردسـتان باسـکی بەهێـزی ئەوکۆمـارە بـووە بەهەمـان شـێوە حکوومەتی شــای ئێـران بەسـوود وەرگـرتن لە هەنـدەک ئاغـای مـامەش ومەنگـوور وەرگرتـووە کەلە کۆتـاکەی بەسـەر هـاتی سـێرەوەی لـێ دەکەویتەوە و دوا

بەدوای ئەوەی کە کۆمـــاری کوردســـتان لە رۆژهەڵات کۆتـــایی بە تەمەنـــی کـورت دێـت هەمدیســـان کەســـانەک هەبـوون کە بەربەسـتیان بـۆ رێـرەوە مێــژوویەکەی بـــارزانی و هەڤـــالانی دروســـت کـــرد و دوا بەدوای راپەرینـــی کوردستانی باشوریش ئەو سیناریۆیانە یەک لەدوای یەک دووبارە دەبنەوە و هەمـــوو جـــار وڵاتەکـــی ئیقلیمـــی دژی لایەنەکەی تـــر هەوڵـــی نـــانەوەی دوبەرەکی داوە، ئەگەر سرنجی ئەو بابەتانەی سەرەوە بدەین دەبینین کەئەو لایەنگری کردنـی لایەنەک دژبە لایەنەکەی تـر تەنیـا و تەنیـا نەگەیشـتن بەو ئامانجەی کە کورد هەیبووە و هیچی تر نەبووە.

لە ئێستاشدا پشتگیری ئێران بە هەموو شێوەیەک بۆ پەکەکە و مانەوەیـان لە چیـای شـنگاڵ هەمـان ئەو سـیناریۆیانە دووپـات دەکـرێنەوە کە پێشـتر دوژمنانی کـورد هەیـان بووە، ئەوەی کە جێگەی هـیچ پرسـیارەک بۆ کـورد ناهێڵیتەوە ئەوەیە ئەگەر کۆماری ئیسلامی پەرۆشی کوردییەتی ،بۆچی مافی کورد بـوون بۆ هاونیشـتمانییانی رۆژهەڵات بە رەوا نابینیت و رۆژ نییە کە چەندین کورد بە بیانووی جیاواز بەرەوە سێدارە نەبات،ئەگەر حکوومەتی ناوەنـدیش بە هەمـــان شـــێوە لەخەمـــی کـــورد دایە ئەو دژایەتیـــیە چیـــیە کە لەهەمبەر بارزانی دەگریتە بەر لە هەمان کاتدا پشـتگیری لە لایەنەکـی تـری کـوردی کە بـاڵی زۆرینـەی یەکێتـی و گـۆڕان دژ بە لایەنەکـی تـری کـوردی دەکات.

٢٧ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## خالی هاوبەش لەنەوشیروان ،هێرۆ ومالیکی و پەکەکە

مالکی بەردەوام لەمیدیا کان باس لەوەدەکات ،"ئەوەی کە بارزانی بەدوایدا دەگەرێـــت تەنیـــا رای خـــۆیەتی و کەســـانەک هەن کە وەکـــوو بـــارزانی بیرنـاکەنەوە" ئەو ووتـانە لەکاتەکدا دووبـارە دەکرینەوە کە ئالاتالەبـانیش لە سـەر تەلفزیـۆنی ئافـاق نیـوز کە سـەر بەحیـزبەکەی مـالکیە بەهەمـان ئـاواز مالیکی دەیژەنی، ئالا بەبێی ئەوەی شەرم لەئەو هەموو خوێنەی کە لەپێنـاو

کوردستاندا رژاوه بکات ،دیسان عێراقچییەتی خۆی بۆ ئاغاکانیان دووپات دەکاتەوە باس لەوە دەکات کە ئێمە نالێن ئەو شوێنانەی کە بە خوێن گیراون بە خوێن بەریان دەدەین بەڵکوو لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ دا هەڵسوکەوتی لە گەڵ دەکەین ئەوە لە کاتەکدایە کە لەسەرەتای شەری داعش و راکردنی فرقەی دیجلەدا ،حەنان فەتلاوی زۆر بە ئاشکرا باسی لە پێشەڵکردنی دەستوور کرد و باسی لەوە کرد کە کارەکانی لیژنەی ١٤٠ تاوەکوو قۆناخی ریفراندۆم چوو بوون بەڵام من بەتەنیا توانیم سێ ساڵ کارەکانی ئەو لیژنەیە رابگرم ،چ عەجبا ئالا تالەبانی ئەوانەی لەبیر چوویەوە وباس لەوە دەکات کە ئێمە نامانەوێت لەعێراق جیا ببینەوە بەڵکوو لەگەڵ عێراق دەمینینەوە و نەوتی کەرکوکیش هی هەموو عێراقە ،ئەگەر سرنجی ئەوخالانەی کە ئالا باسی لێوەدەکات لەچوارچێوەی هەمان ئەو بیرۆکەیە کە مالیکی  لە میدیاکان راگەیاندووە ئەوەش جاری یەکەم نییە و دوایین جاریش نابێت.

هەروەهانەوشیروان مستەفاش بە بەردەوامی جەخت لەسەر ئەوبابەتە دەکاتەوە بەڵام ئەوەی کە سەیرە چۆن دەتوانن حاشا لە هەموو ئەو خەباتە بکەن کە لەپێناویدا خوێنیان داوەهەڵبەت من باس لەوە ناکەم کە پێشتریش چەند جار ئەو هاوپەیمانەتییەیان راگەیاندووە چوون ئەوانەیان بۆ بە خەبات نانوسرێت بەڵکوو باسی ئەنفال و کیمیا باران و وەستان دژی رژێم دوای راپەرین دەکەم.

ئەمرۆش بە ئامادە بوونی عەممار حەکیم لە تەک سەرۆکی هەرێم ئەو راستییە ئاشکرا بوو کە ئەو ئۆپەراسیۆنە چەندە بۆ عێراق و تەنانەت ئێران و لە لایەکی ترەوە بۆ ئەمریکا گرنگە و ئەوەی کە شاراوە نییە هەر بۆیەش بەو شێوەیە گریان گرتووە لە کۆتاییدائەو دوژمنایەتییە هی هەموو ئەو شکست پێ هێنانەیە کە لە سەردەمی خۆی پارتی و بارزانی بە حکوومەتەکەی مالیکی  هێناو لە لایەکی ترەوەش ئەو پرۆسە گرنگەی کە هەموان لە دژایەتی کردنیداهاوبەشن ئەویش دژایەتی کردنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستانە.

٢٩ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## " ئیتر خەنـەکەتان رەنگی نییە"
## وولامەک بۆ عەدنان عوسمان

دوابەدوای ئەوەی کە مـالیکی  لە چەنـد گرتەیەکـی ڤیدیۆییدا هەرەشـەی لە کوردسـتان لەوانەش بە جیـاکراوی لە سـەرۆکی هەرێـم کـرد، بە جـۆرەک لە جۆرەکـــان هاوپەیمـــانە دێرینەکـــانی خـــۆی خۆشـــحاڵ کـــرد، بەوەی کە هاوپەمانەکەیان لە سەر پەیمانی خۆی بۆ دژایەتی بارزانی وەستاوە، بەڵام ئەو هاوپەیمانـانە نەیـانزانی کە ئیتـر خەنەکانیـان رەنگـی نییە و خەڵـک چیتـر بـاوەڕی بە چەواشـەکارییەکانیان ناکات،عەدنـان بە ئامـاژە کـردن بەو بـابەتە کە گوایە ئەو هەرەشـەیە بە جـۆرەک لە جۆرەکـان سـەرۆک بـارزانی دەکـاتە پـاڵەوانەکی نەتەوەییســەرەڕای ئەوەی کە ئەوانە چـاوی بینـا و گـوێچکەی شـنەوایان نییە، بەڵام وەبیریـان دەهێنمەوەکە، رۆژانە دەیـان دیپلۆماتکـار و شاندی وڵاتان و گەورەبەرپرسانی سەربازی و دیپلۆماسـی دەبینن کە بە چ شـێوەیەک هەڵسـوکەوت لە گەڵ سـەرۆکی هەرێـم و کوردسـتان دەکەن و پەیماننائیار سـەربازی لە گەڵ زلهێزتـرین وڵاتـی جیهـان واژوۆ دەکـات، ئەو سـەرۆکەی کە راسـتەوخۆ سـەرکردایەتی هەمـوو ئەو شـەرانەی کردووە کە بـۆ رامـالینی داعـش لە نـاوچەکە بـوو،ئەو داعشـانەی کە چەنـدین فـرقە لە سـوپاکەی هاوپەیمانەکەیـانی بە هەمـوو ئەو چەک و جبەخانـانەی کە هەیـان بـوو، بەچـۆک دانـا، ئێـوە چ ئـابی   ان بەو هاوپەیمـانەتییە عەسـکەرییە سـێ قۆلییەی کوردستان و عێراق و ئەمریکا هەڵ نایەت هەر وەک مالیکی  چاوی پێی هەڵ نایەت، هەر بۆیەش شتێکی نوێتان بۆ ئەو بابەتە پێ نییە لەوولامـی بەرێزیـان بـۆ خـاڵی یێەکەم هەر ئەونـدەدەلێم کە سـەرۆک بـارزانی، نەوەک پاڵەوانی نەتەوەیی بەڵکوو سـەرکردەیەکی نەتەوەییە کە لە سەردەسـتی ئەو سەر کردەیە سەربەخۆی کوردستان لە داهاتویەکی نزیک رادەگەیەنرێت.

به شداری کردنی کوردستان له شەری دژی تیرۆر تەنیا بەشداریکردنەکی سادەو ساکار وەکوو ئەوەی کە ئەوان بۆ چەواشەکردنی دەنگدەرانیان باسی لێوە دەکەن و رۆژانە پیلانی بۆ دادەرێژن نییە بەڵکوو گەورەترین ئەو دەستکەوتە ئەوەیە کە تێیدا سنوورەکانی کوردستانی تێیدا دیار دەکرێت و ئەوەش یەکێک لە سەرکەوتنە هەرە گەورەکانی کوردستان و پێشمەرگەیە کە شانازی ئەو سەرکەوتنە هەر بۆ سەرۆک بارزانی دەگەڕێتەوە ئەو شەرەش لە بەر ئەوە بۆ ئێمە پیرۆزە سەرەڕای ئەوەی کە سنوورەکانی کوردستان سەر لە نوێ دادەرێژرێنەوە لە هەمان کاتیش شانازی ئازاد کردنی ئەو بەشانەی کوردستان کە تێیدا کریستیان و شەبەکەکان و کەمە نەتەوە و کەمە ئایینەکان تێیدا دەژین ،سەروەرییەکەیان بۆ پێشمەرگەوبارزانی دەگەڕێتەوە و ئەوەش ئەو شەرەفە گەورەییە یە کە ئێوە ئیرەیی پێدەبەن هەروەک هاوپەیمانەکەتان مالیکی ئیرەیی پێوە دەبات.

هەر وەک لە نوسینە پر لە چەواشەکارییەکەتان ئاماژەتان پێی کردووە، سەرۆک بارزانی لە هەم بەر کێشەی کەرکووک و ناوچەداگیرکراوەکانی دەرەوەی هەرێم ،هیچکات کەمتر خەم نەبووە،ئەگەر جەنابتان کەمێک مێژووی کوردستان و شۆڕشەکانی بارزانتان خوێندبێتەوە دەبینن سەرەڕای ئەوەی بارزانی نەمر شۆڕشەکی لەسەر کەرکوک داناوە، سەرۆک بارزانیش بە هەموو شێوەیەک لە پێناو گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچەداگیرکراوەکان بۆ سەر کوردستان بووە. وەکوو دیارە لەبیری چۆتەوەکە چۆن هاوپەیمانەکەیان هەوڵی هێرش کردنە ناوچەکوردییەکانیان بە سوپای دیجلە دەدا بەڵام پێشمەرگەی کوردستان لە بەرانبەریان وەستا لە بیری چۆتەوە کە حەنان فەتلاوی هاوپەیمانی دێرینەیان چۆن لە سەر شاشەی تیڤییە کان، بە شانازییەوە باسی لە هەوڵی شکست پێهێنانی مادەی ١٤٠ دەستووری دەکرد ئەوکاتەی کە سەرۆکی ئەو لێژنەیە مادەی ١٤٠ی دەستوور بووە.

لە خالێکی تریشیان خۆی بە غەمخۆری پێشمەرگە داناوە گوایە کە پێشمەرگە لە بیری چۆتەوە کە تەنیا لە کەمتر لە دە رۆژ لەمەوبر بوو کە لە شاشەی بە ناو سەر بە خۆی( ان.ار.تی ) پێشمەرگەی بە میلیشیا ناوزەد

کرد، ئەوە ئەو سیاسەتەیە کە ئێوە داتان رێشتووە و هەر بەردەوامش دەبن لە سەر ئەو سیاسەتە چەوتە.

٢٩ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## رۆوڵی شەهید چروکایە وتابووری پێنجەم لە کوردستان

سەرەتا نامەوێت باس لە لایەنەکی ئەو بابەتە بکەم بە بێی ئەوەی رۆڵای بەرانبەر بە یان نادیدە بگرین هەر بۆیەش بە نیازم بە شێوەیەکی کوورت بۆ قارەمانەک وەکوو نمونە و لە بەرانبەر بە ئەوەش دژەکەی باس بکەم سەرەتا بە نیازم باس لە تابوری پێنجەم بکەم و مێژووی تابوری پێنجەم چۆن بووە

بە مانای خیانەتێکی شاراوە دەێت کە خزمەت بە لایەنی بەرانبەر واتە دوژمن دەکات و ئەگەر لە رووی ئایدئۆلۆژیا لێکی بدەینەوە ، دژ بە دیموکراسین و لە پشت گەلەکەی خۆیان دەست بە کرداری خەراپ بەڵام شاراوەدەکەن کە لە بەرژەوندی دوژمنەکاندا بێت.

تابوری پێنجەم : بەمانای خیانەتی شاراوە دێت، کە خزمەتی بەرەی دوژمن دەکەن لە ڕووی فکری و ئایدۆلۆژیەوە دژی دیموکراتین،لە پشتی گەلەوە کرداری خراپە کارانە دەکەن

ئەم زراوەیە بۆ یەکەم جار لە سەردەمی شەڕە ناوخۆیەکانی ئیسپانیادا لە ساڵەکانی (١٩٣٦-١٩٣٩) بەکارهێنراوەلەم کاتەدا کۆنەپەرستانی ناوخۆ بە سەرکردایەتی جەنەڕاڵ فرانکۆ چوون بە کۆمەکی فاشیستەکانی ئەڵمانیاوئیتاڵیا لەدژی خەڵکی ئیسپانیاوکۆماری تازە دەجەنگان،

جەنەڕاڵ مۆلا یەکێک بو لە سەرکردەکانی سوپای فرانکۆ سەرکردەی چوار لەشکری لە ئەستۆدا بوو رویکردە مەدرید بۆ ئەوەی کۆماری خوازەکان تێکبشکێنێت ،مۆلا لەم کاتەدا وتی: من تابورێکی ترم لە ناو خەڵکی مدریدا هەیە کە تابوری پێنجەمی لەشکرەکەمانە ،مەبەستی لەو خائینانەی ناو خەڵکی مدرید بوو کە بەدزیەوە خزمەتی دوژمنیان دەکرد و

دژی زەحمەتکێشە شۆڕشگێرەکان خراپەکاریان دەکرد،لەم کاتە زاراوەی " تابوری پێنجەم " بۆ ئەو خائینانە دانراوە کە بە دزیەوە لە ناو خەڵکدا یان ڕێکخراوەکاندا خزمەتی دوژمن و بێگانە دەکەن.

ڕێک لە لەبەرانبەر ئەوەشدا کەسانی شۆڕشگێر هەن کە گیانی خۆیان بۆ گەلەکەیان دەکەنە قوربانی وبە هەموو شێوەیەک لە پێناو بەرژەوەندی گەلەکەیان تێدەکۆشن بێگومان هەردوو لایەن ناوەکانیان لە مێژوودا تۆمار دەکرێت، بەڵام ئەوەی کە لە پێناو نیشتمان سەر و ماڵ و نیشتمانەکەی دەکاتە قوربانی بە شێوەیەک و ئەوەی تریان تەنانەت ئەگەر بە کەمترین شێوە ،هەوڵی لێدانی لە بەرژەوەندییەکانی گەلەکەی دابێت بە نەرێنی تۆمار دەکرێت.

بۆنموونە کەسانەکی وەکوو شەهید سلیمان چرۆکایە کە یەکێک لە کوردەکانی باکوور بوو و لەوڵاتی ئاڵمانیا بۆ مەبەستی خزمەت کردن بۆ وڵاتەکەی بەرەو هەرێمی کوردستان دێت و لە گشت بەرەکانی شەردا سەری رمەکە دەبێت و بەس خوا دەزانێت ئەگەر کەسانی وەکوو ئەو نەبوانە چەند کەس بە ئەو دوژمنە شاراوەیە شەهید دەبوون و یان رووڵی جەماڵ دۆڵەمەری ،ئەو گەنجەی کە لە پێناو پاراستنی گیانی هاوسەنگەڕانی خۆی، ڕێگا بەو سەیارە پرلە تەقەمەنییە دەگریت کە بەرەو ئاراستەی پێشمەرگە دێت و گیانی زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە هاوسەنگەڕانی لە شەهید بوون دەپارێزیت، هەروها دەیان پزیشک و پێشمەرگەی خۆبەخش کە لە چرکەساتی یەکەمی شەری داعش دا لە بەرانبەر دەژمناندا بەڵام کەسانەکیش هەن بە بڵاو کردنەوەی پرۆپاگندەی گوماناوی و هەواڵی نادروست و چەواشەکاری لە میدیا کان هەوڵی کەمکردنەوەی ئینتمایی هاوڵاتیان بە نیشتمانەکەیان دەدەن و بەم شێوەیەش هەوڵی دوور خستنەوەی بیرۆکەی دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆ دەدەن وراستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە پێناو بەرژەوندی تەسکی حیزبی و کەسیدا خزمەت بە دوژمنەکانیاندەکەن.

٣٠ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## سلێمانی وغیرەت ، غیرەت وسلێمانی

ئەوەی کە ئێستا لە سلێمانی دەبینرێت دەستەمۆکردنی شاری هەڵمەت و قوربانییە ،ئەو شارەی کە ساڵانی زۆر دژی دەستی زۆرداری و ئیستعماری پیر وەستا و بۆ بەرژەوەندی گەلە کەی چۆکی دا نەدا هەر بۆیەش ئێستا و لە دا هاتوشدا کەس ناتوانیت بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆی سلێمانی بخاتە ژێر رکێفی عەسکەری وڵاتەکی ئیقلیمی و ناکرێت لە پێناو بەرژەوندی تایبەتی لایەنەک دەستی بێگانە بۆ ناو ئەو کایە سیاسییەی کە لەو زوونەدا هەیە رابکێشرێت ،چوون ئەوە ئەو بچووککردنەوەیەی خەڵکی بەشەرەفی ئەو سنوورە و نەهێشتنی کەرامەتییانە چوون ناکرێت تاوەکوو دونیا بابی ئایارل و تەبعیان نەبێت ، هەوڵی بچووک کردنەوەی سەروەییەکانی ئەو شارە بدەن چوون ئەو شارە وخەڵکەکەی چۆکیان بۆ هیچ بێگانەیەک دا نەداوە کە ئەمڕۆ بۆ مالیکی و فەتلاوی و قاسم سلێمانی دا دا بدەن.

ئەوانەی کە سەر کەوتنی خۆیان لە سەرکوت کردنی لایەنی تر بزانن،ئەوانەی کە سلێمانی تێکەڵ بە گەئایار سیاسی خۆیان دەکەن رۆژەک دێت کە سلێمانی بە هەموو پیرۆزییەکانی لە دەست بدەن چوون سلێمانی و غیرە و غیرەت و سلێمانی دوو ووشەن کە لە یەک جیا ناکرێنەوە هەربۆیەش تا زووترە باشتر وایە ناوەندی بەناو زۆرینە لە بری پەڵکێش کردنی سلێمانی بۆ ناو گەئایار سیاسی و هەوڵی تێکەڵ کردنی ئێران بدات لە تەقەلای چارەسەر کردنی کێشەکە لە ناو خۆیان بن و واز لە خۆسەپاندن و دیکتاتۆرییەت بهێنن.

٣٠ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## تۆ بڵێیی جێگرەوەی مام جەلال قاسم سلێمانی نەبێت؟

ئەوەی کە دووبارە دەبیسرێت سەردانی چەندەم جارەی باڵی دەسترۆیشتووی یەکێتینیشتمانیی بۆ ئێرانە ،هەرچەندە کە ئێستا لەوە

تێپەریـوە بڵێـین ناکرێـت دەسـتی ئێـران و،وڵاتـانی ئەقلیمـی بۆنـاو کێشـە ناوخۆییەکـان رابکێشـرێت ،چـوون جـاری یەکەم و دووەم و سـێیەم نییە و ئەوەی کە لەودوایەدا روویدا بەرجەسـتەترینیان بـوو ،هێنانی کۆنسـوڵگەری ئێران بـۆ نـاو هاوکێشـە سیاسییەکانی کوردسـتان ئەویش لە ١٩ی ئـاب و ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ کە راسـتەوخۆجێبەجێکردنی ئەو پلانانە بـوو کە لە لایەن ئێرانەوە دادەرێژران، هەروەها ئامـادەبوونی ئەو شـاندە عەسکەرییەی ئێـران لە دوو مـانگی رابـردوو، و سـەردانی کردنـی ناوەنـدی بڕیـار و پاڵەپەسـتۆ خسـتنە سـەریان ناوەندی بڕیـار ،بۆئەوی بـۆ ژێـر رکێفـی باڵی دەستڕۆیشتوو رایانبکێشین.

ناردنی شاندی سـەربازی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانیانی نـاو یەکێتی و سەرپەرەستی کردنی کارەکانی یەکێتی لە ژێـر فەرمـانی راسـتەوخۆی قاسـم سـلێمانی ،ئامـاژەیەکی روونـی ئەو راسـتییەیە کە لە کـاتی ئێسـتادا یەکێتـی دژوارترین کاتەکانی خۆی بەسـەر دەبات و ئێران لەوانەش باڵی سـەربازی سـوپای پاسـداران دەسـتی لە تەواوی جومگەکـان و ئـیش و کارەکـانی ئەو پارێزگایە تێکەڵ کردووەئەوەش بە هیچ شێوەیەک قەبووڵ ناکرێت چـوون سـلێمانی ئەو پارێزگـا نیشـتمان پەروەرەیە کە ناکرێـت ببێـتە ئایـاردانی سـوارچاکەکانی حەشـدی شـەعبی و ئێـران و مـالیکی و فەتـلاوی و دارو دەستەکەی.

بە تـایبەتی کە بۆ چەندەم جارە ئەو شـاندە تـاک لایەنـانە سـەردانی ئێران دەکـات سـەرەڕای ئەوەی کە سەرپەرەسـتی و نـاوبژیوانی ئەو شـاندەش راستەوخۆ لەلایەن قاسم سلێمانی بووەو لە دوایین جاریش سەردانی مـاڵی شەهیدەکی سەرکردەی نـاو یەکێتـی کـرد هەمـوو ئەو هەڵسـو کەوتـانەی ئەو ئەفسەر سەربازییە بە جۆرەک لە جۆرەکـان هێنـانەوی یەکێتی بـۆ مێژووی رابـردووی خـۆی لە شەسـتەکانە.و لە ئێسـتادا لە نـاو بـاڵی دەسترۆیشـتوو روودەدات بەڕێـوەبردنی ئەو حیـزبە لە ژێـر فەرمـان و ڕێنماییەکـانی راستەوخۆی قاسم سلێمانی یە و ئەو پرسیارە دێتە پێش ئخۆ گەلۆ تۆ بڵێیی جێگرەوەی مام جەلال قاسم سلێمانی نەبێت؟

٣٠ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## قسەی دایکە شەهیدەک کە ،گۆتی:" هێشتا ماوە کاوڵی بکەن"

ئەوەی کە لێرەو و ئەوەی پێی دەوترێت زۆنی زەرد، سەرکردەکانی خەریکی یەکخستنەوەی خۆیانن بۆ مەبەستی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی،

سەرکردەکەی زۆنی زەرد لێرەو لەوی شاندەکان سەردانی دەکەن و پێی دەلێن پریزیدنت، سەرکردەکانی زۆنی زەرد بۆ قوتار کردنی گەلی کوردستان لەو هەزمەسیاسی و ئابورییەی کە هەیە خەریکی پلانن، سەرکردەکانی زۆنی زەردخەریکی بە بازارکردنی نەوت و سەرکردایەتی گەلی کوردیان وەکوو شیری دایک لە خۆیان حەلاڵ کردووە ، سەر کردەکانی زۆنی زەرد پەیمانی عەسکەری ستراتژیک لەگەڵ زلهێزترین ولات واژوو دەکات، لێرەدا هەموو دامو دەزگاکان خەریکی خزمەتگوزارین و ماموستایان منالانی پێشمەرگە دەرس دەدەن،

بەلام لەوەی کە پێی دەوترێت زۆنی سەوزی پێشوو،

رۆژەک یان بایکۆت و مانگرتنە ،

رژۆەکیان سوتاندنی بارەگای پارتییە ،

رۆژەکیان هاتنی قاسم سلێمانی و وەفدو شاندی سەربازیی ئێرانییە،

رۆژەکیان پێشوازی لە فەتلاوی و مالیکی یە،

رۆژەکیان قەیرانی سی پارێزگارییە،

رۆژەکیان بێ پارێزگارییە ،

رۆژکیان تەقاندنەوەی بۆری نەوتە،

رۆژەکیان کێشەی ناو باڵەکانەکەیەتی لە کۆتاییدا:

قسەی دایکە شەهیدەک کە ،گۆتی:" هێشتا ماوە کاوڵی بکەن" بەڵێ ئێستا ئەو کاتەیە دایەگیان:" کاوڵیان کرد

"

٣١ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

# پارێزگای بێ پارێزگار

ئەوەی ئەمــڕۆ لە دیمــانەیەکی عەتــا ســەراوی لە کەنــاڵی رووداو بینــیم درێژەدانی گۆڕان و باڵی دەست رۆیشتووی یەکێتی لە سەر گەوجاندنی ئەو پارێزگارە رۆشنبیرە بوو، ئەوەی کە جێگەی پرسیارە ئەوەیە ( نیازمان جیا کردنەوەی ئەو پارێزگارە خۆشەویست و نیشتمان پەروەرە لە پارێزگاکانی تر نییە ) ئەگەر هاتوو ئەوەی کە لە سلێمانی روو دەدات لە هەولێر و دهۆک رووی بدایە ،بەوجۆرەی کە دەزگاکانی بە ناو سەربەخۆ و گەوجێنەری حیزبی وەکوو ئەوەی کە ئێستا بێدەنگییان لە مەر کێشەکان نواندووە هەروا بێدەنگ دەبوون؟ وەکوو ئەوەی عەتا سەراوی باسی لێوەدەکات رێککەوتنی ئیستراتیجی پارتی ویەکێتی رێگرە لەوەی کە رێککەوتنی سیاسی گۆڕان و یەکێتی سەر بگریت و ئۆبالی ئەوکێشەیەی پارێزگای سلێمانی دەخاتە ئەستۆی پارتی ناوبراو لە بیری چۆتەوە یان هەمدیسان گەوجاندن دەکات چوون هۆکاری سەرەکی لە جێبەجێ نەکردنی یاسای پارێزگاکان تەنیا ئەو رێککەوتنە سیاسییەی گۆڕان و یەکێتی بوو کە بە نیاز بوون دەستاودەست کردنی پارێزگاری سلێمانی دووساڵ بە دووساڵ و لە دوو ساڵی یەکەمیش بۆ یەکێتیبێت پێرەو کردووە و بە هیچ شێوەیەک خۆیان لە قەرای پرسی یاسایی پارێزگاکان نەداوە .

وەکوو ئەوەی عەتا سەراوی باسی لێوە دەکات وەزیری ناوخۆ ئامادە نەبووە فەرمانی جێگری بۆسەردار کەریم دەربکات و ئەو دۆسییەی رەوانەی ئەنجومەنی دادوەری بۆ بڕیاردان کردووە و چوون ئەو بڕیارە لە لای ئەوانەوە رد کراوە بەڵام باڵی دەسترۆیشتووی یەکێتی و گۆڕان بەدوای ئەوەبوون کە بە نایاسایی پارێزگار دا بنێن و یاسا قوربانی رێککەوتنە سیاسییەکەیان بکەن ،هەروەها وەزیری ناوخۆ ئەو رێچکەیە پێرەو بکات،بەڵام ئێئایار پارتی باوەڕمان بە سەروەری یاساوە هەیە و ئەوەی کە هەیە تەنیا رێککەوتنی دوو حیزبە و یاسا ناکەویتە ئەو چوارچێوەیەوە.

بەڵام بەراست ئەو نوسراوە چییە خۆ پارێزگاری سلێمانی هەڤاڵ ئەبوبەکر بـوو؟ئەدی سـەردارکەریم چـی بە سـەر هـات؟ئەگەریش ئاسـۆ فرەیـدوون پارێزگار نییە ، ئەو نوسراوە چییە؟

٣١ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## هەمدیسان گەڕانەوە بۆ تاران

ئەوەی کە لە ساڵانی رابردوو لە کۆمەلەک لە حیزبەکانی ئێران بینیومـانە پەنا بردن بۆ وڵاتـانی دراوسـێی ئەویش بە شـاندی حیزبی بە دوور لە هەر هەڵسـوکەوتەکی دیپلۆماسـییانە و تەنیـا لە پێنـاو سـاغ کـردنەوەی هەنـدێک گرفتی حیزبیی و یان زۆر جارانیش لە پێناو پیلان داڕشتن دژی حیزبەکی تری کوردستانی ئەوەی کە ئێستا روو دەدات رێک ئەو حاڵەتەیە لە کاتێکدا کە کێشـە کـانی نـاو یەکێتـی گەیشـتونەتە حـاڵتی تەقینـەوە و لەیەک تـرازان هەمدیسان پەنـای بـۆ ئێران بردووە ئەو ئێرانەی کە خۆی رێچارەی یەکـی گونجـاوی بـۆ کوردەکـانی خـۆی پـێ نیـیە چ عەجەبـا بتوانیـت کێشــەکانی باشوور چارە سەر بکات.

حیزبەکی وەکوو یەکێتـی دووبـارە بە پەنـا بـردنە بەر ئێـران جـارەکی تـر تۆپەکەی خستە ناو گۆرەپانی سیاسی ئێران بۆ ئەوەی ئەو جـارەش وەکـوو هەمـوو جارەکـانی تـر لە دەزگاکـانی راگەیانـدن لافی ئەوە لێبـدات گەر ئـێمە نەبونـایە هەرێمـی کوردسـتان لە لایەن داعشــەوە داگیـر دەکـرا ئەوەی کە لاباڵەکی یەکێتی دەیکات زیاتر لە شکستێکی سیاسی هیچی تر نییە ئەگەر بـروا بەوە هەبێـت کە کۆمـاری ئیسـلامی کێشـەکانیان چارەسـەر دەکـات لە هەمـان کاتیشـدا ئەوە تەنیـا ئەو بـاڵە حیـزبییەی یەکێتـی نییە کە زەرەرمەنـد دەبێت بەڵکوو ئەو شکستە بەرووکـی سلێمانی ش دەگریت و ئەو پارێزگـایە لەوەی کە هەیە زیاتر تووشی دارمان دەکات.

٣١ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی لە ناوەندی بڕیار

ئەوەی کە کەمەک ئەلـــف و بێـــی سیاســـەت بزانیـــت زۆر بە ئاســـانی ،هاوکێشەکان دەخوێنیتەوە و چارەسەرییەکانیش دیاری دەکات ،دروستە کە لە نـاو یەکێتینیشـتمانیی کێشــە هەیە و لایەنەک لە لایەنەکـانی تـر هەوڵـی سـڕینەوە و یـان بەهــیچ نەخوێنـدنەوەی هەیە بەڵام ئەوە نـابێتە هۆکـاری ئەوەیکە کێشەکان بۆ دەرەوەی بازنەکە ببردرێن و بە جۆرەک لە جۆرەکان لایەمەکـی ئیقلیمـی پەڵکێشـی ئەو هاوکێشــەیە بکرێـت چـوون ڕاکێشــانی لایەنەکی دەرەکی وادەکات کە ئەو مافە بەخۆی بدات بۆ ئەوەی دەست لە لایەنەکانی تری حوکوم داری نەپاریزیت و ئەوەیان بە ئەرکی خۆی بزانیت.

کێشــە ناوخۆییەکـان هەر زووئێرانـی بـۆ سـلێمانی ڕاکێشـا ئەو جـارەش وەکوو جارەکانی ڕابردوو ئێران بێ هەڵوێست نەبوو کۆماری ئیسلامی خێرا شـاندێکی لە هێزەکـانی سـوپای قـودس ڕەوانەی سـلێمانی کـرد بـۆ ئەوەی جـارێکی تـر دوو لایەن بەرەو ئـارامی بگەڕێننەوە وهەڵـی دووبـارە بە یەک گەیشتنەوە برەخسیت. ئێران پێشنیاری ئەوەی کردووە کە یەکێتینیشتمانیی لە لایەن هەر دوولایەن بە شێوەی کۆنسە بە ڕێوە ببریت (هـاوبەش)ئەوەش هەر وەکـــوو ئەوپـــلانەیە کە بـــۆ پەکەکە داینـــاوە، هەرچەنـــدە کە ئەو چارەسەرییەش کاتی بوو بەڵام بە نەسەڵماندنی لە لایەن ناوەندی بڕیار لە لایەن شـــاندە ســـەربازییەکە ڕووبەڕوی هەڕەشـــە بـــویەوە بەڵام ئەوجـــارە کۆماری ئیسلامی ئێران پیلانەکی تری پێ بێت ،بەڵم دیسانئەو پرسیارە دێتە پێش کە کۆماری ئیسلامی بە چ حەقەک ئەو مافە بەخۆی دەدات بۆ ئەوەی ڕێو شوێن بۆ کوردستان دەست نیشان بکات؟

٣١ ئۆکتۆبەر ٢٠١٦

## چارەسەرە کاتییەکانی قاسم سلێمانی بۆ کێشەکانی نێو یەکێتی

هەرچەنـدە کە کێشــەکانی نـاو یەکێتـی ڕابردوویەکـی دوور و درێـژی هەیە بەڵام دوا بەدوای نەخۆش کەوتنی مام جەلال ئەو کێشـانە پەرەیـان سـەند و

ئەوحیزبەی بەرەو لێک ترازانەوە برد، تەنانەت بووە هۆی ئەوەی کە بەر یەک کەوتنی عەسکەری روو بدات لەو بەینەدا کۆماری ئیسلامی دەستەوەستان نەوەستا و دۆسییەی کێشە ناوخۆییەکانی ئەو پارێزگایە بە هێزی سوپای پاسداران ، لەوانەش بە قاسم سلێمانی دراوە، هەر چەندە کە تا ئەندازەیەک کۆماری ئیسلامی توانیویانە هەموو جار چارەسەرییەک بۆ کێشەکانیان بدۆزنەوە بەڵام هەمووجار ئەو چارەسەرییانە، کاتی بوون و ئەوەش لە گەڵ تێپەر بوونی کات ئاشکرا بوو.

ئەوەی کە لە رابردووش بینیمان کێشەکان گەیشتنە ئەو ئاستەی کە لایەنی زۆرینە کە خۆیان بە میرات گرانی یەکێتی دەزانن دەستیان بە تەواوی جومگەکانی یەکێتی و داهاتی سلێمانی داگرتووە ،بە بێی ئەوەی هیچ حسابەک بۆ باڵی ناوەندی بڕیار بکەن و ناوەندی بڕیاریش بەبڵاو کردنەوەی بڕیارەک ئەو ناوەندەی بە تاکرەو دیکتاتۆر و گەندەڵ کە دەستیان بەسەر پارەو سامان و راگەیاندنی یەکێتی دا گرتووە ئەو جارەش وەکو جارەکانی تر شاندەکی سەربازی لە کۆماری ئیسلامی بە سەردانی پارێزگای سلێمانی و کۆبونەوە لە گەڵ لایەنەکان ویستیان بە زۆری هێز ئەو ئاگرە دا بمرکێنن، بەڵام سوودی نەبوو چوون هەموو ئەو چارەسەرییەکاتییانەی کۆماری ئیسلامی لە سەر یەک کەڵەکە بوون ئەوە حیزبەی بەرەو لێک ترازان برد.

ئەوەی کە دەبێت هەڵوێستەی لە سەر بکرێت دەستتێوەردانی راستەوخۆی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری ناو خۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە چوون ئەو سەردەمە بە سەر وەچوو کە کوردستان ببێتە گۆرەپانی زۆرانبازی هێزە سەربازییەکانی وڵاتانی ئیقلیمی و هەرکاتەک کەو یستیان بە کەیفی خۆیان سەروەری خاکی کوردستان پێشەڵ بکەن و پەلاماری ئۆپۆزۆسیۆنی ئێرانی بدەن لە لایەکی ترەوە قاسم سلێمانی کێیە کە بیەوێت کێشەکانی ئەو پارێزگایە چارەسەر بکات؟ ئایا ئاستی ئەو پارێزگایە تا ئەو دەرجەیە دابەزیوە کە ئەفسەرەکی پلە نزمی کۆماری ئیسلامی کێشەکانیان

چارەسەر بکات ؟ یان ئەوە رۆڵی نەرێنی لابالەکی دەسترۆیشتووی ناو یەکێتییە کە ئەو پارێزگایەی بۆ ئاستە نزم کردۆتەوە؟ ئاخۆ چۆن دانیشتوانی ئەو پارێزگایە ئەو هەموو ئیهانەو بچووککردنەوەیە قەبوول دەکەن؟

ئایا دەبێت پەیوەندی دیپلۆماسییەکانی هەر وڵاتەک بە پەیوەندییە حیزبییەکانەوە گرێ بدرێن یان دەبێت ئەو پەیوەندییانە راستەوخۆ لە لایەن حکوومەتەوە ئەنجام بدرێن؟

چوون ئەوەی لە کاتی ئێستادا ئەنجامدەدرێت سەرەڕای ئەوەی دەستتێوەردانی راستەوخۆی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاروباری هەرێمی کوردستانە سەرەڕای ئەوەش گەڕانەوەی مێژووی ئەو حیزبەیە بۆ شەستەکان و لە لایەکی تریشەوە بچووک کردنەوەی و لێدان لە کەرامەتی پارێزگای سلێمانییە هەر بۆیەش پێویستە کە سەرانی ئەو حیزبە بە بیرکردنەوەیەکی قوڵ هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەکانیان بدەن و نەوەک وڵاتەکی تر کە لە هەموو کات دژ بە بەرژەوندی گشتییەکانی کوردستان بووە پەڵکێشی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەک سنوورەکان ببەزێنن و ئەو مافە بە خۆیان بدەن کە دەست لە کاروباری هەرێمی کوردستان وەر بدەن.

٤ تشرینی دووەمی ٢٠١٦

## پێگەی کورد لەدوای شەڕی داعش

زۆردەنگ وباس دێتە ئاراوە، ئاخۆ پێگەی کورد لەدوای شەری داعش بە چ شێوەیەک دەبێت ؟بە شێوەی جۆراوجۆر شرۆڤەی بۆ دەکرێت وهەندەک لایەنی سیاسیش بە سوود وەرگرتن لەو بارودۆخەی کوردستان هەوڵی چەواشەکردنی رای گشتی و لاواز کردنی ئینتمای نیشتمانیی دەدەن بەڵام ئەو پرسیارە دێتە پێش ئاخۆ پێگەی کوردستان دوای داعش چۆن دەبێت و کوردستان چی بەسەردێت؟ئەوەی لە دوای شەری ئازادی عیراق روویدا پێداگری لە سەر مانەوەی کوردەکان لەو شوێنانە بوو کە ئازاد کرا

بوون،ســـەرەڕای ئەوەی کە رای گشـــتی و پەیوەنـــدییەکانی کـــورد لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا و عەرەبی وەکوو ئێستا نەبوو سەرەڕایوڵاتانی عەرەبی بە هەموو شـێوەیەک نەک دژی سـەربەخۆیی تەنـانەت دژی فیدرالی بـۆ کورد بـوون، بەڵام ئەوەی کە لە ئێسـتادا دەبینرێـت وهاوکێشـەکان ئەوانە نـین کە پێشتر هەبوون ئەوکات، بە هەموو شێوەیەک دژی بوونی پێشمەرگە وەکوو هێـزی بەرگـری کوردسـتان بـوون، بەڵام ئێسـتا دوا بەدوای شـەری ئـازاد کردنی عێراق لە سەر پێداگری سەرۆک بارزانی وەکوو " هێزەکی هـاوچەرخ "ناسـراوە، کە تەواوی جیهـان شـانازی پێـوە دەکـات و تەنـانەت وەزارەتـی بەرگـری ئەمریکـا یادداشــت و پرۆتۆکـۆڵی ســەربازی لە گەڵ وەزارەتــی پێشمەرگە وەکوو هێزی بەرگری کوردستان واژوو دەکاتات.

وەرگـرتن و یارمەتیـدانی ئاوارەکـان ،سـەرەڕای ئەوەی کە بـاری ئـابوری کوردسـتان لەئاسـتی پێویسـتدا نەبووە سـەرەڕای شـەری داعش ،پرۆسـەی وەرگرتنـی ئاوارەکـانی جەنـگ نەوەســتا،تەواوی ئـایین وکەمەنەتەوەکـان، وەکوو یەک و لەیەک ئاست بە یەکەوە دەژین، هەمـوو ئەوانە وایکـردووە کە پێگەی کورد لەهەموو کات بەهێزتر بێت.

لە لایەکی ترەوە هەوڵ دیپلۆماسییەکانی سەرۆک بارزانی لەگەڵ وڵاتـان بە تایبەتی رۆژئاوا و عەرەبی و هاوکاری بۆ بەرەنگار بونەوە دژی گەورەترین شـــەری جیهـــانی دژی تیـــرۆر ، ئەو دۆخەی ١٣ ســـاڵ لە مەوبەری دوای پرۆسـەی ئـازادی عێـراق بە یەک جـاری گۆریـوە و تەنیـا دوو هەڵبـژاردە لە بەردەم کورددا دەمینیتەوە

یەکەم :مـــانەوە لە گەڵ عێـــراق، بەڵام نە بەوشـــێوەی کە لە ســـەردەمی حوکمرانی عەلاوی و جعفری و مالیکی و عبادی هەیان بووە بەڵکوو بەهێز تر و کاریگەر تردەبێت.

دووەم: دەکرێت لە رێگەری ریفراندۆمەوە بە شێوەیەکی ئاشتیانە دەنگ لە سەر چارەنووسی خۆمان بدەین مانەوە یان نەمانەوەیان لە گەڵ حکوومەتی مەرکەزی رابگەیێنن.

٥ تشرینی دووەمی ٢٠١٦

## سیاسەتی چەوتی قەندیل، وچارەنووسی هەدەپە

ئەوەی کە لە ماوەی رابردوو لە پەکەکە و پاشکۆیەکانی بینیمانە، جۆرەک لە سیاسەتی خۆپەرەستی لە هەر چوار پارچەی کوردستان بووە بە جۆرەک کە دەیانەویت، وەها وێنا بکەن کە تەنیا بزوتنەوەیەکن کە گەلی کورد لە چوار پارچەی کوردستان بە مافەکانیان بگەیەنن هەر بۆیەش هەوڵی سرینەوەی هەموو هێز و بزوتنەوکانی تردەدەن و بە جۆرەک تووشی کردەوەی دور لە راستی هاتوون، نازانن چۆن لەو گێژاوەی کە خۆیان دروستیان کردووە لێی دەرچن و سیاسەتەکی لیل و نادیار پێرەو دەکەن و لەهەر یەک لە پارچەکانی کوردستان ،بە جۆرەک لە جۆرەکان بوونەتە دەست پەروەردەو کەرەستەی یاری و بەرژەوەندییەکانی ئێران و سورییا وعێراق،

ئەوەش وای لەو ولاتانە کردووە کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و دژی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان بە کاریان بهێنن،پەکەکە و پاشکۆیەکانی بە بێ ئەوەی بیر لە ئایندەی خۆیان و ستراتژیەتی ناوچەکەو هەست بە گرنگی بارودۆخی ئێستای کوردستان و گۆرانکارییەکان بکەن، زۆر بە ئاسانی کەوتونەتە داوی دوژمنانی کورد هەر بۆیەش دۆخەکەیان بۆ هەرێمی کوردستان و باکور زۆر بە زەحمەت کردووە .

دوا بەدوای هەڵبژاردنەکانی دوو ساڵ لەمەوبەر، لە بری ئەوەی کە لە تەجروبەی چەکداری بیست ساڵی رابردوو دەرسەک وەربگیرێت کە لە ئەنجامی سیاسەتەکانی قەندیڵ، تەنانەت نەیانتوانیوە گوندەک ئازاد بکەن کە ببێتە مەسکەن و مەعوایان، و هەمیشە لەسەر پشتی کوردەکانی پارچەکانی تر ژیاون، ئەوەش ژیانی دانیشتوانی ناوچەکەی بەهۆی تۆپبارانی فرۆکە جەنگییەکان،تاڵ کردووە و زۆر کارەساتی ژینگەیی و مرۆڤی شی لێ کەوتۆتەوە هەروەهابۆتە هۆکاری ئەوەی کە زیاتر لە ٤٠٠ گوندی باشوور ،ئاوەدان نەکرێنەوە ودانیشتوانی بەسەرناوچەکانی تری کوردستان دابەش ببن و لەبری ئەوەی پەندە لە هەموو کارەسات و قوربانیدانەکان وەربگرن،

کەوتنە دژایەتی کردنی ئەو پرۆسەیەی کە بە ناوبژیوانی سەرۆکی هەرێم دروست بووە ،چوون سەرانی قەندیل دەیانزانی ئەگەر ئەو پرۆسەیە سەربگریت کۆتایی بە ژیانی چەکداری و دەستەڵاتدارەتی ئەوان دێت و ئەو سەرکەوتنەی کە لە سندۆقە کانی دەنگدان لە باکوور بەدەست هاتبوون کەوتنە بەر شاڵاوی چەوتی سیاسەتی سەرانی قەندیل و بە کوشتنی چەند پۆلیسەکی دەوڵەتی تورکییا و ڕاگەیاندنی خۆسەری لە باکوور دۆخەکەیان بەو ڕۆژەوە گەیاندو هەڵەکیان بۆ دەوڵەتی هەڵپەرەستی ئاکەپە ڕەخساند بۆ ئەوەی بە بیانووی تیرۆر هەموو میدیا کانی تورکیا دابخات و ٩ پارڵمانتاری هەدەپە و هاوسەرۆکەکانی دەسگیر بکات.

ئەوەی کە لە ماوەی ڕابردوو بینیمان ئەگەر بە ڕێککەوتنەکی ڕاستەوخۆی ئاکەپە و سەرانی پەکەکە نەبێت بە ناراستەوخۆ سیاسەتەکانی یەکتر یان بۆ بەرەوە نەمانی هادەپە بردووە و ئەو هەلسوکەوتانەی پەکەکە و پاشکۆکانی ڕاستەوخۆ خزمەتی بە ئاکەپە کرد.

٥ تشرینی دووەمی ٢٠١٦

## باکوری کوردستان ، هۆکار و چارەسەر

ئەوەی لە چەند ڕۆژێکی ڕابردوو ڕویدا و هەردوو هاوسەرۆکەکانی هەدەپە و نۆ پارڵمانتاری هەدەپە دەسگیر کران شەقامی کوردی هەژاند بۆ ئەوەی کە دژی ئەو کارە دژ بە دیموکراسییەی لە تورکیا رووی داوە هەڵویستەکی ئەرێنی بنوێنن ئەوەش جێگەی دڵخۆشی بوو بۆ ئەوەی کورد بتوانیت لە ڕێگەی شەقامەوەبە یەک دەنگ، ئەو مافانەی کە لێی زەوت دەکرێت بە دەستی بهێنیتەوە، بەڵام ئاخۆ ئەو خۆپێشاندان وچالاکییانە دەبنە هۆکارەک بۆ ئازادبوونی ئەو پارڵمانتارانە ؟بێگومان کە نا ،ئەوە جاری یەکەم نییە کە دژی تورکیا و دەیان پرۆسەی لەوجۆرە چالاکی دەکرێت تەنانەت لە پرۆسەی دەسگیرکردنی ئۆجەلانیش، لە تەواوی ڕۆژئاوا و هەندێک وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیش گرژی و توندوتیژی تێکەوت، بەڵام

هەمـوو ئەوانە چارەســەری دۆخەکەیـان نەکـرد. بەڵام هۆکـار چـی بـوو؟ چ شتێک پاڵنەر بوو بۆ ئەوەی دۆخی باکوور بەو ئاستە بگات؟

ئەوەی کە ناتوانریت حاشای لێبکرێت حکوومەتی تورکیاش وەکوو هەموو حکوومەتێکی نـاوچەکە کە کوردستانیان بەسـەردا دابەشبووە لە کوشـتن و برین وئازاردانی گەلی کـورد بێبەش نەبـووە بەڵام ئەو حەقیقەتەنەشـاراوەیە دەبێت بگوترێت کە،دوا بە دوای هاتنە سەرکاری دەوڵەتـی داد وگەشـەپێدان، جۆرەک گۆڕانکاری لە سیاسـەتەکانی ئەو حیزبە هـاتە کـایەوە بەشـێوەیەک ئەو بیـرۆکەیە جێگیـر کـرا کە ئیتـر ناتوانرێـت کـورد فەرامـۆش بکرێـت و دەتوانیت مافەکانی خـۆی لە رێگەی صـندۆقە کانی دەنگدان م ئادارە بکات ،تەنـانەت لە کـابینەی دووەمـی ئەردۆغـان لەو پەکێجـانەی کە بۆمەبەسـتی چاکســازی پێشــکەش بەپارلـمــانی ئەو وڵاتە کرابوو،کۆمەلێـک پرۆگرامــی چاکسازی کە تیاندا مافەکانی کوردی تێدا دەستەبەر ببوو، بوونیان هەبووەو بە نـاوبژیوانی سـەرۆک بـارزانی پرسـی چارەسـەری ئاشـتی کەوتبـوو بە رنائایار رۆژەڤەوە و بە شێوەیەکی باشیش بە رێوەدەچوو و قۆناخی باشـی بری بوو.

کــاتەک هەڵبــژاردن لە دوو ســاڵ لە مەوبەر ئەنجامــدرا ،هەدەپە تــوانی رێژەیەکـی بەرچـاوی دەنـگ بەدەسـت بهێنیت تەنـانەت تـوانی ٨٥ کورسـی پارلـمـانی بـۆ کـورد مسـۆگەر بکـات، لەو کـاتە پـارتی داد وگەشـەپێدان داوای لەکـورد کـرد بـۆ ئەوەی حکـوومەتی نـوێ لە گەڵ کـورد پێـک بهێنیت بەڵام بەداخەوە سـەرەڕای نـاوبژیوانی و رێنـوینی سـەرۆک بـارزانی بـۆ ئەوەی کە مافەکانی کورد لە رێگەی پارلـمانەوە بەدەست بهێنن و بەشـداری کـابینەکەی ئــاکەپە بــکەن، بەڵام ئەوجــارەش ئەقلییەتــی شــاخ دژی ئەوەبــوو کە ئەو پرۆسـەیە سـەر بگریت و لە قەندیلەوە پرۆسـەکە پەکخـرا .بە شـێوەیەک کە ئەو پرۆسەیە بەئەنجام نەگات.

لە بەر ئەوەی کە ئێــــران بە ئاراســــتە کردنــــی سیاســــەتەکەی ،دژی دروسـتبوونی سـەقامگیری لەو وڵاتەبە: لە لایەک بـۆ ئەوەی بتوانیـت خـۆی وەکوو حکوومەتەکی کاریگەر لە نـاوچەکە دەربکەویت لە لایەکـی تـرەوە بـۆ

ئەوەی کە تورکیا بە کێشەکانی ناو خۆیەوە مەشغوول بکات و دەرفەتی بیر کردنەوە لە ئێرانی نەبێت لە هەمان کاتیش ئەو دەرفەتەی کە بەکورد دراوە بۆ ئەوەی ئاشتی بۆ کورد بگەرێتەوە لەدەست دەرچیت نەوەک هەمان چارەنووس کوردانی رۆژهەلاتیش بگریتەوە.

بەو جۆرەش ئە دەرفەتەی کە کوردانی باکوور لە مێژووی پر لە تەپە سەری ئەو ولاتە بە خۆیانەوە نەبینی بوو لە دەستیان چوو و جارەکیتر کورد پە نای بۆ کوشتن و برین و رێگری لە بارهەڵگرەکان و هاتووچۆی ترازیت و سوتاندنیان وهەروەها کوشتنی دووپۆلیس و لێدانی خەندەق لەو ناوچەکوردییانەی کە کوردی تییدا باڵادەست بوو،بە ناو سیستەمی خۆسەری دیموکراتییان راگەیاند، ئەوەش باشترین دەرفەت بوو بۆ ئەوەی حکوومەتی تورکیا بەو ئامانجەی کە مەبەستی بوو بگات و ئەوەش بیانوویەک بوو کە سەرانی شاخ بۆ حکوومەتیان رەخساند بۆ ئەوەی هەموو رێگەیەک بۆ سەرکووت کرن بگریتە بەر. بەو شێوەیەش پەکەکە هەموو دەرگاکانی بە رووی هەدەپە داخست و دۆسییەی کوردی لەو ولاتە بۆ چارەسەری پرسی ئاشتی پەکخست و سەرەڕای ماڵوێرانی و ئاوارەبوونی کۆمەڵەک کورد هەمدیسان کوشتار چیتری بەر هەم نەبوو.

دوابەدوای کودەتا ی سەربازیش حکوومەتی داد و گەشەپێدان، توانی بە شێوەیەکی برچاو لایەنگرانی کودەتا و جەماعەت لە سەر کارەکانیان وەلا بنێت ئەوجارە کاری بۆ پرۆسەیەکی تر کرد ئەویش پێداچونەوە لە هەموو ئەو حیسابانەی کە لە گەڵ کورد هەیبوو،ئەوانە تەواوی ئەو پێشهاتانە بوون کە نە هەدەپە بیری لێدەکردەوە و نە پەکەکەش پرۆگرامەکی بۆ دوا رۆژی باکوور هەبووچوون جیا لە سەر لێشیواوی پەکەکە بۆ ئەو ناوچانەی کە خۆی و پاش کۆکانی بونیان هەیە هیچیان پێ نییە تەنیا جێبە جێ کردنی ئەجندای عێراق و ئێران و سوریا نەبێت.

بەڵام لەو دۆخە نەخوازراوە چارەسەر چی بێت؟

له کاتی ئێستا سەرەڕای ئەوەی کە کورد بە هەموو شێوەیەک کارتەکانی لە دەست داوە دەبێت پەکەکە دەست لەسیاسەتەکانی هەڵبگرێت و سیاسەتەکی واقع بینانە بگریتە بەر و دەست لە توندو تیژی بپارێزێت بۆ ئەوەی بتوانرێت مەجاڵەک بۆ چارەسەری خۆش بکرێت و هەوها داوا لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان بکرێت دیسان هەوڵەکانی بۆ ئاشتی لەو ولاتەبخاتە گەر هەروەهاهەدەپەش لە چوارچێوەی یاساکانی ئەو ولاتە هەڵسوکەوت بکات ناکرێت لە پارلمان و لە گەڵ حکوومەت دا بژیت لە هەمان کات دا دژی سەرۆکی ئەو ولاتە لێدوان بدەیت هەربۆیەش سەرەڕای ئەوەی هەدەپە دەبێت بە سیاسەتەکانی دابچیتەوە دەبێت چیتر نەچیتە ژێر باری سیاسەتەکانی قەندیل کە لە لایەن ئێرانەوە بۆیان دیکتەدەکرێت.

٥ تشرینی دووەمی ٢٠١٦

## شەری فیداکاری پێشمەرگە

ئەوەی کە لە دوو ساڵی رابردوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەنجامیدا فیداکارییەکی قارەمانانەبوو کە سەرۆک بارزانی سەرکردایەتی ئەو قارەمانییەتییەی دەکرد ئەو قارەمانەتییە پیت بە پیت لە مێژووی گەلی کورد بۆ نەوەکانی داهاتوومان نوسراوەتەوە.سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە گەڵ یەکێک لە ترسناک ترین دوژمنانی بەشەریەت و سەر کەوتنیان بە سەر ئەو شەرە دا ئاماژە کان بەرەو داهاتویەکی روونتر بە دیار دەخات هەر بۆیەش جیهان لە بەر ئەوەی کە قەرزداری کورد و کوردستانە دەبێت لە دوای شەری داعش بە هەموو شێوەیەک یارمەتی کورد بێت و کورد لە هەمبەر دوژمنانی ئیقلیمی بپارێزێت.

هەرچەندە کە ئەو راستییە ناشاردرێتەوەکە پرۆتۆکۆلی سەربازی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە گەڵ کوردستان و پەیوەندی راستەوخۆی ئەمریکا لە گەڵ عێراق و لە هەمان کات لە گەڵ سوپای کوردستان سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە کورد وەکوو فاکتەری بەهێزی رۆژهەلاتی ناوەراست بەدیار دەکەویت ئەوی کە لە دەرنجامی ئازاد کردنی هەندەک

ناوچە بەدیار کەوت لە ئاکامی ئەو ڕێککەوتننامە بە هێزە بووکە بووە بە هۆکاری پێشرەوییەکانی ئەم دواییەی سوپای عێراق لە هەمان کاتیش و ناکرێت باس لە سەر کەوتنەکانی سوپای عێراق بکرێت و قارەمانییەتی هێزی پێشمەرگە لە بیر بکرێت چوون ئەوەی کە ئێستا هەیە پاڵپشتی سوپای عێراقە کە لە لایەن پێشمەرگەی کوردستان ئەنجام دەدرێت

١٠ تشرینی دووەمی ٢٠١٦

## قۆناخەکانی دوای داعش لە عێراق

دوا بە دوای ئەوەی کە داعش هێرشی بۆ سەر عێراق هێنا ولەو پێناوەش کۆمەڵەک عەرەبی سوننە بە سوودوەرگرتن لە ئەو ناکۆکییانەی کە لە نێوان عەرەبی سوننە و شیعەدا دروست بوو، هاوکاری گرووپی تیرۆریستی داعش یان کرد، ئەوەش یەکەم هۆکار بوو بۆ ئەوەی کە داعش بە ئاسانی زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی سوننە داگیربکات و بێی هێزی و نەبوونی میکانیزمی تایبەت بە بەرگری لەسەردەمی نوری مالیکی هۆکارەک بوو بۆ ئەوەی هەموو چەک و تەقەمەنییەکانی سێ فرقەی عەسکەری راستەوخۆ رادەستی داعش بکرێت.

داعش لەو ماوەییەی دەستەڵاتدارییەتی خۆی توانی بە سوود وەرگرتن لە تایفەگەرایی و مەزهەب گەرایی لەو ناوچانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆی بوون دەستەڵاتی خۆی بچەسپێنیت هەر بۆیەش ئەوە یەکەم خاڵی دەست نیشانکراوە کە لە عێراقی دوای داعش سوودی لێ وەربگیرێت، بۆ ئەوەی ناکۆکی و ململانییەکانی بەینی عەرەبی شیعەو سوننە نەمینیت کە دەبێت زۆر بەجدی ئەو خاڵە لە بەر چاو بگیرێت.

بۆمەبەستی سەر لە نوێ بونیاد نانەوەی عێراق، دەبێت دەستەلاتەکانی حکوومەتی مەرکەزی بۆ پارێزگاکانی ژێر کارێگەری عەرەبی شیعەو سوننە شۆر بکرێنەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی مەرکەزی ئەو سنوورانەی کە لە ژێر کۆنترۆلی هەر لایەکە، خۆیان بەڕێوەی ببن و ئەوەش لە رووی سەر

بازییەوە، بە سیستەمی لامەرکەزی سەربازی دەناسرێت ، لەو سیستەمە دا ،لە چوارچیوەی جوغرافییای خۆیان هەرلایەنەک بە هێزی سەربازی خۆی ناوچەکانی خۆی بپارێزێت ،بێگومان ئەوەش دەبێت لە ژێر کۆنترۆڵی راستەوخۆی هاوپیمانان و ئەمریکا دابێت چوون ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠١١دا روویدا وەکوو پاش پاشەکشەی ولاتەیەکگرتوەکان و هاو پیمانان ،دەرکەوتنی دووبارەی گروپە توندرەوەکان و تەکفیرییەکان بە ئایدئۆلۆژیایەکی تر نەبوو بەڵکوو بە جلو بەرگێکی تر بە هەمان بیرو باوەڕ و بە سوود وەرگرتن لە چەکی مەزهەب گەرایی بوو.

هەروها دەبێت بیر لەو قۆناخە هەستیارە بکرێت کە جیاوازییەکی یەکجار زۆری لە گەڵ سەردەمی دوای پرۆسەی ئازادی عێراق دا هەیە ،هەر چەندە کە ژێرخانی ئابووری عێراق و بازارەکانی نەوت جیاوازترە بەڵام ئێستا عێراق هێزەکی بەرگری تۆکمە و کارای هەیە کە لە سەردەمی حەیدەر عبادی توانرا بە هێز بکرێت و رێک بخرێت.

سەبارەت بە کوردستانیش،ئەوەی کە ئێستاش لە کوردستاندا هەیە سەرەڕای ئەوەی کە هێزەکی تۆکمە و راهێنراوە و توانیویەتی گەورەترین و ترسناک ترین دوژمنی بەشەرییەت بە چۆک دە بهێنیت و بە شێوەیەک ئەو ئۆستورەیە تێک بشکێنیت کە هەموو دونیا شانازی پێوە بکەن تەنانەت وای لێهات کە گەورەترین هێزی عەسکەری و زلهێزترین ولات پرۆتۆکۆلی هاوکاری و لە یەک تێگەیشتن لە گەڵ کوردستان واژوو بکرێت، ئەوەش گرنگی هێزی پێشمەرگەی دوو ئەوندە کردووەئەو هێزەی کە هەموودەوڵەتە یەک لە دوای یەکێکانی عێراق (ئەلاوی،جعفەری،مالیکی و عبادی)بە هەموو شێوەیەک دژی هەبوونیان بوون بەڵام بە پێداگری سەرۆک بارزانی ئەو پرۆسەیە شکستی هێنا و لە کاتی ئێستادا لە هاوپەیمانییەتییەکی سێ قۆڵی (کوردستان و ئەمریکاو سوپای عێراقدا) شەری داعش دەکات و لەو ناوەندەشدا رۆوڵی سەرەکی دەبینیت.

و لە رووی جوگرافیشەوە کوردستان توانییویەتی سنوورەکانی خۆی بە خوێنی گەشی پێشمەرگە بنەخشێنیت و واقعی دوای داعشیش هەر وەکوو

دوای ئازادی عێراق وەکوو واقعەک دەچەسپێت و بەو شێوەیەش بە کردار مــادەی ١٤٠ دەســتور جێبەجــی دەکرێــت.لە لایەکــی تــرەوە کوردســتان توانییــویەتی لە ژێــری سیاســەتەکی دوربینــانەدا هەمــوو کەمەنەتەوە و ئایینەکانلە یەک کۆ بکاتەوە و بەیەکەوە لە یەک چوارچیوەی جوگرافیدا بژین و هەموو مافەکانیان بۆ ئەو مەبەستە دەستەبەر کراوە و ئەوەش لە رووی نێودەوڵەتییەوە خەڵەکی ئەرێنی و لە هەمــان کاتــدا بەهێــزە کەدەتوانرێــت وەکووبرگەیەک لەکاتی ریفراندۆمدا سوودی لێوەربگیرێت.

١١ تشرینی دووەمی ٢٠١٦

## شەری داعش لەکابینەکەی مالکی وعبادی

ئەوەی لە کابینەکەی مالکیدا بینرا، بە یەکجاری دابراندنی عەرەبی سوننە لە پرۆسەی سیاسی عێراق بوو ئەوەش وایکرد کە عەرەبی سوننە لە دەست ئێشو ئازارەکانیان نارەزایەتی دەرببرن و لە رۆژانی هەینی، لە تەواوی ئەو پارێزگایانەی کە لە ژێر کاریگەری عەرەبی سوننە دا بوو دەنگی نارەزایەتی بەرز بــویەوە ،بەڵام حکــوومەتەکەی مــاڵی لە بــری وولامــدانەوەی دەنگــی خەڵکی زۆڵـم لێکراوی ئەو ناوچــانە، زۆر بە تونـدی بەرپەرچییــان درایەوە، هەروەها زۆربەی هەرە زۆری کەسایەتی سوننەو سەرۆک عەشیرەتەکانیان لە سەردەمی نوری مالکی دیار نەمان و لە ناو بران و بە پێی دوایین لیست کە بڵاو کرایتەوە لە سەردەمی کابینەکەی مـالیکی زیـاتر لە ٦٠٠ کەسـایەتی سوننە چارەنووسیان نادیارە.

لە سەردەمی مالیکی دا، هەموو هێزە ئەمنییەکان بە سیاسی کرابوون بە جــۆرەک هێزەکــانی شــیعە ترســو دڵەراوکییــان لە دڵــی عەرەبــی ســوننە دروستکردبوو کە زۆر بە ئاسانی پێشوازییان لە داعش کرد.

لە لایەکــی تــرەوە تێــوەگلانی نــوری مــالیکی لە زۆربەی هەرە زۆری دۆســییەکانی گەنــدەڵی وکرینــی چەک و تەقەمەنــی روویەکــی تــری ئەو کابینەیەبوو،

له هه‌مـــان كاتیشـــدا ئه‌و هه‌ڵســـو كه‌وتـــانه‌ی مـــالیكی  له هه‌مـــبه‌ر گه‌ڵـــی كوردســتانیش ئه‌رێنـی تـر له عه‌ره‌بـی ســوننه نه‌بـوو، له لایه‌ك پێشــه‌ڵكردنی ماده‌یه‌كی ده‌ستووری له لایه‌ن سه‌رۆكی لیژنه‌ی ماده‌ی ١٤٠ و هه‌موو ئه‌و ئاسـته‌نگانه‌ی كه له‌و بـواره‌وه بـۆ ئه‌و لیژنه‌یه ده‌هـاتنه ئـاراوه ،ئامـاژه‌یه‌كی زۆر روونـی دژایه‌تـی مـالیكی  له گه‌ڵ گه‌ڵـی كـورد بـوو. دروسـت كردنـی سـوپای دیجـله دژ به هێـزی پێشـمه‌رگه و دروسـتكردنی دوبه‌ره‌كـی له نێـو هێزه كوردییه‌كان و له هه‌موویان گرنگتر برینی شایسته داراییه‌كانی هه‌رێـم و پێشـمه‌رگه هه‌روهـا مـوچه‌و بـودجه‌ی خه‌ڵكـی كوردسـتان( به پێشـنیاری حیزبه‌كی دیاری كوردستان) بوو.

هه‌ر بـۆیه‌ش دوا به دوای ئه‌وه‌ی زۆربه‌ی هه‌ره زۆری ناوچه‌كـانی عێـراق كه‌وتنه ده‌ستی داعش،وڵاته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا وه‌كوو پێویسـت به پیـر داوای مالیكی یه‌وه نه‌هـاتن بۆ ئه‌وه‌ی كه به كردار هه‌مـوو ئه‌و هۆكـارانه به سه‌ر خۆیدا ساغ ببێته‌وه

ئه‌گه‌ر راسته‌وخۆ حكوومه‌ت ئه‌مریكا به‌شـداری ئه‌و شـه‌ره‌ی بكردایه ،ئه‌و كینه‌ی كه له حكوومه‌تی مالیكی  هه‌یان بوو قوڵتر ده‌بوو و به‌و شـێوه‌یه‌ش سـوننه‌كان زیـاتر له پرۆسـه‌ی به‌شـداری له حكـوومه‌ت دوور ده‌كه‌وتنه‌وه و ئه‌وه هۆكـار بـوو بـۆ ئه‌وه‌ی كه ئه‌مریكـا خـۆی له پشـتگیری ئه‌و پرۆسـه‌یه به‌دوور بگریت هه‌ر بۆیه‌ش دوابه‌دوای گۆڕینی سه‌رۆك وه‌زیرانی عێراق كه خواسـتی سـه‌ره‌كی ده‌وڵه‌تـی ئه‌مریكـاش بـوو وایكـرد كه له دوو سـاڵ له مه‌وبه‌ر ئه‌مریكا به‌رنائایار خۆی بۆ رووبه‌روو بونه‌وه‌ی داعش رابگه‌ینیت و به شـێوه‌یه‌كی به‌رچـاو هاوكـاری هێزه‌كـانی عێراقـی كـرد وبه شـێوه‌یه‌كی به‌رچـــاو له رێـــگه‌ی ئاســـمانه‌وه هێـــزی لۆجیســـتی داعشـــی تێكشـــكاند و سـوپایه‌كی پرۆفیشـناڵیش له سـوپای عێـراق پێكهێنـا،كه كه‌متر مه‌زهه‌ب گه‌را بوو.

له كاته‌كـدا كه پێشـــترحكوومه‌تی عێـراق كه به هه‌مـــوو شـــێوه‌یه‌ك دژی دروستبوونی سوپایه‌كی به‌هێز و پێشكه‌وتووی وه‌كوو كورد بوو به‌ڵام ئه‌و جاره‌یان حكوومه‌ته‌كه‌ی عبادی رازی بوو به وه‌ی كه پرۆتۆكۆڵی سـه‌ربازی

له گەڵ وەزارەتـــی پێشـــمەرگە واژوو بکرێـــت و ئەوەش له خـــاڵە هەرە سەرکەوتووەکانی پێشمەرگە بووە.

هەروەکـوو پێشـتریش فیلیـپ.ئێچ. گـۆردن راوێژکـاری تـایبەتی سـەرۆکی ئەمریکا و رێکخەری سیاسـەتی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاست و کەنداو لەکۆشکی سـپی لەمـاوەی سـاڵانی ٢٠٠٣ – ٢٠١٥ رایگەیانـد کە لە دەرنجـامی گرتنـی موسڵ و زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسـتەڵاتی عەرەبی سوننە ،هۆکاری بە هێـزی داعـش نەبـووە بەڵکـو لە ئاکـامی ئەو هەڵانەی حکـوومەتی مەزهەب گەرایی شیعەبووە کە عێراقی بەرەو ئەو عەقارە بردووە.

لە رۆژنامەی "هەولێر" ژمارە ٢٤٨٦ لە ٢٠١٦/١١/١٣

١٢ تشرینی دووەمی٢٠١٦

## گۆڕان،تەنیا شکست و هەرەس هێنان

لە درێـژەی ئەو هـاو پەیمـانەتییەی کە گـۆڕان و بـاڵەکی دەستڕۆیشـتووی حیزبەکـی دیاریکراوی کوردستان لە گەڵ دەوڵەتـی یاسـا هەیتیـان ،و دوا بە دوای پرۆژە نهێنییەکانی ١٩ی ئـاب و ٢٣ی حـوزەیران کـاتەک کە نەیـانتوانی دژی بەرژەوەنـدییەکانی گەڵ بوەسـتنەوە و بە سـوودوەرگرتن لە ئەجنـدای بیانی بەرەو شکست هـاتن، ئەو جارەیـان بە دوای ،بە نـاو پرۆژەیەکـی نـوێن بۆ ئەوەی کە پەیمانی خیانەت دوبارە نوێ بکەنەوە.

ئەویش بە ئامادە کردنی ئەو پرۆژە یاسـایەی کە پێشـکەش بە ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراق یـان کـردووە کە بە نەس لە پرۆژەکەیـان هـاتووە:"نەوتی هەرێم لە بری شایستە داراییەکان و بودجەی کوردستان تەسلیم بە بەغدا بکرێت و ئەگەر هاتوو هەرێمی کوردسـتان لەو بوارەوە کەمتەرخەمـی نوانـد ،حکوومەتی مەرکەزی وەکوو هەموو پارێزگاکانی تری کوردستان مامەلە لە گەڵ پارێزگاکانی هەرێم بکات."

سەرەڕای ئەوەی کە ئەوە راستەوخۆ رێگا خۆشکردن بۆ دەستتێوەردان و جـارەکی تـر گەڕانەوە بـۆ باوەشـی بەغـدا هیچـی تـر نییەو بەوشـێوەیەش

ئیرادەی گەلی کوردستان تەسلیم بە نەیاران دەکرێت، لە هەمان کاتیش شکستهێنان بەو دەرفەتە زێرینەیە کە بۆ کوردستان و گەلی کورد هاتۆتە ئاراوە ئەوەش گەورەترین ئەو خیانەتەیە کە لە ناوخۆوە بە پشتگیری ئەجندای دەرەکی پێرەو دەکرێت.

ئەوەی کە ئێستا سەرۆک بارزانی هەڵگرییەتی پرۆژەیەکی نیشتمانیی و نەتەوەییە کە گەلی کورد زیاترلە سەدەیەکە قوربانی بۆ دەدات و پاش ئەوەی کە کورد توانی بوونی خۆی وەکوو کورد بسلمینیت و هەنگاوەکان بەرەو سەربەخۆیی خێراتر بکات،ئەو جارەش وەکوو هەموو جارەک لە هەولی نانەوەی پشێوی و پیلان و کودەتا دان بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە بوەستێنن.

ئەوەی کە زۆر سەیرە و لە زمنی هەموو ئەو پیلان گێرانەی ولاتانی ئیقلیمییە، ئەوەیە چۆن لەیەنی کوردی ئەوندە پشت ئەستوورە بەو لایەنانەی کە زیاتر لە سەدەیەکە زولم لە کورد دەکەن و دژی هەموو بەرژەوەندییەکانی کورد وەستاون ،ئەگەر وانییە بۆ دەبێت ئەجندای دەرەکی پشتگیری لە مانەوەی پەکەکە لە چییای شنگاڵ و قەندیل بکات ئاخۆ چ بەرژەوەنییەک ئەو دوو جەمسەرە ناکۆکە کۆدەکاتەوە؟ لە چ شتێک هاوبەشیان دەکات؟ وولام ئەوەیە تەنیا دژایەتی کردنی ئەو پرۆسەیە نیشتمانییەیە کە بەرێوەیە ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە.

ئەوەی گومان لە کارەکانیان زیاتر و زیاتر دەکات ئەو پاشخانە مێژوویەی کە ئەو لایەنانە هەیەتیان چوون ئەوە جاری یێەکەم نییە کە هەولی دروست کردنی کێشە لە بەردەم پرۆسەکانی نیشتمانییەوە دەدەن ودواپین جاریش نابێت.

١٢ تشرینی دووەمی٢٠١٦

## دووبارەکردنەوەی پەیمان

دوومانگ بە سەردەستپێکردنەوەی خوێندن لە قوتابخانەکان تێپەردەکات، بەلام هێشتا دەرگای قوتابخانە کانی سنووری سەوزی پێشوو، بە بەردەم

قوتابییەکانی ئەوسنوورە نەکراونەتەوە، هۆکارەکەشی ئەو بەناو نارەزایەتییەیە کە بەشێک لە مامۆستایان لە هەمبەر دواکەوتنی موچەکانیان گرتویانەتە بەر ،لەو بەینەشدا قوتابیان زەرەرمەندی سەرەکی دەبن،سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵەک مامۆستا بڕیاری ئەوەیاندا کە مانگرتن دەشکێنن بەڵام ئەمڕۆ سیناریۆیەکی تر ئاشکرا بوو،ئەویش ئامادەبوونی بەشێک لە خۆپیشاندەران لە بەردەم نوسینگەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە سلێمانی بوو،وەکوو ئەوەی کە پێشتر پیلانیان بۆ داڕشتبوو. ئەوەش بۆ ئەوەی کە رەوایی بە ئەو پیلانە دژ بە کوردستانییەی کە لە پارلمانی عێراق پلانیان بۆ داناوە بدەن هەر بۆیەش لە لایەن ئەندام پارلمانەکی گۆڕان، لە بری لە بەر چاو گرتنی بارودۆخی ئێستای کوردستان بانگەشەی بەردەوامبوونی خۆپیشاندەرانی دەکرد، وبەڵێنی پێدان کە داواکارییەکانیان بۆ پارلمانی بەغدا ببات، بۆ ئەوەی کێشەکانیان بۆچارە سەر بکات.

بەڵام ئەوە ئەو پیلانە بوو کە خۆیان دایان ڕێشتووە ئەویش بۆ ئەوەی پشتگیری ئەو پەیمان نوێکردنەوەیان لە پارلمانی عێراق بکات وەکو ،"پێشنیاریان کردوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ عیراق لەگەڵ پارێزگاکانی هەرێم مامەڵە بکات، لەکاتێکدا ئەگەر رێککەوتنەکەی نێوان هەولێر و بەغدا جێبەجێ نەکرێت"ئەویش جارەکی تر گەڕانەوە بۆ خاڵی سفر و کۆیلەتی و تەپەسەری حکوومەتی عێراقە.

ئەگەر بە واقعیانەترلەو مانگرتنانەبروانبن،دەبینین کە چ شتێک لە پاش ئەو پرۆژەیە دایە و هۆکاری بەردەوامبوون لەو مانگرتننانە چییە؟

ئەو پیلانانە ریشەیەکی مێژوویی هەیە هەروەکوو پێشتریش لە ناوەراستی شەستەکان رویدا، ئەوجارەش بۆ دروستکردنی کەڵێن و دوبەرەکی لە ناومالی کورد وپەرتەوازەکردن و پەکخستنی ئەو پرۆسە گرنگەیە کە سەرۆک بارزانی هەولی بۆدەدات بەلام، ئەوجۆرە پیلانانە پێشتریش لە ١٩ی ئاب و ٢٣ی حوزەیران و لادانی وەزیران بە بیانووی چاکسازی وپێکهێنانی

تەکەتولات بۆ لادانی سەرۆکی لیژنەکان لە بەغدا،هەموو ئەو پرۆژە شکست خواردوانەن کە پێشتریش بونیان هەبووە

هەر بۆیەش ئەو ماموستایانەی ناڕازی و جەماوەری کوردستان و لایەنگر و ئەندامانی ئەو حیزبانە دەبێت بە چاو روونییەکی زیاتر بروانننە ئەو پیلانە و نەکەونە ئەو داوەیان کە تەنیا بۆ بەرژەوندی حیزبی کاری بۆ دەکەن، راستە کە ئێستا کوردستان بە قۆناخەکی هەستیار و لە رووی ئابووری سیاسی و جوگرافیدا تێپەر دەکات و کێشەی زۆر هەیە بەلام ئەگەر ئەوانە هەم و غەمیان موچەی ئێوە بێت، بۆچی ئەو کاتەی بودجە و مووچەی خەلکیان دەبری بێدەنگییان نواند؟بۆچی لە گەل ئەو کەسەی بودجەو قووتی خەلکی بری پەیمان یان نویَ کردەوە ؟ئاخۆ دەبێت هۆکاری پشت گیری مالیکی وهاوبیرانی لە پشتگیری کردنی پرۆژەکەی گۆڕان و بالی دەسترۆیشتووی ناو یەکێتی چی بێت؟ ئایا تا ئەو رادەیە بیر لە مافەکانی کورد دەکەنەوە؟

ئەگەر بە هەست کردن بە بەرپرسیارەتییەوە بیر لەو پرسیارانەو وولامەکانیان بکەینەوە ،ئاسۆیەکی رونترمان لەبەر چاو دەبێت و هۆکاری هەموو ئەو مانگرتنانەمان بۆ دەردەکەویت دەبینین کە هەموو ئەوانە حەقد و قینی کۆنن و تەنیا بێزار کردنی خەلک لە نیشتمانەکەیان و نەهێشتنی ئینتمایان لە قۆناخی یەکەم و دژایەتی کردنی پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانە بەلام لە کۆتاییدا دەردەکەویت کە ئەو پیلانانە سەر ناکەون و سەرکەوتنیش هەر بۆگەل ومافەرەواکانی دەبێت

١٢ تشرینی دووەمی٢٠١٦

## دوایین پەلەقاژەی گۆڕان و هاوپێچەکانیان

گۆڕان ودەست و پێیەکانیان بە هەمو شێوەیەک خۆیان تاقی کردەوە،لە ژێر بە ژێر رێککەوتنەکانیان لە گەل حکوومەتی بەغدا بگرە تاوەکوو سوتاندنی بنکەو بارەگاکانی پارتی ،کوشتنی هاولاتیانی سڤیل و لایەنگرانی پارتی،سوود وەرگرتن لە مێرد منالان بۆ ئاژاوەنانەوە،تەقاندنەوەی بۆری

نەوت لە گەرمییان،پیلانەکەی ١٩ی ئاب و ٢٣ی حوزەیران،دژایەتی و هەوڵی لادانی وەزیری پارتی بە بێی ئەوەی هیچ ئینتمایەکی نەتەوەییان لە لا گرینک بێت و ئەوجارەش لە بڕیارەکی دوور لە ئەخلاق و خائینانەدا هەوڵی لە بار بردنی ڕێککەوتنەکانی بەغدا دەدەن.

ڕێککەوتنەکانی ئەوجارەی حکوومەتی هەرێم بۆ مەبەستی ئازاد کردنی موسڵ و ئەو پرۆتۆکۆڵە گرنگەی کە ئەمریکا لە گەڵ کوردستانی واژوو کرد و هەروەها سەرکەوتنەکانی ئەو جارەی پێشمەرگە وای لە ئەو لایەنانە کرد کە بێ ئیش نەوەستن و بە دوای ڕێگا چارەی نوێ بگەڕێن هەر بۆیەش بە تەنسیق لە گەڵ ئاغاکانی دەرەکی و ناوخۆیی هەوڵی لە بار بردن و کەم ڕەنگ کردنی ئەو سەرکەوتنانە دەدەن.

ئەوەی کە دەبێت بوترێت ئەوەیە کە جاری یەکەم نییە کە بۆ باوەشی دوژمنانی گەلەکەیان دەگەڕێنەوە بەڵکوو درێژەی ئەو مێژووە ڕەشەی رابردوویانە وئاسوودە نابن ئەگەر بۆ چەندەم جار ئەو خیانەتەیان دوبارە نەکەنەوە چوون ئەوە تێکەڵ بە خوێنیان کراوە بەڵام لە راستیدا ئەوەی کە دەبی بوترێت ئەوەیە ئاخۆ گەڵ هەتا هەتا ئەوەیان لێ قەبوڵ دەکات؟ئایا گەڕاندنەوەی دەستەڵاتەکان بۆ بەغداله دەستەلاتی ئەوانە و گەڵ بەو مەرجە دەنگیان پێداون بۆ ئەوەی کە خیانەت بە نیشتمانەکەیان بکەن و لە پێناو دەستکەوتی حیزبیدا هەموو پیرۆزییەک قوربانی بکەن بێگومان ئەوەیان بۆ ناچیتە سەر و هەموو گەلی کوردستان رابردووی ئەوانە خوێندوتەوە.

١٤ تشرینی دووەمی٢٠١٦

## مامۆستایانی سلێمانی چی بکەن

مامۆستایان ئەو چینە دڵسۆز و تێگەیشتووەی کۆمەڵگان کە دەبێت راستی و دروستی بابەتەکان و هاو کێشەکان باشتر لە هەموو کەسیک شی بکەنەوە بەڵام ئەوەی کە لە ئێستا دا دەبینرێت ئەوانەی کەمانیان گرتووە و بە بیانووی ئەوەی کە موچەکانیان نادرێت دەرگای قوتابخانەکانیان بە سەر

قوتابییەکـان داخسـتووە هەمـان ئەوچیـنە دڵسـۆزەی کۆمەڵگـان ،بەڵام وا تێگەیێنـراوە کە پـارە هەیە و بە ئەنقەسـت موچەکانیـان نادرێـت دەبێـت ماموەسـتایان بە بەرچـاورونییەکی زیـاتر لەو بـابەتە بـروانن و نەبـنە دەسـتەمۆی ئەو سیاسـەتە چەواشـەکارییانەی کە لە پشـت هەمـوو ئەو خۆپێشاندان و مانگرتنانەی سنووری زۆنی سەوزی پێشوون

ئەگەر زۆردورتـر نەرۆیـن لە مـاوەی هەفـتەیەک لە مەوبەر بـوو کە مەلا بەختیار سەرۆکی دەستەی کارگێری بەکیەتی نیشتمانیی بە ئاشکرا باسی لەوە کـرد کە ١٨%داهـاتی نەوتـی پالایشـگای بازیـان بـۆ گـۆڕانە لە هەمـان کـاتیش وولامـی عەلـی حمە صـالح پارلمانتـار لە بـزوتنەوەی گـۆڕان چەنـد نهێنییەکـی شـاراوەی بارزرگانەکـانی ئەو پارێزگـایەی ئاشـکراکرد ئەوانە مشتێکن لەو خەروارەی کە باسیان لێوە نەکراوە ،کەواتە ئەو راستییەمان بۆ دەر دەکەویت کە ئەوە حکوومەت نییە کە بەرپرس بێت لە نەدانی موچە بەڵکوو هەموو ئەوانەی کە ژێر بە ژێر لەو بارودۆخە سودمەندن بشێک لەو قەیرانەیان بەر دەکەویت.و دەبێت بۆ وەرگرتنی ئەو وولامانە و زۆر وولامی ترلە دەرگای گردەکەو باڵی دەسترۆیشتووی یەکێتی بدرێت.

١٥ تشرینی دووەمی٢٠١٦

## گەڕانەوە بۆ چاخی شەستەکان

ئەوەی کە بـزوتنەوەی گـۆڕان بانگەشـەی بـۆ کـرد ،دروسـتکردنی ژیـانەکی خۆش و بەختەوەر بـۆ کابـانی مـاڵ و دەسـتەبەر کردنـی ژیـانەکی خـۆش بـۆ هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەبوو،ئەوە ئەو دروشـمە زەق و بریقەدارەبوو کە رۆژ لە دوای رۆژ لە دەزگـا پـر لە چەواشـەکاری و هاشـو هوشـەکەی گۆڕان بانگەوازییان بۆ دەکرد.

لە سەردەمەک کە لە ئۆپۆزۆسیون بـوون و دیموکراسـییەت و شـەفافییەت یان بە خەڵک دەفرۆشت و ئینکاری هەموو شتو و هەموو کەسیان دەکرد و تەنیا خۆیان لا پەسەند بوو، بیانووی بێ دەسـتەلات بـوون یـان دەهێنـایەوەو بەردەوام بە فیکەلێدان و تەپڵ لێدان باسـیان لە گەڕانەوەی دەسـتەلاتی گەڵ

بۆ گەڵ دەکرد ،کاتێکیش چوونە دەستەڵات هەمان هەڵسوکەوت وکردار، بگرە سیناریۆکانیان خەراپتر بوون.

لەو کاتەی کە ١٧ی شوباتیان خولقاندو مێردمناڵیان بۆ خۆپێشاندانەکان بەکار هێنا و هانی بەردباران کردنی بنکەو بارەگاکانی پارتییاندا، ئا لەو سەردەمانە بوو کە خەریکی جێبەجێ کردنی پیلانی دەرەکی بوون ئەویش شێواندنی شارەکانی کوردستان و هاندانی خەڵک دژی پارتی و شێواندی راستییەکان و رەش کردنی خەڵک لە نیشتمان و لاواز کردنی ئینمای نەتەویی بوو، دەیان منالّی ئەو ولاتەیان غەلّتانی خوێن کرد،بەوەش ئۆقرەیان نەگرت و لە حکوومەتیش هەولّی مانگرتن وخۆپێشاندان و رەشکردنی دەستەلاتیان هەبووە دیسان هێرشەکانیان بۆ سەر بنکەو بارەگاکان و سوتاندنیان درێژەی هەبوو،

لە لایەکی ترەوە ئەوەی کە لە٢٠١٦/١١/١٢ لە خۆپێشاندانەکانی سنووری سەوزی پێشوو بینرا هیچ پەیوەندی بەو مافانەوە نەبوو کە ماموستایان داوایان دەکرد بەڵکوو بەکارهێنانی هووتافی برووخێ و زۆر هوتافی تر لەوجۆرە وبردنی خۆپێشاندانەکە بۆ بەردەم نوسینگەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە سلێمانی و ئەو لێدوانانەی ئەندام پارلمانەکەی گۆڕان کە باس لە بەردەوامبوونی خۆپێشاندانەکان و مانگرتن دەکرد ،رووی راستەقینەی گۆران و ئەو پیلانەی کە هەیان بووە دەرخست، ئەویش جێگیر کردنی پیلانی گەڕانەوە بۆ داوێنی عێراق و دووپاتکردنەوەی جاشایەتی لە قۆناخەکی نوێدا بوو.

لە ئێستاش دا کە هیچ یەک لە پرۆژە پر لە چەواشەکارییەکانیان سەری نەگرتووە و لە ریگای مانگرتنی ماموەستایانەوە هەولّی بێبەش کردنی منالانی ولات لە خوێندن دەدەن، چوون فکرو هزریان لە سەر بنەمای خەراب و خەرابکاری دانراوە وئەگەر بیر لە هەموو ئەو کردارە ناپەسەندانەی کە لە سەرو باسیان لێوە کرا، تەنیا یەک مانای لێ دەچۆرێتەوە ئەویش گەڕانەوە بۆ ناوەندەکانی شەست و گەڕانەوە بۆ

باوەشی دوژمنان و دوبارە کردنەوەی ئەو مێژووەیە ئەویش شتێک نییە بەس گەانەوە بۆ چاخی بەردین نەبێت.
لە مالّپەری خەبات و رۆژنامەی خەبات لاپەری ٤ ژمارە ٥١٥١ لە ٢٠١٦/١١/١٥.

١٤ تشرینی دووەمی٢٠١٦

## بۆ عەتا سەراوی:"سلێمانی بارزانە،بارزانیش سلێمانی یە."

سلێمانی ئەو شارە نیشتمان پەروەرەیە کە دابەش کردن بە ناوە دروستکراوەکانی نیلی و سەوز لە هیچ کەس و لایەنەک قەبوول ناکات و رێگا بە کەسانەک نادات کە نیازی ئەویان هەبێت بۆ گەیشتن بە مەرامە گڵاوەکانی خۆیان هەولّی چەواشەکاری بدەن .بەڵام ئەوەی کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت راستییەکانی مێژوون ،بۆچی سەرەڕای زانینی ئەو راستییانە دیسان هەولّی چەواشەکردنیان دەدرێت،ئەگەر مەرامتان لە باسکردنی ٣١ ئاب بۆشاردنەوەی خیانەتەکانتان لە ٦٦ و هەشتاکانە ئەوە ناسرێتەوە

چوون برایم ئەحمەد مێژوویەکی تۆمار کردووە ئەگەر هەموو مێژوو نوسەکانی دونیاش هەولّی شاردنەوەی بدەن ئەوە وەکوو پەلەیەکی رەش بە نێوچاوانی هێرۆ و سەراوییەکان دەمینیتەوە.بەڵام ٣١ی ئاب راستییەکی مێژووییە و هەر تاکەکی کورد بە زانینی ئەو راستییانە شانازی پێوەدەکات.ئەگەریش راستییەکانتان لە بیریان چۆتەوە با وەبیر هێنانەوەیەک بێت.

دوا بەدوای ئەوەی کە یەکێتی کە ئەو کاتیش کەسانی وەکوو نەوشیروان سەرکردایەتییان دەکرد هەولّی سرینەوەی پارتییاندا هەربۆیەش هێرشیان بۆ هەموو بنکە و بارەگاکانی پارتی لەو سنوورە هێنا پارتی زۆر هەولّی دا شەرەکە نەگاتە هەولێر بەڵام ئەوان خۆیان نەپاراست، هەروەکوو پێشتر باسی لێوەکراوە نەوشیروان مستەفا جێگری سکرتێری یەکێتی بوو کە گوتبووی :"هەولێر کوێی موقەدەسە تاوەکو شەری تێدا نەکرێت: بە هەموو

ئه‌و ئالییه‌تانه‌ی که‌ له‌ سوپای پاسداران وه‌رگیرا بوو شه‌رعییه‌تی پارلمانی کوردستان له‌ گه‌له‌وه‌ وه‌ریگرتبوو که‌وته‌ ژێر پۆستاڵه‌ ره‌شه‌کانی سوپای پاسدارانی ئێران.

پارتی له‌ ٣١ی ئابیش هه‌موو هه‌وڵێکی خۆیاندا بۆ ئه‌وه‌ی شه‌ر نه‌گاته‌ هه‌ولێر به‌ڵام یه‌کێتی ئه‌ونده‌ مه‌غرور ببو که‌ ئه‌وه‌ی قه‌بووڵ نه‌کرد

نه‌وه‌ک هه‌ولێر یان چۆڵ نه‌کرد به‌ڵکوو له‌ یۆبیلی زێرینی پارتی له‌ ١٦ی ئابی ١٩٩٦ مام جه‌لال نه‌فی عامی پارتی ده‌رکرد بۆ ئه‌وه‌ی بۆ یه‌کجاره‌کی پارتی له‌ گۆره‌پانی سیاسه‌ت بسریته‌وه‌ ئه‌ویشبه‌ پشت به‌ ستن به‌ سه‌فقه‌یه‌کی سه‌ربازی که‌ له‌ نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و یه‌کێتینیشتمانیی کوردستان هه‌بوو بۆ ئه‌وه‌ی که‌ ده‌رگا له‌ سه‌ر چه‌کدارانی ئێران بکاته‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی که‌ کۆمه‌ڵکوژی له‌ ناو که‌مپه‌کانی ئاواره‌و ئۆپۆزۆسیۆنی ئێرانی له‌ کۆییه‌ بکات وبۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ش ژن و مناڵ و پیر و په‌ککه‌وته‌کانی له‌و که‌مپانه‌ کرده‌ ئامانج و ئاواره‌ کران به‌ پێی رێککه‌وتنه‌که‌ش بۆ یه‌کلا کردنه‌وه‌ی شه‌ری ناو خۆیی ،ئه‌وه‌ یه‌که‌م هه‌نگاو بوو.

وه‌کو به‌ڵگه‌، دووه‌مین هه‌نگاوی جێبه‌جێکردنی ئه‌و رێککه‌وتنه‌ی نێوان ئێران و یه‌کێتی، به‌ په‌لاماردانی پارتی له‌لایه‌ن ئێران و یه‌کێتی یه‌وه‌ ده‌ست به‌جێبه‌جێکردنی کرا، نه‌ک هه‌ر له‌ قۆڵه‌کانی جه‌نگه‌وه‌، به‌ڵکو له‌ پشتیشه‌وه‌، ئێران به‌هێزی سه‌ربازی و بۆ هاوکاری یه‌کێتی له‌ سیده‌کان و حاجی ئۆمه‌رانه‌وه‌، په‌لاماری پارتیدا، پیلانه‌که‌ به‌شێوه‌یه‌ک بوو، که‌ پارتی به‌ره‌و نه‌مان ببه‌ن، ئه‌وده‌میش هێزی کوردستان له‌و ئاسته‌دا نه‌بوو به‌ره‌نگاری وڵاتێکی خاوه‌ن هێزی وه‌کو ئێران بکات، بۆیه‌ پارتیش ناچار بوو، بیر له‌وه‌ڵام بکاته‌وه‌ به‌هێزێکی هه‌مان ئاست، خاوه‌ن هه‌مان توانای سه‌ربازی به‌رگری له‌خۆی بکات ڕووبه‌ڕووی ئه‌و پیلانه‌ بوه‌ستێته‌وه‌ ئه‌وه‌ راستی رووداوه‌ که‌یه‌ که‌ به‌ شێوه‌یه‌کی کورت باسی کراوه‌ به‌ڵام سه‌یرتر له‌ هه‌موو ئه‌وانه‌ ئه‌وه‌یه‌ که‌ که‌ عه‌تا سه‌راوی له‌ دورترین شیوێنی سنووره‌کان

هێزەکانی تورکیا دەبینیت بەڵام هێزەکانی سوپای پاسداران لە بن لوتی خۆی نابینیت.

١٦ تشرینی دووەمی٢٠١٦

## بیرۆکەی پارێزگاکان بە مردوویی لە دایکبووە

دوا بەدوای ئەوەی کە گۆڕان لە گۆرەپانی سیاسی کوردستان شکستی هێنا ئەو جارەش بۆ درێژەدان بە پیلانەکی تر ،لە هەوڵی ئەوەدایە بە جۆرەک لە جۆرەکان وا دەربخات کە بوونی هەیە ،گۆڕان لە سەردەمی دروست بوونیان لە سەر بنەمای نارەزایەتی دروست بوو ئەوەش و لە سەر هەمان سیاسەتەش بەردەوام بووە و کاتەک کە لە کابینەی هەشت دا بەشدارییان پێکرا،هەمان هەڵسوکەوتی سەردەمی ئۆپۆزۆسیۆن یان دووبارە کردەوە و بە مانگرتن و خۆپێشاندانی فەرمانبەران و ماموەستایان سواری شەپۆلی نارەزایەتییەکانی ماموەستایان بونەوە.

ئارام شێخ محەممەد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق کە لەسەر پشکی بزووتنەوەی گۆڕان پۆستەکەی وەرگرتووە، ١٢ی ئەم مانگە لە پێشوازییێکی ڕێکخراوی پێشوەختەدا لە مامۆستایانی ناڕازی رایگەیاند هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ ئەوەی داواکاری خۆپیشاندەران بە دەسەڵاتدارانی عێراق بگەیێنین.

ئارام لە گوتارێکدا کە بۆ خۆپیشاندەران پێشکەشی کرد، راشیگەیاند "ئەگەر کێشەی نەوت لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق چارەسەرنەکرا و هەرێمی کوردستان پابەند نەبوو بەو رێککەوتنە، ئەوا حکوومەتی عێراق راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ پارێزگاکان و ئەمجارەش بە پرۆژەی گەڕانەوە بۆ بەغدا هەوڵی دروستکردنی ئاڵۆزی و گەوجاندنی ماموەستایانی ئەو سنوورە دەدات.

ئەگەر بە شێوەیەکی قوڵتر لەو بیرۆکەیە بروانین دەبینین کە تا چەند رێگە پێدراوە:

یەکەم ،له رووی دەســــتوورییەوە پـــێچەوانەی دەســــتووری عێـــراقە و دەستورەکە له مادەی ١١٧ دانی بە هەرێمی کوردستانی پێش ٢٠٠٣/٣/١٩ دادانــاوە وەک یەک یەکەی دەســتووری واتە یەک هەرێــم له نــاو عێراقــی فیــدراڵ هەر بــۆیەش هەر یاســایەک دەربچیــت له پەرلەمــانی عێــراق بە ئاراستەی مامەله کردنـی ڕاستەوخۆی بەغدا له گەڵپارێزگاکانی هەرێمبە پێچەوانەی دەستووره.

دووەم، ئەگەر دادگـای فیـدرالی عێـراق تـانە لەو پـرۆژەیە بـدات تەنـانەت ئەگەر پەســندیش بکرێــت و له مــوازنەی ســاڵی ٢٠١٧ دا جێگیــر بکرێــت هەڵدەوەشێتەوە،

سێیەم، خەڵکی کوردستان له راپرسی له سەر دەستوور دەنگییان داوە و لەهەر حــاڵەتەک تەنــانەت ئەگەر داوابکرێــت بە گــۆڕینی پارێزگاکــان و گۆڕینیـان بە پارێزگاکانی رێکنەخراو دەبێت بە راپرسـی گەلـی کوردسـتان ئەنجام بدرێن.

له لایەکـی تـرەوە لایەنەکـی ئەو بیـرۆکەیە ئەوەیە کە هەمـوو داهــاتەکە تەسلیم بە حکوومەتی مەرکەزی بکرێت له سەر ئەو ئەساسـەوە حکوومەتی مەرکەزی مووچەی فەرمانبەرانی ئەو پارێزگایە دابین دەکات لێرەدا چەند پرســیارەک گەلاله دەبێــت هەروەکــوو دەســت نیشــان کــراوە کە داهــاتی پارێزگــای ســلێمانی مانگــانە ( ٥٠ بــۆ ٦٠) میلیــارد دینــارە و مــووچەی فەرمــانبەرانی ئەو پارێزگــایە ( ٢٥٠ )میلیــارد دینــارە، ئایــا حکــوومەتی مەرکەزی ئامادەیە ئەو برە پارەیە لەداهاتی سلێمانی وەر بگریت لەکاتێکدا کە دەبێت ٥ ئەوندە تەسلیم بە پارێزگای سلێمانی بکات.

پرسـیارەکی تـرئەوەیە ئەگەر داهـاتی پارێزگـای سـلێمانی بەشـی مـووچەی فەرمــانبەران دەکــات چ پێویســت بەوە دەکــات کە ئەو داهــاتە بــۆ بەغــدا بگەرێتەوە و بۆچی راستەوخۆ مووچەی فەرمانبەرانی پێ نادرێت؟

کەواتە حکـــوومەتی مەرکەزی ئامـــادە نابێـــت له گەڵ پارێزگـــایەک له پارێزگاکانی هەرێم راستەوخۆمامەله بکات و ئەوەی کە ئێستا مامۆستایانی

پێ چەواشەدەکرێت دورە لە راستی و وەکو رۆژی روونـاک دیارە کە لە پێناو ئەجندایەکی حیزبیدا ،ئەو مانگرتنانە ئەنجام دەدرێن و ئەو بیرۆکەیە بە مردوویی لە دایکبووە.

"لە رۆژنامەی هەولێر ژمارە ٢٤٩٠ لە ٢٠١٦/١١/١٧"

١٧ تشرینی دووەمی٢٠١٦

## چیتر لە ئێوە قەبووڵ ناکەین

## وولامەک بۆ نوسینەکەی :"ئەبوبەکر هەڵەدنی، دیسانەوە بەڕێزبارزانی نائومێدی کردینەوە"

ئەوەی کە لە پەیامی سەرۆک بارزانی ئەو پەیامە ئاشتەواییە بوو کە تێیدا ئاماژە بە پێکەوە ژیانی موسلمان و مەسیحی و کریستیان،کلد وئاشور و برا ئێزیدیەکان لە تەک یەک و بەیەک شیعار بووە بۆئەوەی بە یەکەوە بژین.ئەو ئاسایش و پێکەوە ژیانەش لە سایەی قارەمانییەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کە بە خوێنی گەشی خۆیان شەری میللەتەکەیان پاراست بێگومان ئەوە دوایین مەترسی لە سەر کوردستان نابێت چوون دوژمنانی کورد لە پیلان وپیلان گێری بەردەوام دەبن.

وەکوو ئەوەی لەبرگەی یەکەمدا هاتووە:" داواکاری چارەسەری کێشەی موچە لە بەغداد ناچاریە وکارتی گوشارە " ئەوەی کە باسی لێوەدەکرێت گوشارە راستە چوون هەموو کاتەک حیزبەکان ویستوویانە بە بە کار هێنانی پیلانی جۆراوجۆر هەوڵی بەدەستهێنانی دەستکەوتی حیزبی لە رێگەی گوسارەوە بدەن و یان هیچ نەبێت دەنگدەرانی خۆیان رازی بکەن ،بەلام هۆکاری ناچاری نابێت ئەو بیانوویەی کە بمانەوێت لە پێناو دەستکەوتی مادی و حیزبییەوە هەموو ئەو دەستکەوتانەمان کە لە ماوەی ٢٥ ساڵ حوکمرانی بەدەست هاتووەلە دەست بدەین و بۆ خاڵی دەستپێک بگەرێنەوە.

دووەم :سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە هەر وەکوو لە پەیامی سەرۆک دیارە بە نرخێکی کەم بەدەست نەهاتووە و ناکرێت نادیدە بگیرێت لە هەمان کاتدا

سەرۆک بارزانی باسی لە چارەسەری کێشەکانی ناو خۆیی دەکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئەرێنی چارەسەر بکرێن

سێیەم:ئەوەی کە باسی لێوە دەکرێت قەیرانی دارایی هۆکاری کێشە سیاسییەکانی ناو کوردستان نییە بەڵکوو هاتنە ناوەوەی یەکجار زۆری ئاوارە بۆ ناو کوردستان و شەری داعش و داتەپینی نرخی نەوت لە جیهان هۆکاری ئەو قەیرانەیە کوردستانیش لەو کێشەیە بێبەش نەبووە.

و سەبارەت بە پرسی پۆستی سەرۆکی هەرێم ئەوە سەرۆک بارزانی هۆکار نەبووە بەڵکوولایەنە سیاسییە کان نەیان توانیوە کەسێک بۆ ئەو پرسە دەست نیشان بکەن کاتەک کە داوایلە لایەنە سیاسییەکان کرد: "ئەگەر کەسێک تان هەیە دەست نیشانی بکەن ئەگەر نا لە کاتی ئێستا زۆر پرسی چارەنووس ساز هەن کە پێویست دەکات چارەسەری بکەم" لە لایەکی ترەوە، ئەو پرسە لە لایەن ئەنجومەنی دادوەری یەک لاکراوە تەوە.

چوارەم:ئەوەی کە لە پەیامەکەی سەرۆک بارزانی هاتووە ئاماژە بە ئەو خوێنە گەشەی پێشمەرگەیە کە رژاوە و ناکرێت لە پێناو موزایدەی نوخبەیەکی کەم لە ناو لایەنەکی سیاسی فەرامۆش بکرێت.

پێنجەم:پارتی بە چ شێوەیەک لایەنەکان بۆ سەر مێزی گفتو گۆ رابکێشیت، کاتێک کە بە پشتگیری لایەنی ئەقلیمی هەولی کودەتا  بە سەر وڵاتەکەیان دەدەن ،کاتەک زمانی سوتاندنی بنکەو بارەگاکان دەدەن،کاتەک کە قسەی سەر زار و بن زارییان پێکهێنانی گروپی جاسووسی بۆ کوشتن و تیرۆر دەدەن ،کاتەک کە بۆری نەوت کە سامانی ئەو وڵاتەیە دەسوتێنن،کاتەک کە لە گەڵ دوژمنانی ئەو گەلە کە قووت و مووچەی خەڵکی کوردستانی بری لە هەولی پیلان گێری دان ئاخۆ بە کام زمان دانوساندیان لە گەڵ بکرێت.

لە کۆتاییدا ،لەولامتدا دەبێتبڵێم ئەوە ئەو سەرکردە گەوەیەیە کە سەرەڕای هەموو پیلانگێرییەکانی ناو خۆیی و دەرەکی گەلی کوردستانی پاراست و کوردستانی بە ئەو ئاستەگەیاند کە ببێتە ترافیکی دیپلۆماسی وڵاتانی رۆژ ئاواو ئەو وڵاتانەی عەربی ناوچەکە کە سەردەمایەک بە هەموو شێوەیەک

ئینکاری گەلی کوردیان دەکرد هەروەها هەم ئەو حکوومەتانەی کە لە دوای ئازادی عێراق بە هەموو شێوەیەک دژی پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە بوون و بە پێداگری سەرۆکی هەرێم لە سەر مانەوە و مەشق پێکردنیان بویتە ئەو هێزەی کەگەورەترین هێزی سەربازی جیهان پرۆتۆکۆلی سەربازی لە گەڵ پێشمەرگەدا واژۆ بکات.

٢٢ تشرینی دووەمی٢٠١٦

## پرۆژەی پارێزگاکان یان درێژە پێدان بە پیلانەکان

ئەوەی خوارەوە دەقی ئەو بیرۆکەیەیە کە لە لایەن گۆڕانەوە ئامادە کراوە:

"پێکهێنانی لیژنەی دانوستان لە سەرۆکی هەرپێنج فراکسیۆنە کوردستانیەکە بۆ قسەکردن لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆنە کانی دیکە لە شیعە و سونەو وکەمایەتیەکانی دیکە.

یەکەم: هەرپارێزگایەک پابەندی خۆی دەرببڕێت بە ڕادەست کردنی داهاتە فیدراڵیەکانی سنوری ئیدارەی پارێزگاکە و لەبەرانبەردا حکوومەتی فیدراڵ سەرجەم مافەداراییەکانی ئەو پارێزگایە مسۆگەر بکات (کەئەم پێشنیارە زۆر گرانە چونکە بە فعلی واتە دابەش کردنی هەرێم). دووەم : حکوومەتی عێراقی فیدراڵ سەرجەم مافەدارایەکانی هەرێم دابین بکات و هەرگرفتێکی هەیە لەگەڵ هەرێم و پابەند نەبوونی بە ڕێککەوتنائیار نەوت و ڕادەستکردنی داهاتە ئیتیحادیەکان لەمەحکەئیار ئیتیحادی سکاڵا تۆمار بکات لەدژی حکوومەتی هەرێم و سزای هاوڵاتیان وفەرمانبەرانی هەرێم نەدات (کەئەم پێشنیارەش لەوەی یەکەم گرانتر دەکەوێت لەسەر هەرێم وکاریگەری هەیە بۆ سەر فرۆشتنی نەوتی هەرێم).

دەبینین کەئەو بیرۆکەیە، بڕیارەکی زۆر قورس ومەترسیدار بۆ دابەش بوونی هەرێمی کوردستانە، لە هەمان کاتدا خەونە دێرینەکەی دوژمنانی کورد دەکاتە راستی، ئەوەی لە هەموو سەیر تر ئەوەیە کە، دانەرانی ئەو بیرۆکەیە لە راستی ئەو بابەتە تێدەگەن و دەزانن ئەگەر لە رووی پراکتیکەوە بکەویتە واری جێبەجێ کردن و لە رووی دەستووری و

یاساییەوە گرفتی نەبێت مەترسییەکانی چین. هەموو ئەو خەبات و تێکۆشانەی کورد ،یەکسان بە سفر دەات ئەگەر لە رووی دەستورییەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت دژایەتی کردنێکی ئاشکرای سیستەمی فیدراڵییە لە لایەکی ترەوە دژی هەموو ئەو پرۆپاگەندانەیە کە هەموو کات حیزبەکان یەکتریان بەوە تۆمەتبار دەکرد، لە هەمبەر گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچەکوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ سەر کوردستان کەمتەر خەمییان نواندووە و ئەوەش ئەو قەوانەیە بوو کە هەموو جار لە لایەن گۆڕانەوە لێ دەدرا و هەموو جار وەکوو موزایدە بە سەر پارتی و یەکێتی وەکوو دوو حیزبی سەرەکیدا دەیکرد. بەڵام دەبێت هۆکار چی بێت کە کاتی ئێستا سلێمانی تا ئەو رادەیە بچووک دەکاتەوە؟.

ئەگەر هەڵوێستە نیشتمانییەکەی لایەنە سیاسییە کوردییەکانی تر لەبەر چاو بگرین سەرەڕای ئەوەی کە لە لایەن جەماوەرەوەش ئەو بابەتە رد کرایەوە، لە رووی دەستوریشەوە ئەو بابەتە هیچ جێگایەکی نییە و ئەگەر لە قۆناخی یەکەمدا ئەو پرۆژەیە دەنگی پیویست لە گەڵ شیعەکانی هاوپەیمان لە گەڵ گۆڕان بە دەست بهینیت بەڵام لەدادگای دەستووری بە یەک تانە لێدان ،رد دەکرێت ئەویش بەو هۆکارانەوی خوارەوە:

یەکەم ،لە رووی دەستورییەوە پێچەوانەی دەستووری عێراقە و دەستورەکە لە مادەی ١١٧ دانی بە هەرێمی کوردستانی پێش ٢٠٠٣/٣/١٩ دادانـاوە وەک یەک یەکەی دەستووری واتە یەک هەرێم لە ناو عێراقی فیدراڵ هەر بۆیەش هەر یاسایەک دەربچیت لە پەرلەمانی عێراق بە ئاراستەی مامەلە کردنی ڕاستەوخۆی بەغدا لە گەڵ پارێزگاکانی هەرێم بە پێچەوانەی دەستوورە.

دووەم، ئەگەر دادگای فیدرالی عێراق تانە لەو پرۆژەیە بدات تەنانەت ئەگەر پەسندیش بکرێت و لە موازنەی ساڵی ٢٠١٧ دا جێگیر بکرێت هەڵدەوەشێتەوە.

سێیەم، خەڵکی کوردستان لە راپرسی لە سەر دەستوور دەنگییان داوە و لەهەر حاڵەتەک تەنانەت ئەگەر داوابکرێت بە گۆڕینی پارێزگاکان و گۆڕینیان بە پارێزگاکانی رێکنەخراو دەبێت بە راپرسی گەلی کوردستان ئەنجام بدرێن.

٢٤ تشرینی دووەمی٢٠١٦

## پەیامی سەرۆک بۆ لە باشیک ؟

ئەو ووتارەی سەرۆک بارزانی لە باشیک پەیامەکی زۆر گرنگ بوو کە لەو ووتارە کورتەدا ناتوانم هەموو لایەنەکانی شی بکەمەوە تەنیا بە چەند سەرەقەڵەمێک هەندێک لە ئاماژە گرنگەکانی دەخەمە روو چوون ئەو پەیامە زۆر لایەنی مێژوویی جوگرافی سیاسی وکۆمەلایەتی تەنانەت ئایینی لە خۆگرتووەو پەیامەکی روون و ئاشکرا بوو بۆ ناو خۆو دەرەوەی کوردستان بوو،

سەرۆک بارزانی سەرەڕای تەقدیری رۆوڵی پێشمەرگە قارەمانەکان ،باسی لەوە کرد کە خەباتی ئێمە لێرەوە نەوەستاوە ئەوەش وەکوو تەجروبەیەکی مێژووییە، چوون هەموو کات دوژمنان لە هەوڵی دروستکردنی لەمپەر لە هەمبەر سەرکەوتنەکانی گەلی کورد بوونە،سەرەڕای گرنگی ئەو بابە دەتوانم بڵێم درێژە پێدەرانی کودەتا کانی ١٩ی ئاب و ٢٣ی حوزەیران و بکوژەکانی مێرد مندالان لە ناو بارەگاکانی پارتی و ئەوانەی هێرشی سەر بارەگاکانیان کردووە و چ ئەوانەی کە پیلانیان بۆئەو مەبەستە داڕشتووە درێژە پێدەری پیلانەکانی رابردووی مێژوو و داهاتوون ،ئەوانە ناتوانن لەو پەیامە بگەن چوون شکستە سیاسییەکانیان لە گۆرەپانی سیاسی کوردستان بەرچاویانی تاریک کردووە.

ئەوەی لە پەیامەکە ووترا،هەوڵی نەیارانی کوردستان بوو بۆ ئەوەی کەپێشمەرگە بۆ ئەو گێژاوە کە خۆیان تێی کەوتوون پەلکێش بکەن، بەڵام بە ئەو خۆراگری وئەو دەرسەی کە پێشمەرگە بە دوژمنانی تاریکی دا ،شکستی بە هەموو ئەو پیلانانەدا هێنا.

لە بارەی ئەو سنوورانەی دوای شەری داعش ،دووبارە کردنەوەی ئەو پەیامە بوو کە ئیتر مادەی ١٤٠ کۆتایی پێهات و ئەو سنوورانەی کە پێشمەرگە بە خوێنی خۆی ئازادی کردوون لێیان ناکشێتەوە هەروەها لە گەڵ ئەمریکاو حکوومەتی عێراقیش لە یەک تێگەیشتنەک لەو بارەیەوە هەیە و ئەوەی تریان پەیامی سەرۆک لە باشیک کە دواترین خاڵی پێشمەرگە بوو هەڵگری ئەو پەیامە گرنگەیە.

لە پەیامە گرنگە کەی بارزانی تابلۆی جوانی پێکهاتەکانی ئایندەی کوردستان لەکورد و عەرەب و کلد و ئاشوری و یەزیدی نمایش کراوە و ئەوەش هێمای ئەوەیە کە کوردستان بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لە مافەکانیان دەکات و جییان ناهێلیت هەروەکوو ئێستا دەبینین لە پێناو ئازاد کردنی ئەو شوێنانەی کە پێکهاتەکانی تێدا بوون و جوگرافییایەکی بەرفراونیش لە بەر دەستی داعش دابوو بە خوێنی پێشمەرگە ئازاد کران و ئێستاش لەو شوێنانە جێگیر کراون بۆ ئەوەی بیان پارێزن.

سەرۆک بارزانی، زۆر بە روونی ئاماژەی بە چارەنووسی گەلی کورد دا ،ئەویش دیار کردنی مافی چارەی خۆنوسین بە شێوەیەکی ئاشتیانە لە گەڵ بەغدا بوو هەرچەندە کە سەرۆک بارزانی پێشتریش زۆر بە راشکاوانە لە گەڵ بەغدا ئەو بابەتەی ت ئابی  ووی کردووە بەڵام ئەو جارەیان باسی لەوە کرد ئەگەر هاتوو حکوومەتی بەغدا سەبارەت بە مافەکانی گەلی کورد هەڵوێستی ئەرێنی هەبوو بێگومان پیویست بە راپرسی ناکات و بەشێوەیەکی ئاشتیانە بە مافەکانی خۆمان دەگەین و بەو شێوەیە هەموو ئەو دەنگۆیانەی کە گوایە لە پرسی سەربەخۆیی پەشیمان بووینەوە رەد کرانەوە.

ئەوەش کە باسی لە کێشەکانی ناوخۆیی کرد کەسانەک بە سوود وەرگرتن لە نارەزایەتییەکانی خەڵک هەوڵی چەواشەکردنی خەڵک دەدەن لە بری ئەوەی کە چارەسەرییەکیان بۆ ئەو کێشانە پێ بێت هەربۆیەش سەرۆک بارزانی باسی لەوە کرد فەرموون ئێمەش یارمەتیتان دەدەین

ئەگەرنا کات دەڕوات و ئێمەش لە سەر کەس ناوەستین.و زۆر بە توندی ڕەدی بابەتی پارێزگاکانی کرد کە ١٤ ساڵ لەمەوبەر پێی رازی نەبوونە و چۆن دەکرێت پاش ئەو هەموو قوربانی دانە بۆ دەستکەوتێکی مادی بۆ خاڵی دەستپێک بگەرێنەوە لە رۆژنامەی هەولێر ژمارە ٢٤٩٥ لە ٢٠١٦/١١/٢٤ "

٢٤ تشرینی دووەمی٢٠١٦

## لە پەیامەکەی بارزانی تا تیرۆری دکتۆر هوشیار ئیسماعیل

ئەو پەیائایار کە سەرۆک بارزانی راگەیاند، ئەو پەیامە دڵخۆشکەرە بوو کەهەموو لایەنە سیاسییەکان و هەموو کەسێکی نیشتمان پەروەر و دڵسۆزبە دۆخیئێستای کوردستان پێشوازی لێکرد، تەنها چەند دەنگێکی شاز نەبێت کە ئەوانەش بە هەڵسوکەوتەکانیان دۆخی کوردستانیان لە رابردوو بە ئێستا گەیاندووە.

سەرۆک بارزانی زیاتر لە جارێک ئامادەی خۆی دەربڕیوە و بانگهێشتی لایەنەکانی کردووە ، بەڵام هەموو جار بە بیانوویەک و لە ژێر کاریگەری ئیرهابی فیکری نەوشیروان و دارو دەستەکەی رد دەکرایەوە ،پێدەچێت کە ئەو جارە هەموو لایەنە کوردستانییەکان هەستیان بە هەستیاری ئەو بابەتە و دۆخی کوردستان کردبێت و بە ئاشکرا بوونی پیلانەکانی دوژمنان بۆ شێواندنی کوردستان و بەرچاو روونی زیاتری لایەنەکان ،کاتەکە بۆ لە یەک تێگەیشتن گونج ئابی ر بێت.

ئەوجارەش ناحەزانی کوردستان وەکوو هەموو جارەک هەوڵی نانەوەی پشێوی لە هەرێمی کوردستان دەدەن ئەویش لە رێگای تیرۆری ماموەستایەکی نیشتمان پەروەری ئەو وڵاتە ،بە ورد بوونەوەی لە دۆخی ئێستای کوردستان دەبینین کە چەند هۆکارەک گومانەکانمان زیاتر بەرەوە راستییەک دەبەن ئەویش گرنگ ترین هۆکارو کەرەستەن کە بۆ ئەم تاوانە پێویست بووە،

دۆخی ئێستای کوردستان و شوێنی تاوانەکە و ئەو کەسەی بۆ ئەم پیلانە دەست نیشان کراون گونج ئابی رین ئەو کەرەستانەن کە ئاگری ململانی

و فیتنه‌ زیاتر بكات بگرن ، ده‌ستنیشـان كردنی ئه‌و كه‌سـه‌ وه‌كوو كه‌سێكی میانه‌ره‌و و نیشتمانپه‌روه‌ر ته‌واوكاری هه‌موو پیلانه‌كانی رابردوو بووه‌.

دوا به‌ دوای پیلانه‌ شووومه‌كه‌ی ١٩ی ئاب و ٢٣ی حوزه‌یران و ئه‌و هه‌ڵسوكه‌وته‌ن نیشتمانپه‌روه‌رانه‌ی كه‌ یه‌كگرتووی ئیسلامی كوردستان له‌ هه‌مبه‌ر بارودۆخی ئه‌و كات نواندی و توانی به‌و شێوه‌یه‌ بالانسی هێز رابگریت و كوده‌تا سپییه‌كه‌ی پارڵمان فه‌شه‌ل پێ بهێنیت ، ئه‌وه‌شگرنگترین هۆكاری دژایه‌تی كوده‌تا چییان بووه‌ ، بۆئه‌و مه‌به‌سته‌ش باشترین بژارده‌ بۆ ئه‌و بابه‌ته‌ تیرۆر كردنی دكتۆر هوشیار ئیسماعیل بوو.بۆئه‌وه‌ی ببێته‌ كه‌ره‌سته‌ی ململانیی نه‌یاران وله‌ هه‌مان كاتیش دا خۆشكردنی دوبه‌ره‌كی و كێشمه‌كێشی سیاسی بۆ ئه‌وه‌ی ره‌نگدانه‌وه‌ی له‌ سه‌ر پیلانه‌كان یان هه‌بێت.

به‌ڵام له‌ به‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ كوردستان به‌ زۆر فیتنه‌ی له‌و جۆره‌دا تێپه‌ریوه‌ هه‌موو ئه‌وانه‌ بوون به‌ هۆكاری ئه‌وه‌ی كه‌ لایه‌نه‌كان دان به‌خۆدا بگرن و چاوه‌روانی ئه‌وه‌ بن كه‌ ده‌زگا ئه‌منییه‌كان پیلانه‌كه‌و تاوانباران ئاشكرا بكه‌ن

٢٨ تشرینی دووه‌می٢٠١٦

## سه‌ركه‌وتوویی په‌یوه‌ندییه‌ دیپلۆماسییه‌كانی هه‌رێمی كوردستان

جیاوازی ئێستای هه‌رێمی كوردستا له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی كه‌ پێشتر له‌ رووی په‌یوه‌ندییه‌ دیپلۆماسییه‌كانه‌وه‌ هه‌بووه‌ زۆر جیاوازه‌، سه‌رده‌مایه‌ك زۆربه‌ی وڵاتانی عه‌ره‌بی ته‌نانه‌ت وڵاتانی رۆژئاوا و به‌ ئه‌مریكاشه‌وه‌ وه‌كوو پێویست له‌گه‌ڵ كورد و به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی هاورا نه‌بوون، ته‌نانه‌ت زۆربه‌ی وڵاتانی عه‌ره‌بی به‌ به‌رده‌وام بۆ پشتگیری له‌ حكوومه‌تی ناوه‌ند،شیعاری "ئۆئیار عه‌ره‌بی " وێردی سه‌ر زمانیان بووه‌ ، به‌ڵام له‌ كاتی ئێستا ئه‌و په‌یوه‌ندییانه‌ قۆناخه‌كی زێرینیان بریوه‌ و هه‌رێمی كوردستان توانیویه‌تی به‌ شێوه‌یه‌كی ئه‌رێنی به‌ربه‌سته‌كان ببریت ، كه‌متر وڵاته‌كی عه‌ره‌بی ده‌بینرێت كه‌ هه‌ڵوێستی نه‌رێنی له‌ هه‌مبه‌ر داخوازییه‌ ره‌واكانی گه‌لی كورد دا هه‌بێت.

سەردانەکەی نێچیروان بارزانی بۆ تورکیا، لە بارەی ت ئابی   وێکردنی قەیرانەکانی ناوچەکەو ڕووبەرووبونەوەی ڕێکخراوی داعش لە شەری موصڵ و ت ئابی   وێی پرسی گیرانی سیاسەتوانانی هەدەپە و دەست پێکردنەوەی دووبارەی پرۆسەی ئاشتی لەو وڵاتە وقەیرانی ئابوری لە جیهان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی ،گرنگترین ئەو بابەتانە بوون گرنگی ئەو سەردانە وای لە کە هەندێک لەوڵاتانی ئیقلیمی کرد، لە هەمبەر ئەو سەردانانە بێدەنگ نەوەستن و ئەو سەردانەیان لە میدیاکانیانەوە بە سەردانی پڕ لە نهێنی وەسفکرد بەڵام ئەوە یەکەم جارنییە کە بەرپرسەکانیان بە نافەرمی لێدوان دەدەن و لە میدیاکان دژی بەرژەوەندییەکانی کوردستان دەوەستنەوە ،بێگومان ئەو هەڵوێستانە رەنگدانەوەی سیاسەتی ئەو وڵاتانەیە کە توانای بینینی سەرکەوتنەکانی کوردستانیان لە ئاستی نێودەوڵەتییەوە نییە .

سەردانی نێچیروان بارزانی لەوکاتە هەستیارەدا کە هەدەپە لە ژێر کاریگەری سیاسەتی چەوتی شەرانگێزی قەندیلەوە، دژوارترن رۆژەکانی سیاسی خۆی تێپەر دەکات ،و دوابەدوای کودەتا  سەربازییەکەی تورکیا و پەیوەندییە سرکراوەکانی تورکیا لەگەڵ ئێران بە دیدگای چاودێران بە سەردانەکی سادە سەیر ناکرێت لە هەمان کاتیشدا سەرۆکی هەرێم بە سەردانەکی فەرمی لەوڵاتی ئیماراتی عەرەبییە، ئەوەش یەکێکی ترە لە رووداوە هەرە گرنگەکان لە سەرکەوتوو بوونی ئەو پەیوەندییانە. سەرۆک بارزانی بە هۆی سیاسەتی دروست لەمامەلەکردن لە گەڵ کەیسی ئاوارەکانی شەری داعش، سەرەڕای قەیرانی دارایی هەرێم و پێکەوە ژیانی کەمەنەتەوە وکەمە ئایینەکانی کلد و ئاشوور و ئێزدی و...هتد،و ئەو قارەمانەتییەی کە پێشمەرگە لە داستانەکانیدا دژبە داعش نواندی، توانی پەیوەندییەکانی کورد لە ئاست نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بکاتەوە،

سەرەڕای هەستیاری بارودۆخی ئێستای جیهان وئەو گرفتانەی کە بە هۆی داعشەوە بەرۆکی جیهانی گرتووە ،وایکردە وڵاتانی جیهان گوێی لە

داخوازییەکانی کورد بگرن و هەنگاوی ئەرێنی لەو ئاراستەیەدا بهاوێژن. ئەوەش وایکردووە سەرەڕای پەیوەندییەکانی سیاسی و بەرژەوەندییە ئابورییەکان و شەری داعش،جۆرەک پەیوەندی دروست بکرێت کە لە بڕیارەکانی داهاتووی کوردستان چارەنووس ساز دەبن.

لە رۆژنامەی"هەولێر" ژمارە ٢٤٩٧ لە ٢٠١٦/١١/٢٨

١ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

## پەیامەگشتگیرەکەی سەرۆک بارزانی

ئەوەی کە لە پەیامە یەک لە دوای یەکێکانی سەرۆک بارزانی دەبینرێت چارەسەر ئاشتییانەی کێشەکان لە ریگای گفتوگۆ یە،ئەوەش زیاتر لە جارەک ئەو داوایە ئاراستەی هەموو لایەنەکان کراوە هەر چەندە پەیامەکانی سەرۆک بۆ ئاشتکردنەوەی لایەنەکان و نەهێشتنی ناکۆکییەکان بووە و هەموو جارێکیش ئەو پەیامانە هۆکاری لەیەک نزیک بونەوە و نەهێشتنی گرژی بووە، بەڵام سەرەڕای ئەو پەیامە جدییانەیسەرۆک بارزانی بۆ ئاشتەوایی نیشتمانیی کەسانەک هەن کە تەنیا ئەوەی لە بیرۆکەیاندا بووە ئاژاوەگێری و دروستکردنی ناسەقامگیرییە وەکوو ئەوە بێت کە ئەرکی حیزب تەنیا لەدروست کردنی پشێوی و ئاڵۆزی و خۆڵقاندنی کەشێکی نائاسایی بێت.

ئەگەر واقعیانە لە هەموو پەیامەکان بروانین دەبینین کە سەرۆک بارزانی هەمووجار داوای ئەوەی کردووە کە لایەنەکان میکانیزمەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لە سەری رێکبکەون و ئەوەی کە جێگەی تێرامانە ئەوەیە کە هەموو کات رەزامەندی پێش وەختەی لە سەر رێککەوتنەکانیان هەبووە گرنگترین رووداوی مێژوویی و هەنگاوەکانی سەرۆک بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە سەرۆک بارزانی داوای لە لایەنەکان کرد بۆ ئەوەی ژووری عەمەلیات پێک بهێنن بۆ ئەوەی پرسی ریفراندۆم و مافی چارەی خۆنوسین خێراتر بکرێت هەرچەندە کە ئەو پرسە ،پرسێکی چارەنووسساز لە ژیانی هەر تاکەکی

کوردە و خەونە دێرینەکانی کورد تێیدا بەرجەستە دەکرێت هەر بۆیەش داواکردن بۆ بەشداری کردنی هەموو لایەنەکان سەرەڕای ئەوەی کە ئەو پرۆسەیەی خێراتر دەکرد لە هەمان کاتدا جۆرەک لە هەماهەنگی لە حیزبەکان بەدی دەکرا کە پەیوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی حیزبەکانی پتەوتر دەکردجۆرەک لە یەک تێگەیشتنی لە نێوانیاندا دروست دەکرد.

لە لایەکی ترەوە ئەو حیزبانە بۆ مەبەستی فەراهەم کردنی ئاسایشی گەڵەکەیان دروست بوونە ،ئەوەش دەبێتە فاکتەرێک بۆ ئەوەی جلەوی ئەو پرسە وەربگرن و لە هەوراز و نشیوەکاندا بە هەموان بە سەرکەوتوویی دەربازی بکەن.

ئەوە هەموو پەیامەکەی سەرۆک بارزانی بوو، بەڵام ئەوەی تێبینی کرا لایەنەکی سیاسی بە دیاریکراویش بزوتنەوەی گۆڕان بە هەموو جۆرەک ئەو دەستپێشخەرییەی سەرۆک بارزانی لە بەرژەوندی خۆی یان باشتر بڵێن لە بەرژەوندی لایەنی دەرەکی نەبینی، هەر بۆیەش بە هەموو شێوەیەک دژایەتی کرد،بەڵام سینگ فراوانی سەرۆک بارزانی بۆ هەستیار بوونی کاتەکە کوردستانی لە هەمو ئاڵۆزییەکان پاراست و بواری بە هەر کەسێک نەدا بۆ ئەوەی یاریبە چارەنووسی گەڵی کوردستان بکات.

١ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

## قیبلەی کوێلەکان

ئەوەی پێشتر رەخنەی لێدەگیرا و بەردەوام باسی لێوەدەکرا،نەگەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بۆسەرهەرێمی کوردستان بوو کە خۆراکی بەشی هەرە زۆری میدیاکانی سێبەرەی گۆڕان و هەندێک لە جاش قەڵەمەکان بۆموزایدەی سیاسی بوو،بڵام ئەوجارەیان بۆ درێژە پێدان بە هەمان سیاسەتی چەوتی رابردوو هەوڵی ئەوە دەدەن کە بە تەسلیم کردنی نەوتی کەرکووک بەکۆمپانیای نەوتی سۆمۆ لە پەنای دابینکردنی موچەی بەشێکی کەمی فەرمانبەران و یاری کردن بە ئایارنەتییەکانیان، ئیرادەی خەڵکی کوردستان راستەوخۆ رادەستی

حكوومەتی ناوەندی بكەن،ئەوە جاری یەكەم نییەو و دوا جاریش نابێت كە بەو شێوە و دور لە هەموو بەهاو پرەنسیبەكی ئەخلاقی و نیشتمانیی یاری بە چارەنووسی گەلێك دەكریت، چەند رۆژ لە مەوبەر لە درێژەی سیاسەتە دۆراوەكانی گۆڕان ،چەند هەرزەكارەكی سیاسی گۆڕان، بیرۆكەی فیدراڵی پارێزگاكانیان پێشنیار كرد بۆ ئەوەی لە موازنەی ساڵی ٢٠١٧ جێگیر بكرێت و لە لایەن زۆرێك لە دوژمنانی كورد پێشوازی لێكرا ئەویش لە بەر ئەوەی بوو كە ئەو پرۆژەیە راستەوخۆ كوردستانی دابەش دەكردو ئیرادەی كوردستانی تەسلیم بە دوژمنان دەكرد و ئەمڕۆش رادەستكردنی راستەوخۆی نەوتی كەركوك بە كۆمپانیای نەوتی سۆمۆ هەمان سیناریۆ مان بۆ دووپات دەكاتەوە.

لێرەدا پرسیار گەلێك مان بۆ گەڵاڵە دەبێت ئەویش ئەوانەن،ئاخۆئەوەی ئەمڕۆ پەنای بۆ دەبەن بۆئەوەی لەوپرۆژەیاسایەداپشتگیرییان بكات ، هەمان كەس نەبوو كە لە كارەساتی لێقەومانی مولازم عەلی یەكێتی لە بەغدا،هەرەشەی "الدم بالدمی "دەكرد؟ئایا ئەوە هەمان كەس نەبوو كە لە سەردەمی دەستەلاتداریەتی خۆیدا ،موچەو بودجەو قووتی خەڵكی كوردستانی بری؟ ئاخۆ ئەوە هەمان كەسە نەبوو كە سوپای دیجلەی دژ بە هەرێمی كوردستان و ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم دروست كرد؟ ئاخۆ ئەوە هەمان كەسە نەبوو كە بیرۆكەی دروستكردنی حەشدی شەعبی بۆ درێژەدان بە سیاسەتی تایفەگەری و سەركوتكاری هەبوو؟گەڕانەوە و تەسلیم بوون بە غدا لە پێناو دابین كردنی دە لە سەدی مووچەی فەرمانبەران ،ئەگەر موزایدەی سیاسی و خیاتەتەكی نیشتمانیی نەبێتدەبێت چ هۆكارەكی لە پشتەوە بێت؟ وولامی ئەوانە بۆ فەرمانبەرانی تر چی دەبێت؟

كاتی ئەوە هاتووە كە واز لە موزایدەكردن بە سەر خەڵكی كوردستاندا بهێنن و لە پێناو بەرژەوندییەكانی دەمەكی حیزب لە یەكتر پەرتەوازە نەبن و بۆ بەرژەوەندییەكانی خەڵكی كوردستان بە یەك بەرنامەو لە یەك ئاست

کار بۆ گەلی کوردستان بکەن،ئەوەش پرۆژەیەک نییە کە لە توانای چەند کەسەک دا بێت و لە پێناو دەسکەوتێکی مادی ئیرادەی کوردستانە تەسلیم بە بەغدا بکرێت هەربۆیەش ئەوە پێویستی بە پرۆژەیەکی نیشتمانیی و گشتگیر هەیە کە هەموو لایەنەکان لە سەری کۆک بن.

١ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

## پەیامی ئاشتی لە نێوان دوو پەیامدا

وتارەکەی سەرۆک بارزانی لە ١٦ی ١١ی ٢٠١٦ ئاماژەیەکی روونی بە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە شەڕی تیرۆریستانی داعش بوو، لە هەمان کات پەیامی ئاشتی و برایەتی و پێکەوە ژیانی گشت ئایینەکانی کلد و ئاشور و ئێزدی وموسڵمان و گشت نەتەوەکانی کورد وعەرەب و تورکمان و....هتد ،ئەوەش نیشاندانی ئەو تابلۆ جوانەیە بۆ هەموو ئەو ناوچانەی کە لێوا ولێو لە ڕق و قینی تایفە گەری و کوشتنی بە ناحەق بە ناوی مەزهەبگەراین وهەروەها دوو پاتکردنەوەی ئەو راستییەیە ، کە کورد سەرەڕای ئەوەی هیچ کات لە سەندنەوە مافەکانی خۆی سڵی نەکردۆتەوە ، هەڵگری پەیامی ئاشتی و نەمانی دوبەرەکی و رقوقینی تایفەگەراییودووبەرەکییە.

ئەو پەیامە ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەو لایەنانەی کە باس لەوڵاتەکی یەکگرتوو و ژیان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدان، ئەوانەی کە تەنیا سەرچاوەی شەڕ بووە و هیچ کات مایەی خێر بۆ کورد نەبوونە.

لەو پەیامەدا ،سەرۆک رووی لە هەموو ئەو کەس و لایەنانەی کە تەنانەت بە ووشەیەک پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە یان نەکردووە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی نانەوەی پشێوی و دروستکردنی ئاستەنگ لە هەمبەر دۆزی رەوای گەلی کورد ونائومێد کردنی خەڵک لە حکوومەت بوونە.

و لە پەیامی دووەم ،سەرۆک بارزانی لە سۆنگەی هەست کردن بە مەسئولییەتەوە لەو بارودۆخە هەستیار و بارگاوییەدا، پەنجەی لە سەر کێشەکان داناوە و داوای چارەسەری گونجاوی لە نیشتمانپەروەران و غەمخۆرانی وڵات کرد.ئەوەی کە لە پەیامەکەدا هاتووە، ئاشتی و پێکەوە

ژیان و وەلانانەوەی دوژمنایەتی وپیلانگێری بووە، ئەوە ئەو پەیامە بوو کە بەشی هەرە زۆری هاولاتییان و حیزبە نیشتمانپەروەرەکان پێشوازییان لێکرد بەلام کۆمەلێک دەنگی ناشازیش هەبوون کە هەموو پیشەیان لەململانێ ودەستکەوتی حیزبی کۆدەبێتەوە ،وەکوو هەموو جارەک کەوتنە دژایەتی کردنی ئەو پەیامە،ئەوانە کە هەموو جار سەرکەوتنەکانی خۆیان لە ئایارنەتییەکانی خەڵکدا دەبینن هیچ کات لە خەمی ئاشتی ولات نەبوون ، چوون سەرچاوەی تێگدانی ئاشتی کۆمەلایەتین و سەرکەوتنی خۆیان تەنیا لە نەفی کردن و نیست کردنی هەموو شتە باشەکاندا دەبینن وهەموو کات خەریکی دانانی لوغمی سیاسی بوونە ، وا پێ ناچیت لە داهاتووشدا راستە رێ ببن.

هەربۆیەش لەو کاتە هەستیارەدا کە بەرەوە نەمانی یەک جارەکی داعش و کۆتایی شەری تیرۆر دەچین و هەموو جیهان و رۆژهەلاتی ناوەراستیش چاوەروانی گۆڕانکاری گرنگی لێدەکرێت و بۆ ئەوەی کە بتوانین لە داهاتوو بە سەر کێشەکان زاڵ بین و بەرەو لوتکەی سەرکەوتن برۆین، سەرۆک بارزانی بۆ یەکخستنەوەی نێو ماڵی کورد یەک ئامانجی هەیە ئەویش بەدی هێنانی مافی کورد لە چوارچێوەیەکی هەڵبژاردنەکی ئاشتیانەیە کە ئەویش بە دەنگێکی یەکگرتوو و رێکخستنەوەی نێو ماڵی کورد بەدی دێت.

٤ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

## خاڵە هاوبەشەکانی پرۆژەی یەکێتی و گۆڕان

ئەوەی کە لە رابردوو بینیمان هەر یەک لە ئەو دوو حیزبە لە کێبەرکێی ئەوەدا بوون کە بەناوی بە یەکگەیشتنەوەیان لە چوارچێوەی رێککەوتنی سیاسی و رێکخستنەوەی نێو ماڵی کورد سەردانی لایەنەکانی بەغدا یان کرد و بەو شێوەیەش رایان گەیاند کە بە هەموو شێوەیەک دژ بە ئەو پەیامەن کە سەرۆک بارزانی بۆ سەربەخۆیی رای گەیاندووە ئەو پەیائایار

هەردوو فراکسیۆنەکەی یەکێتی و گۆڕان وای لە مالیکی و داروودەستەکانی کرد، پێشوازی لە بڕیارەکانیان بکەن

دواترپرۆژە پرلە سەیر و سەمەرەکەی گۆڕان بە ناوی بیرۆکەی پارێزگاکان سەری هەڵدا ئەویش درێژە پێدەری هەمان ئامانجەکانی پێشووی مالیکی بوو ئەو جارەش لە لایەن ئەوانەوە پێشوازی لێکراچونکە جارەکی تر کوردستانیان لە پێناو موزایدەدا لە یەک جیا دەکردەوە ،ئەوجارەش لە پیلانەکی نوێدا ،فراکسیۆنی یەکێتی بە ناوی گەڕاندنەوەی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم لە سەودای تەسلیم کردنی نەوتی کەرکوکە، ئەوە لە کاتەک دایە کەئەو نەوتەی کە تەسلیمی بەغدا دەکرێت کەمتر لە دە لە سەدی ئەو موچەیە کە بۆ فەرمانبەرانی هەرێم دابین دەکرێت، لە لایەکی ترەوە ئەوانە لە بیریان چۆتەوە کە مالیکی ئەو کەسە بوو کە سوپای دیجلەی دروست کرد و بە نیازی هێرش کردن بۆ سەر کوردستان بوو و لە هەموو ئەوانە گرنگتر مالیکی هەڵگری بیرۆکەی دروستکردنی حەشدی شەعبییە،

ئەگەر بە تێروانیینەکی تر لەو با بەتە بروانیین دەبینین کە خاڵی هاوبەش لە هەردوو پرۆژەدا لە هەنگاوی یێکەم موزاییدە کردن بە نەهامەتییەکانی فەرمانبەران و لە قۆناخی دووەمدا بەرەو پەرتەوازەیی بردن و لێکترازاندنی لایەنەکوردییەکانە لە گۆرنانی خەونی سەربەخۆیی کوردستانە.

٥ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

## پەسەندکردنی یاسای حەشدی شەعبی لە بەرانبەر یاسای بودجە،

لە سەردانیکردنەکەی فراکسیۆنی یەکێتینیشتمانیی بۆ لای نوری مالیکی هەرچەندە کە ئەجندای کۆبونەوەکە دابینکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم بوو بەڵام پرۆژەیەکی شاراوە بووکە زۆر نهێنی تێیدایە کە لە هەموو کەسەک شاراوە بووە،چوون هیچکات چاوەروانییەکی باشتر لەو کەسە ناکرێت بێگومان لە پاش ئەو پرۆژەیەکدا، پیلانەکی بەدواوەیە، مالیکی ئەو کەسە بوو کە بودجەو قووتی خەڵکی کوردستانی بە پیلانەکی ناوەکی بری

هەرچەندە کە ئەو پرۆژەیە بۆ مەبەستی دروستکردنی دووبەرەکی لە ناو حیزبە کوردییەکاندا بوو بەڵام لە لایەکیش جێبەجێ کردنی ئەجندایەکی ناوخۆیی بووە و بە هەموو شێوەیەک دژی جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ـی دەستوور بۆ گەڕاندنەوەی ناوچەکوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بووە، سەرەڕای ئەوەش هێزی دیجلەی رێکخست بۆ ئەوەی هێرشی سەر ئەو ناوچانە بکات کە هێزی کوردی لێیە بە زانیینی ئەو بابەتانە دەکرێت چاوەروانی چی لەمالیکی بکرێت ، هەموو ئەوانە و پیلانە نوێیەکەی مالیکی شتی زیاترمان بۆ ئاشکرا دەکات.

ئەوەی کە زۆر بە پەلەو بە بێی دواکەوتن دەنگی لە سەردرا پرۆژە یاسای حەشدی شەعبی بوو هەرچەندە رۆژانی شەممە پشووی فەرمی دامودەزگاکانی دەوڵەتە، بەڵام نوسراوێک بە بەرواری ٢٦ / ١١ / ٢٠١٦ لە ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە گەیشتە پەرلەمان داوای کشانەوەی یاسا پێشنیارکراوەکە دەکات بە بیانووی ئەوەی لایەنی دارایی تێدایە

دوای خوێندنەوەی نوسراوەکە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاجیاکانی هاوپەیمانی نیشتمانیی شیعەکان لێی هاتنە دەنگ و لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە خرایە دەنگدان و بە زۆرینەی دەنگ ئەو نوسراوە رەتکرایەوەو لەگەڵ ئەوەی بەشێک لە سوننەکان داوای دواخستنیان دەکرد بۆ ماوەیەک، تا ئەوانیش دەنگی بۆ بدەن، بەڵام دەرفەتی دواخستن نەدراو یاسا پێشنیازکراوەکە خوێندرایەوە و دەنگی بۆ دراو پەسەند کرا.

سەرەڕای ئەوەی کە یاسای حەشدی شەعبی گەورەترین مەترسی بۆ سەر کوردستان بوو بەڵام زۆر بە ئاسانی لە پێش چاوی گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ تێپەری کرد بە بێی ئەوەی بیر لە مەترسییەکانی ئەو هێزە بکەنەوە دەنگیان پێدا و بە یاسا ئەو مافەیان پێدا بۆ ئەوەی وەکوو هەموو هێزە کانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لەسوریا و یەمەن و لوبنان لەعێراقیش

چالاکی بنوێنن و له‌ پێناوپاراستنی به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی ئێران و شیعه‌کان به‌ فه‌رمی بناسرێن.

دوا به‌دوای تێپه‌راندنی یاسای حه‌شدی شعبی و ده‌نگدانی هاوپه‌یمانه‌کانی مالیکی به‌و پرۆژه‌یاسایه‌ ئه‌وجاره‌یان ده‌بێت لایه‌نی شیعه‌ ملزم به‌ جێبه‌جێ کردنی به‌شی دووه‌می رێککه‌وتنه‌که‌یان بێت ئه‌ویش پشتگیری کردنی ئه‌و پرۆژه‌ یاسایه‌ی له‌ لایه‌ن کوتله‌ی یه‌کێتی به‌ نیابه‌تی گۆڕانه‌وه‌ پێشکه‌ش کراوه‌،هه‌رچه‌نده‌ که‌ ئه‌و رێککه‌وتنه‌ هه‌مان پرۆژه‌یاسای ساڵی ٢٠١٦ بوو و هیچ گۆڕانکارییه‌کی به‌ سه‌ردا نه‌هاتووه‌ و له‌و پرۆژه‌یه‌دا ته‌نیا مووچه‌ی که‌متر له‌ نیوه‌ی فه‌رمانبه‌ران دابینده‌کرێت ،ئه‌وه‌ی که‌ په‌یوه‌ندی به‌ هاوکاری سه‌د هه‌زار پێشمه‌رگه‌دا بوو و له‌ لایه‌ن حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستانه‌وه‌ پێشنیار کرابوته‌رک کرا بوو، ئه‌وجاره‌ش هیچ یه‌ک له‌وبرگه‌و بابه‌تانه‌ی که‌ په‌یوه‌ندییان به‌ ماف و ئیمتیازاتی هێزی پێشمه‌رگه‌ی کوردستانه‌وه‌ هه‌بوون له‌ بودجه‌دا جێگیر نه‌کران ئاخر چۆن ده‌کرێت مالیکی پشتگیری پرۆژه‌یه‌ک بکات که‌ تێیدا پێشمه‌رگه‌به‌هێز بکرێت ئه‌و پێشمه‌رگه‌ی که‌ هه‌موو جار به‌ میلیشیا ناویان ده‌برد.هه‌ر بۆیه‌ش فراکسیۆنی پارتی دیموکرات ب هۆی دابین نه‌کردنی ماف و ئیمتیازاتی پێشمه‌رگه‌ که‌ زیاتر له‌ ١٦٠٠شه‌هید و زیاتر له‌ ٧٠٠٠ بریندراری شه‌ری داعش یان هه‌یه‌ و ده‌بێت له‌ چوارچێوه‌ی هێزی ووشکانی عێراقی شایسته‌ داراییه‌کانی پێ بدرێت ،هۆلی پارلمانی عێراق یان جێهێشت سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی هه‌موو لایه‌نه‌کان به‌ مه‌رجی دابینکردنی شایسته‌داراییه‌کانی ١٠٠٠٠٠ پێشمه‌رگه‌ رێککه‌وته‌ بوون به‌ڵام به‌ڵێنه‌کانیان به‌ جێ نه‌هێنا.

٥ کانونی یه‌که‌می ٢٠١٦

## حه‌شدی شه‌عبی و هاوکێشه‌ سیاسییه‌کانی شیعه‌ له‌ عێراق و جیهاندا

دروست بوونی سوپایه‌کی رێک نه‌خراو ئه‌و بیرۆکه‌یه‌ بوو که‌ له‌ لایه‌ن مسته‌فا چه‌مران، که‌ ده‌رچوی زانکۆی بێرکلی بووه‌ له‌ ئه‌مریکا بووه‌ له‌

سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە دروست بوو هەر بۆیەش سوپای پاسدارانی ئێرانی دامەزراند، ئەو سوپایە لە سەرەتای دروست بوونییەوە هێرەشەکی بەربڵاوی بۆ سەر رۆژ هەڵاتی ئێران دەست پێکرد کە ئەو کاتیش بە فتوای راستەوخۆی رێبەری شۆڕشی ئێران کە بە هێرشی سێ مانگە ناسرا بوو زەرەر و زیانەکی زۆر بەرشارە کوردییەکان کەوت تەنانەت لە هەندەک شوێن کوشتاری خەڵکی سڤیلی لێ کەوتەوە. دواتر مستەفا چەمران بۆ درێژەدان بە شەری ئیسرائیل بۆ مەبەستی یارمەتی گەیاندن بە فەلەستینییەکان بە هەمان شێوە و ئایدۆلۆژیا حیزب للەی لوبنانیان دروست کرد کە لە کاتی ئێستادا حیزب اللەی لوبنان سوپایەکە لە ناو سوپای لوبنان و راستەوخۆ لە لایەن ئێرانەوە سەرپەرەستی دەکرێت. دوابەدوای هێرشی داعش بۆ سەر ناوچە سونییەکان کە ئەویش لە راستای درێژە پێدانی حکوومەتی مالیکی لەگەڵ سوننەکان و درێژە پێدان بە سیاسەتی مەزهەب گەرایی و سرینەوەی لایەنی سوننی لە گۆرەپانی سیاسی عێراقدا دروست بوون و مەترسی بۆ سەر زۆربەی هەرە زۆری ناوچە شیعەکانیش دروست بوو لەو کاتەدا، مەرجەعی باڵای شیعە ئایەتوڵڵا سیستانی لە ٢٠١٤/٦/١٣ فەتوایەکی بۆ جیهادی کەفائی دەرکرد، دوو جۆر جیهاد هەن کەفائی و عەینی،" کەفائی" واتا بۆ بەشێک لە موسڵمانان و بەپێی پێویست و ئەوەی پێی دەکرێت، "عەینی" ئەوە ئەرکە بۆ هەموو تاکێک کە گەیشتبێتە تەمەنی شەرعی و پێویستە بەشداری بکات و هیچ کەسێک نابەخشرێت و مانەوەی لە ماڵ حەرام دەکرێت، فەتواکەی سیستانی کەفائی بوو نەک عەینی، سەرۆک وەزیرانی ئەو کات نوری مالکی لە ٢٠١٤/٦/١٨ دوو فەرمانی دیوانی بەژمارەکانی (٤٧) و(٤٨) بە دامەزراندنی حەشدی شەعبی و ئیدارەدانی و مەشق پێکردن و تەجهیزکردن و دابەشکردن و مووچە و ئیستحقاقات (شایستەییان) دەرکرد و بەو فەتوایەی مەرجەع و فەرمانەکانی سەرۆک وەزیران سوپایەکی عەقائدی بەناوی (حەشدی شەعبی) دامەزرا، بەگوێرەی زانیارییەکان، ئێستە ژمارەی چەکدارانی

میلیشیا جیاجیاکانی نێو حەشدی شەعبی بە ١٤٠ هەزار کەس دەخەمڵێنرێت، هەر چەکدارێکیش مانگانە بڕە پارەیەکی باشی پێ دەدرێ کە خۆی لە ٩٠٠ هەزار دینـــار دەبینێـــتەوە، هاوکـــات ئەو میلیشـــیایانە ڕاســـتەوخۆ لەژێـــر فەرماندەیی قاسم سولەیمانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران جموجۆڵ دەکەن و ئەوان گوێ بە هیچ بنەما و یاسایەکی عێراق و دەرەوەی عێراق نادەن و خەریکی کوشتوبڕی و دزی و تالانن. هادی عامری وەزیری پێشووی گواستنەوەی عێراق و ئەفسەری پێشووی سوپای ئێران لە شـەڕی ئێران و عێراق لە مـاوەی ١٩٨٠ تـا ١٩٨٨ سەرپەرشـتییان دەکـات، هاوکـات ئەبو مەهدی موهەندیس جێگریەتی و پێشتر لە ڕیزی سوپای ئێران خزمەتی کـردووە و بە تیرۆرکردنـی دەیـان کەس تاوانبـارە، هاوکـات ئەو گـرووپە شـیعانە بە ئەنجامـدانی کۆمەڵکـوژی جـادرییەی بەغـدا تۆمەتبـارن کە دوای ڕووخانی رژێمی بەعس دژ بە سونەکان ئەنجامیان دا .

ئەرکەکـانی حەشـدی شــەعبی لە عێـراق ئەرکەکانیـان بە دوو جـۆر دەبـن، ناوەکی و دەرەکی. لە ئەرکی ناوەکی لە نـاوەوەی وڵات هەرکات کە هێـزەک ببیەوێـت بە هەر شـێوەیەک گەف لە نیزامـی نـاوخۆیی شـیعە(وەکوو ئەوەی داعش کردی) بکـات، ڕوبەرووی دەبێتەوە لە هەمـان کاتیشـدا بۆ مەبەسـتی یەکلاکـردنەوەی هاوکێشــە سیاسـییەکانی وڵات بەکـار دەهێنرێـت. ئەرکـی دووەم یـان دەرەکـی دەبێت، ئەویـش بـۆ بەرەنگـار بـوونەوەی هەمـوو ئەو هێزانەی کە مەترسی بۆ شیعە و نیزامەکانی شیعە لە هەر شـوێنەکی جیهـان دابێت وەکوو ئەوەی ئێستا کۆماری ئیسلامی لە یەمەن و سـووریا و لوبنـان دەیکـات بە شـێوەیەکی گشـتی ئەرک و مەهـامی حەشـدی شـەعبی و حیزب الـلەی لوبنــان و ســوپای پاســداران تەواو کەری یەکتــرن و لە ســەر یەک ئایدئۆلۆژیا بەڕێوە دەچن.

٦ کانونی یه‌که‌می ٢٠١٦

## پێویسته‌ کوردانی ئێزدی، پشتگیری له‌ هه‌وڵه‌کانی سه‌رۆک بارزانی بکه‌ن

ئه‌وه‌ی په‌که‌که‌ و هاوپێچه‌کانی له‌ باشووری کوردستان ئه‌نجامی ده‌ده‌ن، ده‌رهاویشته‌ی ئه‌و نه‌خشه‌ ڕێگایه‌یه‌ که‌ سه‌رۆکی بارزانی هه‌وڵی بۆ ده‌دات، ئه‌ویش ڕێکخستنه‌وه‌ی هه‌ڵوێستی کورد له‌چوارچێوه‌ی یه‌ک داواکارییه‌، ئه‌ویش سه‌ربه‌خۆیی کوردستانه‌، ئه‌وه‌ ئه‌و بابه‌ته‌ گرنگ و هه‌ستیاره‌یه‌ که‌ دوژمنانی کورد هیچکات به‌دڵ یان نه‌بووه‌ به‌ پێچه‌وانه‌شه‌وه‌ هه‌موو کات به‌ره‌نگاری بونه‌ته‌وه‌، و به‌ درێژایی سه‌ده‌ی رابردوو به‌ هه‌موو شێوه‌یه‌ک به‌ دارِێشتنی پیلانی جۆراوجۆر و و دروستکردنی دووبه‌ره‌کی هه‌وڵی له‌ باربردنی بده‌ن، پشتگیری وڵاتانی ئیقلیمی و حکوومه‌تی ناوه‌ندی له‌ په‌که‌که‌ له‌ شنگاڵ له‌ درێژه‌ی ئه‌و پیلانانه‌یه‌.

ئه‌وه‌ی په‌که‌که‌ له‌ شنگال ده‌یکات، له‌ خزمه‌ت داگیرکه‌راندایه‌، بۆ ئه‌مه‌ش پێویسته‌ کوردانی ئێزدی یه‌کهه‌ڵوێست بن و پشتگیری له‌ هه‌وڵه‌کانی سه‌رۆک بارزانی بکه‌ن، چونکه‌ داهاتوویان به‌ هه‌رێمی کوردستانه‌وه‌ گرێ دراوه‌، نه‌ک په‌که‌که‌، به‌غدا ده‌یه‌وێت به‌ پشتگیریی وڵاتانی ئیقلیمی و په‌که‌که‌، شنگال بکاته‌ ناوه‌ندێک بۆ ئه‌وه‌ی دژی هه‌رێمی کوردستان به‌کاری بهێنێت، مه‌ترسیی ئه‌وه‌ش هه‌یه‌ کاتێک کوردستانیان ده‌نگیان به‌ سه‌ربه‌خۆیی دا، وڵاتانی ئیقلیمی کێشه‌ بۆ ده‌وڵه‌تی کوردی دروست بکه‌ن، ئه‌وه‌ نه‌خشه‌که‌یه‌، بۆیه‌ له‌ ئێستاوه‌ په‌که‌که‌ ده‌یه‌وێ له‌ دوای ڕزگارکردنه‌وه‌ی مووسڵ، پێگه‌یان هه‌بێت وه‌کو ئه‌وه‌ی ئێستا له‌ شنگال ماونه‌ته‌وه‌. په‌که‌که‌ له‌ شنگال، به‌ فیتی، عێراق و وڵاتانی ئیقلیمی هه‌ڵسوکه‌وت ده‌کات و نایانه‌وێت ده‌سه‌ڵاتی کوردی له‌ شنگال جێگیر بکرێت، بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ش، په‌که‌که‌ و یه‌په‌شه‌، به‌کار دێنێن، ده‌یانه‌وێت شنگال له‌ کوردستان جیا بکه‌نه‌وه‌، به‌و کاره‌ش په‌که‌که‌ راسته‌وخۆ خزمه‌تی داگیرکه‌ران ده‌کات، بۆیه‌ پێویسته‌ کوردانی ئێزدی یه‌کهه‌ڵوێست بن و پشتگیری له‌ هه‌وڵه‌کانی سه‌رۆک بارزانی بکه‌ن، چونکه‌

داهـــاتووی ئەوان بە هەرێمـــی کوردســـتانەوە گــرێ دراوە، نەک پەکەکە و ئەجیندای ئیقلیمی .

هەروەهـا دژایەتـی ئەو حیـزب و بـزوتنەوانەی کە نـوێنەرانی راسـتەقینەی کوردانی رۆژئـاوان و گـرتن و ئەشکەنجەدانی سیاسـەتوان و کـادیرانی ئەو حیزبـانەی کە وەکـوو پەکەکە بیـر نـاکەنەوە، بـێ رێـزی و سـوتاندنی ئـاڵای کوردســـتان، ئەو تـــاوانە مەزنەیە کە دەرئەنجـــامەکەی بـــۆ پەکەکە و هاوپێچەکانی زۆر قورس دەبێت.

٧ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

## میدیای گەوجێندراو و گەوجێنەر

میدیا کان بە هەموو جۆرەکانیـان ئەمرۆکە بونەتە زمانحـاڵی دام ودەزگـاو حیزب وکەسان تەنانەت خەڵکانەیش بۆ مەبەسـتی گەیـاندنی نارەزایەتییەکـان سوودی لێ دەبینن، ئەوەش ئەرکەکی پیـرۆزە و ئەگەر لە رووی ئەرێنییەوە سـوودی لێـوە ببـنن ،هەر بـۆیەش گرنگـی میـدیا وایکـردووە کە سـیفەتی دەسەڵاتی چوارەمی پێ ببەخشرێت بەڵام ئەگەر هاتوو لە میدیا بەشێوەیەکی نەرێنی سوودی لێ وەربگریت و هەموو بەهـا ئەخلاقی و مرۆڤـی لەژێر پێ بنێیت، لەوکاتەدا میدیا دەکەوێتە ژێرپرسیارەوە.

هەندەک میدیای بە ناو سـەر بەخـۆ،لە ژێر کـاریگەری لایەنەکـی سیاسـی و بۆ جێبەجێ کردنی ئەجندای بیـانی بـۆ مەبەسـتی چەواشـەکاری و شـێواندنی راسـتییەکان و شـکاندنی شـکۆ و سـەروەرییەکان ،بەشـێوەیەکی نەرێنـی بە کاری دەبەن.

ئێسـتا کە کوردسـتان بە بـارودۆخەکی زۆر هەسـتیاردا تێـپەر دەکـات، کەسـانەک هەن کە بە سـوود وەرگـرتن لەو کەشـو هەوایە گونجـاوەی کە لە میـدیای کوردیـدا رەخسـاوە بە نـاوی میـدیای سـەربەخۆ ،هەوڵـی نـانەوەی پشـێوی و ئـاڵۆز کردنـی بـارودۆخەکە دەدەن و بە بەخشـینەوەی تـۆمەت و تەشـهیر و درۆهەڵبەسـتن هەوڵـی گەوجانـدنی خەڵـک دەدەن هەرچەنـدە کە سـەرچاوەی ئەو میـدیا گەوجێنـراوانە ئاشـکرایە وهەرلەو کەش و هەوایە

ئـاڵۆز و فەوزایەدا دروسـتبوون کە هەوڵـی خۆسـەپاندن بە شـکاندنی لایەنـی بەرانبەریـان دەدەن و هەرشـتێکی غەیـری خۆیـان بە نەبـوون دادەنـێن و هەوڵی سرینەوەی راستییەکان دەدەن.
ئەومیدیا ناسـەربەخۆیانە خۆیـان گەوجێندراون و بە نـاوی "سـەرچاوەیەک کە نەیەویسـت ئاشـکرا بکرێت"یـان"بە پێـی سـەرچاوەیەک" هەوڵـی تێـک هەڵکێشـکردنی کێشـەکانی خۆیـان و شـاردنەوەی شکسـتەکانیان لەگۆرەپـانی سیاسی کوردستان دەدەن .هەرچەندە تەنیا ئەو کەناڵە نییە کە بە بۆنەو بێ بۆنە هێرش بۆ سەر پارتی و بارزانی دەکات و میدیاکانی جـاش قەڵەم و لە خزمەتـی وڵاتـانی ئیقلیمـیش هەن کە هیچکـات بـۆ دژایەتـی کردنـی پـارتی و بـارزانی نەوەسـتاون ، ئەوەش تەنیـا بـۆ بـڵاو کـردنەوەی دووبەرەکـی و دووفاقی و نانەوەی پشێوی لە ناو خەڵکداهیچ مەبەستەکی تریان نییە.
مـاڵپەری شـار پـرێس کە "کەمـاڵ رەئـۆف" سەرنوسـەری ئەو مـاڵپەرەیە، ئامـاژە بە هەواڵـی رۆژنائایـار بەڵژیکـی " برۆزێڵـز –بروکسـێلس "دەکـات کەگوایە سـامانی بـارزانی ٦٠٠ ملیـار دۆلارە وئەو هەواڵەش بە بێی ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی سەڵمێنەری مەڵموس یان هەبێت بڵاو کراوەتەوە . "
دوای ئەوە کەمال رەئوف لەترسی پەڵکێشکردنی بۆ دادگا دانی بەوەنا کە درویەو ناچـار بـوو داوای لێبـوردن بکـات .هەروەهـا کەمـال رەئـوف ددان بەوەدا دەنـێ کەهەوالەکەی لەئاژانسـی سـەدیمی سـەربەمالکی وەرگێـراوەتە سـەر کوردی ،ئەمەش سـەلمێنەری ئەوەیە کە کەمال رەئوف بەراسپاردەی کونسولخانەی ئیران لەسلێمانی هەوالەکەی بلاوکردوتەوە.

٨ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

**ئەگەر دەنگت لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کورد پێدابێت**

ئەوەی چـاوپێکەوتنی پەرلەمانتـاری بـزوتنەوەی گـۆڕانی لە کەنـاڵەکی عەرەبی،بینیـی بێـت ،شـەرم دایـدەگریت ،بە تـایبەتی ئەگەر دەنگـی لە پێنـاو پاراسـتنی بەرژەوەنـدییەکانی کـورد پێـدابێت بـۆ ئەوەی لە پێنـاو نیشـتمان

بەرگری لە مافەکانی لە پەرلەمانی عێراقی بکات، ئەو رەستە قێزەوەنانەی کە لەو پرۆگرامەدا پێشکەشی کرد تەنانەت ئەو میوانەی کە لە چاوپێکەوتنەکەدا بوو، سەرەڕای ئەوەی کە عەرەب بوو لە هەمبەر ئەو رەستە قێزەون و بەدرەوشتییەی ئەو پەرلەمانتاری گۆڕان کەمی هێنابوو،

ئەو ئافرەتە، ئەگەر تۆزقالەک لە شەرەف و کەرامەتی ئەو ژنە شەهیدانەی هەبوایە دەیتوانی لە بری سوکایەتی بە ژنانی شەهید بە شێوەیەکی ئەرێنی پارێزگاری لە مافەکانی گەلەکەی بکات ومێژوویەکی زێرین بۆ خۆی تۆمار بکات ،نەوەک بکەویتە سەنگەر لە دژی کورد، ئەوناشەریفە لە هەر شوێنەک کە بینی بێت عەرەبەکی شۆڤێنی سەنگەری لە کورد گرتووە یەکسەر دەبێتە هاوکارییان و وەک سەگ بە کورد وەڕیوە.

هاوسەری ئەو ژنە شەهیدەی کە ئەو ناشەریفە بە بەد رەوشت ناوی بردووە، بۆ پاراستنی شەرەف و کەرامەتی نەوشیروان و هەموو ئەو کەسانەی کە دەست پەروەردەی ئەوانەن گیانی خۆی فیدا کردووە.شەهید وشەرەف و کەرامەتی شەهید هێلی سوورە هەر بۆیەش هەموو کەس و لایەنەن نیشتمان پەروەرەکان دەبێت لە هەمبەر ئەو سوکایەتییە هەلوێستوەربگرن.

دەڵێ:" قیادەی سیاسی کورد گوندی عەرەبی تێک داوە و خەڵکی تەهجیر کردوە، دەبێ حکوومەتی ئیتحادی محاسبەی حکوومەتی هەرێم بکات" سەیرم دێت ئەوە نوێنەری کوردە یان نوێنەری حکوومەتی ناوەندی بەلأم بەدڵنیاییەوە ئەوانە نوێنەرانی عەرەبەکانی شۆڤێنی بۆ شکاندنی شکۆی کوردستانن.

دەڵێ: "نابێ حکوومەتی ئیتحادی پارەی پێشمەرگە بۆ حکوومەتی هەرێم بنێرێت ، دەبێ پێشمەرگە بچێت لە بەغدا وەری بگرێت، ئەگینا لە کوردستان دەدزرێت":راستە ئەوان سەردەمایەکە کە بەهرەی جاشایەتی خۆیان لە بەغدا وەردەگرن و سەردەمایەکە شەرەفی خۆیان بە دەست عەرەبی شۆڤێنی و دژی کورد داوە ومێژووەکانی جاشایەتی خۆیان چەند بارە کردۆتەوە،

تەنانەت خۆیان ئەوندە هەرزان فرۆش کردووە کە کرياریيان نییە ئەوەش دەرهاویشتەی ئەو خۆفرۆشییەیە کە ئەو ناشەریفە دەی درکێنیت.

١٠ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

## تازەبەتازە ئالا فەتلاوی دەڵێت فیڵیان لێ کردین

کاتەک کە یاسای حەشدی شەعبی بە هاوپەیمانەتی لە گەڵ نوری مالیکی دەرچوو دارێژەرانی ئەم بیرۆکەیە سواری ئەسپی غرور ببوون و بە شان و باڵی ئەو هاوپەیمانەتییەدا هەڵیاندەگووت وهەرایەکیان لە راگەیاندن نایەوە هەر باس مەکە شوان داوودی یەکێکی تر لەو فراکسیۆنە زۆر سەر بەست بوو بەوەی کە توانییەتی حەشدی شەعبی لە چوارچیوەیەکی یاسایی کۆبکاتەوە لە بیری چوو کە شەرعییەتی داوە بە سوپایەک کە هاوشێوە حیزب اللەی لوبنان و حوسییەکانی یەمەن و سوپای پاسدارانی ئێرانە کە هەر هەموویان یەک سەرچاوەیان هەیە ئەویش کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

چۆن ئاوا بە سادەییدەبێتبلێن فیڵمان لێکرا ئایا ئەوانەی کە دەنگیان بە ئێوەداوە لێتان قەبووڵ دەکەن؟ئایا خێزانی پێشمەرگە لێتان قەبووڵ دەکات کە لە لایەک پێیان بڵێن جەستەفرۆشو لە لایەکی تر لە پیلان لە گەڵ دوژمنەکانتان بن؟ئاخۆ ئەگەر فێڵتان لێکرا و نەتانتوانی بۆ پێشمەرگە هیچ بکەن خیر بوو کە موزایدەتان بە سەر خەڵکی کوردستان دا دەکرد کە توانیوتانە مافەکانی پێشمەرگەو کورد لە بەغدامسۆگەر بکەن؟تکایە ئەو مافانە چیین کە باسیان لێوە دەکەن لە غەیری ئەوەی کە خۆتان دانتان پێناوە؟

هەروەک پێشینیان ووتوویانە:" دەڵێ: جارێک فێڵت لێ کردم ، بە نەفرەت بی. دوو جار فێڵت لێ کردم ، بە نەفرەت بی . بەڵام ئەگەر سێهەم جار توانیت فێڵم لێ بکەی، بۆ خۆم و باب و باپیرانم بە نەفرەت بین ."

بەس بە خوای ئێوەش ئەگەر بۆ خۆتان فێڵ لە خۆتان نەکەن کەس ناتوانێ فێڵتان لێ بکات . دان بە "گارانی شەعبی" دا دەنێی و دەنگی پێ دەدەی، لە

دژی نەمانی هۆشیار زێباری دەنگ دەدەی، لە سلێمانی پێشوازی لە عبادی و حەنان قەحباوی دەکەی، لە هەمووی ئەوانەش خراپتر عەقلت لە "تاران" ـە و نـاتوانی لە سـلێمانی بیـر لە کێشــەکانت بـکەیەوە و دەتــهەوێ دەوڵەتــی عەجەم کێشەکانی نێوانتان بۆ چارەسەر بکات.

١٠ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

## نەوشیروان زادەکان

دەڵێـت :"پێویسـتە هەمـوو یەک بگـرن دژی حکـوومەتی هەرێـم ، هەرێمـی کوردسـتان هەڵبوەشـێنبەوە" دەڵێـت :"پێویسـتە سـوننە و شـیعە یەکبگـرن و هێرش بکەنە سەر کەرکوک و لەدەستی کورد دەریبهێنن" دەڵێت :"پێشمەرگە میلیشیایە و حەشدی شـەعبی هێزێکی یاساییە" دەڵێت :"خێزانی پێشمەرگە شەهیدەکان کاری لەشفرۆشی دەکەن"

ئەوانە وتەی ئەو ئەنـدام پەرلـمـانەی گـۆڕان بـوون کە بـۆ بەرگریکـردن لە مافی کورد لە بەغدایە،ئەگەر هاتوو ئەو قسـانە هـی عەرەبەکـی شـۆڤێنی بـان جێگەی سەرسـورمان نەبووچوون چاوەڕوانی باشـتر لەوەیـان لـێ ناکرێت، ئەوەی کە لە لایەن ئەو ناشــریفەوە ئەنجامـدرا دڵـی هەمـوو بنەمـاڵەیەکی شـەهیدی ئەو نیشـتمانەی ئێشـاند ،هەرچەنـدە ئەوە دووبـارە کـردنەوەی ئەو کلتـورە ناشـرینەی سـوتاندن و تۆقانـدن وئەو تیـرۆرەیە کە نەوشـیروان خاوەنەکەیەتی وبەو شێوەیە دڵی دوژمنانی کوردی پێ ڕازی دەکات یەکەم بەرنـامەو دوایـین بەرنامەشـی نابێت،هەروەهـا ئەوەش ئەو خـوویەیە کە بە درێژای مێژوو پێیانەوە گرتووە و تەرککردنی ئەستەمە.ئەوان درێژەدان بە بیرۆکەی بوغز و ئەو قین یان لەدڵییەیە کە بە هەموو شێوەیەک لە سەودای ناشـــرین کردنــــی پیرۆزییەکـــانن،ئەوە ئەو مەکـــتەبە پۆپۆلیســـتییەیە کە نەوشـیروان و نەوشـیروان زادەکـانی لە پرۆسـەی سیاسـی کوردسـتان دورخستەوە.

ئەگەر تۆزقـاڵەک ئەخـلاق و مرۆڤـایەتی لە لایەن ئەو تـاقمەوە بـوایە تەنیـا بیریـان لەوە دەکـردەوە کە ئەو پێشـمەرگانەی کە ئەوانە بە سـووکی باسـی

لێــوە دەکەن ئەو کەســانەن کە شــەرەف و کەرامەتــی نەوشــیروان و هاوبیرەکانیان پاراستووە، ئەگەر بە هۆی ئەوانیشەوە نەبوایە،هیچکات ئەو عەرەبە شۆڤێنانەی کە بانگهێشتیان کردوون بۆ ئەوەی دژی کورد سەنگەر بگرن تۆزقاڵەک حسابیان بۆ نەدەکردن.

هەر چەندە کە قەڵەم بە دەستانی گردەکەش بە فیتی ئاغاکانیان کەوتونەتە سەنگەری بەرگری لەو بێرێزییەی ئەو ناشەریفە بەڵام لە کۆتاییدا بیری ئەو قسەی سەرۆک بارزانی دەهێنمەوە کە لە باشیک گۆتی:"چۆن پێشمەرگە لۆغمەکانی داعش کۆدەکاتەوە ،ئێمەش هەر وەکوو ئەوان هەموو لوغمە سیاسییەکان کۆ دەکەینەوە."

١٣ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

## داشۆراو لە ئەخلاق

سەرۆک بارزانی لە پەیامەکی گشتگیر کە ئاراستەی گشت لایەنە سیاسییەکانی کرد بە روونی هەموو ئەو دەنگۆیانەی کە لە دەزگا راگەیاندنەکانیان دەهاتە دەرەوە بێدەنگ کرد،ئەو پەیامە بە شێوەیەک ئاراستەی هەموو لایەنەکان کرا کە زەمینەیەکی لە باری بۆ مەبەستی دەرهێنانی کوردستان لەو کەشە سیاسییە چەقبەستووەی کە هەیە هێنایە دەرەوە و لە لایەن هەموو حیزبە سیاسەکان بەدەر لە گۆڕان پێشوازی لێکرا بەڵام ئەوەش زۆری نەخایاند و دووبارەپەڵە هەوری تاریکی ئاسمانی کوردستانی بە پیلانەکی تریدا تەنییەوە بزوتنەوەی گۆڕان کە نەیتوانی تەنانەت چەند رۆژەک بەرگە ئەو ئاسایش و ئارامییەی کە باڵی بە سەر کوردستاندا کێشابوو بگریت لە بەر ئەوەی کە ئەو بزوتنەوە سیاسییە تەنیا لە ناو فەوزا نائارامیدا هەست بە گەشە کردنی خۆی دەکات و لە هەمان ژینگەشدا دروست بووە و خاوەنی مەکتەبەک بە هەمان بیرو بۆچوونی فەوزەوییە.

ئەو گرووپە بێ باکانە وهۆڤانە پەلاماری بنەماڵە خۆشەویستەکانی شەهیدان دەدەن ئەو شەهیدانەی کە لە پێناو پاراستنی شەرەف و کەرامەتی کورد و کوردستان گیانیان بەخت کرد،ئەوە ئەو وولائیار بزوتنەوەی پۆپۆلیزمی گۆڕان بوو کە بۆ دەرباز بوون لەو نائارامییە کە بە هۆی پەیامەکەی سەرۆک بارزانی تووشی ببوو کەشەکی وەهای خوڵقاند و جارەکی تر کەشی سیاسی کوردستانی بەرەو ئاقارەکی تردا برد ئەوەش بوو هۆکارەک بۆ ئەوەی لە سیاسەتە چەوتەکانیان بۆ بە میلیشیا ناساندنی پێشمەرگەو پەلاماردانی بنەماڵەی شەهیدان و هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی سلێمانی وەکوو هەرێمی جیا لە کوردستان و بچووککردنەوە کوردستان و لینک کردنی بە ولاتانی ئیقلیمی و جار لێدانی ئەوەی کە کوردستان لەو پەری گەندەلی دایەو عێراقیش شامی شەریفە راستەوخۆ ئاویان لە ئاشی دوژمنانی کوردستان کرد.

ئەوجارەشیان نوسەرە دەربارییەکان و قەڵەم بەدەستەکانی ئاراستەکراو لە لایەن ولاتانی ئیقلیمی کەوتنە کار و پاساویان بۆ ئەوو وتەقێزەوەنانەی ئەو چالاکڤان و هەڵسوراوانەی بزوتنەوەکەیان هێنایەوە وەکوو ئەوەی کە پرۆگرام کرابوون.

بەلام ئەو جارەیان خەڵکی کوردستان لە هەمبەر ئەو بێرێزییەی کە بە شەرەف و کەرامەت و پیرۆزییەکانیان کرابوو هاتنە دەنگ و دژی ئەو نەهجە ناپیرۆزەی گۆڕان هاواری نارەزایەتیان بڵند کرد و بەیەک دروشم ئەو بزوتنەوە فەوزەوییەیان ریسوا کرد.

١٥ کانونی یەکەمی ٢٠١٧

## ئێستا کاتی راگەیاندنی دەوڵەتە

هەر چەندە کە لە کاتی ئێستادا هەموو ناوەندە سیاسی و میدیاکانی زلهێزی هەواڵنێری باس لە ئاماژەیەکی روون دەکەن ئەویش ئەو گۆڕانکارییانەن کە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا روو دەدەن و لە گەڵ ئەوەشدا باس لە دروستبوونی دەوڵەتەکی کوردی بە ناوی کوردستان دەدەن

،هەرچەندە لە چەند ڕۆژەی رابردوو لە پەسەند کردنی یاسای موازنە بینرا کە دەوڵەتی ناوەندی بە پیر داواکانی کورد نەهات تەنانەت لە زۆر بوار دا قەید و بەندی بۆ دروست کرد بۆ ئەوەی زیاتر لە جاران دۆخەکە بەرەوە ئاڵۆزی ببات.

ئەوەی کە لە ئێستادا بۆ کورد زۆر گرنگە ئەو دەرفەتەیە کە بۆی رەخساوە ، ئەویش کۆنترۆڵکردنەوەی بەشی هەرە زۆری ئەو ناوچانەیە کە پێشتر لە دەرەوەی دەستەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەویش ناوچەکوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بوو و بە خوێنی پێشمەرگە کۆنترۆڵکراوە،پێدەچێت لە داهاتوویەکی نزیکدا لە هەمبەر جێبەجێ کردنی پرۆژە یاسای بودجە و چۆنییەتی رێککەوتنی لە بارەی بودجە هەرێمی کوردستان دانوستاندنەکانی لە گەڵ بەغدا دەست پێبکات هەر چەندە کە لە کاتی ئێستا بە هۆی دروستکردنی هاوپەیمانییەتەکی چەند لایەنەک لە کوردانی مالیکی و دەوڵەتی یاسا کێشەکان ئاڵۆزتر بن چوون مالیکی بە هەموو شێوەیەک بەربەست بۆ کورد و حکوومەت دروست دەکات و لە لایەکی ترەوە، بە دروست کردنی ئاستەنگ لە بەردەم پرۆسەی سیاسی عێراق، کێشەکان قوڵتر بوونە

ئەگەر بێتو حکوومەتی ناوەند مڵ بۆ داواکارییەکانی کورد کەچ نەکات ئەو کات ئەگەری تر لە بەردەم کورد دایە ئەویش جیابونەوەیەکی ئیختیارییە کە لە ڕێگەی ریفراندۆمەوە ئەو دەرفەتە بە هاوڵاتییانی کورد دەدرێت بۆ ئەوەی دەنگ لە سەر سەربەخۆیی کوردستان بدەن هەرچەندە کە ئاماژەکان بەرەو ئەو ئاقارە دەرۆن کە کورد جیابونەوەیەکی ئاشتیانەی بە دوور لە هەموو گرژییەک لە بیرۆکە دابێت بۆ ئەوەی بتوانرێت لە گەڵ دەوڵەتی ناوەند وەکوو دوو دراوسێ هەڵس وکەوت بکرێت. هەر چەندە کە ئاماژەکان بۆ وەرگرتنی هەڵوێستەکی لەو جۆرە لە هەموو کاتەک گونج ئابی رە چوون لە ئێستادا رێوشوێنەجیهانییەکان وهاوپەیمانییەتی کورد لە شەری تیرۆردا ئەو زەمینەیەی خۆشتر و لە بارتر کردووە و ئەو پەیوەندییە

سەرکەوتوانەی کە کورد هەیبووە ئێستا زیاتر لە هەموو جارەک دۆستایەتی هەیە و ئەو دەنگە نەشازانەی کە پێشتر لە هەمبەر دەوڵەتی کوردی هەبوون ،کەمتر دەبیسترێن و دوایین هەوڵە دیپلۆماسییەکانی سەرۆکی هەرێم بۆ توکیا و هەندەک لەوڵاتانی عەرەبی و لای پاپ ژان پۆلی دووەم پاپای فاتیکان و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو پێشوازی لە سەرۆکی هەرێم بە ئاڵای کوردستان وەکوو عورفەکی دیپلۆماسی نێو دەوڵەتی ئەو  ئایار یئایار زیاتر دەر خستووە.

بەلچام لە ئەگەری هەر بڕیاردانەک کورد دەبێت خۆی بۆ هەموو جۆرە ئەگەرەک لە رووی دروستبوونی ئاستەنگی سیاسی و دیپلۆماسی تەنانەت ئابوری کە بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان زۆر گرنگە ئامادە بکات.

١٧ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

## بۆکاناڵە شۆڤێنییەکەی بێ لایەنی شیعەلایەن

ئەو جانەوەرە کە ناوی ئەبو عیزرائیلە لە دوو رۆژی رابردوو میوانی راستەوخۆی کەناڵەکەتان بوو کە گووتی:" کوردستان دوژمنە و دەبێ لە هەموو ئەو ناوچانەی کە لە داعش پاکیانکردۆتەوە بکشێنەوە"

هۆکاری ئەوەی کە میوانتان بوو لە بەر ئەوە بووە کە ئەوان باسی حیزبەکانی سنووری سلێمانی ناکەن هەروەک چۆن هەموو کات مالیکی  لە کاتی هەرەشە کردن لە کوردستان ئەکرادی خۆی جیا دەکاتەوە تەنانەت ووشەی کورد بوونیش لە لای شیعەکان پەیوەستە بە سەرۆک بارزانی و پارتی و بوونی پێشمەرگەو پەیوەست بە بارزانییە هەر بۆیەش هەر پارتی و بارزانی بە ئامانج دەکرێت و حسابی کورد بوون بۆ هاوپەیمانە ناکەنەوە.

ئایا بینینی سەرو سیمای دوژمنەکی کوردستان لای ئێوە ئەوندەگرنگە کە بە حەماسەوە بانگهێشتی کەناڵە بێ لایەنی شیعەلایەنتان کردووە ،خۆ دۆزینەوەی دوژمنانی کورد و کوردستان زۆر ئەستەم نییە بۆ وا دوور دەرۆن ئەوە نییە هەر رۆژەو لە کەناڵەکی شیعی خۆیان  هەرزان فرۆش دەکەن،هەر ئەوان بانگهێشت بکەن چوون ئەوان نوێنەر و جێیەجێکاری

پیلانەکانی هاوپەیمانەکانیانن،ئەوە نییە کە یاسای حەشدی شیعی یان بۆ پەسەند کردن ، ئەوە نییە کە بە دوای پەسەند کردنی یاسای فیدراڵی پارێزگاکان بوون،ئەوە نییە کە وەزیرەکی کوردیان بۆ لادان ،ئەوە نییە کە رۆژەک لە سلێمانی رۆژەکی تر لە تارانو رۆژەکەی تر لە بەغداو نەجەف یەکتر دەبینن

١٩ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

## دۆخی دوای ڕزگارکردنی مووسل

بۆ مەبەستی چۆنییەتی مامەڵە کردن لەدوای داعش سەرەتا دەبێت هۆکاری دروست بوون و پاڵنەرەکانی توندرەوی سیاسی و ئایینی لە بەرچاو بگرین و شیکرنەوەیەکی بنەرەتی بۆ ئەو بابەتە هەبێت و پاش دەستنیشان کردنی خاڵەکان، هەنگاو بەرەو چارەسەر کردنیان بنێین.

سەرەکیترین هۆکار بۆ ئەوەی کە عێراق بەرەو ئەوئەقارە ببات، دەست تێوەردانی وڵاتانی ئیقلیمی لە کاروباری عێراق بووە، بە تایبەتی ئێران لە رێگەی درێژەدان بەو دروشئایار کە بنەمای دامەزرانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بوو ئەویش هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆتەواوی وڵاتانی جیهان بووە هەر بۆیەش بە هەمان پرۆگرام ودروشم لە لوبنان و فەڵەستین و یەمەن وسوریا لە سەر ئەو دروشمە بەردەوام بوون بە تایبەتی کە لە سەردەمی شەری هەشت ساڵەی ئێران و عێراق ،و دەستەڵاتدارییەتی سوننەکان بە سەر عێراقدا وای لە ئیران کرد ،دوای رووخانی رژێمی بەعس و ئازادی عێراق ئەو دەست تێوەردانانە رۆژ بەرۆژ زیاتر بێت وای لێهاتووە کە دەستیان بە سەر تەواوی جومگە بنەرەتییەکانی عێراقدا کێشاوە.

کاریگەرییەکانی ئێران بە سەر تەواوی جوکگەکانی وڵات لە یاسادانان و جێبەجێ کردن و کاریگەری بۆسەر بەرپرسانی عێراق بە تایبەتی لە سەردەمی حوکمداری مالیکی  وای کرد کە شەری تایفی و مەزهەبی پەرە بسەنیت و بە هەموو شێوەیەک سوننەکان پەراوێز بخرێن، ئەوەش هۆکاری

سەرەرکی بۆ دروستبوونی داعش لە عێراق و ناوچەکە بە پشتگیری لە هەندەک وڵاتی عەرەبی سوننە لە بەرانبەر شیعەدا بوو.

هەموو ئەو هۆکارانەی سەرەوە وای کرد بە ئاسانی پێشوازی لە داعش بکرێت و ئەو شوێنانەی کە زۆرینەی دانیشتوان یان عەرەبی سوننە بوون لە ماوەیەکی کورتدا بکەونە ژێردەستەڵاتی داعش. بە زانینی دەرهاویشتە نەرێنییەکانی ئەوبابەتە کە هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی توندڕۆیی ئایینی و سەرهەڵدانی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی هاوشێوەی داعش و ئەلقاعیدە لەناوچەکەدا بووە هەر بۆیەش دەبێت متمانە بۆ لایەنەکان بگەرێتەوە و دەستەڵات بەسوننەکان بدرێت و ئەو دەستێوەردانانەی کە لە رابردوودا هەبوونە بۆ دووبارە سارێژ کردنەوەی برینەکان و سەر لە نوێ بنیات نانەوەی عێراق بێت.

لە لایەکی ترەوە ئەو ناوچانەی کە عەرەبی سوننە تێیدا نیشتەجێن لە رووی کارگێری و ئابوری و ئاسایش خۆیان بەڕێوەی ببەن و لەو رویەشەوە حکوومەتی ناوەندی پشتگیری تەواویان بۆ لە ناو بردنی یەک جارەکی بیری توندرەوی بکات.

بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە سیستمەکی نۆیی حوکمرانی کۆمەڵایەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بە تایبەتی لە عێراق دا بمەزرێت بە تایبەتی کە کوردستان لە بواری ئەو سیستمەدا زۆر قۆناخی بنەرەتی و گرنگی بریوە بەتایبەتی کە کوردستان لە کاتەکی زۆر کەمدا بە ئازایەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانی ئۆستورەی داعش تێک بشکێنیت و لەو ناوچانەی کە داعش پەلاماری دابوو پاشەکشەیان پێبکات.

جیا لەوە کوردستان، ئەو وڵاتەیە کە پێش هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە، تیرۆریستانی داعشی تێکشکاند و لە هەمان کاتدا خاوەنی حکوومەتیکە کەلە رووی پرانسیبەکانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان و فرەحزبی و ئازادی رادەربڕینەوە نەتەنیا هەنگاوی باشی بڕیوە بەڵکو هەموو ئەوانە هۆکار دەبن بۆ ئەوەی کە کوردستان هاوکار بێت بۆ ئەوەی کە سیستمەکی نوێی

حوکمرانی لە سەر بناغەی کۆمەڵایەتی دروست ببێت و بیرۆکەی دروست بوونی توندرەوی ئایینی بۆ یەکجارەکی لە عێراق بن برببێت.

١٩کانونی یەکەمی ٢٠١٦

## دەوڵەتی ئیسلامی لە کوردستان،خەونەکی بەتاڵە

ئەگەر سەیری ژینگەی کوردستان بە گشتی بکەین دەبینین کە هۆکارەکانی دروست بوونی فکری توندرەوی سیاسی تێیدا جیاوازترە،ئازادی بیرو را و فرەلایەنی و فرەحیزبی بوون کەشەکی بۆ زۆربەی هەرە زۆری حیزبەکان دروست کردووە بۆ ئەوەی بە ئازادی کار وچالاکی بنوێنن تەنانەت هەندەک لە یاساکان کە لە دامەزراوە شەرعییەکان دەرچوونە لە کەشەکی ناسەقامگیرو بۆ موزایدەی سیاسی و بە دەست هێنانی زۆرترین دەنگدەر دروست بوونە ئەوەش هۆکارەک بووە بۆ ئەوەی دامەزراوەکان حکوومەت ئەو دەرفەتەیان نەبێت وەکوو پێویست چاودێریانلە سەر بێت. هەموو ئەوانە بەشەکن لە دروست بوونی بیرۆکەی توندرەویدا

چالاکی سیاسی حیزبەکان و هەندەک لە موزایداتی سیاسی وای لە کوردستان کردووە کە کوردستان بەرەو ئاقارەکی خەراب ببات زۆربەی هەرە زۆری دامەزراوەکان بەروە سڕکردن برۆن بەلام لە گەڵ ئەوەشدا ژینگەی کوردستان ئەو ژینگەیە نییە کە تیرۆی سیاسی ئایینی لە کوردستاندا گەشە بکات.بەلام هەروەکوو لە سەرەو باسی لێوە کرا ئازادی حیزبەکان بە هەموو جۆرەک لە چالاکییەکانیان ئەو کەشەیان خۆلقاندووە.

بە هەموو ئەوانە نابنە هۆکار بۆ ئەوەی کە تیرۆر و فکری توندرەوی ئیسلامی دروست ببێت چوون سەرەڕای ئەو کەشە ناهەموارەی کە بۆ کوردستان لە سنورەکی دیاریکراودا دروست بووە جۆرەک لە کۆدەنگی لە بەرانبەر دژایەتی دروست بووتبوونی فکری توندرەوی ئیسلامی سیاسی و رادیکاڵدا هەیە.

کۆدەنگییەک لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە سەر ئاستی کوردستانیدا هەیە لەم چوارچێوەیەدا لە کوردستانیش یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری هەرێمی کوردستان –ساڵی ٢٠٠٦- هەیە، ئەم یاسایە لەگەڵ ئەوەی ئێستا کاری پێناکرێت و ماوەکەی تەواو بووە و بۆ ماوەی هەر دوو ساڵ درێژە بە کارپێکردنی دەدرێت هەر چەندە کە ئەوە جۆرەک لە کاریگەری بیری ئیسلامی لە سەر پارڵمان دەر دەخات و کۆششی هەندەک لە لایەنەکان بۆ نەهێشتنی ئەو یاسایە بە بیانووی ئەوەی کە ماوەی کارکردنی بەسەرچووە ئەو راستییەدەردەخات کە کار لەو راستایە دەکرێت بەڵام دەبێت ئەو یاسایە بە جۆرەک دەوڵەمەند بکرێت کە ئەو دەرفەتە نەمینیت کە هەندەک لایەنی سیاسی بۆ دەرباز بوون لە سزای تاوانەکە بیقۆزنەوە و بۆ یەکجارەکی ئەو یاسایە پلەی بن برو کۆتایی بۆ جێبەجێ کردنی وەر بگریت.

لە لایەکی ترەوە هەستی شۆڕشگێری خەڵکی کوردستان و پابەند بونیان بە بەها مرۆڤایەتییەکان و ئیسلامەکی میانەرەو، ئەو دەرفەتە لە ئیسلامی سیاسی توندرەو دەسەنیتەوە بۆ ئەوەی کە بیری توندرەوی ئیسلامی سیاسی و رادیکال و هەربیرۆکەیەکی لە جۆری داعش جێگەی لە کوردستان نەبێتەوە .

هەرچەندەکە لە سەرەتاوە گومانی تیادا نەبووە داعش وەک هێزێکی سەربازی و وەک دەسەڵاتێک کە بتوانێت جوگرافیایەک بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و، ئەوەی ناوی ناوە دەوڵەتی ئیسلامی لەسەری دروست بکات، لە خەونێکی بەتاڵ زیاتر نییە.

٢١ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

## بەرەنگاری بیر و هزری داعشیانە

بەرجەستە ترین خاڵ لە بابەتی ووتاری سەرۆکی حکوومەت لە بارەی لێبۆردن و پێکەوە ژیان کە لە کۆنفرانسەکەدا پێشکەش کرا، بەرەنگاری بیر و هزری داعشیانە بوو، کە ئەگەر لە رەگ وریشە لە بن نەهێت چۆن قاعیدە،ئەنسار و ئەمڕۆش داعش و گروپە جیهادییەکان دروست بوون لە

داهاتوویەکی نزیک بەرهەمی ئەو بیرو هزرە توندرەوییە بە ناوەکی تر و لە بەرگەکی تردا سەر هەڵدەداتەوە. ئەوەی ئینکار ناکرێت کۆتایی نەهاتنی ئەو شەرەیە ،چوون هزری توندرەوی بەرهەمی لە بن نەهاتووی رێکخراوی تیرۆریستی داعش و هەموو بیرۆکە توندرەوە ئیسلامییەکانە لێرەشدا ناکرێت ئیسلامییە توندرەوەکانی ناوخۆییش لەو هاوکێشەیە پشت گوێ بخەین بە تایبەتی کە لە ساڵانی رابردوو ئەو بیرۆکەیە لە کوردستان پەرەی سەندبوو تەنانەت لە هەندەک بابەتدا هەرەشەیان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دروست کردووە ،لەوانەش دەکرێت ئاماژە بە چەندین کردەوەی تیرۆریستی لە هەولێر و سلێمانی و بەودوایەش بەدیار کەوتنی چەندین گروپی تیرۆریستی کە لە کەرکوک و گەرمیان دزەیان بۆ ناو شارەکان بوو.

ئەرکی حکوومەتە بۆ ئەوەی کە چاودێرییەکی ووردی ووتارەکانی هەینی لە رێگەی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانەوە بکات ،هەروها چاودێری تەواوی ئەو رادیۆ و کەناڵە ناوخۆییانە بکات کە بە ناوی ئیسلام، بیری توندرەوەی بڵاودەکەنەوەئەوەش راگەیاندن بە هەموو جۆرە پرۆپاگەندەیەک لە کەناڵی بینرا وبیستراو خوێندراو لە خۆوە دەگریت.

چاودێری ووردی تەواوی ئەو کەناڵانە بکرێت کە رێز لە کەمە ئایین و نەتەوەکان ناگرن و دیموکراتییەت و مافەکانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان بە بیدعە دەزانن و کار بۆ بیرو هزری رادیکاڵی ئیسلامی دەکەن.

ئەوەی کە رۆژانە دەخوێندرێتەوە ولە کەناڵەکان راپۆرت و شیکاری لەسەر دەکرێت، لە سنووری پارێزگای سلێمانی زۆر رەوتی جیا بە بیرۆکەی جیاوازی سەلەفی، کە بیر و هزری توندرەوییان هەیە و زۆر رەوتی تریش لە سەر هزری و بیری توندرەوی هەن کە دەبێت سنوردار بکرێن و رێگری لەو ئاراستەیە بگیرێت کە بیانەوێت گەنجانی کورد بەروە ئاراستەی توندرەوی ببەن .

سەرەڕای هەموو ئەو حیزب و گروپانەی کە پێشتر لە کاری تیرۆریستی و ئیرهاب دابوون و بە نهێنی کاریان کردووە و هەندەک لە گروپ وحیزبە

ئیسلامییە ناوخۆییەکانیش، لە پرۆسەی هاوکاری داعش دەستەکی بالایان هەبووە و
لە ئێستادا کاربۆ نەمانی یاسای بەرەنگار بونەوەی تیرۆر دەکەن بۆ ئەوەی کە ئەگەر بۆیان بلوێت لە بیر و هزری توندرەوی و هاندانی گەنجی کورد بەرەو توندرەوی بەردەوام بن و شتەک بە ناوی یاسا رێگە لە بیری توندرەوییان نەگریت هەربۆیەش دەبێت کار بۆ ئاشت کردنەوەی گەنجان لە گەڵ کۆمەڵگا لە رێگەی دەزگا پەیوەندیدارەکان و ئاشکرا کردنی رووی راستەقینەیان بکرێت.

٢١ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

## سەبارەت بەو ڕاپرسییەی تەلەفزیۆنی ئێن ئار تی

وەکوو هەموو جارەک ئەو جارەش کەناڵی بە ناو بێ لایەنی تەلەفزیۆنی ئێن ئار تی بۆ مەبەستەکی دیاریکراو راپرسییەکی بە ناوی " کەسایەتی سیاسی ساڵ لە ٢٠١٦ دیار بکەن " دانراوە هەرچەندە کە ئەو راپرسییە بە دانانی هەندەک کەس کە ناتوانرێت لە گەڵ سەرۆکی بارزانی بەراوەرد بکرێت دانراوە و ئەو راپرسییە تۆزقاڵەک لەو مەبەستەی کە هەیەتی ناپێکیت چوون سەرەڕای ئەوەی کە ئەو کەناڵە متمانەی خۆی لە دەست داوە لە لایەکی ترەوە کەناڵە کی لۆکاڵییە کە تەنیا بە دواداچوونی بۆ ئەو بابەتانەیە کە خۆیان و ئەو کەسانەی کە لە پشت ئەو کەناڵەن بۆ مەبەست سیاسی بە دواداچوون دەکەن هەربۆیەش داوا لە گشت هەڤالان دەکەین کە بە هیچ شێوەیەک بەشداری ئەو راپرسییە نەکەن چوون ئەگەر مەبەست لە دەست نیشان کردنی کەسایەتی سیاسی ساڵ بێت مانگ ی رۆژی پانزە پێویستی بە نیشان دان نییە و هیچ کات بەراوەرد کردنی کەسێک کە لە گەڵ ئێش و ئازارەکانی خەڵک دا بووە و راستو خۆ وەکوو پێشمەرگەیەک لە شەری بەرگری لە خاک و نیشتماندا بووە لە گەڵ کەسەک کە تەواوی ساڵی ٢٠١٦ی لە بەریتانیا بووە چ بەراوەردەک دەکرێ تەنیا بۆ ئەو راپرسییە

ئەونده دەڵێم و بەس هەر بۆیەش ئەو راپرسییە هیچ قیمەتی نییە وبەشداری مەکەن.

٢٤ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

**وڵامەکی بەهێز بە ناو گۆڕانخواز و هەڵپەرەستی زۆنی سەوز و نیلی**

دوا به دوای ئەوەی که کەناڵی به ناو سەربەخۆی NRT بێرێزی به پێشمەرگه کرا ئەو کەناڵە له لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بایکۆت کرا وەکوو نەریتەکی ساڵانه ی خۆی هەر وەک باسی لێوه کردووەله ماڵپەرەکەی خۆی راپرسی بۆ ده کەسایەتی کوردستان له زۆربەی حیزب و پارتەکان ئەنجامداوه سەرەڕای ئەوەی که ئەو کەناڵە بی لایەنی خۆی له دەست داوه و جێگەی زۆرەک له ئەندامان و کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبووه له هەمان کات دا ئەو کەناڵە بایکۆت کرابوو بەڵام دوای چوار ڕۆژ له دەستپێکردنی ڕاپرسییەکه و بەپێی ئەنجامی کۆتایی ڕاپرسییەکە، مەسعود بارزانی له پلەی یەکەمدایه به بەدەستهێنانی یەک ملیۆن و ٨٢٧ هەزار و ٣٦٩ دەنگ، که دەکاته ڕێژیه ٧٣،٢٢٪ ی ڕێژەی ئەو دەنگانەی له ڕاپرسییەکەدا دراون ئەوەش ئەو راستییه دەر دەخات کەبارزانی نەوەکله کوردستان بەڵکوو له تەواوی جیهان وەکوو بەهێزترین کەسایەتی سیاسی و به هێزترینکەس له پەیوەندییەکان ناسراوه ئەوەش ووڵامەکی بەهێز بۆ دەزگا پر له هاشو هوشەکانی به ناو بێ لایەنه که له زۆنی سەوز بەرجەسته کراوه

ئەوەش دەقی بڵاو کراوەی پەیجیNRT له بارەی راپرسییەکە:

بەپێی ئەنجامی ڕاپرسی دیجیتاڵ میدیای ئێن ئارِ تی، بۆ دیاریکردنی کەسایەتی سیاسی ساڵی ٢٠١٦، بارزانی به بەدەستهێنانی یەک ملیۆن و ٨٢٧ هەزار و ٣٦٩ دەنگ وەک کەسایەتی سیاسی ساڵ دیاریکراوه.

دیجیتاڵ میدیای ئێن ئارِ تی، ڕۆژی ٢٠ ی ١٢ ی ٢٠١٦ دەستیکرد بە ئەنجامدانی ڕاپرسییەک بۆ دیاریکردنی کەسایەتی ساڵ لە نێوان نۆ کەسایەتی سیاسی هەرێمدا.

کەسایەتییە سیاسییەکانی ناو لیستی ڕاپرسییەکەی دیجیتاڵ میدیای ئێن ئارِ تی بریتی بوون لە "مەسعود مستەفا بارزانی، نەوشیروان مستەفا ئەمین، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، سەلاحەدین محەمەد بەهادین، بەرهەم ئەحمەد ساڵح، نێچیرڤان ئیدریس بارزانی، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، عەلی باپیر وەتمان و محەمەد حاجی مەحمود."

دوای چوار ڕۆژ لە دەستپێکردنی ڕاپرسییەکە و بەپێی ئەنجامی کۆتایی ڕاپرسییەکە، مەسعود بارزانی لە پلەی یەکەمدایە بە بەدەستهێنانی یەک ملیۆن و ٨٢٧ هەزار و ٣٦٩ دەنگ، کە دەکاتە ڕێژیە ٪٧٣,٢٢ ی ڕێژەی ئەو دەنگانەی لە ڕاپرسییەکەدا دراون.

دیجیتاڵ میدیای ئێن ئارِ تی، لەبارەی ئەنجامی ڕاپرسییەکەشەوە ئاماژەی بۆ ئەوەکردبوو کە ئەنجامی ڕاپرسییەکە، ئەنجامی ئەو دەنگی ئەو هاوڵاتیانەیە کە بەشداری ڕاپرسییەکەیان کردوە.

ساڵانە دیجیتاڵ میدیای ئێن ئارِ تی، چەندین ڕاپرسی جیاواز، لەسەر پرسە سیاسی و ئابوری و کارگێڕییەکان دەکات و مەبەستی ڕاپرسییەکانیش تەنها وەرگرتنی بۆچوونی هاوڵاتیانی هەرێمە لەسەر پرسە جیاوازەکان.

٢٩ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

## پە کە کە،هادەپەشی بەلاڕێدا برد(بەشی یەکەم)

پێش ئەوەی هەڵبژاردنی ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/٧ ئەنجام بدرێت هەموو کوردەکان بە پەرۆشەوە بەدواداچوونیان بۆ بابەتی هەڵبژاردن لە تورکیا دەکرد لەبەر ئەوەی هەر حیزبەک بتوانیت ١٠% دەنگەکان بە دەست بهێنیت دەتوانیت بگاتە پارلمان هەر بۆیەش سەرۆکی کۆنسەی پەکەکە ،جەمیل بایەک ئەوەی دووپات کردەوە ئەگەر کورد بتوانیت ئەو ڕێژەیە بە دەست بهێنیت دەتوانیت لە لە هەموو بەشەکانی کوردستان سەرکەوتن بە دەست

بهێنیـت هەر بـۆیەش کـورد تـوانی ئەو ڕێـژەیە بە ١٣% دەنگەکـان بەرز بکاتەوە و بەو جۆرە کورد توانی ٨٠ ئەندام پەرلەمان مسۆگەر بکات.

ئەگەرکورد بەو دەسکەوتە گەورەیەی کە بە دەستی هێنا بێتوانیایە لە گەڵ ئاکپارتی حکوومەتی نویێ پێک بهێنیت دەیتوانی زۆر یاسا لە بەرژەوەندی کورد لە پارلمـانی تورکیا بە ئامـانج بگەینیت، بەڵام ئەوەی کەجێگەی سـەر سورمان بوو نەچوونە ژێر باری حکوومەتی داد و گەشە پێدان بوو و لە بەر ئەوەی کە ئەو حیـزبە راستەوخۆ لە ژێـر کـاریگەری قەنـدیل و جەمیل بایکدا بوو رەدی کردەوە کە بە هـیچ شـێوەیەک لەگەڵ ئاکپارتی، حکوومەت پێک بهێنینت.

پەکەکە ئەو جـارەش بە سیاسـتە چەوتەکـانی خـۆی، دەسـتتێوەردانی لە کاروبـاری حیـزب وریێکخراوەکـانی کـوردی بە تـایبەتی هـادپ کـرد، ئەوەش وای لە هـادپ کـرد کە لە خـۆ بـایی ببێـت و نەچیـتە ژێربـاری حکـوومەتی ئاکپارتی، بەوشێوەیەش هادپ سەرەڕای ئەوەی لە رووی گۆرەپانی سیاسی توشـی شکسـتێکی گەورە هـات لە هەمـان کاتیشـدا بە کـردار پشـتگیری لە سیاسەتەکانی شەرانگێزی پەکەکە کرد.

دوای ئەو رووداوانە لە رێکەوتـــی ٢٠١٥/٧/٢٠ تەقیـــنەوەیەک لە شـــاری پرسۆس لە نێو کۆبونەوەی لاوانی سۆسیالیست ئەنجام درا کە ئەو کردەوە تیرۆریســتییە ١٠١ برینــدار و ٣١کەس تێــدا گــوژران گریلاکــانی پەکەکە هێرشــیان بــۆ ســەر مــاڵی دوو پۆلیســی تورکیـا بــردو لە خەو هەردوو پۆلیســەکەیان کوشــت و بەرپرســیارەتی خۆیــان لە هەمــبەر ئەو کــردەوە تیرۆریستییە نیشـاندا ئەوەش سـەرەتای دەست پێکردنـی دۆخـی نـاهەمواری باکوور بوو.

ئەو کردەوە تیرۆریستییەی پەکەکە بە یەکجاری شکستی بە سیاسـەتەکانی هادەپ هێناو لەورێگایەشەوە بیانوویەک بۆ میتی تورکیا رەخسا بۆ ئەوەی بە نـاوی بەرەنگـار بـونەوەی تیـرۆر پەڵامـاری شـارەکوردییەکانی بـاکوری کوردسـتان بـدەن، ئەوەش سـەرەڕای ئـاووارەبونی خەڵکـی سـڤیل زەرەرو

زیانەکی زۆر گەورەی مادی و مەعنەوەی بەر کوردانی ئەو سنووورە کەوت و چــارەنووس ئەو دەڤەرەی بەرەو ئاقــارەک بــرد کە جــارەکی تــر ئەو کارەساتە قەرەبۆ نەکرێتەوە.

دوبارە پەکەکە بەوە نەوەستاو لەرێکەوتی ٢٠١٥/٧/٢٣ پۆلیسـەکی کوشت و یەکێکی تری بریندار کرد ئەو جارەش هێزە ئەمنییەکانی تورکیا خورت تر لە جاران بە سوود وەرگرتن لە بەرەنگار بوونەوە دژی تیرۆر زیاتر لە ٣٠٠ کەسیان لە ئیستانبۆل و ٢٢ شاری تری تورکیا دەستگیر کرد کە چەندین سەرۆک شارەوانی کورد، لە نێوان گیراوە کان دابوون.

کــردەوە تیرۆریســتییەکانی پەکەکە بەوە نەوەســتان و لە ٢٠١٥/٧/٢٩ لە کردەوەیەکـی تـری تیرۆریسـتی لە شـرناخ، بـۆری نەوتـی (کوردسـتان – جیهانیـان) تەقانـدەوە کە لە رۆژی دواتـر پەکەکە بەرپرسـیارەتی خـۆی لە تەقاندنەوەی بۆری نەوتی کوردستان نیشاندا سـەرەڕای ئەوەی کە خەڵکی کوردســتان لە قەیرانەکــی زۆر ســەختی ئابوریــدا بــوو بە پێـی راپـۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نزیکەی ٢٥٠ ملیۆن دۆلار زیان بەر داهاتی کوردستان کەوت.

*بەشــەک لە زانیارییەکــان لە پــارتی کریکــارانی کوردســتان لە عبــدالله ئۆجەلانەوە تا جەمیل بایک وەرگیراو.

٢٩ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

**ئەگەر ئەو پەلاماردانانە را نەگرن،سەرچاوەکان ئاشکرا دەکەین**

ئەوەی کە لە مـــاوەی چەنـــد رۆژی رابـــردوو پەرەی ســـەندووە ئەو پەلامــاردانە ئێعلامیــیەیە کە هەنــدەک لە ســەرکردەکانی یەکێتــی وئەنــدام پارلمانەکانیان دژی کوردستان و پێشمەرگەو پارتی دەستییان پێکردووە

هەرچەنــدە کە ئەو بــابەتەش لە درێــژەی ئەو پــیلان گێــرییە دێــت کە سەردەمایەکە دژی کوردستان دەستی پێکراوە و لەکاتی ئێستاشدا بەهۆی ئەو پەیامە گرنگەی کە سەرۆک بارزانی بە گەلی کوردی راگەیاندووە ئە پیلانانە خەست تر بوونە.

ئەوەی کە ئەو ئافرەتە ئەندام پارلمانەی یەکێتی باسی لێوە دەکات ،هیچ راستیەکی بۆنییە و بوونی پەکەکە لە رووی یاساییەوە هیچ پاساوەک هەڵناگریت و پەکەکە بە هەموو شێوەیەک شیرازەی کۆمەلایەتی ئەو سنوورەی تێکداوە و بە دەست تێوەردان لە کارو باری سیاسی وئیداری شنگاڵ ئاژاوەی لەو ناوچەیە ناوەتەوە و ئەجندای دەرەکی لە دروستکردنی دووبەرەکی جێبەجێ دەکات ،هەر بۆیەش پەکەکە دەبێت ئەو ناوچەیە چۆڵبکات و ئەگەر چۆلی نەکات پێی چۆڵدەکرێت.بەلام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە هۆی دلگرانی ئەو ئافرەتە چییە؟؟

ئەوەی کە زۆر گرنگە پەلامارداني پارتی و بارزانییە،کەسانەک وەکوو محەمەد عوسمان وسەرکردەکانی یەکێتی وئەندام پارلمانەکانیان کەوتونەتە ئەو داوەی کە لە لایەن ولاتانی دەوروبەر بۆیان دانروە و زۆر بە ئاسانی کەوتونەتە ئەو داوەوە و ئەوەی کە دەبێت بگوترێت ئەوەیە کە پەلامارداني پارتی و بارزانی ئێمە بەهێزتر دەکات و ئەوەی کە بۆیان دەمینیتەوە تەنیا شەرمەزارییەو هیچی تر، لە بەر ئەوەی کە ئەوانە بە پەلامارداني سەرکردەکەیان سەرەڕای ئەوەی کە دلی دوژمنان خۆش دەکەن لە گەڵ ئەوشدا پشتیان لە بابەتەکی عادیلانەی ولاتەکەیان وەرگێراوە

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەبێتیەکێتینیشتمانیی لە هەمبەر هەلسوکەوتی هەندەک لەو بەرپرس و ئەندام پارلمانانەی یەکێتی بێدەنگ نەبێت و هەڵوێستی هەبێت چوون ئەو جۆرە پەلاماردانانە جیا لەوەی کە لە گەڵەکەیان دووریان دەخاتەوە ،هیچی تر ناکات. لە هەمان کاتدا سەرچاوەی ئەو هێرش و پەلامارانە دیارن کە لە کوییەوە دێن ئەگەر نەتوانن بێدەنگیان بکەن ئێمە دەتوانین بێدەنگیان بکەین

٣٠ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

## شیکردنەوەیەکی یاسایی بۆ بوونی پەکەکە لە شنگاڵ

ئەوەی کە مێژووی کوردستان و شۆڕشە یەک لە دوای یەکێکانی بارزان، تاوەکوو ئەمڕۆ خوێندبێتەوە، دەبینین کە بە هەموو شێوەیەک هەولی فشار

دروستکردن و ئاستەنگ نان لە سەر ڕێرەوی شۆڕشەکان دا هەبووە هەر کات بۆیان لوا بێت لە ڕێگای تیرۆر یان شەری ڕاستەوخۆ و ئاژاوەگێری و دروستکردنی دوبەرەکی لە ناو گەڵدا، هەوڵی پەکخستنی شۆڕشەکانیان داوە.

ئێستاش کە بە هەوڵ و ماندوو بوونەکانی سەرکردایەتی بارزانی و ئەو سیاسەتە حەکیمانەی کە لە پەیوەندی دیپلۆماسی لە نێوان گەلان و ناوخۆیی و جیهاندا هاتۆتە کایەوە و جۆرەک هەوڵی جدی بۆ دیار کردنی چارەنووسی گەلی کورد هاتۆتە ئاراوە ئەو دژایەتیە لە لایەن دوژمنانی کورد، چرتر کراوە تەوە ئەویش بە هاندانی بەشێک لە هێزەکانی ناوخۆیی و ئاراستەکردنیان دژی پارتی و بەدیاریکراویش ،شەخسی سەرۆک بارزانی.

ئەگەر ئەو بابەتە زیاتر شی بکەینەوە و ئاماژە بە چەند ڕووداوەکی ئەو دواییە بدەین ڕاستی بابەتەکەمان بۆ زیاتر شی دەبێتەوە وبۆ ئەوەی وەبیر هێنانەوەیەک بۆ ئەو کەسانەی کە لافی عێراقی بوون و پابەند بوون لە ڕێگای دەستووری عێراقی لێدەدەن، ئەو بابەتەیان لە ڕووی یاساییەوە شی دەکەینەوە بە تایبەتی کە ئەو پێشێلکارییانە زیاتر لە لایەن دەوڵەتی یاساوهەماهەنگی ئەکرادی مالکییەوە ئەنجام دەدرێت.

ماوەیەکە کە کوردستان دووچاری قەیرانی دارایی قورس هاتووە و بەچەند هۆکارەکی دیاریکراو کە باسی بابەتەکەمان نییە، نارەزایەتی خەڵک و بەدیاریکراوی بەشێک لە چینەکی دیاریکراو و لە سنورەکی دیاریکراو، ئەو نارەزایەتییە بینرا، هەر ئەوانەی کە هانی ئەوچینە یان دەدا لە ڕێگەی بیرۆکەیەی فیدرالی پارێزگاکان هەوڵی بەلاڕێدا بردنی خەڵک کوردستان و چەواشەکردنیان بوون سەرەڕای ئەوەی کە ئەو بیرۆکەیە واتە هەڵسوکەوتی ڕاستەوخۆی حکوومەتی مەرکەزی لەگەڵ پارێزگاکان بە پێچەوانەی دەستووری فیدراڵی عێراق بوو بەڵام لە لایەن دەوڵەتی یاسا پشتگیری دەکرا.

لە ڕووی دەستورییەوە پێچەوانەی دەستووری عێراقە و دەستورەکە لە مادەی ١١٧ دانی بە هەرێمی کوردستانی پێش ٢٠٠٣/٣/١٩ دادانـاوە وەک

یەک یەکەی دەستووری واتە یەک هەرێم لە ناو عێراقی فیدراڵ هەر بۆیەش هەر یاسایەک دەربچیت لە پەرلەمانی عێراق بە ئاراستەی مامەلە کردنی ڕاستەوخۆی بەغدا لە گەڵپارێزگاکانی هەرێمبە پێچەوانەی دەستوورە.

پەکەکە و مانەوەیان لە شنگاڵ ئەوبابەتەیە کە بۆ قوڵ کردنەوەی ناکۆکی نێوان نێوماڵی کورد سوودی لێوەردەگیرێت و لە دوایین لێدوانەکانی محەمەد سەیهود پەرلەمانتاری ئیئتیلافی دەولەتی یاسا لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ڕایگەیاندووە، "پێویستە تورکیا ئەوە باش بزانێت، بونی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەهەر شوێن و ناوچەیەکی عیراق، پەیوەندی بەکاروباری ناوخۆییەوە هەیەو بەهیچ شێوەیەکیش تورکیا بۆی نییە دەستلەکاروباری ناوخۆییمان وەربدات."

بون و مانەوەی گەریلاکانی پەکەکە لەشەنگال یان هەر ناوچەیەکی تری عیراق، بابەتێکی زۆر ئاساییەو هیچ پەیوەندییەکی بەتورکیاوە نییە

ئەگەر سرنجی ئەو بابەتە بدەین جێگەی سەر سورمانە کە ئەوانە بە هەموو شێوەیەک دژایەتی هاولاتیان کوردی خۆیان دەکەن بەلام بۆ مەبەستی سیاسی و جێبە جێ کردنی پیلانەکانیان پشتگیری لە گروپەکی تیرۆریستی دەکەن کە باکووری کوردستانی بەرەو ئەو ئاقارە بردووە و ئەو ووتانە محەمەد سەیهود پەرلەمانتاری ئیئتیلافی دەولەتی یاسا لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بە پێچەوانەی دەستوری حکوومەتی فدراڵە کەلە مادەی (٩) برگەی (ب)دا هاتووە:"ڕێگە بە پێکهێنانی میلیشیای سەربازی نادرێت لە دەرەوەی هێزەچەکدارەکاندا."

هەروەها لە مادەی (٧) برگەی دووەمدا هاتووە:دەوڵەت پابەند دەبێت بە شەری تیرۆر بە گشت شێوەکانییەوەو کاریش بۆ ئەوە دەکات خاکی خۆی بپارێزێت لەوەی کە ببێتە بارەگا یان ڕێرەو یان گۆرەپانلی چالاکییەکانی."

٢٩ کانونی یەکەمی ٢٠١٦

## خۆ بەرەکانی شەر لە شنگال نییە (وولامەک بۆ ئاریز عەبدولا)

ئەوەی کە لەو چەند رۆژە لە لایەن سەرکردەکانی یەکێتییەوە دەبینرێت وەکوو ئەوەی کە دووبارە ئاراستە کرابن دەستیان بە هێرەشەکی بەر بلاوی راگەیاندن و لیدوانی بێسەروبەری دژ بە پارتی کردووە سەرەڕای ئەوەی کە هەموو ئەو بابەتانە تەنیا یەک ئاراستەیان هەیە ئەویش لیدان لە پارتی و شکۆی بارزانییە راستەخۆ ناراستەوخۆ پەلاماری پێشمەرگە دەدەن ئەو پێشمەرگەیەی کە زیاتر لە ١٦٠٠ شەهید و ٧٠٠٠ برینداری داوە بۆ ئەوەی بەرژەوەندی لە خاکەکەو ناموسیان بکات هیچ یەک لەوانەیان لە بەر چاو نییە تەنیا ئەو چەند کەسە نەبێت کە لە کاتی هێرشی داعش دا لە رووی رۆژ ئاوای کوردستانەوە لە چیای شنگاڵ هێنرانە خوارەوە تەنانەت وەکوو لە لیدوانەکانی ئەو بەرپرسانەی یەکێتی بە دیار دەکەویت وەکوو ئەوە وابێت کە ئەوان شنگاڵ یان رزگار کردوو و پەکەکە فریاد رەسیان بووە و لە بیریان چووە کە پەکەکە بەربەستی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی هێرش بۆ سەر شنگاڵ و ئازاد کردنی تاخیر ببێت لە لایەکی ترەوە بە پشتگیری لە پەکەکە وەکوو لایەنەکی کێشەکە و لە لایەکەی تریش پارتی دەزانن ئەوە تەنیا کێشەی پارتی نییە چۆن حەشدی شەعبی لە توز خورماتوو شوێنەکانی تر ئاسایشی کۆمەلایەتی تێکدا و بووە هۆکاری هەرج و مەرج لەو ناوچانە ئێستاش پەکەکە لە شنگاڵ هەمان دەوری هەیە خۆ ئەگەر پەکەکە سەردەمایەک وەکوو ئەوە بەرێزانە باسی لێوەدەکەن یارمەتی گەلی کوردستانیان داوە ئێمە سوپاسیان دەکەین بەلام خۆ بەرەی شەر لە ناو سەنتەری شارەکان دانییە.

لە لایەکی ترەوە ئەو ئەرکەی کە ئەوان بە جێیان هێناوە وەکوو هێزی بەرگی لە خەلکی شنگاڵ ، خەلکی باکوریش یارمەتی شەروانانیان لە کۆبانێ داوە و لە کاتی تەواو بوونی ئەرکەکانیان کۆبانێیان جێ هێشتووە.

# پاشبەندەکان

((پاشبەند بە شەک لەو ووتارانە لە خۆوە دەگریت کە لە رۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەرە فەرمییەکان بڵاو کراونەتەوە))



# ئەنفالکرنا بارزانیان

## کریارا ئێکێ یا جینوسایدکرنێ بویە



سالح محمد تەیرۆ

ئەڤرۆ 33 سال دەرباز دبە لسەر کریارا بەدناڤا ئەنفالکرنا بارزانیان کو لشەڤا 31/7/1983ێ ژلایێ رژێما بەعسا کوژ بکوژ و ب رەنگەکێ رێکخستی و ب هێزەکا مەزن کو پێکهاتبوون ژ هەمی دەزگەهێن هەوالگری و ئەمن و تایبەت و پاسەوانێن کوماری و ل کومەلگەها (القادسیە و قدس) سەر ب ناحیا قوشتەپە هاتە ئەنجام دان کو ب دەست پێ دکەت ب ئێکەم کریارا جینوسایدکرنا گەلێ کوردستانێ چونکە هەرچەندە لبەریا ڤێ کریارێ چەندین کریارێن هوسا هاتبوونە ئەنجام دان دەرحەقی گەلێ کوردستانێ مینا گرتن و ئەشکەنجەدان و سێدارەدان و لەگوهاستن و ب عەرەبکرن... هتد.

[illegible]



# جینۆساید

سەتار شێرۆکی

بێزاری ئەتەوەیی و ئاینی و سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر جاران هۆی کۆمەڵکوژی بووە لە مێژووی ئەمڕۆماندا دەتوانین کەسانێک بدۆزینەوە کە زەبرو زەنگ لە بری ئارامی و ئاشتی بە کار دەهێنن بەو شێوەیەکە توندوتیژی دەستپێدەکات لە کاتێکی ئەوهادایە کە توندوتیژی شوێنی راستی و ئارامی دەگرێتەوە لە ئاکامی ئەو لێکدانەوەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەو ئەتەوەیە دەبێت بەرەنگاری لە خۆی بکات و ئەگەر ئەوە بسەلمێنین کە گەلی کورد لە تورکیاو سوریاو عێراق رووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە ئەوە دەسەلمێنرێت کە دەبێت بەرگری لە مافی کورد بکرێت. گرووپی دەسەڵاتدار بە توندوتیژی و رەگەزپەرستی هەوڵی ئەوەیان داوە کە دەنگی ئازادیخوازی گەلی کورد بخنکێنن و هەوڵی زیندەبەچاڵ کردنی شۆڕشی کوردیان داوە.

[illegible]

## پانۆرامای جینۆساید و قڕکردن و بۆمباران لە هەرێمی کوردستان

1971: دەربەدەر کردنی 7هەزار هاوڵاتی کوردی فەیلی
1974: بۆمباباران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجە
1974: بۆمباباران کردنی شارۆچکەی قەڵادزێ
1980: دەربەدەر کردنی 120هەزار کوردی تری فەیلی
1983: ئەنفالکردنی هەشت هەزار بارزانی
5/4/1987: کیمیابارانی ناوچەی هەڵەدن و گەلی ئونسان و بەرگەلە
16/4/1987: کیمیابارانی شێخ وەسان و بالیسان
17/4/1987: کیمیابارانی گەلی مامی لە دەوک و ناوچەی سیولاگە لە سلێمانی.
18/4/1987: کیمیاباران کردنی قەیوان و کۆزێنک لە سلێمانی
19/4/1987: کیمیاباران کردنی پیرەمەگروون و مالومە.
20/4/1987: چەند باری پیرەمەگروون.
3/7/1987: کیمیاباران کردنی سماقولی و ئازەبێن
25/2/1988: کیمیاباران کردنی سەرگەڵو یا......... و هەڵەدن و..... ناوچەکە.
22/3/1988: کیمیاباران کردنی سێوسێنان و بەلەکجار لە قەرەداغ
23/3/1988: کیمیاباران کردنی چاڵقەریان و سەرو‌ڵیان لە گەرمیان
24/3/1988: کیمیاباران کردنی ناوچەی دۆڵە

[illegible]

samarsheroky@yahoo.com

4 هەواڵ و بەدواداچوون
ژمارە (٢٤٤٧) ٢٠١٦/٩/٨
هەولێر

# بارزانی هەنگاوی زیاتر بۆ سەربەخۆیی دەنێ

سەنار شێرۆکی

لەو رۆژە مێژووییەی کە سەرۆک بارزانی پلانی خۆی بۆ سەر بەخۆی کوردستان راگەیاند، واتە لە ٨ی٥ی٢٠١٥، پانزە مانگ تێپەڕ دەکات، لە کۆبوونەوەی سەرۆک بارزانیدا، کۆی پێکهاتەکانی ژیانی سیاسی و پەرلەمانی و حوکمرانی هەرێمی کوردستان لە ئاستی کەسانی یەکەم بەشداربوون.

سەرۆک بە بیرو باوەڕێکی پتەو پلانەکەی خۆی بۆ سەربەخۆیی ئاشکرا کرد، سەرۆک راشکاوانە داوای لەهەموو لایەنەکان کرد بۆ ئەوەی پەرلەمان و کۆمیسیۆن و لایەنەکان بەپەرۆشەوە بە پیر داواکەی بێن و هەر یەکەو ئەرکەکانیان جێبە جێ بکەن بۆ ئەوەی کار لەسەر ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش زۆری عەملیاتی پێکهێنا بۆ ئەوەی هەر لایەنێک بە پێی پەیوەندی بە ئەرکەکەی خۆی هەڵسێت ئەوەی پەیوەندی بە یاسادانان و کارە تەکنیکیەکان و وتوێژ لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی و ناوچەکە و دەوڵەتی ناوەندییەوە هەیە، ئەوە یەکەم هەنگاو دانانی بەردی بناغە بۆ سەربەخۆیی بوو..

بەهەستکردن بەو بابەتە گرینگەو، هەنگاوەکانی سەربەخۆی رۆژ بە رۆژ زیاتر بەرەو پێشەوە دەچن ئەوەش ئەو راستییەیە کە دەوڵەت و سەربەخۆییی بۆ کورد، دوو چەمکی حاشا هەڵنەگرن، لەهەمان کات بوونیان هەیە، هەروەک چۆن بە درێژایی مێژوو کورد بوونی هەبوو، بە کیمیا باران، ئەنفال، جینۆساید، تعریب و ترحیل و تفریس .. هتد لەناو نەچوو، لەبەر ئەوەی کە هەبوو، سەربەخۆییی و کوردیش ئەو دوو دەستەواژەیەن کە سەرەرای ئەوەی کە بونیان هەیە، لە هەمان کات تەواو کەری یەکترن.

هەرچەندە کە ناکۆکی و بەربەست لەو رێگا سەخت و دژوارەدا دێنە پێش بەڵام لە کۆتا، ئەوە ئیرادەی پۆڵایینی سەرۆکە کە بەپشتیوانی گەلەکەی تەواوی بەربەستەکان تێک دەشکێنێت. هەرچەندە کە ناکۆکییەکانی ناوەوە بە تایبەتی ئابوری پێنجەم، کە دەستی دەرەکی لە پشتەوەیە و بە چەندین شێواز ویستویانە کە ئەم پرۆسەیە لە بار ببەن و بە بیانوی جۆراوجۆر هەوڵی بە لارێدا بردنی گەلیان داوە و لەمپەریان لە بەردەم پرۆسەی سەربەخۆییدا دروست کردووە، بەڵام ئەوش دەبێت بوترێت هەر حیزب و لایەنەک، حەز بە سەربەخۆیی نەکات و پێی باش نییە، و حەزی بە کۆیلە بوونی داگیرکەرانە، کێشەی خۆیەتی چوون ئەوانە دەمامکیان کەوتووە و جەماوەر لە باوەری راستەقینەی خۆیان پاشگەز ناکاتەوە هەروەک، هەندێک لەو کەسانە ویستیان لە رێگای کودەتا شوومەکەی رۆژی ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ بە پشتگیری لایەنی دەرەکی و ئەقلیمی لەمپەر بۆ ئەم پرۆسەیە دروست بکەن بەڵام دەبی بزانن، ئەو پرۆسەیە دەستی پێکردووە و ناوەستێت و دەوڵەتی سەربەخۆش لەسەر دەستی سەرۆک بارزانی رادەگەینرێت

# بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەری سریانی دەستبەکاربوو



رۆژی ٦ی ئەیلول، د سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەیاوەری خەلیل عەبدوڵلا بەڕێوەبەری گشتی دیوان و محەمەد نەوزاد یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی دیوان و مەسعود مستەفا راوێژکاری یاسایی وەزارەت، سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری سریانی لە شارۆچکەی عەینکاوە کردو لەرێو رەسمێکدا بریکاری وەزارەت د. رۆبین هاشم شەمائیلی وەک بەڕێوەبەری گشتی نوێی رۆشنبیری و هونەری سریانی بەئامادەبوان ناساندو زۆر سوپاسی بەرێز شەماڵ حەوێزی کرد کە ماوەی دوو ساڵە بەوەکالەت ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەی لە ئەستۆ گرتبووەو بەرێکوپێکی کارەکانی جێبەجێ کردووە. وە پیرۆزبایی لە د. رۆبین هاشمیش کردو هیوای سەرکەوتنی لە پۆستە نوێکەیدا بۆ خواست.



ئامینا زکری

# چەند تێبینین یاسایی ل دور ئالوگوریا پوستێ پارێزگارێ نوێ بو سلێمانیێ

١- ل گور یاسایێ پارێزگار ب دەنگێ ئەندامێن ئەنجومەنێ پارێزگەهێ دهێتە هەلبژاردن و پلەیا پارێزگاری جێگر وەزیرە، و جێگرێ پارێزگاری پلەیا رێڤەبەرێ گشتی یە و ئەندامێ ئەنجومەنێ پارێزگەهێ نینە، هەروەسان جێگر ب دامەزرندن دهێتە دانان، و ژلایێ کارگێری ڤە یا گونجاو نینە و هەڤدژی دگەل یاسایێ هەیە.

٢- ل گور یاسایا پارێزگەهێن هەرێمێ یا ژمارە ٣ یا سالا ٢٠٠٩ مادێ ١٨ برگا سێێ پارێزگار ژلایێ ئەنجومەنی ڤە دهێتە هەلبژاردن پێدڤیە مەرسوما هەرێمی بو دەربچیت. گەر مەرسوم بو دەرنەچیت پارێزگار نەشێت نوینەراتیا پارێزگەهێ و دەست ب کاری بکەت.

٣- ل مادێ ٢٠ برگا ئێکێ یا هەمان یاسا هاتیە کو دەمێ ئامادە نەبونا پارێزگاری جێگر دێ جهێ وی گریت، لێ ئەگەر هات و پوست چول بوو، پێدڤیە هەمان رێکارێن یاسایی بو دانانا پارێزگارێ نو بهێتە دانان و گەر پارێزگار دەست ژکار بەردەت جێگر نەشێت جهێ وی بگریت، چونکە چول بونا دێ دروست بیت و ژلایێ یاسایێ ڤە ئامادە نەبون دگەل چول بونێ پێناسە و حوکمێ جیاواز یێ هەی.

٤- ل مادێ ١٦ برگا دویێ یا هەمان یاسا پێدڤیە پارێزگار لبەردەم سەروکێ هەرێمێ ب ئامادەبونا وەزیرێ ناڤخو سویندێ بخوت. هەرچەند وەک ئیستیحقاقێ هەلبژارتنان مافێ بزاڤا گورانە ئەو پوست وەرگرتبا لێ د ڤێ قوناغێ دا پرسیار ئەڤەیە ئێکەتی و گوران رێککەفتنەک ئیمزا کریە تا ئێکبونا هەر دو حزبان گەرەکە، گەر مەبەست ژ ئالگورێن نەبونا باوەریێ دناڤبەر هەر دو حزبان دا و زێدەکرنا ئالوزیان نەبیت فەرقا مابەینا حسێ کەچەل دگەل کەچەل حەسێ د چ دایە؟؟ گوران و ئێکەتی ب ڤێ پێهنگاڤا نەیاسای بو ئالگوریا پوستان ل سلێمانی و هەلبجە بێ بەرچاڤ وەرگرتنا یاسا و رەزامەندیا حکومەتێ، دێ ڤالاتیێن یاسایی و کارگێری و کێشمەکێش و ناکوکیێن سیاسی و ئیداری بەرەڤ هەلکێشانێ بەن و پەیوەندیێن حکومەتێ دگەل ئیدارا سلێمانی و هەلبجە ناساخلەم دبن. کو ب دیتنا من د ڤێ قوناغا هەستیار دا ئەڤ لێککوهارتنە دبەرژەوەندا استقرارا ئیداری و دوخێ هەرێمێ نابیت.

خەبات
www.xebat.net
سێ شەممە 2016/11/15 ژمارە (5151)

نۆپەراسیۆنی مووسڵ.. بارودۆخی خەڵکی سڤیل

# بەشێکی زۆری خەڵکی مووسڵ ماڵەکانیان جێ دەهێڵن و بەرەو کەمپەکان بەڕێدەکەون

## ئاوارەیەک: خۆشحاڵ بووین بەوەی کە ناوچەکەمان ڕزگار کرا، بەڵام حاڵمان پەرێشانە



دوای ڕزگارکردنی گەڕەکەکانی کەرامە و کۆکجەلی لە دەستی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، بەشێکی زۆری خەڵکی ئەو شارە ماڵەکانیان جێ دەهێڵن و بەرەو کەمپەکان بەڕێدەکەون. گەڕەکی کەرامە و بە دووری کیلۆمەترێک لە گەڕەکی کۆکجەلی لە 3ی ئەم مانگە لە لایەن یەکەکانی سوپای عێراق ڕزگار کران.

### 10ڕۆژە خۆراکمان نییە

### بەرەو کەمپی خازر بەڕێدەکەون

### حاڵمان پەرێشانە

### هیچ بەرپرسێکی حکومەتی عێراق ئاوڕی لێمان نەداوەتەوە

# پێگەی ئابووریی مووسڵ لە دوای داعش



ئابووریناسان پێشبینی دەکەن کە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ و پاککردنەوەی شارەکە لە داعش، مووسڵ لەڕووی ئابوورییەوە گرنگییەکی تایبەتی دەبێت بۆ عێراق، تورکیا و سووریا. هەرێمی کوردستانیش پشکی شێری بەردەکەوێت لە گرنگی ئابووری ئەو شارە.

### قووڵکردنەوەی کێشە سیاسی و سەربازییەکان

### بۆرکردنەوەی ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان

### هەرێمی کوردستان پشکی شێری بەردەکەوێت

### مووسڵ ناوەندێکی ئابووری گرنگە

### بازرگانی کردن بە نەوت

## چەواشەکاران هەمیشە سەریان شۆڕە



بەختیار جاف

## گۆڕان و گەڕانەوە بۆ چاخی شەستەکان



سەتار شێرۆکی


هەولێر
ژمارە (٤٤٨٦) ٢٠١٦/١١/١٤
بۆچوون 7
ترەمپ و کورد وەکو یەک تیم کاردەکەن!؟
شاخەوان خالید
جیهان چی بەسەردێ لەسەردەمی ترەمپ؟
تیروانینی ئەوروپا بۆ هەڵبژاردنی ترەمپ
پەیوەندی ترەمپ و رووسیا گەرمتر دەبێ
ترەمپ بۆ ئەمریکا گرنگە
پێشمەرگە لە روانگەی ترەمپ
ترەمپ گلەیی لە حکومەتی عێراق دەکات
سیاسەتی کۆمارییەکان جێبەجێدەکرێ یان ترەمپ؟
ترەمپ و حکومەتی هەرێمی کوردستان
کورد و ترەمپ وەکو یەک تیم کاردەکەن
لایەنە سیاسییەکانی کورد و ترەمپ
سەنار شێرۆکی
شەڕی داعش لە کابینەکەی مالکی و عەبادی




مێلڤین ئێسلی مباو پرۆفیسۆری یاسای کارگێڕی لە زانکۆی نۆرس وێست لە کۆماری ئەفریقیای باشوور بۆ گوڵان: بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکرێت
دەستێوەردانی قورسی دەوڵەت
جاستن بەیبەر هێلی بالدوین خۆشەویستیان لە کلیپێکی گۆرانی دووپاتکردەوە
هەوڵی دیموکراتەکان بۆ دوورخستنەوەی ترەمپ فراوانتردەبێت
Last Updated: 07/10/2019 01:59:06 am (GMT+3)

# کەمپینی دژی ریفرادۆم،هەڵمەتی دژی سەر بەخۆییە

نووسینی: سەنار شێرۆکی
بەرواری دابەزاندن: 27/07/2017 : 10:10:33
ژمارەی بینین: 100

FONT PRINT



ئەوەی لە کاتی ئێستادا حکومەتی عێراق و هەندەك لە وولاتانی ئیقلیمی دەستییان پێکردووە دژایەتییەکی تەواوی ریفراندۆمە ،بە تایبەتی باڵی دەستەڵاتداری شیعی لە بەغدا بە ئاشکرا دژایەتی بریاری چارەی خۆنوسینی گەلی کورد دەدەن و بە هەموو شێوەیەك هاتونەتە سەرخەت بۆ ئەوەی پرۆسەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی بوەستێنن و ئەو ئەمرازانەی کە بە کاری دەهێنن لە رێگای میدیاکانەوە بە بەکارهێنانی ئەو ئەندام پارڵمانانەی کە سەر بە بەرەی دژی ریفراندۆمن لە وانەش سروە عبدالواحید و هوشیار عبداللە ئەو ئەندام پارڵمان و قەڵەم فرۆشانەی کە بە هەموو شێوەیەك دژی دەستەڵاتی کوردین و لە میدیای ناوخۆیی و دەرەکی هەوڵی ناشرین کردنی دەستەڵاتی کوردی دەدەن.

ئیستاش کەسێکی تر پەڵکێشی ئەو یارییە سیاسییەی دۆراوانی سیاسەت کراوە، ئەویش شاسوار عبداڵواحید (خاوەنی کۆمپانیای ناڵیا)یە هەرچەند بە شەو رۆژەك بوون بە خاوەنی سەرمایەکی ئەوەها کە توانای بەرێوەبردنی دەزگایەکی میدیایی وئەو پرۆژە زەبەڵاحانەی کە لە سنووری پارێزگای سلێمانی هەیەتی جێگەی هەڵوێستە لە سەرکردنە، بە تایبەتی کە لە چەند ساڵی رابردوو بە جێبەجی کردنی ئەو پرۆژانە کەس رێگری نەبووە و بەو شێوەیەش بوتە خاوەنی ئەو سەرمایە بە وەکاڵەت، ئەوەش ئاشکرا بوونی ئەو راستییەیە کە دەبیت کەسێکی لە پشت بیت و لەو یارییەدا هاوکاری بکات،ئەگەر نا شاسوار ئەو کەسە سیاسییە نییە کە توانای هەبیت لە گۆرەپانی سیاسی دا دەر بکەویت..

ئەو یارییەی شاسوار عبدالواحید رێك وەکوو ئەو یارییە بوو کە لە هێنانەوەی کەسێکی دەرون نەخۆشی وەکوو کەماڵ میر ئاودەلی رویدا ، ئەوەش ئاشکرایە کە کێی لە پشتە و کێی لەو یارییە پاڵی پێوە دەنێت.

هەرچەندە باس کردن لە کەسایەتی کەسێکی سەرسەری و دەرون نەخۆشی وەکوو شاسوار و ئەو کەسانەی کە لە پشت پرۆسەی دژایەتی سەربەخۆیی کوردستانن، شایەنی ئەوە نین کە تەنانەت یەك دێر یان لە سەر بنوسرێت بەڵام ئاشکرا کردنی رووی راستەقینەی ئەو کەسانە ئەرکەکەی نەتەوەییە.

لە راستیدا ئەوەی کە نوری ماڵیکی و رەوتی دژی سەربەخۆیی بەغدا دەیکات ، شاسوار عبدالواحیدیش هەمان رۆڵ دەگێرێت بە جێوازی ئەوەی کە شاسوار بە زمانی کوردی و نوری ماڵکی و فەتلاوی بە زمانی عەرەبی وئەو کارەی شاسواریش تەواوکەری کاری هەمان دوژمن کارییانەیە کە لە پێشوتر بە بەڵگە سەڵمێنرا بوو کە مالیکی لەژێر ناوی قەرز بۆ کۆمپانیای چاڤی لاند بری 87 ملیۆن دۆلاری داوەتە شاسوار عەبدولواحید بەنووسراوی ٦٤١ لە ٢٥ی ٥ی ٢٠١٤ داوای لە نوری مالیکی کردووە بە پێدانی ئەو قەرزە و نوری مالیکی رەزامەندی لەسەر نووسراوی 895 داوە بە سەرف کردنی 87 ملیۆن دۆلار بۆ شاسوار عەبدولواحید.بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو پارەیە لەلایان مالیکەوە لەژێر ناوی چاڤی لاند سەرف کراوە، بەڵام لەبنەرەتدا بۆ مەبەستێکی تر بووە کە ئەو کات بۆ مەبەستی کردنەوەی کەناڵی عەرەبی بووە بەڵام ئیستا ئاماژەکان باشتر دەردەکەون ،

ئەگەر ئەو پارەیە بۆ مەبەستی دژایەتی نەبیت بۆچی تاوەکو ئێستا نەبیستراوە برە پارەیەك بۆ هیچ مەبەستەك بۆ هیچ کوردەك تەنانەت ئەگەر بازرگانیش بوبیت، سەرف بکرێت نوری ماڵکی و دەستەڵاتی بەغدا ،تەنانەت بودجەو موچەی خەڵکی کوردستانیشی بری و شایستەداراییەکانی کوردستانیش نادەن ئەگەر بابەتەك کە پەیوەندی بەو دژایەتییەوە نەبیت چۆن هاوکاری ناو براودەکرێت هۆکاری ئەو پەیوەندییە کەسییانەی کە ماڵکی لەگەڵ سروە عبدالواحیدی خوشکی هەیە تی چییە؟

Share this link

سایتی هەولێر
www.hawler.in

وەرزش | فەرهەنگ | هونەری | تەندروستی | دەربارەی ئێمە | پەیوەندی | ئەرشیف

# هەنگاونان بەرەوە قۆناغێکی تر لە چوارچێوەی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا

تەمموز 07, 2019 قەبارەی فۆنت چاپکردن پۆستی ئەلکترۆنی



سەنار شێرۆکی

دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی.2005 ئەو بناغەیە بوو کە بۆ یەکگرتنەوەی گەلی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانییەوە دانرا. بەلام ئەو رێککەوتنە زۆری نەخایاند ئەوەش ئەو کاتە بوو کە دەستەلاتدارانی شیعی لە حکومەتی ناوەند بۆ درێژەدان بە سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد و کەمە نەتەوەکانی تر هەموو پرەنسیپەکی سیاسی و نێودەولەتی و تەنانەت ئەخلاقیشی شکاند و بۆ مەبەستی شکستپێهێنان بە حکومەتی هەرێم بە هاوکاری ئابوری پێنجەم و ولاتانی ئەقلیمی هەنگاوی نا. ئەو دەستورەی کە بە رووکەش باس لە پێکەوە ژیانی گشت پێکهاتەکانی عێراق و ئازادی رادەربرین و زۆر دەستەواژەی تر کە بە پێی پرەنسیپەکانی نێودەولەتی و کنوانسیۆن و رێککەوتنە گونجێندراوە.
گرفتەکان بە پێنەدانی شایستە داراییەکانی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێم دەستی پێکرد لە لایەکی ترەوە لە هەر سێ حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی جەعفەری و مالکی و عبادی، پێشەلی دەستور لە پێدانی ماف و شایستە داراییەکانی حکومەتی هەرێم و پێشمەرگە بە تایبەتی کراوە.
تەنانەت بە پێچەوانەی مادەی (9) برگەی (یەکەم) فەقەرەی (ب)ـ ی دەستور: " هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگاکانی ئاسایش لە پێکهاتەکانی گەلی عێراق پێکدێت بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگی و ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنیان بەبێ جیاوازی یا دوورخستنەوەی هیچ لایەك و لە ژێر رکێفی دەسەلاتی مەدەنیدا دەبێت و بەرگری لە عێراق دەکات و نابێتە دەزگایەك بۆ داپلۆسینی گەلی عێراق و دەست وەرناداتە کاروباری سیاسیەوە و ڕۆڵی نابێت لە ئالوگۆڕی دەسەلاتدا " هەلسوکەوت بکەن تەنانەت لە پڕ چەککردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆیان پاراستووە، لە هەمان کاتیش رێگرییان کردووە لەوەی کە حکومەتی هەرێم بە پێی پێویستی خۆی چەك و تەقەمەنی بۆ خۆی دابین بکات ئەوەش لە رێگەی ئەو گەمارۆیە و پەیوەندییانەی کە لە گەل ولاتانی تر هەیانبووە".
دوا بە دوای هەموو ئەو نافەرمانییەی کە حکومەتی ناوەندی بەرانبەر بە حکومەتی هەرێم کردی لە دوای خیانەتەکەی 16ی ئۆکتۆبەر ئەو پەیوەندییانە بەرەو قۆناغەکی دژوارتر رۆیشتن، حکومەتی ناوەندی بە نیاز بوو بە هەموو شێوەیەك حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووی دارایی و سیاسی و تەنانەت پەیوەندییە نێودەولەتییەکانییەوە پەراوێز بخات، بەلام پشوو درێژی حکومەتی هەرێم لە چارەسەری دیپلۆماسیانەی و درێژەدان بەو سیاسەتە عاقلانەی کە لە گەل ولاتان هەیبوو هەروەها دیدار و چاوپێکەوتنەکانی لە ڤاتیکان و فەرانسا و ئەلمانیا لە هەردوو کۆربەندی ئابوری و ئاسایشی میونشن، ئەو ئابلۆقە سیاسی و داراییەی شکێندرا و حکومەتی ناوەندی ناچار کرا، پاشەکشە بە هەنگاوەکانی بهێنێت، کە ئەمرۆ ئەو بەرهەمانە بە کردەوە دەبینین.

Tweet Like 0

هونەری

ئاخر من کراسێکی پترم دڕیوە



جوانیی دوورکەوتنەوە



پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفـا
زمانناس و کـەسایەتی نەتەوەیی
و ئەدەبی کوردستان کۆچی
دوایـــــــــی کرد



Xendan

سەرەتا | هەواڵ | ئابوری | راپۆرت | چاوپێکەوتن | وتار | جۆراوجۆر | مەلتی میدیا | ژیان | لایف

هەواڵی ئەمڕۆ قوباد تاڵەبانی سەبارەت بە هۆکاری لابردنی وێنەی مامجەلال لە بەردەرکی سەرا رونکردنەوە دەد



# پرسی بودجەونەوت لە نێوان کارشکێنییەکانی بەغدا وبریاری کۆتایی کورددا

سەنار شێرۆکی - 2017-08-11 - 3010 جار خوێندراوەتەوە

ئەوەی کە هەموو جار حکومەتی بەغدا لێی ترساوە کۆدەنگی کورد لە بەرانبەر پرسە چارەنوسسازەکان بووە و هەرکات کە هەستی بەو مەترسییەو کردووە ویستویەتی بە شێوەیەك لایەنە سیاسییەکان لە یەك دابببریت بۆ ئەوەی بە سەر مەترسی کۆدەنگی زاڵ بیت.

لە سەرتایی ئازادی عێراق جۆرەك لە کۆدەنگی لە سەر پرسە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان هەبوو هەر بۆیەش هەموو کات حکومەتی ناوەندی ناچار بوو ملێ بۆ مافەکانی گەڵی کورد کەچ بکات، ئەوەش هۆکاری سەرکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەر حکومەتی ناوەند بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانی بوو .بەڵام ئەو مەترسییە ئەو کات بۆ حکومەتی عێراق زیاتر بوو کاتەك کە حکومەتی هەرێم ویستی بە سەربەخۆیی ئابوری بگات و لەو بوارەش توانی سەرکەوتنی زۆر مسۆگەر بکات.

سەرەتای بابەتەکە لەوە دەست پێدەکات و حکومەتی ناوەنی هیچ کات ئامادە نەبووە دان بە هیچ یەك لە برگەو مادەکانی دەستوری هەمیشەیی عێراق دا بنێت هەربۆیەش چوون پێکەوە ژیان لە گەڵ عێراق پێکەوە ژیانەکی ئیختیارییە کورد ئەو مافە بە خۆی دەدات کە بریار لە سەر چارە نووسی خۆی بدات.هەر بۆیەش بە پێی ماددەی ١١٢ لە دەستووری هەمیشەیی عیراق، هەروەها ١١٥ و ١٢١ و ١٤١ هەموویان ڕوونن کە ماف بە هەرێمی کوردستان دەدات بۆ ئەوەی کاری وەبەرهێنانی سەربەخۆی نەوت بکات هەر وەکوو لە مادەی ١١٢ دا هاتووە:

یەکەم: حکومەتی فیدرالی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوە دەبات بەمەرجێك داهاتەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەریو بەگوێرەی دابەشبوونی دانیشتوان لەسەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت لەگەڵ دیاریکردنی پشك بۆ ماوەیەك بۆ ئەو هەرێمە زیانلێکەوتوانەی ڕژێمی پێشوو بێبەشی کردبوون و ئەوانەش کەپاشتر زیانیان لێکەوت بەجۆرێك گەشەسەندنێکی هاوتەریب بۆ ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

دووەم: حکومەتی فیدرالیو حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی ستراتیجی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و غاز بەجۆرێك کەببێتە مایەی دەستخستنی زۆرترین سوودو کەڵك بۆ گەلی عێراق ئەویش بە پشتبەستن بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕو هاندانی وەبەرهێنان

سەرەرای هەموو ئەو بابەتانە تەنانەت پێش بەرهەم هێنانی نەوت بەغدا هەموو کات هەرەشەی برینی بودجەی لە هەرێمی کوردستان کردووە و هەموو جارێکیش ئەو بابەتەی وەکوو کارتی فشار بە کار هێناوە یان بودجەی هەرێمی کوردستانی وەکووقیست پێداوە بۆ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان نەتوانیت لەو بە شە بودجەیەی کە پێی دەدرێت وەکوو یەدەك سوودی لێ ببینیت، تەنانەت هەروەکوو ئەوەی کە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان ١٧٪ دیاری کراوە، هیچ کات ئەو بودجەیە لە ١٣٪ تێپەری نەکردووە تاوەکوو چوار ساڵ لە مەوبەر بە یەك جاری بودجەو موچەی کوردستانی بڕی بەم شێوەیەش ویستی کە هاوڵاتیانی کوردستان بەرەنگاری حکومەتی هەرێم ببنەوە.

سەرەرای ئەوەی کە لە مادەی ١١٤ی دەستوری عێراقدا هاتووە:

دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدرالیو حکومەتی هەرێمەکان ئەمانەن:

یەکەم: بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی گومرگ بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە.ئەمەش با یاسا ڕێکدەخرێت.

لە گەڵ ئەوەشدا حکومەتی ناوەندی هیچ کات ئامادە نەبووە دان بەو مافانەی هەرێمی کوردستان دا بنێت و هەموو جار پێشەڵی دەستوری کردووە

ئەم وتارە دەربڕی رای نوسەر خۆیەتی

# ـنی دیبلۆماسیەتی کورد





12 پانۆراما
ژمارە (٢٥١٦) - ٢٠١٦/١٢/٢٧ هەولێر

# ٢٠١٦، ساڵی سەرکەوت

ساڵی ٢٠١٦ بووە ترافیکی هاتووچۆی سەرکردە و بڕیار بەدەستانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ هەرێمی کوردستان، لەو ساڵەدا دەیان سەرکردە و وەزیرانی دەرەوەی وڵاتان سەردانی هەولێریان کرد.

بەردەوامی شەڕی داعش لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو، پێشڕەوییەکانی هێزی پێشمەرگە و ئۆپەراسیۆنی مووسڵ، هەرێمی کوردستانی کردووەتە ناوەندێکی گرنگی سیاسی و بەردەوام شاندی وڵاتانی بیانی ڕوو لە هەولێر دەکەن و لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان گفتوگۆ و بۆچوون ئاڵوگۆڕ دەکەن.

ڕۆژی ٢٠١٦-٩-١٠ (لۆدفایک ئاشەر)، جێگری سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا و شاندێکی باڵای ئەو وڵاتە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.

ڕۆژی ٢٠١٦-٩-١١ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ (مارکۆ کارنیلۆس) باڵیۆزی ئیتالیا لە عێراق و شاندێکی دیپلۆماسی و سەربازیی باوەڕی کۆبووەوە. و بڕیاری ناردنی تیمێکی دیکەی مەشق و ڕاهێنان بۆ هەرێمی کوردستان درا.

ڕۆژی ٢٠١٦-٩-١٤ ژەنەراڵ (تۆم بێکێت)، نێردراوی تایبەتی ئاسایشی حکوومەتی بەریتانیا بۆ هەرێمی کوردستان و ڕاوێژکاری سەربازیی بەریتانیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شاندێکی سەربازی گەیشتنە هەرێمی کوردستان.

ڕۆژی ٢٠١٦-٩-٢١ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ جەنەراڵ (لۆید ئۆستن)، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکا کۆبوونەوە.

ڕۆژی ٢٠١٦-٢-٢٥ (سەرۆک بارزانی) و فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکا لەبارەی شەڕی مووسڵ کۆبوونەوە.

ڕۆژی ٢٠١٦-٣-٧ شاندێکی هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا و وڵاتانی گرووپی حەفت و بانکی جیهانی سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد.

ڕۆژی ١٧ـی ٣ـی ٢٠١٦ سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە (فیلیپ هامۆند) وەزیری دەرەوەی بریتانیا و شاندێکی باوەڕی کرد.

ڕۆژی ٢٠١٦-٣-٢٦ (بان کی مۆن) سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و شاندێکی باوەڕی سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد.

ڕۆژی ٢٠١٦-٤-٥ (نێچیرڤان بارزانی)، لەگەڵ (ئێد ڕۆیس) سەرۆکی نوێنەرایەتی کاروباری دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمریکا و شاندێکی باوەڕی کۆبووەوە.

ڕۆژی ١٢ـی ٤ـی ٢٠١٦ (ژان ئێڤ لۆدریان) وەزیری بەرگریی فەرەنسا و شاندێکی باوەڕی سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد.

ڕۆژی ١٤ـی ٤ـی ٢٠١٦ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ جەنەراڵ (جۆزێف فۆتێل) فەرماندەی نوێی فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمەریکا کۆبووەوە.

ڕۆژی ٢٠١٦-٤-٢٢ سەرۆکی ئەرکانی هاوبەشی سوپای ئەمریکا بە سەردانێک گەیشتە هەرێمی کوردستان.

ڕۆژی ٢٠١٦-٤-٢٨ جەنەڕاڵ (جۆناتان ڤانس) سوپاسالاری کەنەدا و شاندێکی باوەڕی لەگەڵ (سەرۆک بارزانی) کۆبوونەووە و هەر هەمان ڕۆژ (سەرۆک بارزانی) لەگەڵ (جەودەت یەڵماز) وەزیری پەرەپێدانی تورکیا و شاندێکی باوەڕی کۆبووەوە.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە هەولێر سەرۆکی هەرێمی کوردستان و (جۆ بایدن) جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شاندێکی باوەڕی کۆبوونەوە.

ڕۆژی ١٠ـی ٥ـی ٢٠١٦ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ (ڕۆبێرتا پینۆتی) وەزیری بەرگریی ئیتالیا کۆبووەوە.

ڕۆژی ٢٠١٦-٥-١١ سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە (ئیستیڤان شمیچکۆ) وەزیری بەرگریی هەنگاریا و شاندێکی باوەڕی کرد.

ڕۆژی ٢٠١٦-٥-١٥ وەزیری ئیتلاعاتی ئێران لە هەولێر لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی کوردستان، کۆبووەوە.

بە ئامادەبوونی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ٢٠١٦-٧-١٢ یادداشتی لێکتێگەیشتنی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری ئەمریکا واژۆکرا.

هەمان ڕۆژ سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە (هارجیت سینگ ساجان) وەزیری بەرگریی کەنەدا کرد.

ڕۆژی ٢٠١٦-٧-٢٣، (سەرۆک بارزانی)، لەگەڵ شاندێکی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا کۆبووەوە ڕەخنەی توندی سەبارەت بە بەشداری نەکردنی شاندی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی وڵاتانی هاوپەیمانی دژی داعش لە واشنتن لێگرت.

ڕۆژی ٢٠١٦-٩-١٥ سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە (تۆنی بلینکین) جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کرد.

٢٠١٦-٩-٢٢ (سەرۆک بارزانی) و (مایکڵ فالۆن) وەزیری بەرگریی بریتانیا کۆبوونەوە

هەمان ڕۆژ جەنەڕاڵ (جوزێف فۆتێل) فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکا و شاندێکی باوەڕی گەیشتنە هەرێمی کوردستان.

ڕۆژی ٢٠١٦-٩-٢٣ (سەرۆک بارزانی) و وەزیری بەرگری ئەڵمانیا کۆبوونەوە.

ڕۆژی ٢٠١٦-١٠-٢٣ لە هەولێر سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە (ئاشتن کارتەر) وەزیری بەرگریی ئەمریکا و شاندی باوەڕی کرد.

ڕۆژی ٢٠١٦-١٠-٢٥ (سەرۆک بارزانی) لەگەڵ (ستێفان لۆفێن) سەرۆکوەزیرانی سوید کۆبووەوە

ڕۆژی ٢٠١٦-١٢-٣ (ڕۆی ستیوارت) وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی بریتانیا و شاندێکی باوەڕی سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد.

ڕۆژی ٢٠١٦-١٢-١٠ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەک لە جەنەڕاڵ و بەرپرسی پێشووی سەربازیی ئەمریکا و هاوپەیمانان کە لە ساڵی ١٩٩١ بەشداربوون لە پاراستنی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە.

ڕۆژی ٢٠١٦-١٢-١١ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ (ئاشتن کارتەر) وەزیری بەرگریی ئەمریکا لە هەولێر کۆبوونەوە.

ڕۆژی ٢٠١٦-١٢-١٨ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیرانی دەرەوەی لۆکسەمبۆرگ، بەلجیکا و هۆڵەندا لە هەولێر کرد.

ئا: سەنار شێروکی

# نێچیرڤان بارزانی پیاوێکی پراگماتیکی و واقیعیە



A- A+

2018-06-13 [10:54 AM]

**نووسینی: سەنار شێرۆکی**

له راستیدا ئەوانە چەند ووشەیەکی رازاوە یان پێیا هەڵگوتنەك نییە، کە لەناخی منی کوردەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵکوو راستییەکە، تەنانەت بیانییەکانیش بەو جۆرە وەسفی دەکەن ئەوەش بەم دوایەدا لە قسەکانی سیاسەتمەدار و رووناکبیری گۆرەپانی سیاسی عێراق "حەسەن عەلەوی" رەنگی دایەوە، سەوای ئەوەی کە هندەك ڤین لە دڵی ناوخۆی لە پێناو بەرژەوەندی حیزبی و خزمەتی دەوڵەتانی ئیقلیمی، بەرهەڵستی سیاسەتەکانی دەبنەوە و ئاستەنگ لە بەر حکومەتەکەی دروست دەکەن.
ئەگەر لەو بابەتە وورد ببینەوە، چەند راستییەکمان بۆ ئاشکرا دەکرێت، بە جورعەتەوە ددانی پێدا بنێین ،دەوڵەتمەدار زیاتر لەوە هەنگاوی ناوە. ئەو پاڵپەستۆیەی کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە خراوتە سەرحکومەتی هەرێم لە هەموو ئاستەکانەوە ، بە پێچەوانەی هەموو بنەماو پرەنسیبەکی ئەخلاقی سیاسییە ، تەنانەت بە پێچەوانەی سەروەری دەستوریشەکە هەموو کات ئەوان وەکوو بیانۆیەك بۆ چەسپاندنی کارەنایاساییەکانیان بە کاری دەهێنن وهەموو ئاماژەکانیش بەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێن کە حکومەتی هەرێم تا ئەو ئاستە لاواز بکرێت ،هەر کاتەك مەبەستیان بیت کوردستان بەو ئاراستەیە ببەن.
بۆ نمونە،ئەوەی لە ئێستادا لە ناو سوپای عێراق دەبینرێت ،کەمترین بەشداری کوردە لە سوپای عێراقدا و بەرە بەرەش ئەو رێژەیە کەمتر دەبیت تەنانەت لە هندەك شوێن تەنیا چەند ئەفسەرێکی کورد دەبینرێن کە لە ژمارەکانی دەست تێپەر ناکات ئەو بابەتەش لە دوای خیانەتەکەی 16 ئۆکتۆبەر زیاتر بەرجەستە بووە..
ئەگەر سەردەمایەك شەڕ لە سەر جێگیر کردنی 17% رێژەی دانیشتوانی عێراق بۆ بودجەو و هەموو شایستە داراییەکان و تەنانەت هاوبەشی لە هێزی ئاسایش و بەرگری دەکرا ئیتر ئەوە نەماوە، چوون حکومەتی ناوەندی بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بە کەمکردنەوەی رێژەی کوردە لە هێزی بەرگری عێراقدا راگەیاندووە، ئەوەش بە پێچەوانەی دەستوری هەمیشەیی عێراقە کە لە بەندی یەکەم لە بنچینەی گشتیی ، لە مادەی نۆیەم لە برگەی یەکەمدا هاتووە:"
ڕ- هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگاکانی ئاسایش لە پێکهاتەکانی گەلی عێراق پێکدێت بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگیو ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنیان بەبێ جیاوازی یا دوورخستنەوەی هیچ لایەك و لە ژێر رکێفی دەسەڵاتی مەدەنیدا دەبێت و بەرگری لە عێراق دەکات و نابێتە دەزگایەك بۆ داپڵۆسینی گەلی عێراق و دەست وەرناداتە کاروباری سیاسیەوەو ڕۆڵی نابێت لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدا ".
بەڵام لە کاتی ئێستادا و بە پێی دواپین ئامار:" بەپێی ئەو لیستی مووچەیەی لە بەشە بودجەی عێراقدا بۆیان دیاری کراوە، ژمارەی کارمەندانی وەزارەتی بەرگریی عێراق 250 هەزار کەسە، پێویستە لەو رێژەیە سێ هەزار و 500 کەسیان کورد بن بۆ ئەوەی رێژەکە ببێتە 1% بەڵام بە پاسەوانەکانی سەرۆك کۆماریشەوە ئینجا رێژەی کورد 1% دەبێت. ".
شیعەی دەستەڵاتدار و زۆرینەی دەوڵەتی عێراق بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی سرینەوەی هەرێمی کوردستان وەکوو قەوارەیەکی دان پێیانراو لە عێراقی فیدراڵ بووە هەموو کردەوەکانیشیان لە راستایەدا بەرێوە بردوە، هەر بۆیەش کاتەك کە فیلسوف و لێکۆلەری عێراقی دان بە و راستییانە دەنێت لە بەر ئەوەی حەسەن عەلەوی لە ناخی شۆڤێینی عەرەب گەیشتووە و هەموو ئەو هەنگاوانەی کە دەولەتمەدار لەو ئاستەدا هاوێشتویەتی بەرپەرچدانەوەی ئەو کردارانەو بووە

ئەم هەواڵە 9361جار خوێندراوەتەوە

## بەربەستەکانی بەردەم دەولەتی کوردی،خودی کوردە

نووسینی: سەنار شێرۆکی

بەرواری دابەزاندن: 05/08/2016 : 15:57:37

ژمارەی بینین: 113

FONT PRINT



دوابەدوای ئەوەی کە کورد توانی لە سالی 1991 راپەرینەکی جەماوەری سازبکات و حکومەتێکی بچووکی لامەرکەزی پێك بهینیت بە هەموو شێوەیەك دژایەتی کرا تا وای لێهات تورك و فارس و عەرەب تەنیا لە پێناو بەرژەوەندییەکانیان و دژایەتی دەولە تی کوردی کۆبونەوەکانی یەکلە دوای یەکی تاران دمشق ئانکارا یان رێك دەخست و لە و کاتە دا لە سەر پیستی کوردزیاتر لە هەموو کات لە گەڵیەك کۆك بوون و ئەوەش وای کرد پاش دروست بوونی کێشەیەکی یەك جار زۆری ناوخۆیی لە لایەن ئەو وولاتانە بە تایبەتی شەری ناو خۆیی و برسی کردنی خەڵکی کوردستان ،بەرنامەی داگیر کردنی کوێت و دواتر ئازادکردنی کوردستانی لە دوای 2003 بەدوای خۆیدا هێنا لەو سەردەمە تاوەکوو ئێستا زۆر شت گۆراوەو کورد زۆر قۆناغی ئەرێنی بریوە و توانیویەتی دەسکەوتی زۆر باش بە دەست بهینیت لەو کاتە دا توانی مافی کورد لە یاسای عێراقی فیدراڵ جێگیر بکات و بە شێوەیەکی فەرمی دان بە کورد دا بنرێت بەڵام دوا بەدوای ئەوەی کە حکومەتی عێراقی رێزی لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان نەگرت و مادەی 140 پێشەل کردوو مووچە و بودجەی خەڵکی کوردستانی بری کورد بیری لەوە کردەوە کە دەبیت رێ چارە یەك بۆ خۆی بدۆزیتەوە کە چیتر کۆیلەی دەستی داگیر کەران نەبیت هەر بۆیەش سەرۆك بارزانی بیرۆکەی ریفراندۆم و سەر بەخۆیی لە سێ ساڵ لەمەو بەر ئاشکرا کردهەر بۆیەش داوای لە گشت لایەنەکان کرد بۆ ئەوەی کە ژورێکی عەمەلیات دابنرێت و هەموو حیزبەکان بەرنامەی خۆیان لە ماوەی یەك هەفتەدا پێشکەش بکەن بەڵام بە هۆی چەندین هۆکار ئامادە نەبوون کە ئەم ئەرکە گرینگ و نیشتمانییە لە ئەستۆ بگرن و چەندین هۆکاری سەرەکی هەن کە رێگر بوونە بۆ ئەوەی کە پرۆژەی سەرۆك بارزانی سەر نەگریت:هۆکاری ناو خۆیی و هۆکاری دەرەکی

پێش ئەوەی کە بپرژێم سەر هۆکارەناوخۆییە کان پێویستە کە باسلە هۆکارە دەرەکییەکان بکەین.

هەموو ئەم دوو هۆکارانەش بە مەبەست و بە ئەنقەست کێشە بۆ بەردەم حکومەت و بەرجەستە کردنی کێشە ناو خۆیەکان بووە بۆ ئەوەی کە لەو پرسە نیشتمانییە دورتر و دورتر بکەوینەوە و بیر لە ئەرگۆمنێکی لەم جۆرە نەکەینەوە یەکەم ئاستەنگ و سەرەکی ترین ئاستەنگ کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە کاتی ئێستا دا کەدەولە تێك بە ناوی عێراق و سوریا ووجودی فیزیکی نییە توانیویەتی بە شێوەیەکی بەرچاو سێبەری خۆی بە سەر تەواوی جومگەکانی ئەو دوو دەولەتە دا پانتر و پانتر بکات و لە کاتێك کە سەرۆکی هەرێم خەریکی ئامادەسازی بۆ ئەم پرۆژەیە بوو شەری داعش دەستی پێکرد و کوردزیاتر لە هەر کاتێك سەر قاڵی بەرەنگار بونەوەی داعش بوو و لە لایەکی ترەوە لە رۆژ هەڵاتی ناوین ئێران خەریکی بە ناو پەرەپێدانی شۆرەشی ئیسلامی لە تەواوی وولاتانی ئیسلامییە و خۆی خەریکی سەرکوتکردنی هاولاتیانی خۆیەتی و چەندین جاریش خەریکی ئاڵۆزکردنی ناو خۆی کوردستان بووە و بە شێوەیەکی باشیش لەو پیلانەیدا سەرکەوتوو بووە وەکوو ئەوەی کە پێشوو هەبووە و ئێستاش درێژەی هەیە.

دووەم:هۆکاری دووەم بۆ ئەوی کە پرسی ریفراندۆم و سەر بەخۆیی سەر نەگریت کوردەکان خۆیانن لە بەر ئەوەی بە بیی ئەوەی پەندەك لە رابردووەر بگرن دوبارە کەوتنە ناو هاوکێشە سیاسی و ئاڵۆزەکانی ئێران بە شێوەیەك تێیدا گرفتار هاتوون کە نەتەنیا ناتوانرێت بە رەو دەولەت بوون هەنگاو بنێین بەڵکوو وا پێدەچیتبە پشتگیری کۆماری ئیسلامی بۆدرێژەدان بە پرۆسەی دەولەتی سەر بەخۆیی بەرەو دوو لەت بوون برۆین دروستە کە بۆ بە دەولەت بوون ئیرادەو یەکریزی نێو ماڵی کورد پێویستە هەر بۆیەش ئەگەر ئەو دوو فاکتەرە سەرەکییە جێبەجێ بکریت چیتر ئێران ناتوانیت ئەو یەك ریزییەی گەلی کورد تێك بدات و لە کۆتا پەیامدا بۆ هەموو ئەوانەی کە بیانۆی جیا جیا دەهێنن کە لە کاتی ئێستادا کاتی نییە ئەو پرسیارە دیتە پیش کە چۆنە کە داعش دەتوانیت لە ماوەیەکلی زۆرکەم ناوژەیەکی زۆر پان و بەرین داگیر بکات و هەموو سنوورەکان بەخۆی دابنیت بەلام کورد بە هەموو ئەو هێزە عەسکەرییە یەکگرتووەی کە هەیەتی ناتوانیت ئو سنورانەی کە بە خوێنی شەهیدان دەست نیشان کراون بپارێزرێت

Share this link